

رامان


Raman

● خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین

● سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید

● بەڕێوەبەری هونەری
سەرکەوت وەلی

● مۆتیڤ و پۆرترێت
قەرەنی جەمیل

130

خولی سێیەم/ ساڵی دوازدە/ ئاداری ٢٠٠٨



ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦-٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی رامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان


**● دەق**

– دڵۆپەی ڕووناکی/ دلاوەر قەرەداغی/ 3
– ٢٠٠٧یش لە من سەرەڕۆتر بوو، دەبێ، بووە/ نیگار نادر/ 6
– وێنەکانی شار/ تەرزە جاف/ 9
– من دزی عەمرێ خوە/ فاتما ساڤچی/ 11
– چەپکێ شیعری هاوچەرخی فارسی/ لە فارسییەوە:
کەریم حیکمەتی/ 13
– جادووگەر/ سەلاح حەسەن پاڵەوان/ 15
– چاوە باڵ سەوزەکان/ قادر عەلی خا/ 21
– ڕۆمیۆ و پشیلەکان/ کامیار ئەحمەدی/ 23
– قاباخ/ لۆرین س. دۆغان/ 25
– دڵێکی خەبەردەر/ لە ئینگلیزییەوە: حەکیم کاکەوەیس/ 27

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ نووسەر و ئەرشیڤوانی کورد (محەمەد مستەفا حەمەبۆر)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 31

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– ئینسیکلۆپیدیای گشتی/ د. مارف خەزنەدار/ 56
– شاعیرەکانمان چۆن باسی نالی دەکەن/
د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود/ 67
– ئەختەر: ئەو شاعیرەی سنووری لاهووتی بەزاند/
کەمال غەمبار/ 74

**● زمانزانی**

– ئاخێزگەی جوگرافیایی – مێژوویی زوانی کوردی../
عادڵ محەمەدپوور/ 83

**● بیروڕا**

– شیعر و تازەگەری و کەلەپوور/ خالید جووتیار/ 93

**● بیرەوەری**

– دوو زللە/ عەبدولکەریم شێخانی/ 100

**● هزر و فەلسەفە**

– بنج و بناوانی کاری هونەری/ لە ئەڵمانییەوە:
د. حەمید عەزیز/ 103
– چەشنەکانی کەسایەتی و پێوەندییان بە دەستکەوتی خوێندن/ د. یووسف حەمەساڵح – د. ڕێزان عەلی/ 117

**● وتار**

– کولتووری پیاوچاک و گۆڕستانەکان/
عەباس سلێمان سمایل/ 123
– قوتابخانە ڕۆژهەڵاتییەکان/ لە عەرەبییەوە:
سەلام عەبدولکەریم/ 128

**● هونەر**

– یارییە خەونێک لە ڕەباتەوە بۆ سکۆتلاند/
د. فازیل جاف/ 131
– گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 138
– سیناریۆی ئەمریکی ئاوها دەنووسرێت/
ئا: جەلال زەنگابادی/ 141
– ڕێکخستنی ستیل لایف/ فارس سەعدی/ 144

**● خوێندنەوەی کتێب**

– کتێبی دیاربەکرییە/
حەسەن مەحموود حەمەکەریم/ 146
– دەنگ.. فۆنەتیک.. فۆنیم.. فۆنۆلۆژی/
هاشم سەڕاج/ 151

**● زاراوەسازی**

– شیعری لاواندنەوە/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157

**● ئێستێتیک**

– قەیرانی وەرگێڕان/ ئازاد حەمەشەریف/ 160

# دڵۆپەی ڕووناکی

دلاوەر قەرەداغی
(سوێد)



**خۆڵەمێش**

خۆم دەدەمە دەم با
لەسەر سینگی دونیا ڕادەکشێم
پەلکی دارمێوێک دەقرتێنم و
بە مەرەکەبی ترێ
ناوت لەسەر خۆڵەمێش دەنووسم

**شوێنکەوتن**

جێ پێت لەئاودا هەڵدەگرم
لە بەلەمێکی کاغەزیندا
تا غەرق دەبم
هەر سەوڵ لێدەدەم و
بە ئۆقیانووسەکاندا
بە شوێنتەوەم

**خەون**

بە ژێر باراندا دەڕۆین
بارانی خودا خۆش دەکاتەوە و
من هێشتا هەر لەژێر بارانی
تۆدا
خەون دەبینم

**زوبان**

ویستم ئەم تەپوتۆزی زوبانی کوردییە لە خۆم
بتەکێنم و
چاکەت و پانتۆڵی زمانێکی نوێ لەبەرکەم
بەڵام هەر زوو زانیم دەبێ تا ماوم

به دوای ڕۆحی شەکەتمدا وێڵ بم

دڵڕەقی

مەنفا و نیشتمان یەک لەیەک دڵڕەقترن
بەڵام مەنفا لەوەدا
لە نیشتمان میهرەبانترە
کە کاتێ گۆشتمان دەخوا
ئێسقانەکانمان بەنیشتمان ناداتەوە

ئەزنیف

مەنفا
کردنی دەستێک ئەزنیفە
لە تەنیاییدا
لەگەڵ خۆت
مەنفا هەوڵدانێکی بێهوودەیە
بۆ بردنەوە لە خۆت

جێهێشتن

من کە نیشتمانم جێهێشت
خۆمم بە سەری شکاوەوە
لە کۆڵانەکانی منداڵیدا جێهێشت
شەوم بەسەردا هات و لە ناو بەردەکانا مردم
دەزانم... تازە گەر خوداش لێم ببوورێ
خۆم هەرگیز
لە خۆم نابوورم

گۆزەی شکاو

نیشتمان جاران هیوایەتی
پووڵ کۆکردنەوە و نامە گۆڕینەوە بوو
لەگەڵ پەڕەسێلکان
بەڵام ئێستا ڕەفە بە ڕەفەی هۆدەکەی
پڕ پڕە
لە گۆزەی دڵی شکاو

پڵینگ

خودا ئەم نیشتمانەی ئێمەی
خۆش دەوێ
گەر وا نەبا
دەمێک بوو پڵینگ ئاسا
هەڵیکوتابووە سەری و
وەکو جووجەڵەیەک خواردبووی

گومان

مەنفا
هەمیشە لێمان مۆن و
هەمیشە لێمان بە گومانە
چونکە دەترسێ ڕۆژێک لە ڕۆژان
دەوری چۆڵکەین
دەترسێ خۆمانی لێبدزینەوە و
لە چاو ترووکانێکدا جێی بێڵین و
بۆ مەنفایەکی تر بڕۆین

ماندێلا

کەس نییە بۆنی وەک بۆنی ماندێلا
خۆش بێ
ماندێلا وەک ساوای تازە لەدایکبوو
بۆنی تاریکی و
بۆنی شێی زیندانی لێدێ!

شووشە

ئەرێ نیشتمان ئەم شووشەی دڵە بەتاڵانەی
بۆ چییە؟
چ ئێشێکی بە باڵی وەریوی ئەم
هەتاوانە هەیە؟
بۆ ئەم منداڵانەی لەبەر سێبەردا ڕیز کردوون؟
ئەرێ نیشتمان چی لەبن سەردایە؟
چی لێ قەوماوە؟
نیازی چییە؟

نیشتمان

دەرکی مەنفام کردەوە
جێگەی پاڵ کەسێک

چۆڵ بوو
جانتاکەم دانا،
لایەوە دانیشتم و سەیرێکیم کرد:
– ئۆو ئەی نیشتمانی باوان وێران
خۆ ئەمە تۆیت!

ئەزموون

وشەکان
موو بە موو بە میزانی موزیک دەکێشم
باڵایان بە مقیاسی فەساحەت دەپێوم
بە شانەیەک لە توحفە قژیان دادەهێنم
تایان دەگرم
سەیر دەکەم بزانم
ڕیتمی چ پێڵاوێکیان بە پێ دەبێ
ئاخۆ ڕەنگی بۆینباخەکانیان لە ڕەنگی غەمیان دێ
گوێ هەڵدەخەم بزانم
دڵیان لە سەر چەندی عیشق لێدەدا
کاتژمێرەکانی مەچەکیان چەند سانیەی دەوێ
بۆ منداڵی
ئاخۆ باڵانسی فڕینیان کۆکە
بۆن دەکەم بزانم
کامە عەتریان لە خۆیان داوە
گوڵی کام باغی یارییان بە بەرۆکیانا کردووە
ئیدی ئەوسا بە دڕدۆنگییەوە دەیانکەمە کوڵم و
جانتاکانیشیان
تا گەراج... تا بەردەم پاسەکە
بۆ هەڵدەگرم!

سەرەتای ٢٠٠٨

# ٢٠٠٧یش
# لەمن سەرەڕۆتر بوو، دەبێ، بووە

نیگار نادر
(بەریتانیا)



دوو هەزار و حەوت پڕ بوو لە ڕۆژی وەکو من
دەربەدەر، لە ئێوارەی وەک من دڵ لەبەرچوو
لە عەسری وەک من خەمگین، لە سپێدەی وەک من
خۆشباوەڕ و لەزەردەی لەسەرانی وەک من
چاو لەدوو

جزدانەکەم وردەی دەیان
پیاوی تێدایە
موبێلەکەم تەکسی لە
بیست سی پیاو ڕا بۆ دێ
لێ
دڵم خوێنی سەد پیاوی دی
تێدا هاتوچۆ دەکا

دوو هەزار و حەوت جانتایەکەی تێکناوە
منیش بارگەوبنەم، لێ هیچمان نەماڵێکمان
هەیە بۆی بگەڕێینەوە
نە کەسێکیش هەیە چاوەڕێمان بکا
چونکە نە ملّکی کەسین و نە ژنی کەس

ناوی درەختێک لە خۆم دەنێم..
بەو شەقامەدا دەپەڕمەوە بە ناوی تۆ دەکرێ
دەترسم باران بەخوڕ داکاتەوە و
نەگەم ماچت کەم

ئەوڕۆ دڵم کراوە، موبێلەکەم کراوە
جانتایەکەم کراوە، دەستەکانم کراوە
ژنێکی سەرلەبەر کراوەم
لێ بە تەنها لە سنوورەکانی تۆدا

دوو هەزار و حەوت پڕ بوو لە کاتژمێری وەک من
ڕانەوەستاو لەژنی وەک من بێ سەروبەر
لە شەڕی وەک من ناوەخت و لەکیژی وەک
من کوژراو...
لە کۆترێکێش زیزبم
تەشقەڵە بە تۆ دەکەم... دەزانم لە تۆ نەبێ
هیچ شتێک و هیچ کەس
بەرگەی شەڕەکانم ناگرێ..

هیچ پۆست ناکەم،،، هیچ پۆستیشم بۆ نایەت
لێ دەبینم هەرچی هەمە و نیمە
ئەدرەسی تۆی لەسەرە
هەرچی هەتە و دەتبێ بە ئەدرەسی من دەبێ

دووهەزار و حەوت، حەوت جۆرە
پێکەنینی لە ڕوو گەڕاندم
پێکەنین بە خۆم، پێکەنین بە خۆشەویستی
پێکەنین بە ڕاستگۆیی، پێکەنین بە مردن،
پێکەنین بە پیرۆزی
پێکەنین بە وەفاداری، پێکەنین بە تێکۆشان
دەی ئەوجار هێندەی دی
پێم پێبکەنە

لە پیاوێک وەدەردەکەم، لە پیاوێک بەجێدەمێنم
دەبمە هێلانەی کۆترێک
لێرە بەدوا...

دوو هەزار و حەوت ڕۆیی دەشێ وێنەیەکی من
چووبێتە بەردەستی تیرۆریستێک، سەر پەڕی گۆڤارێک
بن باخەڵی ژنکوژێک، ناو سەتڵە زبڵێک
لێ وێنەکەم نەچووە ناو جزدانی بەرباخەڵی
ئازیزێک

پێش ئەوەی بەسەرچێ
دەمەوێ ئەڤ ساڵە بکەمە خێر
بە باران و پیاوەکانییەوە
بەغەریبی و بەرهەڵایەکانییەوە

بە درێژایی ئەو ساڵە هەر ڕۆژەی
پیاوێکم خۆش ویستووە
تا ئێستا ژمارەیان بە
سێسەد و شەست گەیشتووە
وەکو گوڵدان
لە ناو خۆمدا دامناون
لێ نەبوومە ژنی هیچیان

ئەز ژنەکم وەک ڕۆژنامە، ئەگەر هەموو ڕۆژێ
وێنەی دو سێ سیاسی و هەواڵی یەک دوو دز و
خۆکوشتنی ژنێک و سووتانی ژنێک
ڕاپۆرتێکی گەندەڵیم تێدا نەبێ
کەس نامخوێنێتەوە
کەس پێم نابێژێ ئازاد

لەگەڵ دوو هەزار و حەوت بۆ زۆر کەس
مانا بووین بۆ زۆر کەسیش بێ مانا
بۆ زۆرکەس خێر و بەرەکەت
بۆ زۆر کەسیش بەڵا..

ئەز ژنەکم
سەربەخۆ و بن بەخۆ
لێ چونکە قەت دڵ بە خۆ نەبووم
هەمیشە
پشتگوێ خراوم و دەخرێم

ئەوە ئەڤ ساڵەش تێدەپەڕێ
برۆیەکانم ماچ دەکەی... ماچی تۆ و
هەناسەسواری من و بێماڵی تۆ و
دەربەدەری هەرتکمان
گرەوەکانی من بۆ کوردستان
نابڕێنەوە

هەرچی دەبینم وێنەی ژنێکی
بەرەڵای بە یەخەوەیە
دەترسم دیسان من بم
ئەتۆش نەهێڵی جۆلانەت پێ هەڵواسمەوە..

له بۆ ئەو ئەستووکە بەڕۆنە
پیاوێکی سەوز لە گیرفانم دەردێنم و
وردی دەکەمەوە
باقیەکەشی ئەوەندە وردەیە
دەیکەمە خێر

لەگەڵ ئەوەی ژنێکی بێ سنوورم
لێ دەزانم هەر پیاوێک ناوەکەم دەبینێ
حەزێ دەکا ڕەنگم کا
لە بۆیە وەها ڕەنگینم، بەسەری تۆ

سەر بە کۆشی عایشەشان دەکەمەوە
وێکڕا (ئەز غەریبم دایێ بێکەسم دایێ)
دەڵێینەوە
تا دیسان بە بێکەسی سەردەنێینەوە

لە مێژە ژنێکم بێ ناوونیشان
بێ پیاو، بێ ڕوخسەت، بێ سنوور
بێ ئەوەلکراس، بێ مەرج
لێ چونکە بێ ئاڵام!
کەس دەرکەم لێناکاتەوە
دەڵێن برۆ هێشتا ئازاد نی
خۆت ئازاد کە ئەوجا بگەڕێوە

ئەز ژنێکم لە کودەتا
بە تەنها عەشق بە بێدەنگی ئاویتوم دەبێ و
بە بێ تەقە دەمگرێ

کە دەست بە گیرفانمدا دەکەم
پیاوێکی درشتە، پێناسەکی رۆژنامەنووسی
ناسنامەی نووسەری، قەباڵەی پارچە زەوییەک
پسوولەیەکی ئازاد بوون
دێنمە دەرێ و
ئەودەم دەزانم چ دەرۆزەکەرێکی گەورەم.

دووهەزار و حەوت لە هەولێرێ
لە باوەشی گرتم

لێ لە لەندەن
ناوچەوانی ماچ کردم و
بەجێی هێشتم

لەو دیوارەی پشت سەرم
وەک درەختی خانەوادە
درەختێک بۆ خۆشەویستان دەکێشمەوە
تا ناو و ناوبانگیان
بۆ حەوت پشتانم بمێنێتەوە
لێ نازانم
نەمریم دەبێتە هی عەشق
یا هی سەرەرۆییم

هێشتا هەر لە باوەشی دوو هەزار و حەوتدام
دووهەزار و هەشت، چاوم لێدادەگرێ و
چەند تەکسم بۆ دەنێرێ
دەنووسێ شەرت بێ هەر
هەڵتدەگرم
بە هەموو
خۆشەویست و مندالەکانتەوە
ئەگەر وەدووم کەوی

ئەوە دوو هەزار و حەوت دەڕوا
مێژووی ئەو شیعرەشم
دەچێتە بن سێبەری ئەو
لێ بۆ خۆم بەگومانم ببمە هی چەند هەزار
یا دوو هەزار و چەند
تەواو ببم و ئاوابم.

٢٠٠٧/١٢/٣١

# وێنەکانی شار

تەرزە جاف



## وێنەی یەکەم

لەبنار گۆیژە، بەرانبەر جادەی هەوارەبەرزە
گوندێکی بچکۆلانە، شەرمن، ترسنۆک
کۆڵوانەیەکی قوڕین بەشانیەوە
لە زەبەلاحی پۆستاڵە بێباکەکانی شار ورد دەبێتەوە!

## وێنەی دووەم

لەسەر ڕێگەی دوکان
یەک ڕیزە دوکانی بەرانبەر یەکتر
هەموویان وێنەی ماسییان لەسەرە
لەسەر هەمووشیان نووسراوە ماسی فرۆش..
هەر هەمووشیان بەنزین دەفرۆشن!

## وێنەی سێیەم

بەرانبەر ئوتێل شیراتۆن لە هەولێر
کۆمەڵێک تۆپ هەموو پێکەوە
هەر چوار وەرزەکە سەری باوکی خۆیان دەشۆن!

## وێنەی چوارەم

کچە مامۆستایەک لە دواناوەندییەکی هەولێر
کراسێکی سپی و تەنوورەیەکی سێ چارەکی نیللی و
بۆینباخێکی نیللی لەبەرە..
جووتێک پاوانەی بیست و پێنج مسقاڵیش لە قولەپای!

## وێنەی پێنجەم

لەسەر جادەی کەرکووک بەرانبەر ئوتێل ئاڤێستا
کۆمەڵێک شوققە چەندین ساڵە لەناو تەپوتۆزدا
خۆیان شاردۆتەوە و تا ئێستا کەس نەیبینیون!

### وێنەی شەشەم

لە سەیرانێکی خێزانیدا
قەیرە کچێکی موحەجەبە
لەچکەکەی لە قوونی بەستووە و
لەگەڵ (یالپورتوقالە) سەما بە پرچی دەکات!

### وێنەی حەوتەم

پشیلەیەکی سپی لە ناوەندی جادە
لەبەردەم هۆڕنی سەیارەکانی دەمەوئێوارەدا
مەتر و نیوێک لە لاشە سەیارە لێدراوەکەی برادەریدا
دۆش داماوە!

### وێنەی هەشتەم

لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکان لە هەولێر
دوو کۆڵە ڕەگی داری هەڵکەندراو، زەردهەڵگەڕاو،
عاشق بەرانبەر یەکتر
لەسەر شۆستەیەکی سەبکراو ڕۆژ تا ئێوارە
خەمبار
لە زەردی یەکتر دەڕوانن.

### وێنەی نۆیەم

لەبەردەم نیوستی
بە بەرچاوی ئەو هەموو فەخفەخە ڕەنگاوڕەنگەوە
عارەبانەیەک پاقلەی ڕووتەڵە
چاوەڕێی بەختی خۆی دەکات!

### وێنەی دوعا

کچۆڵەیەکی عاشق
لەژێر بەردبارانکردندا
پێش پژانی مێشکی
بە دوو پەنجە
بێهوودە هەوڵ دەدات
کۆشی هەڵدراوەی لە مۆبایلەکان بشارێتەوە!

# من دزی عەمرێ خوە

فاتما ساڤجی
(ستەنبۆل)

من ژ وێرانستانەکێ دزی
عەمرێ خوە.
ژ بەر کەریێ دێلەگووران
رەڤاند
ژ بن لنگێ ئارتێشا...

دەوسا «پۆتین» دمینە هنا
ل هنارکا روویێ من...

ژ هێسترێ چاڤێ غەزالەکێ،
ژ بەزا هەسپەکی قەمەر
ژ برینا دایکا کورد
هاتم دنێ...

پیرکا من
هەیڤەک چاردە شەڤی بوو
ستێربوون جێوییێن من،
سەیدایێ شەوقێ بوو
ئەو رۆژا چاڤ ل من شکاند...

هاویرگەها من یێن قەدیم،
هێلینا من بوو
دلێ نەورۆزینان...

ژ رووچکێ بیانیستانەکێ
وەشیام...

بووم مێرکوژێ پەنابەرییەکێ
من مشەختیەک قەوراند



ژ گۆڤەندا شێموکا دەریێ خوە.

من شەڤەقەک زا پاشی
ل بەر شباکا هێڤیان...

ژ وەلاتێ بێریکرنان
ژ دلێ کو ب جودابوونان تالان بوو بوو
ئانی تەمەنێ خوە...

ژبن سیا کولیلکێن پەرچقاندی
ژ کانیەکە زوابوویی
ژ نەوالەکە خوەدی کەدەر
ژ هەستێ کۆنەکی تەنێ مایی
دزی...

ژ دارا مزکینیەکە پێشەرۆژێ
ژ کولیلکا بەهیڤێ
ژ سترانەکە دۆستانیێ وەرگرت
عەمرێ خوە...

دا کو ئێشەکێ ڤەخێر بکم
کەنەکی ببشکڤینم
ل زۆزانێن زارۆکاتیێ...

کەسکەزەرەکێ بشەوتینم
د نەخوەشیا جوانییەکێ دە
تەمەنێ خوە دزی من...

ژ زەنگا کەلەپچان
ژ سەحوا هێتێ زیندانان
ژ درێژیا شەڤێن بێ ئەڤیندار...

من خوە پاراست
ژبێریکرنا مەشێن بەر ئێڤاران...

دا کو کهیشتێ
روویێ ئازادیێ ل خوە کێ
سەرکەڤە هەمبەر جودابوونێ...

دا کو حەزکرن
ئالا سەرفرازیێ راکە
دژی نفرەتێ...

دا کو روپووسەک دی
بوەشینم
ژ رووچکێن خوە زەریێ...

دا کو بگیهژم
هەلبەستڤانا ناڤا خوە
وێ هشمەندا ژیانێ،
من،
ل حەزکرنا تە گرت خوە
ل وێ کانییا بەختەواریێ...

دە بێژە من بخێرهاتی
کەچا ئەڤینان.

ئەز ژی بێژم
سپاس لاوێ رۆنیان
ناڤ خوەشیێ دە بە
جانێ من...

ئەڤ هەلبەستە ژ کۆمەلە شیعرا «گولێن قاسد» رووپەلێن (٨٤-٨٦). هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٦)ێ ژ ئالیێ وەشانخانا ئاڤەستا ڤە ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپ و بەلاڤەکرن.

**رامان**

# چەپکێ شیعری هاوچەرخی فارسی

له فارسییەوه: کەریم حیکمەتی
(بۆکان)



## ئەی خودایە

بیژەن جەلالی

**ئەی خودایە کاتێ دەڕۆی**
**شەو دەرسکێ و**
**دڵی منیش**
**گەڵا– گەڵا**
**هەڵدەوەرێ و**
**هیچەکە و بێ هیوا دەبم**
**بە وێنەی ئەو پەڵە زەوییەی**
**کە شنەیەک ڕووی تێ ناکا و**
**بارانەیەک ڕایناموسێ و**
**گوڵێکی تێدا ناڕوێ و**
**ئەستێرەیەک،**
**لەسەری نادرەوشێتەوە**
**تۆ دەڕۆی و**
**منیش، تەنیا دەمێنمەوە**
**تۆ دەڕۆی و**
**منیش،**
**لە داخمدا**
**دەبم بە تۆز**

سەرچاوە: کتاب شعر و زندگی، بیست شاعر نوپرداز، میترا افشار، انتشارات سرایش، چاپ اول– ١٣٧٨.

## گۆرانی هاوسەفەران

شاملو

**لەسەر دووڕیان**
**قەڵایەک بوو**
**خشتێ لە تریفە و**
**یەک لە بەرد**
**لەسەر دووڕیان**
**قەڵایەک بوو**

خشتێ لە شادی و
خشتێ شەڕ
لەسەر دووڕیان
قەلآیەک بوو
دوو خشت ڕۆندک
دوو پێکەنین
لەسەر دووڕیان
قەلآیەک بوو
سێ، چەقەڵ و
خشتێکیشی لە باڵندە.

سەرچاوە: کتاب ترانەهای کوچک غربت، احمد شاملو، چاپ سوم، انتشارات زمانە ١٣٧٩.

## تەنیا مرۆ

م. ئازاد

تەنیا مرۆ نییە دەگری:
من بە چاوی گریانەوە
باڵندە و
گەلآ و باو بارانم دیوە
تەنیا مرۆ نییە دەچڕێ:
ئەمن سروودم لە بەرد و
ئاوازم لە گیا بیستووە
من بیستوومە
سروودێک
لە باو لە گەلآ
هەر مرۆ سروود ناچڕێ
ئەوین، هەر بۆ مرۆ نییە:
زەریا و باران
خۆر و کێڵگە
هەر هەموو
ئەویندارانن
تەنیا مرۆ نییە...
هەر مرۆی تەنیایی بەرزە:
مرۆی مەرگەزێ
بیری نەمانی وێرانکەر

سەرچاوە: شعر و زندگی بیست شاعر نوپرداز، میترا افشار، انتشارات سرایش، چاپ اول- ١٣٧٨.

## ئاوابوون

شەهێن حەنانە

لە ئێوارەیەکدا
وتت کە دێیەوە

بەدوا قەتار
تا دوا وێزگە
هەتاکو تۆ!
ڕەنگی سوور،
بە هەورەکاندا دەڕژێم
بەڵکو کە زووتر بێیەوە.

سەرچاوە: کتاب شاعران معاصر، گردآوری سید علی صالحی، چاپخانە هدیە، ١٣٧٦.

## مەتح

عیمران سەڵاحی

ناگونجێ ئاسمان،
لە چوارچێوەی پەنجەرەدا
زەریا،
لە حەوزدا و
دارستانیش،
لە نێوان پەرژینی باخا
بادەیەکی کۆن
کووپەی شەڕاب دەشکێنێت و
بە لێوارەکانی جیهاندا،
هەڵدەچێ
هێندە بێ سنووری،
پەسنەکان بەر سکت دەکەن.


## باغ

کاتی هەورە گرمە و باران
باغێک،
دەرکەکەی بە ڕوومدا هەڵگرت
بە سوورە سێوێکیشەوە
پێدەکەنی
گوتم باغێک،
لە تۆفاندا
بەم جۆرە بێ پێشکەشیەکەی
لە ئارامیدا چلۆنە؟
موخابن
دەرکەی باغەکە گاڵە بوو
ئەو دەمەی،
هەورە گرمە و
باران بڕان.

سەرچاوە: کتاب شاعران معاصر، گردآوری سید علی صالحی، انتشارات هدیە، ١٣٧٦.

# جادووگەر

سەلاح حەسەن پاڵەوان
(هۆڵەندا)



پاشان دەستە بچکۆلەکانی خستە سەر سینگی و گریا، ئەوە یەکەمین گریانی بوو، پاش هەشت جەنگ و دەردەسەری، مەرگی باوک و دایک و براو خوشک و خۆشەویست و هاوڕێیان، پاش عەشق و بێدەنگییەکان دڵۆپێ فرمێسکی نەڕشتبوو، بەڵام ئەو ڕۆژە دکتۆرەکەی لە پاڵیدا دانیشتبوو، دەستی نەوازشی نایە سەر شانی و دڵنەوایی دایەوە، شووشەی دڵە ناسکەکەی سات لەدوای سات چاوەڕوانی هەڵوەشاندن بوو، ئەوەندەش بە مێژوویەکی خاڵییەوە دەیڕوانییە ڕابردووی خۆی وەک هیچ ڕووی نەدابێ، ئاوەها لەبەرانبەر دەستەکانی خۆی مشتێک هاوار بوو، کەس بە ئەندازەی ئەو لاپەڕەی سۆفییەکانی هەڵنەدابووەوە، لەسەر ڕێگاکاندا تەڵەی بۆ دانەنرابوو، هەراسانی بەردەوام، بێزاری کردبوو، ساتی بێدەنگییەکانی نەزانراو بوون، هیچ هێورییەک نەبوو ئاشنای هێوری دڵی ئەو نەبێ، بەڵام هەرچەندێ لەو جەستەیە ورد دەبووەوە، هەموو چیرۆکەکانی ژیانی خۆی وەبیردەهاتنەوە، هەرکە دەستەکانی ئەوی دەگوشی، مێژوویەک نائومێدی باوەشیان پێدا دەکرد. پاش ئەوەی کەوتە نێو یەکەمین گریانی دووروودرێژەوە هەرچی بوغز لە جەستەیدا بوو توانەوە.

ئەو ڕۆژە وەکو هەوری زستان دڵی پڕ لە شێ و تەڕایی بارانی فرمێسک بوو، چاوەکانی بە ئاستەم دەیانتوانی بۆ ساتێک ببنە وشکایی دەشتێکی دێم، ئەو ڕۆژەش هەواڵی لەدایکبوونی کۆرپەکەیان بۆ هێنا، بۆ یەکەمین جار لەسەردیوارەکەی ماڵیان نووسی: «دڵخۆشترین کەسی ئەم دنیایەم»، ئەوەتا ئەمڕۆش هەر لە نزیکەوە دەڕوانێتە چاوی و تەماشای دەستەکانی دەکات، کەچی لە مانای ئەو هەموو نهێنییە ناگات. کەس نەبوو لە نهێنی ئەو بگات تەنیا خۆی و دکتۆرەکەی نەبێ، هەموو

ساتێ لێی دەڕوانی، بەڵام ئەم جارە لە نزیکەوە تەماشای سەرتاپای جەستەی کرد، جەستەی ئیزۆسی وەبیرهاتەوە، لە چاوەکانیدا بڕێک بێدەنگی هەتاهەتایی بینی، لەو هەمووەدا تەنیا گوێی لە هەنسکە کورتەکانی بوو، ئەمە یەکەمین جار نەبوو لە پاڵ مەلۆتکەیەکدا خەو بیباتەوە، ئەوکاتەی دکتۆرەکەی دەستی کۆرپەڵەکەی لە ژێر دەستی دەرهێنا، هەر خێرا داوای گێڕانەوەی ئەو خەونەی لێ کرد، کە چەند ڕۆژێکە دەیەوێ بزانێ چ جۆرە خەونێکە و چ پێوەندی بەم کۆرپەڵەوە هەیە، ئەو خەونەی کە بەشێک لە جەستەی دەبێتە ڕۆح و ئەمیش بەدویدا ڕادەکات تا بۆ لەشی خۆی بگێڕێتەوە، بەڵام هەڵهاتنی ئەو زیاتر گوڕ بە گەڕانەکانی ئەم دەدا، هەر بەدوویدا دەڕوا نایگرێتەوەو نایگرێتەوەو دواجار هەردووکیان لە سەرابێکدا ون دەبن، بێ دەنگییەکە هەردووکیان ختووکە دەدا، لە خەونەکەیدا پێدەکەنێ، پێدەکەنێ،پێدەکەنێ، پێدەکەنێ، شازدە جار پێدەکەنێ، ئەوەندە حیلکەی پێکەنینەکانیان بەرز دەبنەوە، هەموو دەرو دراوسێ و ڕێبوارانیش گوێیان لە پێکەنینەکەی دەبێت، بەردەرگاکەیان وەکو ڕووداوێکی پرسەیرو سەمەرەی دیتبێ نامۆو ناسیاو و ناسراوەکان کۆدەبنەوە، کاتێ لە خەونەکە ڕادەچڵەکێ قەرەباڵەغییەکە دەڕەوێتەوە. ئەوەی لە هەمووی سەیرتر دکتۆرەکەی هەر خێرا ئەو خەونە لە بیردەکات و ئەمیش وەکو حیکایەتبێژێکی تەنیا لەبەردەم ئاگردانی کۆرپەکەیدا دەمێنێتەوە.

سبەینێ دەمەو ئێوارە بۆ هەر جێگایەک دەڕوا جەستەیەکی دابڕاو لە پاڵ خۆیدا دەبینێ، دەست دەبا لە خۆی بکاتەوە، لێی نابێتەوە، هەر لە پاڵیدا وەستابوو، بەسەرهاتێکی نهێنی ئامێز بوو، بە دزییەوە دەیڕوانییە بەشەکانی و جار ناجارێکیش ئاوڕی لە دەوروبەرەکەی دەدایەوە، کەس نەبوو لەو شێوەیە بگات، یان پێی بڵێ ئەم بەسەرهاتە چییە. ئەو ڕۆژە تەنیا وەکو ڕۆژێک نەمایەوە، ڕۆژەکە بووە دووان و سیان و مانگ و ساڵێک، هەر بێ جووڵە لە پاڵیدا نووست، ئەویش بەدەستە بچکۆڵەکانییەوە، جار ناجارێ نەوازشێکی ئەمی دەکرد، ئەمە یەکەمین جار نەبوو، لە پاڵ کەسێکداو لە نێو خەستەخانەیەکدا بنوێ، هەموو ڕۆژێ، هەموو هەفتەو مانگێک، کەسێکی لێ دەبرایە نەخۆشخانە و دەبوایە لە پاڵیاندا ئێشکی بگرتایە، بەڵام ئەمەی ئەم جارە جەستەیەکەو لە خەونە قووڵەکەی ئەودا ڕاپەڕیوە.

لە پاڵ خۆیدا بینی، نەیدەزانی چی بکات، کاتێ ویستی دەستی نەوازش بە سەریدا بێنێ ترسا، نەئەوەبوو بتوانێ بە پارچە پەڕۆیەکە بیپێچێتەوەو لە نێو دەرگای مزگەوتێکدا فڕێیدا، نە ئەوەش بوو بتوانێ لە باوەشی کات، جەستەیەک بوو، خۆشی نەیدەزانی ئەو جەستەیە چی بەم دەڵێ، هەرکە لە لەشی جیا بووەو بە چاوەزەقەکانی تێیڕوانی و بە ڕۆحی پێی وت: «فڕێم مەدە ئامانەتم!». ئەو ڕۆژەی دکتۆرەکەی بڕیاری دا کە دەبێ ئەو بە تەنیا بنوێ، تێنەگەیشت بۆ؟

ئێوارە کاتێک لە عیادەی دکتۆرەکەی وەستابوو، ژووری دکتۆرەکە حەفتا کەسی لێ بوو، ئەو ژمارەکەی دوازدە بوو، بەڵام پێش ئەو ژنێکی نەخۆشیان کرد بە ژووردا ژمارەکەی ئەو بوو بە سێزدە. مشتومڕی نێو عیادەکە شڕی کردبوو، بەڵام ئەو هەر لە مشتومڕی ئەوەدا بوو ئایا بە بێ دەنگی لەوێدا بمێنێتەوە، یان لە نێو بیرکردنەوەکانی خۆیدا بڕیاری ڕۆیشتن بدات، ئەو ڕۆژە عیادەکەی بەجێهێشت، بێ ئەوەی چاوی بە دکتۆرەکە بکەوێت، لە هەنگاوی سەر شەقامەکانیش دوا وتەی کابرای عیادەی بیرکەوتەوە، «تۆ لە گوێز ساغتری چیت داوە لەم سەر ئێشەیە.... دکتۆر و عیادە». هەروەها ژمارەکەی دەستی ڕۆمانی ماتەمینی فینجانەکانی جیمس جۆیسی وەبیرهێنایەوە، هەروەها ئەو شەقامەی هاتەوەیاد کە کاتژمێری سێزدە تەرمی گەورەترین جەنگاوەری گەڕەکەکەیان تێدا سووتان. ئەو ڕۆژە تەواو سێزدە ڕۆژی تەواو بوو بەسەر لەدایکبوونی کۆرپەکە، ئەمیش هەر هەمان ئەم ڕۆژە کە سێ شەممەیە خۆی لە ژووری فاڵگرەکەوە دەبینێتەوە، وای لێ هات بێ سنوور سڵی لە پیتی «س»، دەکردەوە، هەموو نهێنییەکان نەیترسان، تەنیا نهێنی دوا دێر نەبێت: «نەکەی نزیکی کەس بیتەوە، ئەهریمەنەکان لە جەستەکانی تردا داویان بۆت ناوەتەوە!». هەتا ئەو ڕۆژە کەسێکی پڕ لە هەست و نەست و میواندار بوو، کەچی ئێستا بووە بە دوورەپەرێزێکی تاک و تەنیا، لە نێو دەرگاکەوە بۆ نێو ژوورەکەی، هەمووان گلەییان لە دەست دەکرد، کەس نەبوو لە ترسەکەی بگات، تەنیا دیواری ژوورەکانی نەبێ، هەمووان بە تاک و تەنیا بانگیان دەکرد، دەستەکانی لە تەنیاییدا هیچ دەستێکی تریان نەدەناسی،

چاوەکانی ئەو ئێوارە دوو تنۆک فرمێسک بوون، لە تەنیایی خۆیدا چیرۆکی بۆ وێنەو پارچە شووشەکانی ژوورەکەی دەگێڕایەوە، کاتێ بە ڕێگاکاندا دەڕۆیشت هەنگاوەکانی نێوان ئەوو ئەوانی تر گەورەتر دەبوونەوە، هەموو کاتێکیش دەستی بۆ دەستێک درێژ دەکرد، قسەی جادووگەرەکەی وەبیر خۆی دەهێنایەوە: «نەکەی نزیکی کەس بیتەوە.» کاتێکیش دەیویست لە هاوڕێکانی نزیک بێتەوە، لێی هەڵدەهاتن، «گەر نزیک بیتەوە کارەسات دەقەومێ.»، ئەمەش تەواو ئەو پێغەمبەرەو شاعیر و ئیماندارەکەی، وێنەو ئاوێنەی عەتایی وەبیرهێنایەوە، گەر ڕاستییەکان بە خەڵکی بڵێ، کەس بڕوای پێ ناکات، دەبێ هەر خۆی ڕاستییەکان بدۆزێتەوەو بیانزانێ.

بەردەوام دووره پەرێزی هەڵدەبژارد، بەردەوام نێوەندی ئەم و نێوەندی ئەوان فراوانتر دەبووەوە، دەستەکانی بەوە ڕاهاتن لە نێو گیرفانی پاڵتۆکەیدا نەیەنە دەرێ، چاوەکانی فێربوون تەنیا تەماشای بەرپێی خۆی بکەن، هەنگاوەکان ڕوویان لە چۆڵەوانی دەکرد، هیچ دەرگایەک نەبوو، بیکاتەوە تەنیا دەرگاکەی خۆی نەبێت، کاتێ برسی دەبوو، لە بەر دەرگا شتەکانیان بۆ دادەنا. شەوان خەونی بە قەرەباڵغییەوە دەبینی، لە نێو وێنە هەڵواسراوەکانی ژوورەکەیدا باوەش و تێکەڵبوونی چاوەکان لە هەموو دیمەنەکانی زاڵتربوون، وەکو مزراح بەدەوری ڕووداوەکاندا دەسووڕایەوە، کەس نەبوو بە ئەندازەی ئەو چاوی بەو دیمەنانە بکرێتەوە کە هەڵواسرابوون، کەس نەبوو وەکو ئەم لە چێژی پێکەوەبوون بگات.

ئەو ئێوارەیەی کە جادووگەرەکە ئەو هەواڵەی پێ وت، زۆر دڵنیا نەبوو، تەنانەت بڕواشی بە قسەکانی جادووگەر نەبوو، هەستا جارێکی تر لەبەردەم عیادەی دکتۆرەکەیدا ڕاوەستایەوە، ئەم جارە بێ ئەوەی چاوەڕوانی تەنگی پێ هەڵچنێ، لە بەردەم دکتۆرەکەدا وەستابوو، کە دکتۆرەکە هەندێ نموونەی لە خوێن و لیک و سەری نینۆک و تۆو و پیساییەکەی گرت، پێی گوت:

«تۆ پێویست ناکات بێیتەوە، من خۆم ئەنجامەکانت بە تەلەفۆن پێ ڕادەگەیەنم». هەر ئەو ڕۆژە تا ڕۆژی دەرچوونی ئەنجامەکە بە نائارامی دەنووست، کاتێ دکتۆرەکە ئەنجامەکەی بۆ نارد، لەگەڵ ئەنجامەکەدا، تەنیا دوو دێری بەرچاو کەوت: «نەکەی نزیکی کەس بیتەوە..». هەر بە هەڵەداوان خۆی کرد بە ژووری دکتۆرەکەدا، بێگومان ئەو دەیزانی بۆ لەوێیە، هێمنی کردەوە، پاش چارەگێک لە بێدەنگی، تەماشایەکی یەکتریان کرد، ئەمیش تەماشای کرد و لە نێو لەپیدا پارچە کاغەزەکە ڕاکشابوو، ڕووی کردە دکتۆرەکە و پارچە کاغەزەکەی بەرزکردەوە: «ئەمە یانی چی؟»

– تەنیا بە مەبەستی ڕوونەدانی گرفتێک!

– چ گرفتێکە، سیل، سەرەتان،.....

– هیچ نییە تەنیا ئەوەیە کە پێت دەڵێم «نزیک مەبەرەوە» موسیبەتێ ڕوو دەدات

– چ موسیبەتێ؟

– ئەوەیان منیش نایزانم....

هەر لەو ڕۆژەوە تێگەیشت، دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان شتێک ڕوو بدات، شتێک خۆیشی نازانێ و نە جادووگەرەکەش دەزانێ، نە دکتۆر.

ئەمەی لەبەردەمیدا وەستاوە، ئەو ترسە بوو، سەردەمێکە بە گوێیدا دەچرپێنێ، بە سڵ کردنەوە دەڕوانێتە ئەو پارچە گۆشتەی لە لەشی بووەو لە چاوەکانیدا لەم دەچێت و لەشی کەس نازانێ و ڕۆحیشی شتێکی نەناسراوە.

دواجار کە لەو هەموو تەنیایی و دابڕاوییە بێزاربوو، بە هێوری هەموو ئەو پەردانەی هەڵتەکاند کە بەری چاوەکانی گرتبوو.

ناچار خۆی بە ژووری کتێبخانەکەدا کرد و دوایین چاپی موسیبەتەکانی دنیای خوێندەوە، هەر هەموویان موسیبەتی گەورە بوون، بەڵام شتێکی لەبارەی هەڵهاتن نەخوێندەوە، پاشان بە هەموو ئەو سەرچاوانەدا ڕۆیشتەوە تەماشای سەفەرنامەی ئەولیاچەلەبی کرد، مێژووی شارستانی ویل دۆرانت و ئەنسکلیۆپیدیای نەخۆشییەکانی مێژووی لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵدایەوە، تەنیا شازدە موسیبەتی بینی لەمەی ئەم دەچوون، بەڵام وەکو ئەم نەبوون، لە نێو ئەو هەموو سەرچاوانەدا باسی نەخۆشییەک نەبوو تایبەت بەو ناوچەیە بێت، فەرهەنگی نەخۆشییەکانی هەر هەموو خوێندەوە، نموونەیەکی نەبینی لەمەڕ حاڵەتەکەی ئەم، بۆیە وردە وردە ژوورەکانی بەجێ هێشت، ئەوەی لە دوای خۆیەوەی بەجێ هێشت یادگارییەک بوو پڕ لە نهێنی لەلاپەڕەیەکی نێو

فەرهەنگی نەخۆشیدا ناوو ناونیشانی خۆی تۆمارکرد، بەڵکو بە ڕێکەوت یەکێک لەو حاڵەتەی ئەو ڕۆژێ لە ڕۆژان چاوی پێ بکەوێ و پێوەندی پێوە بکات، ئەوەی لە هەموو شتێک ئەوی زیاتر سەرسام کردبوو، هەستنەکردن بوو بە ئازار و نائارامییەک تەنیا ئەوە نەبێ شەوان تا بەیانی خەوی نەبوو.

لە هەموو ئەو ئازارانەش ناخۆشتر ئەو ڕۆژە بوو کە ویستی بەخێرهاتنەوەی باوکی بکا، هەر لەپڕ دەستێک لە دەرگاکەوە فڕێیان دایە دەرەوە. ئەو شەوە تا بەیانی لە خەیاڵ و بیرکردنەوەدا بوو، بەدووی ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕا، بەڵام هیچی نەدۆزییەوە، بۆیە بە نائومێدی بیری لە سەرهەڵگرتن کردەوە، ئەو شەوە خۆی پێچایەوە تا ئەو شارە بەجێ بێڵێ، بەڵام دەستەکانی نەیانتوانی جانتاکانی هەڵگرن و قاچەکانی ڕەدووی نەدەکەوتن، هەرچەند هەوڵی دا تەلیسمی ئەو سڕبوونەی بشکێنێ و لەدەرگاکە بچێتە دەرێ، بەڵام بێسوود بوو. ناچار لە جێگاکەی ڕاکشا.

پاش چەند ڕۆژێ تەلیسمەکەی لەشی توایەوە، هەرکە لە دەرگاکە هاتەدەرێ لە پێش خۆیەوە تیشکێکی بینی، ڕووی لە هەر کوێیەک دەکرد تیشکەکە پێشی دەکەوت، بەڕاست و چەپدا دەچوو، تیشکەکەش ڕێکوڕێک ئەو ڕێگایەی دەگرتە بەر، دواجار لەبەردەم لاسایی تیشکەکە شەکەت بوو، خۆی خاوکردەوەو تیشکەکە ڕێگای گرتەبەر ئەم جارە ئەم هێدی هێدی سەری ڕێگای گرتەبەر، وەکو ماچێک نەزانێ چ لێوێ دەمژێ، هەنگاوەکانی لێواری زەمینیان گرت و وەدووی تیشکەکە کەوت، لەبەردەم نەخۆشخانەکەدا تیشکەکە ئەوی بەرەو نێو ژووری کۆرپەکە بەڕێ کرد، لەبەردەم ژوورەکەیدا تیشکەکە کوژایەوە، کاتێ چەند هەنگاوێ لێی نزیک بووەوە، تەماشای چاوەکانی کرد، کرابوونەوە، بە تەواوی دەیانڕوانییە ئەم، بێ ئەوەی هەست بکا دەستەکانی لە لێوی نزیک بوونەوە، ئەویش لێوی لە پەنجەکانی نزیک کردەوە، نەیزانی چییە، ئەو لێوە ماچی دەوێ، یان دەیەوێ وشەیەک بە گوێی ئەو پەنجانەدا بچرپێنێ، هەستی کرد لە لێوەکانییەوە وەکو مارێک زمانێ سەردەردێنن و سەردەبەنە ژوورەوە،هەرچی لە ژوورەکەشدا بوو بە دکتۆر و نەخۆش و سستەر و ساغەوە تەماشای زمانەکەیان دەکرد، ئەو زمانە پەنجەکانی ئەوی لەگەڵ خۆیدا بردە ژوورەوە، دەستی برد، قۆڵی برد، هەموو گیانی کەوتنە لەرزین، زەردی سەرتاپای لەشی گرتەوە، هەروەک خەون ببینێ، خێرا دەستی هێنایە دەرەوە، تەنیا یەک پەنجە بە دەستەکانیەوە مابوو. هەر خێرا بە پەلە دکتۆرەکان لە ژوورێکدا بەندیان کرد، نەیتوانی بزانێ چی ڕوویداوە، تەنیا ئەوە نەبێ بڕێک تیشک چاوەکانی ڕووناک کردنەوە، کاتێ چاوی کردەوە، تەماشای کرد بینی دە ڕۆژ و سێ شەوە لە بێدەنگی ئەو ژوورەدا دەژی، ئاگای لە هیچ نییە، ئەوە نەبێ تەنیا یەک پەنجە لە دەستەکانیەوە ماون، سەری شلۆق بوو نەیزانێ چ دووکەڵێک سەرو دڵی داگیرکردووە، دەیویست بزانێ ئەو زمانانە چین، لەو دەمە بچووکەوە دێنە دەرێ، هەرچی ماڵ هەیە لەو دەوروبەرە ناتوانن لەو نزیک بنەوە، وەکو شەرمێک ئەو کۆرپەی لەگەڵ خۆیدا برد، لە نێو باخچەیەک دانیشت و تەماشای چاوەکانی ڕووباری دەکرد، کۆرپەکە تەنیا وێنەیەک بوو لەگەڵیدا بوو، خۆی نەبوو، ئەو لە ژوورەکەیدا هەرزمانی ئەوەو لەشەکان قووت دەدا، هەر چەند ڕۆژێ پێش ئێستا دایکی قووت دا تەنیا دوو تیسکی قژو دوو بازنەکەی مابووەوە، ئەم جارە لەوە گەیشت کە ئەو زمانە زمانێکە هەر هەموو ئەو شارەی ترساندووە، ترسەکە دکتۆرو نەخۆشخانەکەشی گرتووەتەوە، هەر هەمووش دەڕواننە ئەم وەکو دروستکەری ئەم زمانە، ئەوەتا لە نێو پارکەکە دانیشتووە، دەڕوانێتە چاوە جوانەکانی ئەو کە لە دووچاوی ئاهوویەکی سەفەرکردوو دەچن،لە ترپەی دڵێکی سەرخۆش، لە گریانی کچ و خەمی عاشقێ دەچن.

هەتا توانی ئەو ڕۆژە لە پارکەکەدا بەدیار وێنەی کۆرپەکەی واق وڕمابوو، کاتێ بێ ئەوەی بزانێ ڕوو لە کوێ دەکا، لەبەردەم ماڵی جادووگەرەکەدا وەستا، دوودڵ بوو لەوەی بچێتە ژوورەوە، بەڵام کاتێ کە ئەو زمانەو تاقە پەنجەکەی خۆی بینی، سڵ دایگرت و بە چەند ترپەیەک لەبەردەم جادووگەرەکەدا دانیشت، گوێی لە دەنگی دوو کۆتر بوو، سڵێکی کرد و تاقە پەنجەکەی خۆی لە نێو دەستی جادووگەرەکەدا بینییەوە، هەر زوو ئەویش دەستی خۆی کێشایەوە، تەماشای چاوەکانی کردم و پێی وتم:

– گەورەترین شەیتان لە نێو جەستەی تۆدایە، تەنیا بە کوشتنی شەیتانی ئەسڵی ئەو شەیتانە لە لەشت دەچێتە

دەرێ؟

بە بیستنی ئەم وشەیە، هەموو جەستەی بوو بە یەک پەنجەو چاوەکانی بوون بە هەزار، هەموو شتێکیان بە هەزار دەبینی، دەنگی جادووگەرەکە لە گوێیدا بوو بە هەزارو دەنگی زیندووەکان بوون بە مردوو، مردووەکانیش بە زیندوو. ئەگەر کوشتنی شەیتانی ڕۆحی من بڵێ ئەوە لە جیاتی ژیان بە پەنجەیەکەوە بە سەرو لەشێکی بێ جەستەشەوە ڕازیم بژیم، بەڵام بەو مەرجەی ئەو جەستە بچووکە بەتەنیا بهێڵمەوە، ڕازیم گیانم ببێتە لەپی دەستێک و بەسەرکێوی بەستووەوە بڕچێ، ڕۆحم قەتیس بێت و دڵم ئابڵوقە بدرێ، ڕازیم دەرگایەکی داخراوبم، بەو مەرجەی ئەو کراوە بێت.

– گەورەترین موسیبەت لە ڕۆحتایە، هەر ئەو سەبەبە!

ئەو وشانە کە لە زاری جادووگەرەکەوە دەهاتنە دەرێ، وەکو سێبەر دەیخستە ژێر پێی پیادەڕەوانی شەقامی ژیانەوە.

جادووگەر مەشخەڵێک بوو هەر دەگەشایەوە تا ئەم و سۆزەکانی ئەم زیاتر بسووتێنێ، گوزەشتێک بوو دەیویست ئێستای ئەو لەگەڵ خۆیدابەرێ، ماسییەکی برسی بوو دەیویست ماسی بچووکی ئەو بە دەستی خۆی بخاتە دەمیەوە، کە دەفتەرەکەی بەردەمی کردەوە، دووچاوی ئەوی بینی وەکو چوار ژمارەی سەیروسەمەرە، چوار سێ گۆشەی خاچی دڵیان پێک دەهێنا، ئەویش وەکو چاوی دەربەنێکی خنکاو تەماشای دەستەکانی جادووگەری دەکرد، لە نێو کتێبەکانی بەردەستیدا بەدووی چارەسەری کۆرپەکەڵە، وەکو ئەوەی ئەو جادووگەرە سیمای کۆرپەڵەی هەتاوی ئەوی دزیبێ و بەسەر ڕوخساری ئەودا هەوری ڕەش و بارانی سووتاندن باریبێ، جادووگەر بە سیمایەکی ماندوو بوو، باسیان لە ماندووبوون و وێرانکارییەک دەکرد، هەموو لاپەڕەی کتێبەکانی هەڵدەدایەوە ڕوخسارو سیما و چاوەگەشەکانی کۆرپەڵە دەگەشانەوە، تەنیا لە نێوان ئەو هەموو جوانییەوە مێخێکی دەبینی، جار جار دەردەکەوتن، بیرەوەری لەخاچدانی مەسیحی وەبیردەهێنایەوە، لەپڕ وێنەی ئەو منداڵەی لە چاوەکانی جادووگەردا بینی، لەباوەشی باوکیدا خەو چووەتە چاوی.

جادووگەر چوار سێگۆشەی دایە دەست، چاوی تێ بڕی و پێی وت:

–ئەمەیان سێکوچکەی گەرمکردنی ئاوە، ئەمیان سێگوشەی تابووتەو ئەمیان سێگۆشەی کولاّن و ئەمەش سندووقی سێگۆشەیە تا خۆڵەمێشەکەی بەر خاک نەکەوێ.دەشبێ سبەی کۆتایی بەم کارە بێنی دەنا ڕۆحی خۆشت تێکەڵ بەو شەیتانە دەبێ و لەم دنیایە نامێنی.

بێ ئەوەی هیچ شتێکی بۆ باس بکا، تێگەیشت دەیەوێ چی بکات، وەک لەنێو ڕووبارێکی قووڵدا بواری دوو چرکەی هەناسەی هەبێ سەری لە ئاو هێنابێتە دەرێ، ئاوەها ژووری جادووگەرەکەی بەجێ هێشت. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، دەستی لە نێوان چواردەرگادا تێپەڕێ و لە دەستەکەی تریدا چوار سێگۆشەکەی تر.

نەیویست ئەم شەو چاوی بە کۆرپەڵەکە بکەوێ، لە سام و ترسی ئەو چوار سێگۆشەیەو وشەکانی جادووگەر، دەرگاکانی لەخۆداگرت و پەنجەرەکان و هەرچی وشە هەبوون ئەو شەوە بوون بە دەنگێک و لە ناو ڕۆحیدا هەراسانییەکیان دروست کرد، دەستی برد چراکانی لەسەر لەشی خۆی کوژاندەوە، بیریشی لە چرکەکانی دوودڵی دەکردەوە، ئەو ڕۆژی لێ سەندەوە، ئەوی بەخشی بە تاریکی شەو.ئەو شەوە گیانێکی سارد لەبەردەم شالاّوی ڕووداوێکی گراوی سبەینێدا خۆی ئامادەی کۆچ دەکرد، نە دەیتوانی لە مانای ماچ بگات و نە دەشیتوانی ئەو پەنجانەی خۆی لەیادکات کە تەمەنی چل ساڵ لەگەڵیدا ڕۆژو شەوی کردبووەوە، شەوقی جودایی جەستەی خۆی نەبوو، ئەوەندەی شەوقی جەستەی ئەو خۆشەویستە بوو کە ڕۆحی بە ڕۆحی شەیتانێک پیس بووە و تاوانی ئەویش نییە و نەدەشمزانێ تاوان چییە. دوورگەکانی ئەمەکداری بەرانبەر بەو ڕۆحە ساوایە تا دەهات ئەو شەوە ئاوەدان دەبووەوە، نە چاوەڕوانی ئەوەبوو ئەو پەیمانە بشکێنێ کە بە ڕۆحی دایکی دابوو، کاتێ پێش ئەوەی زمانەکەی ئەو قووتی دا ـ پێی وتبوو: «ئەمانەتی تۆ و ئەو ساوایە، نە لە زمانی باران دەگاو نەدەزانێ دەنگی خۆرەتاو چییە...».

وەکو ڕۆحی هەموو شەوێ، ڕۆحی ئەویش سیاه بە سیاهی قەلەڕەشەکانی ڕۆژگاری منداڵی بەدیار سەرییەوە وەستابوون، نە لە بەخێرهاتنی ماچەکانی درەنگ وەخت دەگەیشت و نە دەشیزانی چین ئەو باسانەی نە زەمەنیان

بۆ هەیە، نە ڕۆژگارو ماندووبوون.

دوا ساتی بڕیاردان، چاوەکانی بڕییە بەردەرگای ژووروکەی خۆی و توورەگەکەی هەڵگرت و هەرچوار سێگۆشەکەی تێدابوو، کەس نەیدەزانی بەرەو کوێ دەڕواو چی ئەنجام دەدا، ئەو دەرگایانە چین کە لێیان دەداو چین ئەو دەرگایانەی دەبنە سەرەتاو کۆتایی ژیان، چین ئەو مەزنییەی لە چاوەڕوانییدایە، نەیدەزانی باسکردن لە خۆشەویستی لە دڵ و گیانیدا خاڵی دەبنەوە، دەیزانی بە ئەنجامدانی فەرمایشتی جادووگەرەکە، میهر و موحەبەت لە دڵیدا خاڵی دەبێتەوە، کەس نەیدەزانی بۆ وا بێدەنگە، ئەوێک پڕ دەنگ بوو، بە خۆی و توورەگەکەیەوە، لەبەردەم کۆرپەڵەکەدا وەستا، تەماشای هەستی نەفەسی ئەو و خۆیی کرد، ئاگایی لێ بوو پێکەوە هەناسەیان دەدا و وەریاندەگرت، ئاگایی بێ ڕۆح لەیەک تەمەنی ژیاندا دەژیا، یەک ترپەی دڵ و یەک جووڵەو یەک هەناسە، هەر هەموو شتەکان هاوئاهەنگ بوون. تەنیا شتێک لە یەکدی جیادەکردنەوە زمانە، زمانی شەیتانی، ئەو زمانەی دایکی قووت داو پەنجەکانی ئەم، بەڵام لە چاوەکانیدا ئەوپەڕی میهرو خۆشەویستی دەبینێ، نەگریان و نەبیرکردنەوە، پاشگەزی نەکرد لە ئامۆژگارییەکانی جادووگەری، بۆیە دەستی بردو لە نێو بوخچەکەی دەستی نووسراوەکەی جادووگەری دەرهێناو بە ئەسپایی، ڕوانییە زمانی کۆرپەکە، کاتێ مێخەکەی دەرهێنا بۆ ئەوەی ئەو زمانە بەو مێخە شەتەک بداو، بیبڕێ و بیسووتێنێ و خۆڵەمێشەکەی لە دەریانێ. زۆر بە هێمنی تەماشای کرد زمانێکی بچکۆلە لە نێو لێوەکانێتی، هەرچەندی کرد، لەو زمانە نەگەیشت دوێنی شتێکی تر بوو. هەرچەند هەوڵی دا ئەو زمانە ببینێ دەستەکانی قووت دابوون و دایکی خواردبوون، بەڵام شتێکی تەواو جیاوازی دەبینی. ئەوەندەی زانی وردە وردە خەو لەنێو جێگایەکی هێمندا بۆ خۆی بردەوە.

هەستاو کۆرپەکەی بەجێ هێشت و لە نزیکی ژووری جادووگەرەکە، مێخەکانی بە دیوارەکانی ئەوەو داکوتا و هەرچی پووش و پەڵاشی دەوری ماڵەکەی بوو سووتاندی، ئەو درەختانەی وشک هەڵهاتبوون، خێرا گڕیان گرت، ترسی گڕەکە لەو جێگایەی دوورخستەوە، تیشکەکەی هەمووانی لە خەون ڕاپەڕاند، گوێی لە وشەیەک بوو، لە سێ پیت پێک هاتبوو، هەرچەندی کرد، گوێ قوڵاخ بوو، نزیک بووەوە نەیزانی ئەو وشەیە چییە، تا دەهاتیش دووبارەو سێ بارەو چواربارە و پێنج بارەو شەش بارە دەبووەوە، پاش شازدە جار کورپەکەی بینی لە دەرگای جادووگەرەکە بەخۆی و گڕەوە هاتەدەرێ و بانگی کرد:

– ئە......

– بڕۆ پاکی کەرەوە

– چی؟

– دڵت

– ئەهریمەن لە ناخی تۆدایە، ئەو تاریکییە.

لەبەردەم ئەو هەموو دیمەنەدا وەستاو، فرمێسکەکانی چراکەیان کوژاندەوە، کەس نەیتوانی لەو تاریکییە قوتاربێ، تەنیا کۆرپەکە نەبێ.

٢٠٠٦

# چاوە باڵ سەوزەکان

قادر عەلی خا
(بۆکان)



پڕ بەو کورسییەی کە لەسەری دانیشتبوو خۆی هەڵمساندبوو. بەقەد نێرە بۆقلەیەک خۆی فش کردبۆوە.

سەد گرێی لەنێوچاوانی خستبوو. بەرخەبەبەی بەسەر ملە چرچ و لۆچەکەیدا شۆڕ کردبۆوە. چاوە زەق و ناحەزەکانی کە دەتگوت ئاورت تێدا هەڵکردوون، بڕیبووە چاوەکانم و بەو دەنگە گڕ و ناخۆشەی کە دەتگوت لە زاری ئەشکەوتەوە دێتە دەرێ، فەرمانی دەدا:

- دەبێ هەر لەسەر چۆک دانیشی، پاروەکەت بەلای چەپدا بجووی. لەسەر تەنیشت بەلای ڕاستدا بنووی. هەر لەو پەنجەرەیانەوە- ئەوەی ڕووبەڕووت- بڕوانییە دەرێ. هەر ڕۆژە و ژەمێکت خواردن دەدرێتێ.

جارێکیش ئیزنی دەست بەئاو چوونت هەیە، بۆت نییە زیاتر لەوانە بخوازی، ئەمە فەرمانێکە و ئێمە دەیدەین.

بڕیاریش بڕیاری ئێمەیە. سەری خۆت داخە و وستەت لێوە نەیەت، ورتەت لێوە بێ دەمت دەشکێ و بێ ددان دەمێنییەوە.

چاویان کردمەوە و لەسەر کورسییەکی ڕەق و تەق دایاننام. بە پاسەوانێکی تووڕە و تۆسن و زەبەلاحیان ئەسپاردم کە ژەهری لەنێو چاوان دەباری. خۆیان بە فیزێکەوە چوونە دەرێ. جیرەجیری کورسییەکە مێشکی سەری بردبووم. جووڵە و وستەم لەخۆم بڕیوە. هاکا هەر چوار پەلی لەیەک بترازێ و شڵپ بکەومە خوارێ. کورسییەکە لە نێوەڕاست دیوێکی چوار فەسڵێدا کە بەسەدان پەنجەرەی تێدابوو، داندراوە. هەر پەنجەرەیەکیان دەیڕوانییە دیمەنێکی شەنگ و تایبەت. ئەمەی (کە هەر پەنجەرەو دەیڕوانییە دیمەنێکی شەنگ و تایبەت) هەر بە ئەقڵی خۆم لێکم دابۆوە. دەنا ئەمن بۆم نەبوو تاقە جارێکیش بۆ تەماشا کردن بچمە بەر ئەو پەنجەرانەی دیکە. پەنجەرە تایبەتییەکەی من دەیڕوانییە دەشتێکی کاتۆر و ویشکەڕۆ کە نێوەنێوە چەند بنچکە گیا و

درووپەکی نیوەتەڕ و نیوەویشکی لێ ڕوابوو. دەنا هەتا چاو هەتەری دەکـــرد. هەر ئەو دیمەنە دووبارە دەبۆوە. تاپۆی دارستانێکی دوور کە زیاتر لە تراویلکە دەچوو، دیاربوو. ئەوان دەیانگوت «ئەو دارستانە بەرین و دڵگرە پڕیەتی لە مەلی دەنگخۆش و میوەی بەتام» بەڵام من چاوم هەتەری لێ ناکا و هیچم بۆ ناچێتەوە سەر یەک. «با ئەوەش بڵێم کە من چاوێکی زۆر تیژ و دووربینیشم هەیە، تەنیا هەر ئەوەی دێتە بەر چاوی من هەر ئەو درووداڵە نیوەگیان و ویشکەڵانەیە، بە ئەسپایی لەسەر کورسییەکە دیمە خوارێ، دەورێک بە ژوورەکەمدا لێدەدەم. -با- پەردەی یەکێک لە پەنجەرە یاساغەکان دەلەرێنێتەوە. جاروبار ئەو دیوی پەنجەرەکان وەدەردەکەوێ. لە پشت یەکێک لە پەنجەرە یاساغەکان، دیمەنێکی سەیر سەرنجم بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. لە نێوەڕاستی حەساری ماڵێکدا دوو کیژی نیوەڕووت لە حەوزێکدا مەلە دەکەن.

شۆڕەبییەک دەمی ناوەتە نێو دەمی حەوزەکەوە. لەسەر چڵێکی دارەکە دوو بولبولی نێر و مێ گۆرانی دەڵێن. لەسەر چڵێکی تری، دوو کۆتری جووت بە دەم یەکتریدا دەرشێنەوە. لە لێواری حەوزەکەدا چۆلەکەیەکی نێر، پەیتا پەیتا بەسەر مێینەکەیدا دەفسێ، خۆیان لە ئاوەکە هەڵدەکێشن و دەچنە سەر چڵی دارەکە. سیلە چاوێک دەدەمە پاسەوانەکە، خەوەنووچکە دەیباتەوە. ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد نییە.

هەمیسان مەلی ئامەزرۆی چاوەکانم بەرەو سەر حەوزەکە بەڕێ دەکەم. ئەمجارەیان دوو کچ و دوو کوڕی نیوەڕووت لە نێوەڕاستی حەوزەکەدا شەڕە ئاو و شەڕە ماچ دەکەن. - حەک خۆزگەم بە خۆیان کا- ئەمەم بە دەنگێکی بەرز گوتبوو. شەپی کابرای پاسەوان شڵپەی لە پشتمەوە هەستاندبوو:

- بۆ تەماشای دەرێ دەکەی سەگباب!
- خۆ کفرم نەکردووە!
- گووی زیادی مەخۆ.

سەرم دادەخەم و لەسەر کورسییەکەم دادەنیشمەوە. ئاڵۆشێکی توند سەرم دەورووژێنێ، هەر دێ و بارستای خۆی قورستر دەکا. ئەوەندەی هەڵدەکرێنم چۆڕەچۆڕ خوێن بە لاشەویلگە و لاجانگمدا دێتە خوارێ.

کڵپەی ئاڵۆش دامرکانی مەحاڵە. ئاڵۆشەکە دەیداتە مێشکم و هەنگی هزرم دەورووژێنێ. دەڵێی مێشکم مێلوورە تێی داوە. ئاڵۆش لەوانەیە مێشکم لەبەر یەک بەرێ. لە ناکاو دەبنە بۆمبی پرسیار و لە مێشکمدا دەتەقێتەوە. سەرم وەک نارنجۆک لەیەک بڵاودەبێ. لەتەکان دەبنە هەزاران چاوی ڕاساو. هەر لەتە چاو دوو باڵی سەوزی لێ دەڕوێ. بەنێو ژوورەکەدا دەورووژێن. شەق و کوت سەریان دەدەن بە شووشەی پەنجەرەکاندا و دەیانشکێنن. ئەوانەی سەرەتا خۆ بە شووشەکاندا دەکێشن، شەهید دەبن. بەدوای ئەواندا شووشەکان دەشکێن و چاوە باڵ سەوزەکان بەرەو باوەشی ئاسمان دەفڕن. خرمەی شووشەی شکاو هاشەی باڵی چاوە سەربەستەکان سەر لە پاسەوان دەشێوێنن. «وەگەڕێن سەگبابینە! تەماشا کردن تاوانێکی گەورەیە، یاخی بوونتان سزاتان قورستر دەکا» ئەوەندەی نەڕاندووە ئارەقەی ڕەش و شینی دەرداوە، هەر تاوێک پەلامار دەباتە بەر پەنجەرەیەک، وەک پشیلەی برسی، چنگاوشی چاوە باڵدارەکان دەبێ و پەڕوپۆیان لێ دەکاتەوە. سەری هێندێکیان هەڵدەبڕووسقێنێ و فڕێیان دەداتە بەر پێی و جیقیان دەردێنێ. چاوە هەمیشە دیلەکان هەر گوێ نادەنە شیڕە و هەرای پاسەوانەکە. هەر یەکەو بە لایەکدا خۆ دەدەنە دەست شەپۆلە نەرمەکانی- با- و خۆیان لە سینگ و بەرۆکی سروشت هەڵدەسوون. باڵەکانیان لەبەر یەک دەرەوێتەوە. هەر شاباڵی لە ڕەنگێک دەنوێنێ. سەدان پەلکەزێڕینە دەچێتە ئامێزی ئاسمانەوە. پاسەوانەکە شەکەتە، ئارەقەی ڕەش و شینی دەرداوە. هەناسەبڕکێی پێکەوتووە. پشتە و قەفار بە عەرزدا دەکەوێ. خوێنی چاوە شەهیدەکان جار لە گەڵ جار قەڵپەزە دەکا و پێڵ دەسێنێ. هەر جەستەو بووەتە گرکانێک و خوێن کفارەی لێوە دەکا. خوێن پەنگ دەبەستێ و جەستەی نیوەگیانی پاسەوان وەسەر خوێن دەکەوێ. خوێن بە زار و کەپۆیدا دەچێتە گەروویەوەو دەیخنکێنێ. تەرمی پاسەوانەکە بەدەم شەپۆلی خوێنەوە لە پەنجەرەیەکەوە دەڕژێتە کۆڵانەکەوە، پۆلێک باڵندەی سەربەستی باڵ نەخشین بە ئاسمانی سەر تەرمەکەوە یاری دەکەن و گۆرانی دەچڕن.

# ڕۆمیۆ و پشیلەکان

**کامیار ئەحمەدی**
**(سنە)**



چەندجار بەتەنیا بە هاوڕێکەی وت: «خەیاڵی مردنم هەیە»، بەڵام هاوڕێکەی هیچکات بڕوای بەم قسە نەبوو. هاوڕێکەی لە تاران دەژی و ئەم لە سنە.

لە ماوەی هەفتەیەکدا چوارنامەی بۆ هاوڕێکەی ئیمەیل کرد و لە هەموویانا نووسی: «خەیاڵی مردنم هەیە».

ئەم زۆر تەنیابوو. لە تاران دەژیا. شانۆی لە زانکۆی هونەری تاران تەواو کردبوو. دوای تەواوبوونیش نەگەڕایەوە بۆ سنە. ئەکتەرێکی باشی لێدەرهاتبوو، لە تاران بە ئەکتەرێکی چاک دەناسرا، بەڵام ئەو بەبۆنەی ئەوەی کچ بوو، باوکی ڕازی نەبوو لە تاران بمێنێتەوە، بەم بۆنەوە ئەمی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ سنە.

ڕۆڵی «ڕۆمیۆ»یان پێداوە، قەرار وایە تا ئاخری ئەم مانگە شانۆکە لە هۆڵی گەورەی شانۆی تاران نمایش بکرێ. «ڕۆمیۆ» لەوکاتەوە ئەو چووبووە سنە زۆر هەستی بە تەنیایی دەکرد.

زۆر ماندووە، ئەمڕۆ پرۆڤەیەکی زۆریان کردووە.ماڵی لە نهۆمی ١٠ی ئاپارتمانێکی ١٣ نهۆمییە. دەرگای ماڵی کردەوە، سێ بەچکە پشیلەکە هاتنە پێشوازییەوە، «وا دیارە ئەمڕۆ زۆر برسیتان بووە ببوورن پشیلەکەرەکانی خۆم». ڕۆیشت لەنێو سەلاجەکە دوو بتڵ شیری دەرهێنا و ڕژاندییە نێو کاسەیەک بۆیان. پشیلەکان خێرا دەستیان بە خواردنی کرد.

«ڕۆمیۆ» جلەکانی دەرهێنا و چوو بۆ حەمام دووشێکی گرت. بە خاولییەکە خۆی وشک کردەوە.

کۆمپیووتەرەکەی داگیرساند تا چێک مەیلێک بکات. ئەو بۆی نووسیبوو: «... بگەڕێوە و خەیاڵی مردنم هەیە...».

جگەرەیەکی پێکرد و لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە لەسەر مۆبلە تاکییەکەی نێو هەیوان دانیشت. دووان لە

پشـیـلەکـان لەسـەر مـۆبلە سێ کـەسـیـیـەکـەوە بوون و «ڕۆمـیـۆ»یان سـەیر دەکـرد، ئەوی تریان بە تۆپێک لەنێـو هەیوانەکە یـاری دەکرد.

جگەرەکەی کوژاندەوە و چوو لەبەر پەنجەرەکە ڕاوەستا و پەردەکـەی لادا. لە خۆڕا دەسـتی کرد بەگـریان، بەچاوە پڕ لە فرمێسکەکانی سەیری شارە هەرە زلەکەی تارانی دەکرد، کە لە ئاسمانێکی پر لە ئەستێرە دەچوو.

پەردەی پەنجەرەکەی داخستەوەو ئەو بەچکە پشیلەیەی کە بە تۆپەکە یاری دەکرد گرتە باوەشەوە و ماچی سەری کردەوە و پێکەوە چوون بۆ حەمام.

دەرگـای حەمـامـەکەی داخست. پشـیلەی خسـتـە نێـو تەشتە سوورەکە. گوێزانێکی ڕیش تاشینی هەڵگرت و بۆ دوایین جـار پشـیلەکـەی سـەیرکـرد. پشـیلە حەز لە ئاو ناکات. دەستی خستە ژێر ملی پشیلەکە و گوێزانەکەی کێـشـا بە قـۆڕگـیـا، خوێن دەرپەڕی، گوێزانەکـەی بەرداو خـێـرا بە هەردوو دەست پشـیلەی گـرت تاکـو بەتەواوی گیانی دەرچوو.

«ڕۆمـیـۆ» زۆر مـاندووە. دەرگـای مـاڵـی کـردەوە. دوو پشیلەکە هاتنە پێشوازییەوە.

ئەو دووبـارە بۆی نـووسـیـبـووی: «خـەیاڵـی مـردنی هەیە...».

* * *

کلیلی لە گیرفان دەرهێنا دەرگا بکاتەوە. چاوی پڕببوو لە فرمێسک. دەزانێ کاتێک دەرگای کردەوە ئیتر هیچ پشیلەیەک بە پێشوازییەوە نایەت.

دووبارە «ژوولیەت» نووسیبووی: «... خەیاڵی مردنی هەیە...» .

زۆر ماندووە. ئەو هەرگیز بڕوای بەو ڕستانەی کە بۆی دەنووسرێت نەکردووە. خەریکە سەیری مۆبلەکان دەکات کە ئیتر هیچ پشیلەیەک لەسەریانەوە یاری ناکات.

«ڕۆمیۆ» چووە نێو حەمـامـەکەو بۆ هەمـیـشـە نەهاتە دەرەوە. «ڕۆمیۆ» ئیتر لە هیچ شانۆیەک یاری نەکرد.

ساڵێک لە مەرگی «ڕۆمیۆ» تێپەڕیوە.

کاتێک لە سنە لەگەڵ هاوسەرەکەی لە پارکی سپیدار پیـاسـەی دەکـرد و پێـدەکـەنی، پشـیـلەیەک هاتە سـەر ڕێگەیان. ترسـاو قـۆڵـی مـێـردەکـەی گـرت و خـۆی لە پشیلەکە دوور خستەوە.

# قاباخ

لۆرین س. دۆغان
(نسێبین)

– ئیه، ئیه.. ئهه، ئهه..
ئەڤ چ دەنگە! من تەلەڤزیۆن گرتبوو.
– ئه، ئهه.. ئهه، ئهه...

ژبن کەڤیکا لحیفێ، کا مێیزینم... وەی! لحێفا خوەها منا شەهت، ل سەر لاشێ وێ رە دچە و تێ. دەستێن وێ دناڤ باقێن وێ دە، چاڤێن وێ گرتی و ب زمانێ خوە لێڤێن خوە دئالیسە. خوەدێ زانە، بێ د خەیالا خوە دە نها ب کێ رە شادبە. نچ، نچ، نچ.. ژ ئالیەکی ڤە فەقیرێ مافدارە. چقاس شەهت بە ژی، ماقەی نە ئیسانە! ئەو ژی پێوستیا شابوونێ ببینە. چقاس د خەیالا خوە دە بە ژی...

جارنا دلێ من پێ د شەوتە. ژ بەر کو شەهتە، دبە کو تو جار وێ دەستێ مێرەکی ل لاشێ وێ نەکەڤە. فەقیرێ، کو ئەو تفاق نەهاتە سەرێ وێ، بەلکی نها ب مێر و مال بانە و زارۆکێن وێ ژی هەبوونا. چما وێ هەتا سە و پێنج سالیا خوە، ل دەستێ دێ و باڤ مەیزاندبا... ئەز زانم، ئەو ژی ب رەوشا خوە دئێشە. وێ رۆژێ ب کەسەرە، ژ جیرانا مە رە دگۆت: «خوەزکا مالەکا من ژی هەبوویا.» ژ خوە وەختا خورت د بەر دەرێ مە رە دچن، چاڤێن وێ دیقی وان دمینە. وەختا کو د تەلەفزیۆنێ دە دیمەنێن شابوونێ دەردکەڤن، ب دلبزاندنەکە دبن چاڤان رە دبەششە. خوازکا کەسەکی ل گۆرا وێ هەبوویا و شەڤێ خوە ب تەنێ دەرباس نەکربانا.

لێ شەهتە، وێ کی قیما خوە پێ بینە ژبەر ڤێ یەکێ، ئەو ژی گەلەک جاران دلێ خوە ب خوە د شەوتینە، چقاس دێ و باڤی من ژێ رە قەنج ژی بن کو دقەهەرن ل بەر نامەیزێنن و ژێ رە دبێژن. «دین و شەهتا کو ل مە بوویە بەلا!» ئەز زانم، دوو رە ب گۆتنێن خوە پۆشمان دبن. لێ داویا داوی دلێ وێ دشکێنن. رۆژەکێ کو پەرێ




من چێبن. ئەزێ وێ ل هەموو دختۆران بگەڕینم. بەلکی ڕەحەت ببە و فەقیرێ ببە خوەدی مال، ببە خوەدی جهەکی گەرم. مالا پیرێ، ستارا پیرێ یە!
– ئای ی.. دشەوتە!..
ئەو چ بوو؟
– ئای ی.. دشەوتە!..
– چ بوو؟ چ بوو فاتمێ؟
– د شەوتە... د ئێشەەە!..
– چ دشەوتە؟
قەنە شەرم نەکە، وەکە کو هایا من ژ تشتەکی نەبە، ئەز خوە ل نەزانینێ ددەینم. ئەز زانم بێ بەریا نها کێلیەکێ، فاتمێ چ دکر! قیرقیر و هاوار هاوارا وێ ژی گوهێ من کەڕ کر.
– دشەوتەەە!..
– کوو دەرا تە دشەوتە فاتمکێ؟
ئەز دترسم... ئەز نزانم ئەزێ چ بکم؟ دیبیا من ب دەنگێ خوەها منا شەهت رە، تێ ئۆدا مە یا رازانێ. ب دەنگەکی هێرس دیبیا من:
– چ بوو کەچێ؟
– نزانم یادێ.
– قەی هوون دیسا ب هەڤ کەتن. خوەدێنەهشتنۆ، د نیڤێ ڤێ شەڤێ دە وە هەموو کەس ژ خەو شیارکر!
– من تشتەک نەکر یادێ. دەنگێ فاتمێ یە.
باڕباڕا فاتمێ دیسا دەست پێ دکر:
– د شەوتە هاوارەە!.. د ئێشە!..
دیبیا من:
– چ دشەوتە فاتمکێ؟ قەی باڕباڕا تەیا ب ڕۆژ نە بەسی مەیە.
– دشەوتە!..
نالەنالا خوەها من کو بەربیا کێلیەکێ، بشرین ل سەر ڕوویێ وێ د هشت، نها بوویە عەزاب ژێ رە. دیبیا من ب غەزەب لحێڤا ل سەر خوەها من دهلینە.
– ئەڤ چ خوینە کو ژ ناڤ راهنێ تە دحەرکە فاتمکێ؟ تو کەتیە جلان و تە خوە نەهەفداندیە؟!
– دشەوتەە...
دیبیا من:
– هاوارە، قەی ئەڤ قەدەرا منە. هەتا ئەز ناڤ باقێ ژنا وەکە کەرەکێ گرێ ددم. ئەڤ سە و پێنج سالێن منە، ئەز خوەدی دەرگووشم. هێدی، ئەز هەرم پاچەکی ژ تە رە بینم.
خوەها من فاتمێ، ب دەنگەکی کو لاڤا بکە:
– نا، نا... هاوارەە... ئەز نە د جلا دە مە!
دیبیا من:
نەخوە ئەڤ چ خوینە؟
– قاپاخ؟
– چ قاپاخ؟
– ئای ی... هاوارە قاپاخ خ خ!...
ل هەمبەری گوتنێن خوەها منا شەهت، ئەز و دیبیا خوە حەیبیری مانە. ب هێڤیا کو ئەز ژ گۆتنێن وێ فێم بکم، ئەز ژێ دپرسم:
– چ قاپاخ فاتمێ؟
دیبیا من ب هێرس و قەهرا کو خوە لێ هەرمبیە، سەرێ خوە خواری ناڤ پاقێن خوەها من فاتمێ دکە. دەنگێ دیبیا من، هەموو کوفلەتێ مالێ رادکە سەر پیا.
– وەی ل من قرکێ ێ ێ! ئەڤا دین و شەهت، خوە ب قاپاخا شووشا قۆلانیایێ کەواندییە!
– هاوارە ەە دشەوتەە!.. دئێشە!..
دیبیا من، ب قەهر ل کابۆکێ خوە دخە:
– ئەو قاپاخ، وێ چاوا ژ ور دەرکەڤە دینێ ێ... تە مە هەتکاند! دەنگێ خوەها من فاتمکێ. بێناڤبەر دوبارە دبە:
– هاوارە ەە!... دشەوتەەە!...

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا «کراسێ تەنگ» ڕووپەلێن (٧٧-٨٠) هاتیە وەرگرتن، کو ل سالا (٢٠٠٧)ێ ژ ئالیێ وەشانخانا ئاڤەستا ڤە ل ستەنبۆل هاتیە چاپ و بەلاڤکرن. هەژی یە بێژین کو لۆرین ژ دایکبوویا سالا (١٩٧٥)ێ یە ل نسێبین و زانینگەها دیجلەیێ- پشکا بیۆلۆژی تەمام کرییە.**

**ڕامان**

# دڵێكی خەبەردەر

ئێدگار ئالان پۆ
لە ئینگلیزییەوە: حەكیم كاكەوەیس



ڕاستە! سڵ بووم- زۆر سڵ. تا ئاستێكی ترسناك سڵ بووم و سڵم، بەڵام لەبەر چی پێم دەڵێن شێت؟ نەخۆشی، هەستەكانی تیژ كردبووم، نەك تێكیدابن، یان پەكی خستبن. لەسەرووی هەمووانەوە، هەستی بیستنم تیژ ببوو. هەموو شتێكی زەمین و ئاسمانم دەبیست. زۆر شتی دۆزەخیشم دەبیست. كەوابێ، من چۆن شێتم؟ گوێ بگرن و سەرنج بدەن و بزانن چەند تەندروست و ئارامم و چەند بەوردی بۆتانی دەگێڕمەوە.

مەحاڵە بزاندرێ چۆن و كەنگێ بۆ یەكەم جار ئەو بیرۆكەیە دای لە كەللەم، بەڵام كتوپڕ هەستم كرد شەو و ڕۆژ بەرۆكم بەرنادا. چ مەبەستێك لەئارادا نەبوو و چ هەڵچوونێك نەبوو. ئەو پیرەمێردەم خۆش دەویست. هەرگیز هەڵەی بەرانبەرم نەكردبوو و قەت سووكایەتی پێ نەكردبووم و چ گرنگیم بە زێڕەكانیشی نەدەدا. پێم وابێ مەسەلە چاوی بوو! بەڵێ، هەر ئەوە بوو! چاوی بەچاوی باز دەچوون. شینێكی كاڵ، توێژێكی تەنكیان بەسەرەوە بوو. هەر كاتێ ئەو چاوانەی تێبڕیبام، خوێنم سارد دەبوو. ئەوجا لەبەرەوە، جار لەدوای جار و بەكاوەخۆ، بڕیارم دا ئەو پیرەمێردە بكوژم و بۆ هەمیشە لەو چاوانە ڕزگار بم.

ئێستا ئەوە مەسەلەكەیە. بە شێتم دەزانن؟ شێت هیچ نافامێ، بەڵام خۆزگە دەتانبینیم. خۆزگە دەتانبینی چەند بەعاقڵی ئەنجامم دا. چەند بە وریایی و بە وردی و پشوودرێژی دەستبەكار بووم! هەرگیز وەك ئەو حەفتەیەی پێش كوشتنەكە، لەگەڵ ئەو پیرەمێردەدا میهرەبان نەبوومە.

هەموو شەوێ، دەوروبەری نیوەشەو، كلۆمی دەرگاكەیم لادەدا و دەمكردەوە، ئای چەند لەسەرخۆ! ئەوجا، كە بایی ئەوە دەمكردەوە جێی سەرم ببێتەوە، كاتێكی زۆری

دەبرد تا فانۆزێکی تاریکم دەبردە ژوورەوە. فانۆزەکە هیچ شەوقی نەدەدا (لەهەمەوو لاوە داخرابوو). دوای ئەوە، سەرم دەبردە ژوورەوە. ئەگەر بتانبینایە چۆن سەرم دەکردە ژوورەوە، پێکەنینتان پێم دەهات. سەرم دەبردە ژوورێ، زۆر لەسەرخۆ دەمجوولاند تا خەوی پیرەمێردەکە تێک نەدەم. تا سەرم ئەوەندە دەبردە ژوورەوە کە کابرای پیرە لەسەر پێخەفەکەی ببینم، یەک سەعاتی دەخایاند. ها! دەشێ شێت ئەوەندە عاقڵ بێ؟ ئەوجا کە بە تەواوەتی سەرم دەچووە ژوورەوە، بە کاوەخۆ فانۆزەکەم دەسووڕاند.. زۆر لەسەرخۆ و زۆر کەم، نەک یایەکەی قرتەی بێ. هەر بایی ئەوە دەمسووڕاند تیشک باوێتە سەر چاوی بازەکە. حەوت شەوی دوور و درێژ، هەر لە نیوەشەودا، من ئەو کارەم ئەنجام دا، بەڵام هەمیشە چاویم بە نووقاوی دەدی و ئاوهاش مەحاڵ بوو کارەکە ئەنجام بدەم، چونکە ئەوەی لوولی دەدام پیرەمێردەکە خۆی نەبوو، بەڵکو چاوە نەفرەتییەکانی بوو.

هەموو ڕۆژێکیش کە ڕۆژ دەبووەوە، ئازایانە دەچوومە لای و بێ ئەوەی بشڵەژێم، قسانم لەگەڵیدا دەکرد لە دڵەوە ناویم دەبرد و لێم دەپرسی ئاخۆ چۆن شەوی گوزەراندووە. دەبوایە پیرەمێردێکی زۆر وردبین بێ تا گومان بەرێ من هەموو شەوێ سەعات دوازدە، لەکاتێکدا ئەو نووستووە، بەدیاریەوە وەستاوم.

شەوی هەشتەم، لەکاتی کردنەوەی دەرگاکەدا لەجاران وریاتر بووم. دەقیقە ژمێری سەعات لەمن خێراتر دەبزوا. هەرگیز وەک ئەو شەوە هەستم بە فراوانی هێزی خۆم نەکردبوو. بەوریایی خۆم. بەدەگمەن توانیومە ئاوها هەستی سەرکەوتن لەخۆمدا بەدی بکەم. بیرکردنەوە لەبوونی من لەوێ، دەرگاکردنەوەی لەسەرخۆ، تەنانەت لە خەونیشدا، بیری کەسی بۆ ناچێ! پیاو بەویژدان بیلێ، پرمەی پێکەنینم بەو بۆچوونەی خۆم هات. ڕەنگە گوێی لە پرمەم بووبێ بۆیە کتوپڕ لەسەر نوێنەکەی جوولایەوە. ڕەنگە ئێستا پێتان وابێ کشابێتمەوە. نا. ژوورەکە وەک قیر تاریک و نووتەک بوو (چونکە پەنجەرەکانیش لە ترسی دز داخرابوون). لەبەر ئەوە، دەمزانی درزی دەرگاکە نابینێ. هێواش هێواش و بەوردی، لە کردنەوەی دەرگاکە بەردەوام بووم.

سەرم بردە ژوورەوە. ویستم فانۆزەکە بابدەم، پەنجەکەڵەم بەر ئەڵقەکەی کەوت، کە لەتەنەکە دروست کرابوو. پیرەمێردەکە، لە ناو جێیەکەیدا ڕاپەڕی و هاواری کرد: «ئەوە کێیە؟»

خۆم بە تەواوەتی مات کرد و هیچم نەگوت. ماوەی یەک سەعاتی تەواو، یەک ماسوولکەی خۆمم نەبزواند و لەو ماوەیەشدا، گوێم لەپیرەمێردەکە نەبوو پاڵ بکەوێتەوە. لەسەر پێخەفەکەی دانیشتبوو و هەستی ڕادەگرت. ڕێک وەک منی دەکرد کە شەو لەدوای شەو گوێم لە سەعاتی وەستاوی قەد دیوار دەگرت.

کتوپڕ گوێم لەناڵەیەکی نزم بوو. زانیم ئەوە ناڵەی کوشندەی ترسە. زانیم ناڵەی ئازار، یان خەم نییە. نا، نا! دەنگێکی نزمی خنکاو بوو و لە بنەبانی ڕۆحێکەوە دەهات، کە ترس تێیدا سەری کردبێ. باش شارەزای ئەو دەنگە بووم. زۆر شەو، لەکاتی نیوەشەودا، کاتێ هەموو دنیا دەنووست، ئەو دەنگە لەناو سینگی خۆمەوە بەرز دەبووەوە. لە قوولاییەوە، دەنگی ترسی دەدایەوە. تۆقاندنێک بوو سەرسامی دەکردم. گوتم باش شارەزای بووم. دەمزانی ئەو پیرەمێردە چۆن هەستێک دەکا. بەزەییم پێیدا دەهاتەوە و دڵم بەتوندی لێی دەدا. دەمزانی لە یەکەم دەنگ لێوەهاتنمەوە، لەسەر نوێنەکەی وەرسووڕا و بەخەبەرە. لەو دەمەوە ترسەکەی زیادی دەکرد. «هیچ نییە، بای دووکەڵکێشەکەیە. مشکێکە و بە زەوییەکەدا ڕادەکا، یان سیسرکەیە و قرتەی لەمیلەکە هێنا! بەڵێ، هەوڵی دەدا بەو جۆرە بۆچوونانە دڵی خۆی بداتەوە، بەڵام بۆی دەرکەوت هەموو ئەوانە خەیاڵن. هەموو خەیاڵ بوون، چونکە سێبەری ڕەش و قورسی مەرگ بەدیار سەریەوە بوو و وەک قوربانییەک داپیۆشیبوو و کاریگەرییەکی سامناکی لەسەری هەبوو. نە هیچی دەدی نە هیچی دەبیست، تا لە ژوورەکەدا هەست بە بوونی سەری من بکا.

کە ماوەیەکی زۆر، بە پشوودرێژی و بێ ئەوەی گوێم لێ بێ بخەوێتەوە چاوەڕوان بووم، بڕیارم دا کەمێ... کەمێکی زۆر کەم فانۆزەکە بسووڕێنم. سووڕاندم. باوەڕ ناکەن چەند لەسەرخۆ، هێواش هێواش سووڕاندم تا یەک داوە تیشک، هێندەی داوی جاڵجاڵۆکەی لێ هاتە دەرێ و بەرچاوی بازەکە کەوت.

چاوی کراوە بوو. بە فراوانی کراوە بوو. کە لێی ورد بوومەوە، دیتم شڵەژاو بوو. زۆر بەڕوونی دیتم. شینییەکی بەد، توێژێکی ناشیرینی وای بەسەرەوە بوو،

لەرزی لە ئێسکم دەهێنا، جگە لە ڕوخساری ئەو پیرە هیچی ترم نەدەدی، چونکە وەک ئەوەی بەغەریزە بووبێ، تیشکەکەم ئاراستەی ئەو پەڵە نەفرەتییە کردبوو.

پێم نەگوتن ئەگەر بەشێتم بزانن دەکەونە چ هەڵەیەکەوە؟ ئەوە شێتیی نییە، بەڵکو توانای هەستە. لەو کاتەدا، هاوارێکی نزمی بێ دەسەڵاتانە بەر گوێم کەوت. بە دەنگی سەعاتێک دەچوو لۆکەی پێوە پێچرابێ. ئەو دەنگەشم باش دەناسییەوە. لێدانی دڵی پیرەمێردەکە بوو. ئەو دەنگە تووڕەبوونمی زیاتر کرد.. وەک ئەو تەپڵە بوو کە لەکاتی جەنگدا بۆ سەربازان لێ دەدرێ و ئازایەتییان پێ زیاد دەکا.

بەڵام هێشتا خۆم ڕاگرت و لەجێی خۆمدا وەستام. بەزەحمەت هەناسەم دەدا. بەبێ جووڵە فانۆزەکەم هەڵگرتبوو. هەوڵم دەدا بزانم ئاخۆ چەند بەوردی تیشکەکە لەسەر چاوی ڕادەگرم. لەهەمان کاتدا، لێدانی دڵە مەلعوونەکە زیادی دەکرد. چرکە چرکە، خێراتر و خێراتر لێی دەدا و دەنگی زیاتر و زیاتر دەبوو. دەبێ ئەترەشچوونی کابرا لەوپەڕیدا بووبێ! وەک گوتم، دەنگەکە چرکە بە چرکە زیادی دەکرد. باش سەرنجم دەدەن، ها؟ پێم گوتن کە سڵم و هەر واشم. لەوکاتە مردووەی شەودا، بێ دەنگییەکی کوشندە دەستی بەسەر ئەو خانووە کۆنەدا داگرتبوو و ئەو دەنگە وەها دەیتۆقاندم، جڵەوم لەدەست دەرچێ. ماوەیەکی تریش بە بێ دەنگی وەستام و چاوەڕوان بووم، بەڵام لێدانەکە، هەر دەهات و زیادی دەکرد و دەمگوت هەر ئێستا ئەو دڵە شەق دەبا. ئەوجا، ئەو ترسە دایگرتم دەنگەکە بگاتە دراوسێکان! ئەو پیرەمێردە کاتی هاتبوو! بەدەم هاوارێکەوە، چراکەم گەش کرد و هەڵمکوتایە ژوورەوە. یەک جار هاواری کرد. تەنیا یەک جار. ڕامکێشایە سەر زەوییەکە و تەختە خەوە قورسەکەم بەسەریدا دا. بزەیەکی خۆشیم هاتێ، چونکە کوشتنەکە بە هاسانی ئەنجام درا، بەڵام ماوەی چەند دەقیقەیەک، دڵی بەکاوەخۆ لێی دەدا. ئەو دەنگە، ئەگەرچی تووڕەشی نەدەکردم، لەودیو دیوارەوە کەس نەیدەبیست. دوای ماوەیەک بڕایەوە. پیرەمێردەکە مرد.

تەختە خەوەکەم لادا و لێی ورد بوومەوە. بەڵێ، ڕۆحی تێدا نەمابوو. چیدی ئەو چاوانە نامشڵەژێنن.

ئەگەر هێشتا بەشێتم دەزانن، ئەگەر بۆتان باس بکەم چەند بە وریایی و وردی تەرمەکەم حەشاردا، چیدی بە شێتم نازانن. شەو بەرەو کۆتایی دەچوو و منیش پەلەم دەکرد، بەڵام بەبێ دەنگی. لەپێشدا تەرمەکەم پارچە پارچە کرد. سەری و هەردوو باسکی و هەردوو لاقیم لێکردنەوە. سێ لەوحەم لە زەمینە تەختەڕێژ کراوەکەی ژوورەکە هەڵکەند و هەمووم خستنە بۆشاییەکانی بنیەوە و بەوردی و وریایی لەوحەکانم لەجێی خۆیان دانانەوە. وەها زیرەکانە دامنانەوە، هیچ چاوێک، تەنانەت چاوی خۆیشی درکی بەهیچ نەدەکرد. هیچ شتێ نەبوو پێویست بە شووشتن بکا. هیچ پەڵەیەک نەبوو. پەڵە خوێنیش نەبوو. زۆر بیرم لەوەیان کردبووەوە. جێی هەمووی لە تەنەکەیەکدا بووەوە...ها ها!

کە لە هەموو کارەکان بوومەوە، سەعات بووە چوار. هێشتا وەک نیوەشەو تاریک بوو. کە زەنگی سەری سەعات لێی دا، لەدەرگای دەرەوە درا. بەدڵێکی ئارامەوە چوومە خوارێ تا دەرگاکە بکەمەوە. چم هەبوو لێی بترسێم؟ سێ پیاو لەبەر دەرگا بوون و زۆر بە ئارامی خۆیان ناساند. ئەفسەری پۆلیس بوون. دراوسێکان، ئەو شەوە گوێیان لەهاوارێک ببوو و گومانی دزیکردنیان کردبوو. خەبەریان بە پۆلیسخانە دابوو و ئەمانیش بۆ لێکۆڵینەوە هاتبوون.

بزەم هاتێ چونکە هیچ نەبوو لێی بترسێم. بەخێرهاتنی ئەو بەڕێزانەم کرد. پێم گوتن هاوارەکە، هاواری خۆم بووە و بەدەم خەوە کردوومە. گوتیشم پیرەمێردەکە چووەتە شار و نەهاتووەتەوە. مێوانەکانم بە هەموو ژوورەکاندا گێڕا. داوام لێ کردن باش بگەڕێن. بۆ ژوورەکە، بەخۆم پێشیان کەوتم. مەخزەنەکەیم پیشان دان. هیچ شتێک تێک نەدرابوو. لە ڕووی ئارامی و باوەڕ بەخۆ بوونەوە، کورسیم بۆ هێنانە ژوورەکە و داوام لێ کردن ماندوویەتی ڕێگایان دەرکەن. بەخۆشم، بە باوەڕی پتەوەوە، بەدڵێکی خۆشەوە کە سەرکەوتنم بەدەست هێنابوو، کورسییەکم بۆ خۆم لەو شوێنە دانا، کە پارچەکانی قوربانییەکەی تێدا بوون.

ئەفسەرەکان ڕازی بوون. شێوازی قسە و ڕەفتارم باوەڕی پێ هێنابوون. دانیشتن. من بەدڵی خۆشەوە وەڵامم دەدانەوە و ئەوجا قسە و باسی گشتییان هێنایە گۆڕێ، بەڵام زۆری پێ نەچوو هەستم کرد ڕەنگم دەگۆڕێ و حەزم دەکرد بڕۆن. سەرم بە ژان کەوت و هەستم کرد

دەنگی زەنگ لەگـــوێم دێ، بەڵام ئەوان هێـــشــــتـــا دانیشتبوون و قسانیان دەکرد. دەنگی زەنگەکە ئاشکراتر بوو. بەردەوام و ڕوونتر بوو. ڕوونـتر قسـەم دەکرد تا ئەو دەنگەم لەکـــۆڵ بێـــتـــەوە. کـــەچی هەر بەردەوام بوو و لەئەنجامـدا بەو باوەڕە گەیشـتم کە دەنگەکە لەناو گوێی منەوە نییە.

بێ گـومـان ڕەنگم زۆر تێک چووبوو، بەڵام ڕوونـتـر و بەرزتر قـــســـەم دەکــرد. دەنـگەکــە هەر دەهات و زیـادی دەکرد. باشە چم پێ دەکرا؟ دەنگی بەرزی نەفرەتی خێرا، پتر بە دەنگی سەعـاتێک دەچوو لۆکەی پێوە پێـچرابێ. دەمم داپچـڕی تا هەناسـەی قـوولّ هەڵمـژم، هێـشــتـا پۆلیسەکان نەیانبیستبوو. خێراتر و توندتر قسەم دەکرد، بەڵام دەنگەکـە بەردەوام لەزیادبووندا بوو. هەسـتــام و کـەوتمە باسکردنی ڕابواردن. باسی کـتـێبی پیـرۆزم کـرد. باسی مـاوەی ناخـۆشی ئاوسـبـوونم کـرد. دەنگەکـە هەر زیادی دەکرد. بۆچی نەدەڕۆیشتن؟ بە هەنگاوی توند ئەم سەر و ئەوسەری ژوورەکەم دەکرد تا سەرنجیان ڕاکێشم و بێـــزاریان بکەم، بەڵام دەنـگەکـــە هەر دەهات و زیـادی دەکرد.

ئەی خـــوایە چی بکەم؟ تووڕە بووم و وڕێنەم دەکـرد و جنێـوم دەدا، ئەو کـورسـیـیـەم ڕادەژەنی کـە لەسـەری دانیشـتبـووم و بە مێزەکەمدا دەخشـاند، بەڵام دەنگەکە بەســەر هەمــوو دەنگەکـانی تردا زاڵ دەبوو و هەر بەرز دەبووەوە دەنـگەکـــە، بەرزتر و بەرزتر و بەرزتر بووەوە! پیاوەکانیش، هێشـتا بەدڵی خۆشەوە قسـانیـان دەکرد و بزەیان دەهاتێ. دەشێ گـــوێیـــان لەهیـچ نەبووبێ؟ ئەی خودای تاک و تەنیا! نا نا، گوێیان لێیە! گومان دەبەن! دەزانن! قەشمەرییان بە ترسی من دێ. وام بیر دەکردەوەو وا بیردەکەمەوە، بەڵام هەموو شتێ لەم عەزابە باشـترە. بەرگەی هەمـوو شـتێک دەگرم ئەم گاڵتەجـاڕییـە نەبێ. نەمتوانی چیدی بەرگەی ئەو قەشمەرییە بگرم کە پێیان دەکردم. پێویستم بەوە هەبوو، یان هاوار بکەم، یان بمرم! دیسـان دەستی پێ کردەوە، گوێ بگرە! بەرزتر و بەرزتر و بەرزتر و بەرزتر!

قـیـژاندم: بێ قـیـمـەتینە! چیدی خۆ گێل مەکەن! دانی پێدا دەنێم! ئەو لەوحانە لادەن! ئێرە، ئێرە! ئەوە لێدانی دڵە نەفرەتییەکەیەتی!



## محەمەد مستەفا حەمەبۆر (هۆشەنگ): مامۆستاکانم کلاسیکناس بوون، بۆیە بەشی خۆم لە شیعری کلاسیک شارەزاییم هەیە

**هەڤپەیڤین:**
**ئازاد عەبدولواحید**

محەمەد مستەفا حەمەبۆر کە نازناوی (هۆشەنگ)ە یەکێکە لە نووسەرە پێشەنگەکانی کورد، لەوەتەی دەستی داوەتە نووسین لێی دانەبڕاوە.

ئەم نووسەرە لە زۆر بواری نووسیندا خۆی تاقی کردووەتەوە (شیعر، چیرۆک، وێنەکێشان، لێکۆڵینەوە، ساغکردنەوە... تاد)، پێم وایە ئەوەش هۆیەکە بۆ پەرشوبڵاوکردنی بەهرەی نووسینی خۆی.

حەمەبۆر بێجگە لەوەی کتێبخانە و ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی هەبوو، کەچی لەم ساڵانەی دواییدا لەبەر دەستکورتی و نەداری هەمووی فرۆشت تا بە کولەمەرگی پێی بژی. ئەم نووسەرە بۆ خۆی کە زەینێکی تیژ و یادگەیەکی زیندووی هەیە، ئەم سیفەتە بۆ باسکار لایەنێکی زۆر گرنگ و پێویستە.

ئەو کە تا دوێنێ سوارچاکێکی ناو مەیدانی نووسین و ئەدەبیاتی کوردی بووە و هاوڕێی زۆربەی هەرە زۆری شاعیر و نووسەرە بەناوبانگەکان بووە، ئەمڕۆکە لە کونجی ماڵەکەیدا گۆشەگیرە و پیرێتی پرزەی لێ بڕیوە، بەڵام نەیتوانیوە زەفەر بە یادگە بزێو و چالاکەکەی ببەن. ئەم نووسەرە پێشەنگە ئێستا نە نەوەی ئەمڕۆکە بە باشی دەیناسن و لای لێ دەکەنەوە، نە داوودەزگایەکانی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە ئاوڕێکی لێ دەدەنەوە تا بەرهەمە کۆن و نوێیەکانی بۆ لە چاپ بدەن.

ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان)دا وەک کردوومانە بە عادەت هیچ نەوەیەک فەرامۆش ناکەین لە سەردانێکدا بۆ شاری سلێمانی لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٧دا بە خزمەتی ئەو نووسەرە ڕابەرە گەیشتین و لە زۆر بواردا دواندمان کە لە ئەنجامدا ئەو گفتوگۆیەی لێ کەوتەوە.

**ڕامان:** پێشەکی پێویستە لە سەرەتای سەرەتاوە دەست پێبکەین، ئایا دەتوانی ئەو ژینگە ڕۆشنبیرییەی تێیدا پەروەردە بووی، هەر لە خێزانی خۆتانەوە تا کەشوهەوای ناو قوتابخانە و شارەکەت، باسێکی ئەوانەمان بۆ بکەیت؟

**حەمەبۆر:** پێشەکی بەخێرهاتنت دەکەم کە هاتووی و ڕێز لە من دەنێی، من خۆم وانابینم.. باوکم پیاوێکی دارتاش و نەخوێندەوار بوو، لە (١٣/٤/١٩٢٠) لە سلێمانی لەدایک بووم. بۆ کابرایەکی دارتاش لەوانەیە باوەڕنەکرێ چۆن ئەو ڕێکەوتەی نووسیوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مامۆستایەی کە بانگی بە گوێچکەدا داوم بەناوی مامۆستا (فەتحوڵڵای پاوەیی) ئەویش ئەو ڕێکەوتەی نووسیوە، کە دایکم و من گۆڕیم بۆ ساڵی زایینی، ئەو ڕۆژەی گرتەوە کە پێشکەشم کردی.

خۆم تاقانە بووم، باوکی باوکیشم (حەمەبۆر) خوێندەوار و مەلاش بووە. من حەمە بۆر، کوڕی مستەفای کوڕی حەمەبۆرم، حەمە بۆر ناوی باپیرم بووە، منیش بەناوی ئەوەوە ناونراوم، واتە حەمەبۆر: محەمەدی کوڕی مستەفای کوڕی حەمەبۆرم. لە سەرەتاوە کە دەستم دایە شیعر گوتن لە ١٩٣١ و ١٩٣٢ لام وابوو شاعیرێکی زۆر زلم. نەک شیعری مێعرم وتبێ، بۆیە نازناوی (هۆشەنگ)م بۆ خۆم هەڵبژارد، ئەو نازناوەم پێوە بوو تاکو ساڵی ١٩٥٩ کە نووسین و هەڵبەستم هەر بەو نازناوی (هۆشەنگ)ەوە دەنووسی. دوایی سەیرم کرد خۆم بە خۆم دەڵێم (حەمەبۆر)، لەماڵەوە بانگم دەکەن حەمە بۆر، ئیتر وازم لە (هۆشەنگ)ەکە هێناو هەر ئەوە بووە نازناوی نووسین و شیعریشم.

**ڕامان:** ئەی کەی بوو یەکەم شیعرت دانا، یان یەکەم نووسینت نووسیوە؟

**حەمەبۆر:** لەساڵی ١٩٣٥ یەکەمین جار شیعرێکم لە ڕۆژنامەی (ژین)دا کە بەناوی (بەهارە)وە بوو لە بەهاری ١٩٣٥ نووسیوە، ئیتر لەوە بەدواوە شتم بڵاوکردەوە تا بەڕادەیەک وام لێ هاتبوو لەڕەخنەی پەسنددا یەکەمین کەس بووم، وەک هاواڵم مامۆستا عەبدولڕەزاق بیماریش گوتی ئەوە یەکەمین کەسە کە ڕووبەڕوو (ڕەخنە) لەپیرەمێرد بگرێت، نووسینە (ڕەخنەییەکەم) بەنازناوی (بێکار)ەوە نووسیبوو و لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (ژین) بۆم نووسی: (کەس ناتوانێ ئینکاری ئەوە بکات کە تۆ



**ئازاد عەبدولواحید، حەمەبۆر**

پیاوێکی زۆر بەرزی، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە لە مەسەلەی شاعیرەکاندا سەرمان لێ دەشێوێنی، فلان شیعرت بڵاوکردەوە بەناوی شاعیرێکەوە فارسییە، تۆ کردووتە بە کوردی، یان شێوەزاری هەورامییە و تۆ کردووتە بەسۆرانی بەناوی (شاعیرێکی دیکە)وە بڵاوی دەکەیتەوە وەک (زەرگەتەیی) کە دەگەڕێین بەدوایدا و نایدۆزینەوە تۆ ناوی ڕاستی شاعیرەکە نانووسی، ئەوانە سەرلێشێواندنن. تۆ لە وەرگێڕاندا دەبێ ناوی کەسەکە بنووسی). یانی ڕەخنەیەکی ئاوام لێ گرتبوو، ئەو ڕەخنەیە مایەوە تاکو سەرەتای ٢٠٠٠ کە مستەفا ساڵح کەریم-یش لەسەری نووسی. ئینجا لەوکاتەوە کە ئەو ڕەخنەیەم نووسیوە هەرکەسێ هەڵدەستا دەیگوت ئەوەی کە ڕەخنەی لە پیرەمێرد گرتووە، (سەلام)، یان (نەجمەدین مەلا)یە، یان.... و..

**ڕامان:** با بێینەوە سەر سەرەتایەکەت؟

**حەمەبۆر:** جا مستەفا ساڵح کەریم کە دوا نووسەر بوو لەسەر ئەو نووسینە ڕەخنەییەم و گرنگییەکەی نووسی و من لەگۆڤاری (بەیان)دا وەڵامم بۆ نووسیوەوە. دەمێنێتەوە پێوەندی من لەگەڵ پیرەمێرد بەو چەشنە بوو کە پوورم (خوشکی دایکم) شووی کردووە بەیەکێک لەخزمانی ئەوان، بە هۆی ئەوەوە لە منالیمەوە پیرەمێردم دەناسی و پیرەمێرد خۆشی دەویستم، هەروەها ڕەفیق حیلمی-م دەناسی و ڕەفیق حیلمی خۆشی دەویستم. یەکەمین جاریش کە چوومە لای ڕەفیق حیلمی زۆر منداڵ بووم پرسیارێکی لێ کردم و گوتی: «حەمە تۆ لە ئەسڵدا کوڕی کێی؟» فکرم کردەوە چ پێویست دەکات بڵێ تۆ لە ئەسڵدا، ئەبوو هەر بڵێ کوڕی کێی تەواوە. لەسەری

ڕاوەستام و گوتم: وەڵڵا لە ئەسڵدا کوڕی ئادەمم. گوتی: ئافەریم چاک بە بیرم دێت بەخشیشێکی پێدام. خوشکی دایکم لەوێ بوو کە بووکیان بوو، واتە ژنی برای حاجی مەلا سەعید بوو بە پوورمی گوت ئەم خوشکەزایەت منداڵێکی زیرەکە، هەروەها شاعیرانی دیکەشم بە هۆی شیعرەوە ناسی، لەوانە عەلی باپیر ئاغام ناسیوە، گۆران و شەکیبی و هەوری و ئەخۆڵ و عەلی عارف ئاغا و زێوەر و (فایەق)ی کوڕی و سەلام و برایم ئەحمەد و بێخود و..تاد ناسیوە.

**ڕامان:** پێش ئەوەی دەست بدەیتە شیعرنووسین و دەست بە بڵاوکردنەوەیان بکەیت تەئسیری باوکت، برات، کەسوکارت، لەنێو خێزانتان لەسەر تۆ تا چ ڕادەیەک بوو؟

**حەمەبۆر:** تەئسیری باوکم ئەوەبوو زۆر دەیویست بخوێنم، بەیانی دەیناردمە حوجرە، نیوەڕۆ کە دەهاتمەوە دەیناردمە لای مەلاکەی مامۆستامان مەلا فەتحوڵڵای پاوەیی کە لە مزگەوتەکەمان دەرسم پێ بڵێ. عەسر پیاوێک هەبوو لەماڵماندا بوو (مەلا عەبدوڵڵا ڕەشەکانی) مەلایەکی چاک بوو، بەڵام لە سلێمانی دوکانداریی دەکرد. ئەو مەلا عەبدوڵڵایە کرێچیی ئێمە بوو. عەسر کە دەهاتەوە ماڵ نوێژی عەسری دەکرد، پاشان منی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ دوکانەکەی و لەوێ دەرسی شیعری پێ دەگوتم، ئەوەی خۆشەویستی شیعر و زەوقی شیعری پێ پەیداکردم ئەو بوو. لەوەشەوە باوکم لێم ڕانەدەوەستا، پیاوێک هەبوو مستەفا فەنی کوڕی حاجی ئەحمەدی فاتێ-یان پێدەگوت، چەخماخساز بوو، چەکی چاک دەکردەوە، بارووتی دروست دەکرد، گوللەی پڕ دەکردەوە. ئەو وەستایە کوڕێکی هەبوو (مستەفا)ی ناوبوو، گۆج بوو، بەیتی فارسی و کوردی و شاهنامەی دەنووسییەوە، باوکم شەو دەیناردم بۆ لای ئەویش دەرسم پێ بڵێ. من لەیەک وەختدا لە چوار جێ لە ڕۆژێکدا دەمخوێند. باوکم ئەوەندە هانی دەدام کە من ئارەزووم زۆرتر لە خوێندن بێت.

**ڕامان:** سوودت لەو خوێندنانە وەردەگرت؟

**حەمەبۆر:** سوودەکەی ئەوەیە فارسی فێربووم، بەشی

**شیعری نوێ هی کەمیان هەیە بە شیعر بزانم، ئەوانی تریان هەموویان خۆیان بە شیعر و شاعیرییەوە هەڵواسیوە**

خۆم عەرەبیشم دەزانی، بەتایبەت لەقورئانەوە قەواعیدیان فێرکردم، وەختێکیش چوومە مەکتەب (خالید ئەفەندی) هەبوو دراوسێمان بوو، ئەو منی بردە مەکتەب، دەیزانی خوێندەواریم هەیە بە ساڵح قەفتانی گووت ئەوە بخەنە پۆلی دووەم. (قەفتان) گوتی: خالید بەگ هەر کەسێک دێت و بڵێی بیخەنە دوو و بیخەنە سێ چۆن وادەبێ؟ گوتی: ئەوە خۆیەتی تاقی بکەنەوە. (قەفتان) گوتی بنووسە (من هاتمە مەکتەب فێری خوێندن و زانست ببم). بۆم نووسی، گوتی خەتت زۆر باشە. گوتی: (أعمال أربعة) جمع و تقسیم و طرح و.... ئەوانەشم زانی. گوتی وەڵڵا حەیفە بیخەینە دوو با بیخەینە پۆلی چوار. خالید ئەفەندی گوتی: من وەک تۆ نیم دوو قسەم هەبێ، من یەک قسەم هەیە گوتم (دوو) دەبێ (دوو) بێ و تەواو. ئیتر لە ١٠/١٠/١٩٣٣ز دا خرامە قوتابخانەی سەرەتایی (فەیسەڵییە)وە لە سلێمانی.

**ڕامان:** ئەی عرووز فێربووی؟

**حەمەبۆر:** عرووزم لەلای مەلا سەعید کابان خوێندووە. لەلای مەلا فەرەجی شەکیبی خوێندوومە. زێوەر ئەفەندیش عرووزی پێ گوتووم.

**ڕامان:** کۆمەڵێک هاوڕێت هەبووە، یەکێک لەوانە مامۆستا هەردی بووە، کەی ناسیوتە؟

**حەمەبۆر:** هەردی لە ساڵی سییەکانەوە ڕەفیقم بوو.

**ڕامان:** تەئسیری مامۆستا هەردی و شاعیرایەتی ئەو لەسەر تۆ چی بوو؟

**حەمەبۆر:** هیچ تەئسیرێکی لەسەرم نییە. تەئسیری پیرەمێرد، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، مەولەوی، مستەفابەگی کوردی و سەعدی شیرازی لەسەرم زۆرە.

**ڕامان:** باشە باسی تەئسیری پیرەمێردمان بۆ بکە؟

**حەمەبۆر:** یەکێک لە تەئسیرەکانی پیرەمێرد، نووسینی پاراوی کوردی بەهێز و پڕوچڕی زۆر پەتی بوو، ئەو لەو جۆرە شتانە تەئسیری زۆر بوو، پیرەمێرد یەکەمین جار لەژیانمدا بە حەپس کردنی داوم، ئەویش کاتێک مەکتەب ئیستیعرازی ساڵانەی دەکرد، من لە ئیستیعرازی ساڵانەیەکدا کە لە قەسابخانە کەرێک هەبوو، کەرێکی سپی بوو، سواری بووم. لەپێشبڕکێیەکەدا بەسەر



**نەجمەدین مەلا و حەمەبۆر**
**١٩٣٨/١٢/٢**

کەرەکەوە شیعرێکم گوت، پێش منیش بەپازدە، بیست ساڵ (بێ کەس)یش لەو پێشبڕکێیەدا حازر بووە، سواری کەرێک بووە و شیعری خوێندووەتەوە. دوا دێری شیعری ئەو دەڵێ:

**گوێت قوت کەرەوە و کلک ڕاوەشێنە**
**هەرچیەکت تیایە لێرە بی نوێنە**

من ئەوەم کرد بە ئاخیری شیعری خۆم. ئەوەم بەسەر کەرە سپیەکەوە خوێندەوە، کە گەیشتیشمە لای موتەسەڕیف (پارێزگار) نیهایەتی شوێنی یاریەکە و لەوێش جارێکی دیکە شیعرەکەم خوێندەوە.

**ڕامان:** شیعرەکەت لەبیر نییە.

**حەمەبۆر:** ناوەڵڵا بیرم نەماوە، نووسیومە و لە دیوانەکەمدا هەیە، پیرەمێرد هەستاو گوتی کوڕم ئەوەم پێ بڵێ با بینووسم. گوتم: خاڵە ئەوەتا، بەنووسراوی دامە دەستی و بردی. پێنج شەممە بوو، جومعە هیچ، شەممە چوومە مەکتەب ئەوسا (مەلا جەلال) بەڕێوەبەری قوتابخانەمان بوو گوتی: موتەسەڕیف بانگت دەکات بچۆ بۆ لای ئەو، ڕەنگە بۆ شیعرەکە بەخشیشت بداتێ.

چوومە ئەوێ عەینەکەکەی لەسەر ناوچەوانی دانابوو، وابزانم حاجی ڕەمەزان پاشا بوو، عەینەکەکەی خستە سەرچاوی و گوتی: سەگباب، قەحبەباب، بێ نامووس ئێوە خۆتان کەرن، دەستی کرد بە جنێو دان. گوتم: پاشا چیم کردووە؟ گوتی: خۆت دەزانی چیت کردووە. باوکت کەرە، دایکت کەرە، ئاباوو ئەژدادت کەرن، خۆت کەری، دەستی کردە ئەو قسانە. جاران کارەبا نەبوو، جەرەس دەستیان پێدا دەماڵی، دەستی پێدا ماڵی و گوتی مەدحەتم بۆ بانگ بکەن (باوکی ئومێد مەدحەت مویارەکی وەزیر)، مەدحەت ئەفەندی سەرنووسەری دیوانی موتەسەڕیف بوو. هات گوتی: لەگەڵ دوو سێ فەڕاش بیبەن با ئەم هەتیوە ڕانەکات، تەسلیمی (مەزەر ئەفەندی) بکەن، ئێستا موزەکەرەی بۆ دەنێرم بیخاتە حەپسخانەوە، لە حەپسخانەدا دەیڕزێنم.

بردیانمە ئەوێ و کاتێک مەزەر ئەفەندی چاوی بەمن کەوت گوتی: تۆ ئەو شیعرەت خوێندووەتەوە و جنێوت بە موتەسەڕیف داوە. گوتم بابە جنێوم نەداوە خۆ شیعرەکە مەوجوودە. تێگەیشتم پیرەمێرد کە قاعیدەی وابوو لە نووسیندا دەستکاری دەکرد و نووسینی خەڵکی کەم و زیاد دەکرد، شیعرەکەی دەستکاری کردووم. پۆلیسێک هەبوو ماڵی ئێمەی دەزانی لەلای مەزەر ئەفەندی (باوکی دکتۆر کەمال مەزهەر بوو) گوتم فلان پۆلیس بنێرە ماڵمان بەدایکم بڵێ بگاتە لای پیرەمێرد و پێی بڵێ حەمە لەسەر شیعرەکە حەپسە. لەدواییدا دایکم گوتی لەگەڵ پیرەمێرد چووین، کە گەیشتینە بەر ژوورەکەی موتەسەڕیف، پیرەمێرد دەسکی گۆچانەکەی ماڵی بەدەرگای ژووری موتەسەڕیفدا. موتەسەڕیف گوتی: کێیە؟ ئەو تەقە تەقە چییە؟ پیرەمێرد گوتی: منم وەرە دەرێ. پاشا گوتی: فەرموو حاجی بەگ. پیرەمێرد گوتی: نایەمە ژووری نامەرد، من حەپس کە، بۆ ئەو منداڵەت حەپس کردووە؟ گوتی منداڵ کێیە؟ گوتی: ئەوەی لەسەر شیعرەکە گیراوە، ئێستا لەگەڵمدا وەرە من بخەرە ژوورەوە، منداڵەکە لەو بەندیخانەیە دەربهێنە.

موتەسەڕیف و پیرەمێرد لەگەڵ دایکمدا هاتن. پیرەمێرد گوتی: دەبێ بۆ خۆت بچی بیهێنیتە دەرێ. دەرگای کردەوە و گوتی: وەرە دەرێ. پیرەمێرد گوتی هەتیو مەیە دەرێ، دەبێ خۆی دەستت بگرێ و لەژووری بتهێنێتە دەرەوە. وەڵڵا پاشا دەستی گرتم و هێنامییە دەرێ. ئەوە یەکەمین حەپسی من بوو لەژیانمدا. جارێکیان پیرەمێرد شیعرێکی مەولەوی بڵاو کردەوە نووسیبووی ئەم شیعرە هەر کەس بتوانێ تا هەفتەی ئایندە لەبەری بکات چی ئەوێ دەیدەمێ. جا پیرەمێرد ئەو ژمارەیەی (ژین)ی

هێنا بۆ لای مەلا نەجمەدین کە ئەدیبیان ڕۆژانی جومعان دەچوون لەوێ کۆدەبوونەوە تا کاتی نوێژ، کە پیرەمێرد ئەو شیعرەی خوێندەوە، من دانیشتبووم. بێخود هەڵیدایە گوتی: ئاخر حاجی بەگ، تۆ دەڵێی ئەو کەسە چی دەوێ، بەشکوم داوای گانێکت لێ بکات، ئاخر چۆن ئەوە دەنووسی. گوتی وەڵڵا کەسێک هێندە زیرەک بێ بەهەفتەیەک هەڵبەستەکە لەبەر بکات ئەوەشم لێ داوا بکات دەیدەمێ. ئەوسا من زۆر وریا بووم، سێ جار، چوار جار شیعرێکم بخوێندبایەوە لەبەرم دەکرد. هەروا کە دانیشتبووین پاش نیو سەعات شیعرەکەم لەبەر کرد، شیعرەکە زۆر تێکەڵ و پێکەڵ بوو، زۆر وشەی لە یەکتری دەچوون. گوتم: خاڵە حاجی من ئەوا شیعرەکەم لەبەر کرد. پیرەمێرد گوتی: دەک ماڵت بەقوڕگیرێ چۆنت لەبەرکرد؟ گوتم: لەبەرم کرد. گوتی ئادەی بیڵێ. شیعرەکە هی مەولەوی-یە. کوڕەکەی جوابی بۆ ناردووە بابە هەموو شتێکی ژن هێنانەکەم تەواو بووە و سبەینێ دەیگوازینەوە و شایی بۆ دەکەین، بێ تۆ ئەو شاییە ناکرێ، دەمەوێ تۆ تەشریفت بێنی. جا (مەولەوی) لەخۆشی ئەو نامەیەی کە بۆی هاتووە، شیعرێکی گوتووە. دەڵێ:

**زیلەی زایەڵەی زرنگەی پۆیلەی هەی**
**کە وانەی دانەی زەنگۆڵەی لەرەی بەی**
**خشپە و خشەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش**
**گورشمەی بەناز ئیشارەی بێ خەوش**
**لارەی قەتارەی لاو شەدەلاران**
**ئیشارەی کەم کەم پەنجەو و شاران**

واتە: کوڕی گەنج بەقامکی ئیشارەت بۆ کچان دەکات و دەڵێ ئەو کچە جوانە، ئەم کچەش جوانە، خولاسە کە خوێندمەوە، پیرەمێرد گوتی چیت دەوێ؟ گوتم وەڵڵا هیچم ناوێ. فەرمووی کوڕە بیڵێ چیت دەوێ بێخود گوتی: هەتیو بیڵێ هینەکەی منی داوا لێ بکە.. لەگەڵ پیرەمێرددا زۆر لەو شتانەم هەیە.

**ڕامان:** چیرۆکی هاوڕێیەتیت لەگەڵ مامۆستا قانیع چۆن بووە؟

**حەمەبۆر:** قانیع-م لای (شێخ لەتیف) ناسی. کە دەچووینە ئەوێ و لە حزبی برایەتیدا لە سیبیەکان پێکەوە کارمان دەکرد. ئەو دەهاتە ئەوێ، ئەوان خۆشیان دەویست. (شێخ مەحموود) خۆشی دەویست و حورمەتیان دەگرت، پارەیان دەدایە و خزمەتیان دەکرد. جارێکیان شیعرێکی دانا بردمانە لای پیرەمێرد چاپی بکەین، شیعرەکەی ئامۆژگاری منداڵەکانی دەکات: کوڕم تۆ وابکە، تۆ وا بکە و کاری کوردایەتی بکە. کەچی کاتێ ڕۆژنامەی (ژین) دەرچوو، تەماشا دەکەین دوو، سێ دێری لەئاخرەوە تێخستووە زەمی هیتلەر و مەدحی ئینگلیز دەکات. قانیع ئەوەی دیت گوتی: ئەوە چییە کەی من ئەوەم گوتووە؟ چووینە ئەوێ پیرەمێرد گوتی: دەزانم بۆچی هاتوون، دانیشن ترێتان دەدەمێ بێ دەنگ بن. (وەختی ترێش نەبوو) پیرەمێرد دایمە هەموو میوەیەکی لە خاریجەوە بۆ دەهات. بە تەیارە بۆی دەهات بۆ بەغدا و لەوێشەوە بەسەیارە بۆیان دەهێنا بۆ سلێمانی. قانیع گوتی: ئاخر چۆن بێ دەنگ بم. من و هیتلەر و ئینگلیز کوجا مەرحەبا؟ پیرەمێرد گوتی: وەڵامی لاپەڕەکە هەمووی چاپ بوو ئەوەی تۆ لەو لاپەڕەیەدا جێی یەک دوو دێر مابۆوە، منیش ئەو چەند دێرەم نووسی. کەچی مامۆستا حەمەی مەلا کەریم ڕەخنەی لە قانیع گرتووە و دەڵێ ئینگلیزچی بووە!

**ڕامان:** دڵنیایت حەمەی مەلا کەریم بوویێت؟

**حەمەبۆر:** بەڵێ، بەڵام بەتەواوی نازانم لەکوێ بڵاوبووەتەوە، ڕەنگە (بەیان)، یان (هاوکاری) بێ، جا من وەڵامم داوەتەوە و گوتوومە بابە وانییە و وایە.

**ڕامان:** باسی ئەوەت کرد کە لەحزبی برایەتی-دا لەگەڵ قانیع پێکەوە بوون، ئەم حیزبی دارکەر و برایەتی و زەردەواڵە و هیوا و ئەمانە، لەچەند لەم ڕێکخراو و حزبانەدا ئیشت کردووە، بۆمان باس بکە؟

**حەمەبۆر:** بەخوا هەر لە برایەتی-دا کارم کردووە، ئەوانی دیکە هەر ئاگامان لەیەکتر هەبوو. ئەم برایەتییە وەکو پیاوە گەورەکان ئاگایان لێ بوو، ئینگلیزیش ئاگای لێ بوو. کونسوڵێ هەبوو لە سلێمانی کونسوڵی بەریتانیا، ئەو ئاگای لێمان بوو، چیمان دەکرد ئەومان لێ ئاگادار دەکردەوە.

**ڕامان:** وەک دیارە بە ڕەزامەندی و ئاگاداری ئەوان دامەزراوە؟

**حەمەبۆر:** بەخوا ئیتر ئەوە نازانم، شێخ لەتیف لەژێرەوە ئەو ئیشانەی دەکرد. ئەو لەگەڵ سەفارەتی رووسیا پێوەندی هەبوو، لەگەڵ سەفارەتی بەریتانیاش پێوەندی

هەبوو و له هەر دوولاش دەیخوارد.

**ڕامـــان:** تۆ لە حـــزبی دارکـــەر و زەردەواڵەدا کارت کردووە؟

**حـەمـەبۆر:** ئاگـام لێـیـان نەبوو، تیـــایاندا نەبووم. زەردەواڵـه حـــزبی (بەکر سدقی) بوو، مەسئوولەکەی تۆفیق قەزاز بوو لە سلێمانی.

**ڕامان:** برایەتی ئامانجی چی بوو؟

**حەمەبۆر:** بۆ کوردایەتی دەمانکرد، دەمانویست شۆڕش بکەین و حکومەتی کوردی دامەزرێنین. ئێمە هەریەکەی خۆمان بۆ شتێک دانابوو. کەریمی سۆفی ساڵح-مان لەگەڵ بوو کە پیاوێکی ئازا و وریا بوو، بەدە کەس دەرەقەتی نەدەهاتن. خەنجەری هەڵنەدەگرت. دەیگوت ئەوەی کە دێ خەنجەرم لێ بدا، خەنجەرەکەی هی منە. ئەوە دەیگوت من دەبم بە بەڕێوەبەری پۆلیس. حزبەکەمان بێ سەروبەر بوو، قانوونمان نەبوو، بە نووسراوێ (قاسە)کەمان گیرفانی (شێخ لەتیف) بوو.

**ڕامان:** ئەی لە پیاوە بەڕێز و بەناوبانگەکان لەو حزبەدا کێی دیکەتان لەگەڵ بوو؟

**حەمەبۆر:** حەمەی ئاوڕەحمان ئاغا و مەحەی چنارە و حەمە ڕەشید خان و هەموو شێخەکانی نزارەمان لەگەڵ بوو.

**ڕامان:** ساڵی چەند برایەتی دامەزراو چەندی خایاند؟

**حەمەبۆر:** ساڵی ١٩٣٣ دامەزرا، بۆیەش ئەوە دەزانم من ئەوکات شیعرم دەگوت. شێخ لەتیف دایمە حەزی لەقسەی هەلەق و مەلەق دەکرد. منیش شیعری شێخ ڕەزایانەم بۆ دەگوت.

**ڕامان:** ئەو حزبەی ئێوە پێوەندی بە شێخ مەحموودی نەمرەوە هەبوو؟

**حەمەبۆر:** پێشوەخت جوابمان بۆ نارد کە دەمانەوێ شتێکی ئاوا دامەزرێنین.

**ڕامان:** ڕای ئەو چی بوو؟

**حەمەبۆر:** موافەقەتی کرد، جوابی دایەوە و گوتی: نامەوێ هەر لەتیف-ی کوڕم لووتکە بێ. ئەگەر دەیکەن وەختێک ڕازیم بنکەیەک لای مەلا ئەسعەدی خانەقا بێ، بنکەیەکیش لای شێخ لەتیفی دانساز بێ، ئینجا بنکەیەکیش لای لەتیفی کوڕم بێ، ئنجا هەرسێکیان ئەندام وەرگرن.

## زەردەواڵە حزبی بەکر سدقی بوو، مەسئوولەکەی تۆفیق قەزاز بوو لە سلێمانی

**ڕامان:** جا ئەمە چووە سەر؟

**حـەمـەبۆر:** ئەوەی ڕەخنەی دەگرت (شێخ لەتیفی دانساز) و (حەمەدەمین مەنگوڕی) بوون کە ئیعتیرازیان لەشێخ لەتیف دەگرت، دەیان گوت کاکە ئەوە کوردایەتی نییە. ئەوە بۆ خۆتی دەکەی، خۆ ئێمە خزمەتکاری تۆ نین. شێخ لەتیف زۆر ڕقی لە (مەنگوڕی) بوو، ئەو دەمە مەلا مستەفای بارزانی لێرە مەنفی بوو، پێوەندی لەگەڵماندا هەبوو، هەر ئەو دەمەش بوو لە هەر چوار پارچەی کوردستان چەتە پەیدابووبوون، بەڵام چەتەکان هیچیان پیاو ڕووت کەرەوە نەبوون، هەموویان لە حکومەت یاخی بووبوون. لەبەرئەوە سەرۆک خێڵەکان کرانە (موستەشار) و پیاوەکانیان کرانە پۆلیسی غەیرە نیزامی (جاش)، (مەنگوڕی) ئەوسا موستەشار بوو.

**ڕامان:** ئەو کاتە ئیشی ئێوە تەنیا کاری سیاسی بوو، ئەی ئیشی سەربازیتان نەبوو؟

**حەمەبۆر:** ناو بە ناو ئەو جۆرە کارانەشمان دەکرد. بۆ نموونە بۆمبامان خستە ماڵی (مەجید یەعقووبی) موتەسەریفی سلێمانی، لەسەر ئەوەی پیاوێک لەدێیەکی شارباژێڕ ماڵێکی سووتاندبوو، پیاوی شێخ لەتیف بوو، دوو سێ ماڵی دیکەشی پێوە سووتا بوو بە چەند سەر مەڕ و ماڵاتەوە، چەند پیاوێکیش کوژرا بوون، شێخ لەتیف چووە لای (مەجید یەعقووبی) و پێی گوتبوو لەبەر خاتری تۆ دەتوانم حوکمەکە بکەم بە فلان مادە و بەفلان مادەی نەکەم، لەسەر ئەوە بۆمبامان خستە ماڵەکەیەوە و هەڕەشەمان لێکرد و بۆ بەیانی (سلێمانی)مان بەجێ هێشت، چونکە (مەجید یەعقووبی) کابرای بۆ شێخ لەتیف ئازاد نەکرد و پێی گوتبوو من دەتوانم تەنانەت ئیعدامی بکەم، بەڵام لەبەر تۆ پێنج شەش ساڵێک حوکمی دەدەم، ئەوەش بەنیزامی عەشایەری دەکەم نەک ئیداری. شێخ لەتیف بەمە ڕازی نەبوو. فرمانی دایە ئێمە پەیژەمان برد و مەزەفەر ئەفەندی موفەوەزمان ئاگەدار کرد کە لەگەڵمان بوو، لەو ڕێگەیەی کە ئێمە پێیدادەچین تا ماڵی موتەسەریف پۆلیسی خۆیی دابنێت. ئەو پۆلیسانەی لەحزبەکە لەگەڵمان بوون، ناومان نابوون پۆلیسی خۆیی. لەبەرچاوی ئەوان کە دەیان زانی پەیژەکەمان هێناوە بۆ

چییــــه، من نەچووم تەقــە بکەم، بەڵام من لەخــوارەوە لەلایان وەسـتابووم و پەیژە هەڵگریش بووم. تەقـەیان لێ کرد.

**رامان:** ئەم حزبی برایەتی-یە پاشان بەچی گەیشت؟

**حەمـەبۆر:** ئیـتـر بەرە بەرە پووکـایەوە و هەریەکـەمـان بەلایەکدا ڕۆیشـتین، بەتایبەتی کە پارتی پەیدا بوو زۆر تەئسـیـری لێکردین و برایم ئەحـمـەد خواهەڵـناگرێ دوو تەئسیری گەورەی لەسەرمان هەبوو، یەکیان چاوی ئێمەی کـردەوە و تێی گـەیاندین، چونکە حزبەکـەی ئێمـە هیچ نیـزامـێکی نەبوو، نووسـینێکـمـان نەبوو، خەزێنەکـەمـان گـیـرفـانی شێخ لەتیف بوو، لەوە تێگەیشـتین ئێمـە هەر خـزمـەتی دەرەبەگی دەکـەین و کـوردایەتی ڕاست وەها نابێت. کـاریگەری دووەمی بەکـارهێنانی وشـەی کـوردی بوو لە جێگەی عەرەبی.

**رامان:** ئەی حزبی هیوا چۆن بوو؟

**حـــەمــــەبۆر:** حـــزبی هیــــوا حــــزبێـک بـوو کــــە سەرۆکایەتییەکەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەیکرد، ئەو دەیویست مـونافـەسـەی شـێخ مـەحـمـوود و شـێخ لەتیف بکات. ئەوەش لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ کە بە خزمـایەتی دەگەیشتەوە عارف سائیب کە بە دەستی جەماعەتی شێخ مەحموود کوژرا، (شێخ محەمەد بچکۆلە) کوشتی.

**رامان:** نازانی لەسەرچی کوژرا؟

**حەمـەبۆر:** ئینگلیـز ئینزاری سلێـمـانی کـرد کـەوا بۆردوومانی دەکات، شێخ مەحموود بڕیاری دا سلێمانی بەجێ بهێڵێ، بەرەو ئەشکەوتی جاسەنەی لای سووسێ ڕایکرد. کە دەڕواو لێرە باردەکەن، عـارف سائیب کـاتبی فـارسی (شـێخ مـەحـمـوود) بـوو. لەگـەڵ شـێخ دابوو، لە (قـەرەچەتـان) مـەلا عـارف ئەسـپی بۆ نەمـایەوە سـواری بێ، گـوتبـوویان مـەلا عـارف وڵاخ نەمـاوە، سـبـحـەینێ وڵاخت بۆ دەنێرین، سبەینێ تەشریفت بێنە. لێرە بە هەتا سوار دەگەنە ئەشکەوتی (جاسەنە). مەلا عارف سائیب لەوێ دەمێنێتەوە و شێخ دەچێ بۆ جاسەنە.

شـێخ مـەحـمـوود پیــاوکـوژ نەبوو، من بەدەیان شـەو لەگـەڵی دانیـشـتـووم، زۆر قـسـە و باسـمـان کـردووە. پیاوێکی نیـشـتـمـانپەروەر بوو، بەڵام گومـانی لە هەمـوو کــەس هەبـوو. بڕوای بەهیـچ کـــەس نەدەکـــرد. ڕقی لە کـەسـێک بوایە تا بیـسـت ڕۆژیش نەیدەبڕییـەوە و هەر منجە منجی دەکـرد، ئەمـە بۆ وای کـرد و چۆن وادەبێ.

تەنانەت مـەسـەلەی (شێخ محـەمەدی خـالیسی) کـوڕی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) کە پیاوەکانی (شێخ مەحموود) لەسەر قسەیەک چوون تاڵانیان کرد، کە خالیسی ئەوسا قـائیـمـەقـام بوو. نازانم چ شـتـێکی گـوتبـوو (شـێخ مەحموود) پێی ناخۆش بوو گوتبووی (ئەو بەچکە گەماڵە بۆ وادەکات). لەسەر ئەوە پیاوەکانی چوون تاڵانیان کرد، بێ ئەوەی شـێخ مـەحـمـوود ئاگـای لێ بووبێ. شـێخ مەحموود کە بە کارەساتەکەی زانی کاغەزی بۆ خالیسی نارد کـە بێت بۆ لای، ئەویش بە شـیـعـرێک جوابی شـێخ مـەحـمـوود دەداتەوە. سـەرەتاکـە بەوە دەست پێـدەکـا و دەڵێ:

### لەپاش دامان و پا ماچ کردن و عەرضی دوعا خوانی وەرین دەست پێدەکا (بەچکەی گەماڵ)ی پیری گەیلانی

قسەکەی شێخ مەحموود دەڵێتەوە کە گوتبووی (بەچکە گەمـاڵ)، خولاسە شیعرەکە بەو جۆرە دەست پێدەکا. بۆ کوشتنەکەی مەلا عارف سائیب (شێخ محەمەد بچکۆلە) بەمـەلا عـارف دەڵێ تۆ بۆ نەڕۆیشـتـووی دیارە خەفـیـەی، واتە (جـاسـووسی). دەیبـەسـتنەوە بەدارێکەوە شـەتەکی دەدات و دەست و قاچی لەپشـتەوە دەبەسـتێتەوە، پاشان دەیداتە بەر خـەنجـەر. مـەلا عـارف سـائیب ئەو شـاعـیـرە گـەورەیە کـە شـێخ مـحـەمـەد بچکۆلە دەبینێ هەرچاوی کراوەیە و چاو دەتروکێنێ و گیـانی دەرناچێ، لێی دوور دەکــەوێتــەوە و گـــولله بـارانی دەکـــات هەتا ملی لار دەبێتەوە.. هاوالّی حزبی برایەتیم (عـارف قـەرەچەتانی) لەساڵانی چلەکانی چەرخی بیسـتەمی زایینیدا دەیگوت ئەو دارەی مـەلا عـارفی پێوە بەسترابوو تا ئێسـتـەش هەر ماوەو کونی گوللەکانی پێوەیە.

شـێخ مـەحـمـوود پاش ئەوەی کـە پێی دەزانێ دەڵێ: حــەمــە ڕووت ڕەش بێ نە ئەبوایا وات بکردایە. شـێخ مـەحـمـوود بە درێژایی فـەرمـانڕەوایی خـۆی، کـەسـێکی ئیعدام نەکرد و حوکمی ئیعدامی کەسی نەداوە. لەکاتی پاشایەتییەکەیدا حوکمی حەپسی گەورەشی بەسەر کەسدا نەداوە.

**رامان:** ئەی کوشتنەکەی جەمال عیرفان چۆن بووە؟

**حەمەبۆر:** ئەویش هەر حەمە بچکۆلە کوشتی. جەمال عیـرفـان ڕاوێژکـاری مـەلیکی بوو. فـەیلەسـووف بوو نەک شـاعـیـر، شـیـعـرێک بەناوی ئەوەوە بڵاوکراوەتەوە ئەو



**حەمەبۆر و قانیع**

شیعرە هی (زێوەر ئەفەندی)یە. جەمال دەڵێ پێنج حۆقە مێوژت بۆ دەنێرم با ئەو شیعرە بەناوی خۆمەوە چاپ بکەم. سەرەتای شیعرەکە دەڵێت: (مامە هۆمەر سەد شوکور تۆ قووەتی چاوت هەیە). جەمال بەگ پێشنیارێک بۆ (شێخ مەحموود) دەکات و دەڵێ: تۆ جومعانە دەچیتە مزگەوتی گەورە ئەو مەلایانە دادەنیشن و قسەی بێ جێ و ئەفسانەی ئایینی دەکەن، تۆ مەلیکی و حکومەتەکەمان تازەیە، هەموو جۆرە کەسێک و چینێک دێن بۆ نوێژکردن، لە مزگەوتی گەورە چی پێویستە بۆ حکومەتەکەمان و شکایەتیان لە کێیە، چی دەبینن و چی دەزانن لەبارەی سوودی حکومەتەکەمانەوە بیڵێن و بیگەیەنن و پێش نوێژی جومعە بکەین بە دیوەخانی میللەت. ئەم بڕیارە لە بازاڕدا جاڕ دەدەن کە ئێمە شتێکی ئاوا دەکەین، نوێژی جومعانە سەعاتێک پێش نوێژ چیتان دەوێ، بە ئازادی خۆتان قسە بکەن و هەرچیش دەڵێن ترسی لەسەر نییە. جارێک باس دێتە سەر کەری عوزێر پێغەمبەر. شێخ مەحموودیش تێکەڵ بە قسەکردن دەبێ و دێتە سەر ئەوەی کە لەنێو حەیواناتدا دوو حەیوانی دنیا دەچنە بەهەشتەوە، یەکێکیان کەری عوزێر پێغەمبەر و ئەوی تریان سەگی ئەسحابی کەهف. لەو کاتەدا جەمال عیرفان هەڵدەستێ و دەڵێ: یاشێخ قسەکەت لەدەمتدا بە شەکر بێ یەک کەلیمە قسەم هەیە. شێخ دەڵێ فەرموو جەمال بەگ. ئەویش دەڵێ پێشەکی سەری کەری عوزێر پێغەمبەر بە قنگی سەگی ئەسحابی کەهف، ئەمجا سەری سەگی ئەسحابی کەهف بە قنگی کەری عوزێر پێغەمبەر. ئەمە دیوانی میللەتە، یان خانی کەرو کونی سەگە، ئێوە بەم جۆرە دەمانبەنە پێشەوە؟ ئیتر هەموو بێ دەنگ دەبن تا نوێژ دەکەن. دوای نوێژ (شێخ مەحموود) هەر بەدەم ڕێگاوە دەڵێ ئەوە (جەمال بەگ) بۆ ئاوای کرد و ئەوە چ بوو کردی و ئەو منجە منجانە دەکات. هەر دەگاتەوە ماڵەوە (شێخ محەممەدە بچکۆلە) دەڵێ شێخ مەحموود دڵی ناخۆشە با دڵی خۆش بکەم. لەکاتیکدا (جەمال بەگ) لە حەوشەکەدا کچەکەی ئاو بە دەستیدا دەکات کە دەست دەشوات، (کچەکەی ژنی فوئاد ئەفەندی مامۆستای مەکتەبم بوو).

**ڕامان:** فوئاد ڕەشید؟

**حەمەبۆر:** بەڵێ مامۆستا فوئاد ڕەشید کە ئینگلیزی بەمن گوتووە. ئەوکاتەی (شێخ محەمەدە بچکۆلە) لە دەرگا دەدات و دەڵێ جەمال بەگ لەماڵە، کچەکە دەڵێت: بەڵێ. ئەو کچە بۆی گێڕامەوە کە بەڵێ باوکم هەستاو من دوورکەوتمەوە. زرمەی لێ هەستاند و دوو گوللەی لێدا بوو. یەکی لەبەر ورگی باوکم و یەکیشی بە بەر گونی کەوتبوو. بۆ ئەویش هەر عەینی شت (شێخ مەحموود) گوتبووی حەمە ڕووت ڕەش بێ بۆ وەهات کرد، بەڵام (شێخ مەحموود) بۆ جەمال بەگ زۆر گریابوو، چونکە خۆشی دەویست، ڕاستیشی دەکرد، من ئەمەم لەخۆی بیستووە.

**ڕامان:** خۆت پێوەندیت لەگەڵ شێخ مەحموود چۆن بوو، چی لە بارەوە دەزانی و چیت لەبارەیەوە بیستووە؟

**حەمەبۆر:** لەکاری حزبیدا چونکە منداڵ بووم بێ شوبهە بووم. ئەو وەختانە دوازدە، سێزدە، چواردە، پانزدە ساڵان بووم. کە لەو ساڵانەدا زۆر کاغەزی (شێخ لەتیف) و (شێخ لەتیفی دانساز)، یان هی (مەلا ئەسعەد)م دەبرد بۆ (شێخ مەحموود) بۆ بەغدا، لەوەوە شێخ مەحموودم باش دەناسی. ئەحە خورشەیەکیش هەبوو باوکی جەلال کۆچەری گۆرانیبێژ، ئەو بوو شێخ مەحموودی لە بەغدا دەرباز کرد، ئەو کاتە لە ڕێگەی بەغدا تاکسی هەبوو. کاغەزیان پێدا دەنارد، ئەگەر من لەبەر مەکتەب، یان لەبەر شتێک نەمتوانیبا ئەو دەیبرد. کە ڕەشید عالی گەیلانی هەستا، شێخ جوابی بۆ ناردین کە ئەو کوردستان دەکات بە حکومەتێکی کوردی. ئەو نەتەوە درۆزنە (مەبەستی عەرەب بوو) ئەگەر پێوەندیی پێوەکردن بە

قسەی مەکەن. منیش گوتوومە نایکەم و هەر لە بەغدا دادەنیشم و تا دەمرم بۆ خۆم نوێژی خۆم و عیبادەتی خوا دەکەم، لەبەر ئەوە ئێوە بەقسەیان مەکەن. دوای ئەوە کاتێکم زانی گوتیان شێخ دەڵێ: سەفیری ئەڵمانی خۆی هاتووە بۆ لام، هێشتا سەفارەتیان لەوێ مابوو، پێی گوتووە: هەرچی بکەن من پشتتان دەبم، چەک و پارەی زۆرتان بۆ دەنێرم. کوردستان دەکەم بە حکوومەتێک بەسەرۆکایەتی تۆ. پیاو کۆ بکەنەوە و حازر بن، تا من دەگەمە لاتان، ئیتر خەڵک کۆکرایەوە و هەرچی پیاوە گەورەکان هەبوون، هەر کەسێ چەکدار و سوارەی هەبوو هێنای بۆ (سیتەک)، چاوەڕوانی (شێخ مەحموود)مان دەکرد. ئەو (ئەحە خورشە)یە شێخی لە سنووقی ئوتومبیلەکەیدا لە بەغدا دەرکرد و گەیاندییە (کفری)، لەوێ دەست بەدەست کێ پیاو و چەکداری زۆر بووە، شێخ مەحموود لای دابووە لایان و پیاوی ئەوانی لەگەڵ خۆی هێنابوو. هەموویان بەسواری هاتن بۆ سلێمانی، شێخ مەحموود زیارەتی کاک ئەحمەدی کرد و چوو بۆ (سیتەک). (ئەڵمانیا)ش درۆی کرد، نەپارەی نارد نە چەکی نارد. ڕەشید عالی سەرکەوت و عەبدولئیلاهو فەیسەڵی دووەم هاتنەوە و هەموو شتێک چۆوە جێی خۆی. قازانجی کورد تەنیا ئەوە بوو کە (شێخ مەحموود) لە بەغدا ڕای کرد و چووە سیتەک و لێی دانیشت و لەشکری کورد بڵاوەی لێ کرد. موتەسەڕیف جوابی بۆ شێخ ناردبوو کە شێخ دابنیشێ و ئێمە هیچمان لەسەری نییە. ئەویش بۆ خۆی لە داری کەلی دادەنیشێ، بەڵام شێخ پێیانی گوتبوو نابێ مەئموری حکومەت هیچ ئەمرێکم بەسەردا بکات و چەکداری خۆشم بەدیار خۆمەوە ڕادەگرم، بێنە سەرم پیاوەکانتان دەکوژم، قبوڵم نییە وەک ژێردەستەیەکی خۆتان ئەمرم بەسەردا بکەن. ئیتر لەوێ دانیشت. شێخ مەحموود دەیزانی حەز لە شیعر دەکەم زۆرجار دەیگوت حەمەبۆرم بۆ بانگ بکەن. کە دەچوومە لای دەیگوت ئەم جارە کە هاتی دیوانی حەریقم بۆ بێنە و...تاد، جارێکیان گوتی: (دیوانی حەمدی)م بۆ بێنە، دیوانی حەمدی تەنانەت دڵدارییەکانیشی ڕەخنەیە لە حکومەتی (شێخ مەحموود). جارێکیان شێخ مەحموود بۆی گێڕامەوە و فەرمووی بە (ئەحمەد بەگ)م گوت بۆچی ئەوەندە ئیعترازم لێ دەگری؟ ئەحمەد بەگ گوتوویەتی قوربان تۆ بۆ فەرقی کەلیمەی (ئیعتراز) و (ڕەخنە) ناکەی؟ من ڕەخنە لەتۆ ناگرم تۆ پیاوی چاکی، من ڕەخنەم لە نیزامی حکومەتەکەت گرتووە. شیعرێ هەیە باسی دڵداری دەکا کەچی دەڵێ:

**مەڵێ مەنسووبی (کوردی)و (سالم)م (حەمدی) لەبێ فەضلی**
**کە ئەژدادی حەمیەت مەند، گەلێ مەحجووبی ئەولادە**

یانی (سالم) و (کوردی) مەحجووبی منن و من نەگەییومەتە ئاستی پیاوەتی ئەوان. شێخ مەحموود گوتی: ڕووت ڕەش بێ ئەحە، هەرچەند ڕووڕەشی هەڵناگرێ. بڵێ کاک ئەحمەدی شێخ و شێخ مارف چییان کردووە کە تۆ باسی دڵداری دەکەیت و دەیهێنیتەوە سەر ئەوان. گوتم یا شێخ ڕاستە دڵدارییە و ئەمە باسی خۆی دەکات. گوتی: کوڕم تۆ نازانی ئێمە لە قسەی یەکتر تێدەگەین، ئەو (کوردی) و (سالم)ە مەقسەدی کاک ئەحمەد و شێخ مارفە کە من لە نەوەی ئەوانم، ئەوانیش مەحجووبی خراپیی منن لە پاشایەتییەکەمدا.

**ڕامان:** ئەوەی لەتۆدا سەرنجی منی ڕاکێشاوە، بیرەوەری تیژتانە کە لەو تەمەنەدا شیعر و ڕووداوێکی زۆرتان لەبیر ماوە، ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

**حەمەبۆر:** مامۆستایەکم هەبوو لە مزگەوتدا زۆر ئیستفادەم لەو کرد. فێری بەرگ تێگرتنی (تەجلید)ی کتێبی کردووم، دەرسی چاکی پێ گوتووم، هێندە ڕۆچووبووە ناخمەوە کەنوێژم دەکرد و دەمگوت (الله اکبر) بە نیو سەعات (الله اکبر)م بۆ نەدەهات، مەلایەک وەهای فێر کردبووم، دەیگوت کە دەڵێی (الله اکبر) نابێ هیچ فیکرێکت لەمێشکدا بمێنێ. خوا بێنیتە خەیاڵتەوە و ئیتر وەک پەڕێک بە ئاسماندا بفڕیت وەهایە. من لەماڵێدا تاقانە بووم، قسەم دەڕۆیی، زۆر وەسواسیش بووم. کەسێک دەستی لە پیاڵەی من بدایە، پیاڵەکەم دەشکاند. شتی من جیاواز بوو، ئەوەی نانم تیا دەخوارد کەسێک دەستی لە کەوچکێ، یان شتێکم بدایە دەمشکاند.

ئەو مامۆستایەم ئەوانەی پێ تەرک کردم، فەرمووی کوڕم تۆ نوێژ بۆ خوا دەکەی و ئەو وەسواسییەی ناوێ. بۆ بیرتیژیم ئەوەشی فێرکردم کە فەرمووی کوڕی خۆم (چەرەزات) زۆر بخۆ لەگەڵ شیرینیدا، قەت واز لە خوێندنەوە مەهێنە و هەر موتاڵەعە بکە. ئیتر بیرەوەریت

قـایم و تیـژ دەبێ. فـیـعلەن ئیـسـتـفـادەم لەو قـسـانەی کردووە.

**ڕامان:** بەڕای تۆ موتاڵەعەکردنی بەردەوامیش لەگەڵ جۆری خواردن کاریگەری هەیە؟

**حەمـەبۆر:** بەڵێ بە ئەزمـوونی خـۆم بۆم دەرکـەوتووە ئاوایە. ئەو مامۆستایەم مەلا عەبدولڕەحمانی چۆری-یان پێ دەگوت، دانسازی دەکرد و فەخفووری شکاوی چاک دەکـردەوە، خـەیاتی دەکـرد و مـەکـینەی خـەیاتی چاک دەکردەوە و ... و.

**ڕامـــان:** باسی تـۆفـــیق وەهبی بکە کـــە بوو بە موتەسەڕیفی سلێمانی لەوکاتەدا ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ واتە ڕۆژی ڕەشی شـــەشی ئەیـلوولی ١٩٣٠ز ڕوویدا، هێندێک کـەس ئەم کـارەساتە دەخەنە ئەستۆی ئەو، بەڵام من لە ئیــدارەی مـحــەلی سلێــمـانی لە هەشتایەکان دۆسیەکەیم دۆزیبیەوە، دەرکەوت ئەم پێش ڕوودانی ئەم کـارەسـاتە و بەرپابوونی شـەڕی بەردەرکـەی سەرا ئیستقالەی کردووە، یان ئیستقالەیان پێداوە، تۆ بۆ ئەمە چی دەڵێیت؟


**حەمەبۆر:** بە درۆ ئیستقالەیان پێداوە و نووسیویانە، ئینگلیزەکان تەرتیببیان کرد و بەدرۆ نەقڵیان کردووە و بەدرۆ ڕایان گەیاندووە کە چووە بۆ خاریج و ئیجازەیان بۆ نووسیوە، تا ئەو ئیشە کە لەزەمانی ئەودا کراوە نەخرێتە ملی ئەوەوە، من ئەوەم لە باشکاتبی دیوانی موتەسەڕیف (مەدحەت مـوبارەک) و لە غـەفـوور ئاغـای حاجی مـەلا سەعیدی ئامیر حامییەی سلێمانی بیستووە، تەنانەت کەمال ڕەئووف بە دوورودرێژی وتارێکی نووسیوە کە ئەو هیچ پێوەندیی بەو ڕووداوەوە نییە، بەڵام من لەگەڵ ئەم مـــامـــۆســـتـــایەدا نیم، چونکە بەڵگەکـــانی لەدروست کـراوەکـانی ئینگلیـزەکـانن و فـایلەکـەشی هەر دروست کراوی ئەوانە تا کاری تری پێ بکەن.

**ڕامان:** من لەگـەڵ ئەو ڕایەدا نیم، چونکە دۆسیـەکەی لە ناو ژوورێکی ئیدارەی مەحلی سلێمانی دۆزراوەتەوە، فـــایلەکـــەی لە وەزارەتی دەرەوەی بریـتـــانیـــا و لە دامـــودەزگـــایەکـــانی ئەوان نەدۆزراوەتەوە تا بڵـــێین دەسـتکردی ئەوانە. بەهەرحـاڵ تۆ چیت لـەو شـەڕەی بەر دەرکی سەرایە لەبیرە؟

**حەمەبۆر:** ڕاستییەکەی ئەوەیە پێش شەڕی بەردەرکەی سـەرا، دەزانـرا کـەوا ئەمـە دەکـرێ، (بەکـر سـدقی) بەسەرۆکایەتی تۆفیق قەزاز بەرپرسیاری حزبی زەردەواڵە لەسلێمـانی ئەو حزبەی دامـەزراندبوو. کـە بەکـر سـدقی بەدزیشەوە دەهات بۆ سلێمانی ئاگەداربووم و پێوەندیشی لەگـەڵ برایەتیـدا هەبوو. سـەری شێخ لەتیـفیـشی دەدا و جلی مـەدەنی لەبەر دەکرد، نـەک عـەسکەری و بەتەنیـاش دەهات.

**ڕامـان:** حـەز دەکـەم لەسـەر ئەو مـەوزووعـە زۆرتر بدوێیت؟ باسی حـزبی زەردەواڵە و بەکـر سـدقی چی دەزانی و چیت بیستووە بەوردی بۆمانی باس بکە؟

**حەمـەبۆر:** ئەو حزبەی دامەزراندبوو شێخ لەتیف پێی دەگوت: ئێمەش لە گەڵتاین، یانی ئەو دەیزانی برایەتی یەکێکە لە زەردەواڵەکەی خۆی و بەهێزتریشە. قسـەیەک لە قـســەکـان لە مـاڵی شـێخ لەتیف هاتە سـەر ئەوە ئاگاداربووم، بە نهێنی بەکر سدقی و تۆفیق قەزازی لێ بوو، کە سیلاحـمان لازمە، تفـەنگێک هەیە پێی دەڵێن (ســەگ تڕێن) زۆر درێژە، بەڵام زۆر مـــەودای دوورە و زۆریش بە هێـزە، (بەکـر سـدقی) لەئەڵمـانیـــاوە ئەو تفەنگەی بۆ هێنایـن. حەڤدە هەزار تفەنـگ بوو هێنای بۆ سلێمـانی، لە حەوشی پۆلیسخـانە دایان نـا. هێندە زۆر بوو بە فیشەک و بە تفەنگەکانەوە، هەمووی لەسندووقدا بوون. کــە دەچووی بۆ پۆلیـســخـــانە دەبوایە بەقــەراخ سندووقـەکـان و دیوارەکـاندا ڕۆیشـتبـای، چونکە ڕێگا


ژمارە ١
((نامیلکەی))
چاپ کراوە

نەمابۆوە، تەنانەت دەرگایەکی ئەوێ، دەچۆوە سەرا، ئەو دەرگایەش گیرا بوو. موتەسەڕیف پێش ئەوە نازانم کێ بوو، هەر خۆمان لەگەڵ (بەکر سدقی) ئیتیفاقمان کرد کە موتەسەڕیف ئەو تفەنگانە وەرنەگرێ و خۆی نەقڵ بکرێ. بۆ ئەوەی لە حکومەتەوە وەرنەگیرێ، موتەسەڕیفێکی دیکە هات، ئەوی دیکە گوتی جێگەی توند و تۆڵم نییە. شورتەش جوابیان دایەوە و گوتیان ئێمە جێمان نییە و ناتوانین پارێزگاری لەو سیلاحانە بکەین. ئەمە هێنراوە بۆ حکومەت، چونکە گوایە مەترسی هەستان و شۆڕشی کوردی چاوەڕوان کراو هەیە، گوایە حکومەت دەترسا کوردەکان شەڕ بکەن بۆ (ماف) وەرگرتن لە ٦ی ئەیلوولی/ ١٩٣٠زدا ئەو تفەنگە هێنراوە بۆ حکوومەت کە شەڕی دژ بە کوردی پێ بکات. ئەمە بەناو وایە بەڕەسمی، بەڵام لەژێریشەوە هێنراوە بۆ تۆفیق قەزاز، هەر ڕۆژێ (سەعاتی سفر) هات و ڕاپەڕین بکرێ و بەهاوکاری برایەتی ئەو تفەنگانە دابەش بکرێن.

**ڕامان:** کەواتە تۆفیق قەزازیش لەگەڵ بەکر سدقی بوو؟

**حەمەبۆر:** بەڵێ بە چاودێری ئەو دەکرا، بەڵام ئاخر جار دوا موتەسەڕیف پێشنیاری کردبوو تفەنگ و فیشەکەکان بدەن بە یەکێک لە ئەشرافە گەورەکانی سلێمانی، کە متمانەی پێ بکرێ و بتوانێ پارێزگاری لەچەکەکان بکات. هەروایان ڕێکخست، تۆفیق قەزازیش ئەوانەی وەرگرت و بردنییە لای خۆی. وەختێ بەکر سدقی کوژرا ئیتر ئەو هیوایە نەما. پێوەندی کەرمان بە ئەڵمانیاوە ئەو بوو، ئەویش نەما. تۆفیق قەزاز دەستی کرد بە دابەش کردنی تفەنگەکان. شێخ لەتیف چەند هەزار تفەنگی وەرگرت، تەنانەت من سێ تفەنگم وەرگرت و فرۆشتمن.

**ڕامان:** بەکر سدقی ساڵی ١٩٣٦ کوژراوە، بەڵام ڕووداوی ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠یە، کە ئەمە ٦ ساڵی بەینە؟

**حەمەبۆر:** ئاخر دەزانم هەستانی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ نەگەیشتە چەک وەرگرتن و تۆفیق وەهبی خنکاندی، ئەو چەکە هەر مابۆوە و تۆفیق وەهبی موتەسەڕیف لەڕاستیدا بەو چەکەی زانیبوو. شیعرێکم هەیە بەزمانی منداڵیکەوە گوتوومە، باسی شەڕی بەردەرکی سەرام کردووە، بەڵام ئێستا شیعرێک بڵێم و باسی شەڕی بەردەرکی سەرا بکەم شتێکی ترە. بۆ نموونە دەڵێم من منداڵ بووم، گوتوومە باجی ئەجێی دراوسێمان هات، گوتی وەڵڵا دەڵێن خەڵکەکە بەعزێکیان خستوونەتە کونە ڕەشەوە واتە (بەندکراون). من چونکی تاقانە بووم نەمدەزانی کونە ڕەش چییە؟ پەڵپم لە دایکم گرت (کونە ڕەش)م دەوێ. خولاسە شیعرەکەم بەزمانی منداڵانەوە گوتووە و وردەکاری سەیری تیایە. بۆ سبەینێ کە چووم بۆ لای باوکم دوکانی باوکم لە ئەسحابە سپی بوو، لەبەر دەرکەی سەراوە تێدەپەڕیم کە دیم (محەجەرەکەی) سەرا ڕووخابوو، خۆشترین شت لەلای من ئەوە بوو، بە ڕاستی خۆشترین ڕۆژم بوو، چونکە جاران دەستم درێژ دەکرد گوڵ بچنم دەستم دەستێکی کورتی منداڵانە بوو نەدەگەیشتە گوڵ، ئێستا دەستم دەیگاتێ. دەستێکم بۆ هەر گوڵێک دەبرد گوڵەکە خوێناوی بوو، لە خوێنی شەهیدانی ئەو شۆڕشە مەزنە و ئەو ڕۆژەش گوڵم دەست نەکەوت. هەرچەند ئەوە لە زمانی منداڵێکەوەیە، بەڵام شیعرەکە زۆر بەرز و قووڵە، لەگۆڤاری (بەیان) چاپ بووە. لەبەر چاپخانەکەی حەمە ڕەقدا عەمووودێکم دی تا ساڵی ١٩٥١یش هەر مابوو بەتەنیشتی سەرەوەی کتێبخانەی (سلێمانی)یەوە گوللە لێیدا بوو، قوپاندبوویەوە و خوار بووبووەوە. سەرسووچی سەرا کە بەرامبەر شەقامی پیر مەنسوورە کە دێیە خوارێ یەکەم سووچی سەرا، سووچی خوارووی ڕۆژهەڵات ئا لەوێدا ڕەشاشی حکوومەت دامەزرا بوو، لە کۆڵانەکانەوە لەهەر لایەکەوە خەڵکی



هاتبوون ئەو ڕەشاشە پێکابوونی. کابرایەک نازانم کێ بووە بە خەنجەر بەرەو ئەو ڕەشاشە ڕا دەکات، هەرچەند تەقەی لێدەکا بەرناکەوێ تا دەگاتە سەری و بە خەنجەر دەیکوژێ. هاوار دەکات کوڕە بابە نازانم ئەمە چ بەڵایەکە کێ لێی دەزانێ بابێت لێی بخـوڕێ، وەرن ئیـشی پێبکەن. کوڕە هاوارە وەرن ئەمە هینەکەیە کە ئێمەی کوشت، وەرن ئیشی پێبکەن. کەسێک نەبوو لێی بزانێ و ئەمـجـا کـابرا دابووی بەدار و دیوار و بەرداو لەوێ ڕەشاشەکەی شکاندبوو. ئێستا پێویستە ئەو جێیە لەلایەن چەند هونەرمەندێکی پسپۆڕی پەیکەرتاشەوە هەیکەلێکی شایانی بەنیشانە بۆ بکرێ.

**ڕامان:** تۆ وەرەوە سەر ئەو ڕێکخراوی زەردەواڵەیە و لەبارەیەوە قسەمان بۆ بکە؟

**حەمەبۆر:** ماجید مستەفا لەگەڵ (ئینگلیز و پاشایەتی عـیـراق)دا بوو، ئێـمـەی برایەتی و زەردەواڵە دژی حکومەت بە کۆڵانەکاندا بەیاننامەمان بڵاو دەکردەوە، لە پڕ (ماجید) دەهات، دیارە حکومەت (ئیزعاج) بوو بوو، نەیدەزانی کێ بڵاویان دەکاتەوە. ماجید مستەفا کە دەهات دەیگوت ئەوە هەزار دینار بۆ حزب. (هەزار دینار زۆر بوو) شێخ لەتیف دەیگوت: ئەم کابرا دووڕووە بەم هەزارە، بیست هەزاری وەرگرتووە، وەها خەبەرم بیستووە کە ماجید گوتوویە ئەمانە بەیاننامە بڵاودەکەنەوە سەرسەری و مەرسەرین، پارەیەکم بدەنێ بۆیان دەبەم و دەمکوتیان دەکەم، تەنانەت ئەو بۆمبایەی خستمانە ماڵی (حاکم عەبدولڕەحمان)ەوە ماجید مستەفا بۆی هێنایین. ئەمە شێخ لەتیف ئەم قسەیەی بۆ من کرد، فیعلەن پارەکەی وەردەگرت و ماوەیەک بێدەنگ دەبووین و لەپڕ دەستمان پێدەکردەوە. ئینگلیزەکان دەیان ویست تۆفیق وەهبی-ش وەک ماجید مستەفا دوو دەور ببینێ، واتە لەگەڵ کوردیش و لەگەڵ حکوومەتیش بێ.

**ڕامان:** ئەی بەکر سدقی پێوەندیی لەگەڵ شێخ لەتیف چۆن بوو؟

**حەمەبۆر:** پێوەندییەکە ئەوە بوو کە دەیزانی کوڕی شێخە و چەکداری بۆ پەیا دەکرێ و هیوای پشتگیریی لێ دەکرد، بەمەرجێ لەوەی لە ئینگلیز دەستی دەکەوێ زۆرتر بێ..

لێرەدا ئاشکراکردنی نهێنییەکی گرنگ هەر لەبارەی کەسێکی کوردی هەولێرییەوە کە (وابزانم ڕەمز نافیع بووە)، لەگەڵ چەند کورد و ئەڵمانییەکی تردا کە هەموویان (نازی)ی تۆخ بوون گوایە بە پەرەشووت لە ناوچەی هەولێردا بە دزییەوە دابەزیون و پێوەندییان بە گەورە پیاوان و سەرۆک خێڵەکانی کوردەوە کردووە و هانی ئەوەیان داون لە ڕێگەی دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیدا بە پشتگیری (نازیتی)ی (ئەڵمان) یەک بکەون، هەروەها ئەو (ڕەمزی)یە پێوەندیشی بە شێخ محەمموودەوە کردووە. من لە سەروبەندی جەنگەکەی (ڕەشید عالی گەیلانی)دا بەکاری (برایەتی) سەرێکی شێخ مەحموودم دا و ئەو بۆی دووبارە کردمەوە کە دەبێ بەهاشەو هووشەی ڕەشید عالی فریو نەخوێن، هەروەها فەرمووی: وریابن دەستەیەکی (دەست بەتاڵی) (دەمڕووتی) کوردیش کە خۆیان بە (نازی) و سەر بە (ئەڵمان) دەناساند پێوەندییان پێوە کردم و تێیان گەیشتم (سەرمایە)کەیان هەر قسەی ڕووتە، منیش تێم گەیاندن کە: (بیخەنە مشتم بیخەمە پشتتان). هەروەها شێخ فەرمووی: لە چەند سەر خێڵ و گەورە پیاوێکیشمانەوە زانیم کە ئەو دەمڕووت و دەست بەتاڵانە پێوەندییان پێوە کردبوون، ئەوانیش ئاواتەخوازی خۆیان بە بوونی حکومەتێکی کوردی بەپشتیوانی زلهێزێکی جیهانی بۆ دەربڕیبوون، پێیان گوتبوون کوا ئەو پشتیوانییە تا بتوانن ئەو خواستەمان تێ بگەن».


دیوانی
شێخ ڕەزای تاڵەبانی
بەشی کوردی
ئومێد کاکە ڕەش
بە کۆششی : هۆشیار قەفتان
لە چاپ دراوە
١٩٩٩

**رامان:** هیچ باس نەکراوە نییەتی بەکر سدقی چی بوو؟ ئەو ئینقلابەی بۆچی دەکرد؟

**حەمەبۆر:** کە ئەوە کرا با، شێخ مەحموود دەکرا بەمەلیک.

**رامان:** مەبەستیان تەنیا ئەوە بوو؟

**حەمەبۆر:** بەڵێ شێخ مەحموود لەکوردستاندا دەکرا بە مەلیک.

**رامان:** کوردستان، یان عیراق؟

**حەمەبۆر:** کوردستان. (هەقمان بەسەر عیراقەوە نەبوو) دەمانویست کوردستان لەعیراق جیابکاتەوە، پیلانەکەی ئینگلیز کە کوردی کردە ژێر دەستەی عەرەب پووچ بکرێتەوە. (تۆفیق وەهبی) دواجار بۆی دەرچوو بۆ ماڵەباوانی، کە لە ئەنجامدا لە باوەشی ئەواندا وەک (موستەشاری ئەدمۆندس) لە (لەندەن) مرد. لەلایەکی ترەوە تۆفیق وەهبی توانایی مێژوویی و زمانەوانی زۆری هەبوو، بەڵام لەکاتی پێویستیدا لەسەر رێوشوێنی رۆژهەڵاتناسەکان نووسینی بلاودەکردەوە.

**رامان:** لە سییەکان بەولاوە باسی نووسینی کوردی، سروودی کوردی، قوتابخانەی کوردی و ئەو شتانەمان بۆ بکە؟

**حەمەبۆر:** لە ساڵانی چلەکاندا نووسەران و شاعیران لە چایخانە و مەیخانەیەک کۆدەبوونەوە ئەویش (مەیخانە)کەی رەمزی قەزاز بوو، یەکەمین کوردی ئیسلامە کە لەمێژووی ئیسلامیماندا مەیخانەی دانابێ. ئەو پیاوە مەیخانەیەکی لە سلێمانی هەبوو برایم ئەحمەد و شاعیران لەوێ کۆدەبوونەوە، ئەوە فایق زێوەرە، ئەوە منم، ئەوە ئەبوو بەکر هەورییە. ئەو لەگەڵ دکتۆر برایم ئەمین باڵداردا دەیگوت شت بۆ منداڵان بنووسن، من یەکێکم لەوانەی ئەو فیکرەیەم لەو وەرگرتووە، ئیتر زۆر شاعیری ئەو زەمانە شیعرمان بۆ منداڵ داناوە. هەرچەندە پێش ئێمە (زێوەر ئەفەندی) شیعری بۆ منداڵ گوتووە و یەکەمین کەسە کە شیعری بۆ منداڵان نووسیوە. بەپێی کتێبەکانی قوتابخانەی سەرەتایی تورکی بوو، بەڵام ئەم بۆ منداڵی کوردی دەکرد. دوای زێوەر ئەفەندی ماوەیەک ئەوە کوێر بیوو. هەرچەند خۆی ئەمەی مابوو، بەڵام شیعری بۆ منداڵان نەدەنووسی. دکتۆر ئیبراهیم باڵدار خۆی ئەمەی زیندوو کردەوە. برایم ئەحمەدیش رووبەرووی فایق بێکەس دەیگوت: هەمووتانم هێنایە سەر رێ بۆ ئەوەی شیعرەکانتان بە کوردی پەتی بێ و وشەی کوردی لەجێی وشە عەرەبییەکان دابنێن، بەڵام ئەم سەگە پیسە کوێرەم بۆ قانیع ناکرێ. برایم ئەحمەد مەبەستی لە فایق بێکەسی شاعیر بوو، ئەویش دەیگوت: من شیعر بۆ رەشەگەل و خەڵک دەڵێم بۆ تۆی ناڵێم، خەڵکەکەش بەم زمانەی شیعری من قسە دەکەن. دەیگوت کە شیعرم بۆ هات وەک تۆ دەتەوێ بگەرێم بۆ وشەی کوردی کە (نە) لەو (وەزن)ە دەردەچێ و (نە) لەو قافیەیە دەردەچێ، ئەوە لێم تێک دەدا، لەبەر ئەوە راستەو راست شیعرەکەی خۆم چۆن بۆم هات بەزمانی گەل دەری دەبرم. دیارە راستییەکیش لە قسەکەیدا هەیە، بەڵام شاعیر تۆزێک دیقەت بکات دەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ و (کێش) و (پاشبەند)ی لەدەست نەچێ.

**رامان:** زۆر باسی ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ دەکەن کە یەکەم موتەسەریفی سلێمانی بووە شیعر و سروودی کوردی بلاوکردووەتەوە، تۆ لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟

**حەمەبۆر:** من لەوەی تۆ گوتت زیاتر نازانم، چاکەی هەبووە، تەنانەت جارێکیان چوومە ماڵیان کە باوکم دارتاش بوو، دەرگا و پەنجەرەکانی خانووەکەیانی چاک دەکردەوە، چونکە مەلیک فەیسەڵی یەکەم دەهاتە ئەوێ لە سەردانی سلێمانی، ئەو خانووەکەیان لەو کۆلانە بوو کە دەچوو بۆ ماڵی خزمانی کە ئێستاکە بازاڕی دارە سووتاوەکەیە. من لەگەڵ باوکما چووم بۆ ئەو ماڵە، نیوەڕۆ ئەحمەد بەگ هاتەوە و لەگەڵ باوکم نانمان لەگەڵ ئەو خوارد، پیاوێکی لەسەرخۆ و باش بوو، بەڵام ئەو پێوەندییەکی لەگەڵ حەمدی بەگدا هەبووە، کە ئەمرێک لە بەغداوە هاتووە گوایا بەعزێک جێ تووتنی تیا نەکرێ و بەعزێک جێ مەرەزەی تیا نەکرێ. مەرەزە بۆ ئەوەی مێشوولەی (مەلاریا) بلاونەکاتەوە و تووتنیش جێگاکەی باش بێ بۆ ئەوەی تووتنی چاک بهێنی وەک تووتنی (شاور) و (شەتنە). ئەحمەد بەگی ساحێبقرانیش لە شارەزوور زەوی و زاریان زۆر بوو، لەو زەوییە زۆرە تووتن و مەرەزەش بکات کە ئەوانە لەوێ قەدەغەن، بۆیە دەچێ بە موتەسەریف دەڵێ تاکو رێگەی ئەو تووتن و مەرەزەیەی شارەزووری بدرێت. چەند خەریک دەبێ موتەسەریف بۆی ناکات، پاشان بە موتەسەریف دەڵێ: باشە، زەوی هی خۆمە لەمە بەدواوە پیاوی تیا دەچێنم. دەگەرێتەوە شیعرێکی وەک شێخ رەزای بەسەردا هەڵدەدا

وەک زانیـومـە مـوتەسـەریف چاری نامـێنێ و خـۆی لە سلێمانی نەقڵ دەکات.

**رامان:** لەبارەی ئەو سێ چوار شـاعـیـرەوە، بێکەس و زێوەر و شێخ سەلام و ئەوانە چیت لەبیرماوە؟

**حەمەبۆر:** بێکەس لەرێگەی نەجمەدین مەلاوە ناسیم. دەسـتـخـەتی بێکەس لە هیچ جـێگایەک نیـیـە ئیـلا لە کەشکۆڵی (مینای شکستە)ی نەجمەدین مەلادا هەیە. جارێکیان بێکەس هاتە قوتابخانەکەی نەجمەدین مەلا سـەرخـۆش بوو، شـیـعـرێکی بەدەست خـەتی خـۆی لەو کـەشکۆڵەدا کـە هی مـن بـوو نووسـیـیـەوە، من ئەو دەسـتنووسـەی بێکەسم دا بە مـامـۆسـتـا حـەمـەی مـەلا کـەریم، چونکە لەدیوانەکـەی بێکەسـدا نووسـیـبـووی: «بەداخـەوە دەسـتـخـەتی بێکەسـمـان دەست ناکـەوێ» من ئەو شـیـعـرەم بەو مـامـۆسـتـایەدا و لەچاپی دووەمـیـدا جێگیری کرد کە من لە بنی شیعرەکەدا لە کەشکۆڵەکەدا نووسـیـومـە: لە ڕۆژی فـلان لەلای نەجـمـەدین مـەلا دانیشـتـبووین، بێکەس هات و لەو لاپەڕەیەدا ئەمەی بە دەسـتنووسی خـۆی نـووسی، کـەچی ئەو مـامـۆسـتـایە ئەو نووسینەی منی چاپ نەکردووە.

**رامان:** ئەی شێخ سەلام و زێوەر ئەفەندی؟

**حەمەبۆر:** شێخ سەلامیشم هەر بەهۆی شیعرەوە ناسی و لە وەرگـرتنی بیـرەوەری لەبارەی مـەلا حـەمـدوونەوە گـەلێک سـوودم لێ وەرگـرتووە. برایم ئەحـمـەد گـەلێ شیـعـری بۆ چاک کردووم، تەنانەت کـتێبێکم لەچاپداوە بەناوی (هەمیشە بەهار)ەوە، لە پێشەکییەکەمدا گەلێک وشـەی هەڵەم بـووە ئەو بۆی چاک کـردووم و بیـری مـنی ڕاست کـردووەتەوە و زۆر ڕۆشنبـیـری لێـوە فـێـربووم و بیرەوەریم لەبارەیەوە زۆرە.

**رامان:** باسی (هەمـیـشە بەهارت) کرد ئەو هەمـیـشـە بەهارە چەند کەسی دیکەش هەیانە؟

**حەمەبۆر:** ئاخر ئەوەی من دەرم کردووە بریتییە لەوەی کـە شیـعـری چەند شـاعـیـرێکم کـۆکـردووەتەوە، بەنیـازی ئەوەی کـە وام دەزانی قـابیلیـەتی ئەوەم دەبێ مـێـژووی ئەدەبی میللەتی کورد بنوسمەوە، کە ئەوەش پرۆژەیەکی زلە بەمنداڵێکی وەکو ئەوسای من لە سـاڵی (١٩٤٠) نەدەکـرا، بەڵام عـەقـڵم ئەوەندە بوو. ئەو (هەمـیـشـە بەهارە)م دەرکرد بۆ ئەوەی پارەکـەی بدەم بە چاپ کـردنی ئەو مـێـژووی ئەدەبەو گـەلێ شـیـعـری شـاعـیـرانم بەدەسـتنووسی خـۆیان وەرگـرتبـوو، تەرجـەمـەی حـاڵم نووسیبوون، بەڵام تەرجەمەی حاڵەکە زۆر کلاسیکی بوو، تەواو وشک بوو، وەک سـاڵی ئەوەندە لەدایک بووە، کـوڕی فـلانە و قـەنەکـێش بووە. ئەو شـتـە ناتەواوانەم نووسیبوو. شیکردنەوەیەکی زانستیم لەسەر شیعرەکانیان نەکردبوو، گـیـوی مـوکریانی هات بۆ سلێـمـانی ئەوانەم دا بەگـیـو (دکـتـۆر کـوردسـتـان)ی کـچی گـیـو لەکـتـێبـێکدا بەناوی (کـەشکۆڵی گـیـو)ەوە لەچاپی داون، ئەوە زۆری هی من بوو وەخـتی خـۆی دابووم بە باوکی. زێوەریش لەگەڕەکی خۆمان بوو (عـوروز)م لە لای خوێندو برادەری زۆر دۆستم فـایق-ی کوڕی بوو کـە هەر بەهۆی شیـعـرەوە ناسیم.

**رامان:** باسێکی دەوری نەجمەدین مەلاشمان بۆ بکە لە شاری سلێمانی، پیرەمێرد دەڵێ (زانستی) چاوێکمە و (ژین) چاوەکـەی ترمـە، بەڵام لەپاڵ ئەویشـدا نەجـمـەدین مەلاش هەبووە کە خەڵکی فێری خوێندەواری کردووە، تۆ لەبارەی ئەوەوە چی دەزانی؟

**حەمەبۆر:** نەجـمەدین مـەلا بەسەدان کـەس زیاتری فێـری خـوێندەواری کـردووە. ئیـللا یەکـێـک زۆر لەگـەڵیـدا ماندووبوو، کە کوڕی حەمەباقی نەوت فرۆش بوو. حەوت سـاڵ لەلای بوو ئێـسـتـاش فـێـر نەبوو. دەیگوت: کـوڕم ز+ا= (زا)، ئەو دەیگوت مـامـۆسـتـا شی ڕێ، حـدو، مـامـۆسـتـا دەیگوت کـوڕم من شی ڕێم کـەی پێگوتی. دەیوت وەڵڵا مامۆستا من هەر وای تێدەگەم. لێی تووڕە دەبوو دەیگوت: گـاڵتەم پێ دەکەی. دەسـتی مـامۆسـتـای مـاچ دەکـرد و دەیگوت: حـەدم چییـە گـاڵتـەت پێ بکەم وەڵڵا تێناگەم.

ئەو قوتابییە باوکی ڕەفیقی نەجمەدین مەلا بوو دەهات دەیگوت بیکوژە و بیـبـڕە و بۆم فـێـر بکە. مـامـۆسـتـا دەیگوت وەڵڵا فـێـر نابێ ئاخـری ڕۆژێ گـوتی من وا دەڕۆمە دەرێ و حوجرەکە بۆ تۆ، لەوە زیاتر ناتوانم. پاش شەش مانگ هاتەوە حوجرە مامۆستا پێی گوت بڕۆمە دەرێ و حوجرەکەت بۆ بەجێ بێڵم. گوتی: جارێکی دیکە تاقیم بکەوە. من دەمەوێ تێ بگەم و فێر ببم و ئێستە هاتوومـەتە سەرخۆم و تاقیم بکەوە. مـامـۆسـتـا گـوتی بنووسـە ز+ا = (زا) ئەویش بە تەواوی نووسی و وردە وردە فـێـری خـوێندەواری بوو. مـامـۆسـتـا بەسـەدان کەشکۆڵی نووسیوەتەوە. لەپاشدا نووستنی لە بیست و

چوار سەعاتدا، هەر سێ چوار سەعات بوو، بیست و چوار سەعات هەر سەرخۆش بوو. لە حوجرەکەیدا شوێنی نووستنی نەبوو هەر لەسەر مێز و کورسییەکە دادەنیشت و لەوێ بە دانیشتنەوە دەنووست و پەتوویەکی هەبوو دەیدا بەسەر خۆیدا.. ئێستا ئەگەر سەیری کەشکۆڵەکانی بکەین دەبینین زۆر وشە خەتێکی درێژیان بەسەردا هاتووە، ئەوە ئەو کاتەیە کە خەوی لێکەوتووە، جا بەیانی کە خەبەری دەبۆوە دەیسڕییەوە. زۆر ئەدیب و شاعیر بوو. چوار زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردی باش دەزانی و شیعری سەدان لە شاعیرەکانی کوردی لەبەربوو بە تەفسیری شیعرەکان و هەڵهێنانی (موعەمما)کانیانەوە لەگەڵ سەرگوزشتەیان، بەسەدان قوتابی نەخوێندەواری کردە خوێندەوار، بە ڕاستی شاعیر بوو، نووسەر بوو، وێژەدان بوو.

**ڕامان:** باسی کتێبەکانی خۆتمان بکە، چونکە تۆ لەسییەکانەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی، یەکەم جار شیعرت لە (ژین) بڵاوبووەتەوە، تائێستا لە چاو ئەو مێژووە دووردرێژە تۆ بەرهەمت کەمە. جا تۆ باسی ئەوانە بکە کە چاپت کردوون؟

**حەمەبۆر:** جارێ ئەوەی چاپم کردووە باسی (هەمیشە بەهار)م کرد، لەدوای ئەوە عەلائەدین سەجادی بیری چووە، یان ئاگای لێ نەبووە ئەویش کتێبێکی چاپ کرد ناوی لێنا (هەمیشە بەهار)، هەڵبەستێکی (مەدهۆش) لەو هەمیشە بەهارەمدا هەیە، مەدهۆش دوای من بەناوی هەمیشە بەهارەوە شیعرێکی چاپ کردووەتەوە. منیش ئەو کتێبەم لەلای پیرەمیرد لە ساڵی ١٩٤٠ چاپ کرد. کە حەپس کرام، دوای حەپس کرانەکەم لە بەغدا لەدوورخراوەیی (مەنفی) بووم، لە بەغدا نیوەکەی تری (هەمیشە بەهار)م لە ١٩٤١زدا لەچاپخانەی (نەجاح) چاپ کرد، واتە لەدوو چاپخانە چاپ کراوە، تەنانەت حەرفەکانی ئەو دوو چاپخانەیە جیان و دیارن، مامۆستا نەریمان لە بیبلۆگرافیاکەیدا نووسیویەتی ئەوە بۆچی ئاوایە. ئەوەیە مەسەلەی چاپی ئەو کتێبە، لەدوای ئەوە کتێبی تەلقیحی صناعی مانگام بەکوردی لە بەغدا لە چاپداوە.

هەروەها (چەوەندەری شەکر)م بەکوردی چاپکردووە. دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی لەلای مامۆستا هوشیار قەفتان چاپ کراوە، کەچی کردیان بەناوی ئومێد کاکەڕەشەوە. ئومێد کاکەڕەش تەنیا نوسخەکەی چاپی شێخ عەلی تاڵەبانی کە نەوەی شێخ ڕەزایە (کۆپی) کردووە و لەگەڵ پەراوێزەکانی شێخ محەممەدی خاڵ کە بە ئۆفسێت چاپکراوە ، کە مامۆستا هوشیار ئەوەی هێنا بۆ لای من هەموویم تەسحیح کرد و زۆری هەڵە تێدا بوو کە چاکم کردن، تەنانەت لەدایک بوونی شێخ ڕەزا و دەیان هەڵبەستی چاپ نەکراوم تیا نووسی، بەڕوونکردنەوە و بۆنە و واتایانەوە و من لە بنی هەموو نووسینەکانمدا نووسیبووم حەمە بۆر، حەمەبۆر، حەمەبۆر، کەچی کە چاپکرا دیتم لە جێگەی (حەمە بۆر) نیشانەی #یان داناوە، بە واتای کارە هەرە گرنگەکەم لەو دیوانەدا گوم کراوە و نووسیویانە (حەمە بۆر) پیاچووەتەوە، لەکاتێکدا ئەگەر ئەوانەی منی لێ دەربێنی، دیوانەکە هیچی نامێنێتەوە و بریتی دەبێ لە (چاپکردنەوەی) چاپەکەی (شێخ عەلی).

**ڕامان:** کتێبی دیکە چیت هەیە؟

**حەمەبۆر:** کتێبی دیکە ئەوە مستەفا بەگی کوردی چاپکراوە و لەهەولێرە و هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، کتێبی (مەلا حەمدوون)ی شاعیر و زاناو بلیمەتی کوردم لەگەڵ (مامۆستا محەمەد عەتا) کە (مەلا حەسەن) مامی باوکێتی زۆری لەچاپدراوە و هەر هەڵبەستەکان ماون تا بکەوێتە بازاڕەوە. ئەگەر بشمێنم شێخ ڕەزا دەست پێدەکەم بەچوار زمان و دوو ئەوەندەی چاپ نەکراوم خستووەتە سەر. کتێبی دیکەشم زۆرە، کتێبم هەیە لەسەر ساڵنامە، ساڵنامەی هەرچی میللەتەکان هەیە، لەوانە ساڵنامەی زێوەر ئەفەندی تێدایە، ساڵی کردووە بە سێزدە مانگ. هەرمانگی کردووە بە چوار هەفتە. گوتم: مامۆستا ئەوە بۆ وەهات کردووە؟ مامۆستا زێوەر فەرمووی: بۆ مووەزەفی کوڵۆڵ، بۆ ئەوەی مەعاشەکەی ببێ بەسێزدە مانگ لە ساڵێکدا. هێشتا کەس لەو بەرهەمەی زێوەر نەدواوە.

**ڕامان:** ئەی کتێبێکت لەسەر (هەرکییەکان) هەبوو؟

**حەمەبۆر:** جارێکیان لەهاوکاریدا نووسیم (پەنجاو یەک) کتێبم هەیە کە تەمیز (پاکنووس) نەکراون. هەرکی و ساڵنامە و گەلێ کتێبی دیکە لەوانەن. بۆ نموونە دەرمانسازی کوردی... هەرکییەکانم لەپێش زانییەوە بەمێژووی چاپکراوەوە هێناوە تا ٤٠٠ ساڵێک بەر لەم چەرخە و لەوە پاش بە بۆنەی فۆلکلۆری خۆیان ئەو

کتێبەم نووسیوە کە پەڕاگەندە و ڕەشنووسە.

**ڕامان:** ئەی لەژیاندا چەند جار (بەند) کراوی؟

**حەمەبۆر:** جارێک پیرەمێرد لەسەر شیعر بە گرتنی داوم کە لە پێشەوە ڕامگەیاند و جارێکی دیکەش مودیری شورتەی (سلێمانی) «جمیل بەگ»ی ناوبوو، کەرکووکی بوو، پۆلیسێک هاتوو و منی برد بۆ لای ئەو. ماوەیەک سەیری کردم و گوتی: سەرسەری، ئەدەب سز (جەڕەسی لێدا) و (مەزهەر ئەفەندی) بانگ کرد و گوتی ئەمە بخەنە حەپسخانەوە و وەرەوە موزەکەرەکەم بۆ پڕ کەرەوە، ئەویش منی برد و پێم گوت مەزەرە ئەفەندی دەمانچەم پێیە چۆن دەمبەی بۆ سجن، با بچینە ژوورەکەی خۆت تەسلیمت بکەم. گوتی ژوورەکەی من بەرامبەر بەژووری مودیری پۆلیسە، ئێستا تۆ بەرمە ژوورێ لەوانەیە بمانبینێ و پێم دەڵێ بۆچی بردتە ژوورێ. دەمانچەکە لە ئەدەبخانەی بەندیخانەکە لەبەرگتدا چاک بشارەوە و بۆ جارێکی دیکە بانگت دەکەم و دەمانچەکەت لێ وەردەگرم. کردمیە ژوورێ، دوای تۆزێک بانگی کردم و دەمانچەکەم دایە و ئەو بۆی ناردمەوەماڵەوە.

هەشت، نۆ ڕۆژ حەپس بووم، دوایی خەبەرم زانی ئەو (جەمیل بەگ)ە لە خانووی تۆفیق بەگی برای ئەحمەد حەمدی بەگی ساحیبقران دایە و کرێچی ئەوە کە بەرامبەر سەراو شورتە بوو. دوای ئەو دکتۆر جۆرج چووە ئەو ماڵەوە. مودیری شورتە لەوێ بوو. ئەو مودیری شورتەیەش ئەوە بوو کە کوڕەکەی پەلاماری (مەندانە)ی کچەکەی شێخ سەلامی دابوو. ڕۆشن خان ژنی شێخ سەلام لەمەحکەمەدا تەقەی لەو کوڕە کرد بوو، کچەکەش پێوەندی لەگەڵ ئەودا نەبوو. ڕۆشەن خان کوڕەکەی بریندار کرد. کە زانیم (جەمیل بەگ) لە خانووی تۆفیق بەگ دایە جوابم بۆ دایکم نارد بچێ بۆ لای تۆفیق بەگ کە تێکەڵیمان لەگەڵیدا هەبوو. تۆفیق بەگ چوو بۆ لای و گوتی هاتووم ئەو کوڕەم بۆ بەردەی. لە بەندیخانەکەوە دیم کە تۆفیق بەگ و دایکم چوون بۆ لای مودیری شورتە. لەپاش تۆزێک پۆلیسێک هات و بانگی کردم. دیتم تۆفیق بەگ دانیشتبوو، مودیر گوتی لە مەودوا عاقڵ بە سەرسەری بی چاوت دەردێنم. ئەوە ئەم جارە لەبەر خاتری بەگ بەرت دەدەم. کە لە ژوورەکەی (جەمیل بەگ) دەرچووم و تۆزێک دوورکەوتمەوە برای ئەنوەری حاجی حەمە ئاغا یەکێک لە شیوعیە گەورەکانی سلێمانی بوو، حەمەی ناو بوو، ئەو حەمەیە لە دادگا ئیشی دەکرد، بەڵام پێشتر لە سیحەی سلێمانی موزەمید بوو، لەبەر ئەوە بە حەمەی خەستەخانە بەناوبانگە. ئەو ڕۆژێک پێش گرتنی من مودیری شورتە لەبەر سەرای سلێمانیدا دەبێ، ترۆمبێلێک بەخێرایی دەڕوا و جەمیل بەگ بەگورجی خۆی لاداوە و سیدارەکەی کەوتووەتە خوارێ، شێخ لەتیفی شێخ مەحموود لەگەڵ ئەو حەمەی خەستەخانەیە کە ڕەفیق بوون. کە کڵاوەکەی مودیر کەوتبووە خوارێ هەردووکیان دەست دەکەن بە پێکەنین. لای ژوورەکەی مودیر ئەو حەمەیە باوەشی پێداکردم گوتی بەقوربانت بم، ئەوە چەند ڕۆژە تۆ لەجیاتی من گیراوی. هەر لەگەڵ وای گوت گوتم: پۆلیس پۆلیس مودیری شورتە ئەوەی دەوێ. پۆلیس هات و گرتی و لەگەڵم هاتە ژوورێ. مودیری شورتە گوتی: ئەوە بۆ هاتییەوە. گوتم یەک قسەم هەیە ئەگەر یارمەتیم بدەی. ئەوەی کە جەنابت لێی عاجزی و بە سەرسەری دەزانی ئەمەیە من نیم، ئەمەیە کە سیدارەکەت کەوتووە و لەگەڵ شێخ لەتیف پێت پێکەنیون. پێم دەڵێ بە قوربانت بم لەباتی من حەپس بووی. تۆفیق بەگ گوتی: من هاتووم و تازە دەبێ لەو ڕووداوە خۆش بی و نابێ ئەو بەربدەی ئەو بگری، ئیتر ئەویش ڕزگاری بوو.

جارێکی تریش لەسەر برایەتی گرتمیان، کە مستەفا قەرەداخی موتەسەریف بوو گرتینی و من و نووری شاوەیس و مەلا ئەسعەدی خانەقا و شێخ لەتیفی دانساز و مەلا جەلالی سەعاتچی و حەمەی تاپۆ و شێخ عەبدولقادر و سەعید بەگی یار ئەحمەد بەگی جاف و برایم گورونی و ئەحمەد شوکری و عیزەتی مەلا سەعیدی کابان، حەپسی کردین و ناردینی بۆ کەرکووک و لەوێوە بۆ حەویجە بۆ ماوەی شەش مانگ ئێمە لەوێ چاڵمان هەڵدەکەند کە لە (زێ)وە ئاوی بۆ بچێ، چونکە ئەو حەلە حەویجە چۆڵ بوو، بەشەری تێدا نەدەژیا. گیای تێدا نەبوو، ئاوی نەبوو، بەڵام زەمانی ئاشوورییەکان ئاوی بۆ هێنرا بوو لە (زێ)= (زاب)ەوە کە ئاشووری نەماون کوێر بووەتەوە. عەباسییەکان هاتوون، ئەوەیان دروست کردووە و بە فیل هەڵیان کەندووە لەباتی ئەوەی (گا) عەرزەکە بکۆڵێ، بۆیە ناونراوە (حفر الفیل) بەر لە بەندکردنەکەمان سەرەک عەشیرەتی (عوبەید) لە فەیسەڵی یەکەم یاخی بووە و لە مفاوزاتێکدا گوتوویە

ئیسکانمان بکە، ئێمە هەروا بە بێ جێ دەژین. فەیسەڵ دەڵێ لەکوێ؟ شێخ دەڵێ لە (حەویجە). فەیسەڵ گوتوویە (بێ ئاوە) و پارەم نییە ئەو جۆگەیە هەڵکەنم. شێخ گوتوویە ئەو هەموو حەپسە چییە؟ ئەوانە بێنە ئیشیان پێ بکە، ئیتر هەرچی حەپس هەبوو لە حەپسخانەکانی عیراق دەیان بردنە ئەوێ و ئێمەشیان ناردە ئەوێ کە لەوێ ئیش بکەین. ئەو عەرەبانە لە (حەویجە) لەسالّی ١٩٤٠ز بەدواوە لەوێن و عەرەبی ڕەسەن نین لەناوچەکە و بوونەتە ئەم تیرۆرستانەی ئەو دەڤەرە، چونکە دەزانن کەرکووک ببێتە هی کورد، ئەوان چارەیان دەرچوونە.

**ڕامان:** بەدرێژایی کاری نووسینت لەگەڵ خوێندنەوە چۆن بووی؟

**حەمەبۆر:** من چوار ژنم هێناوە شەوی زاوایەتیم خەوم لێنەکەوتووە هەتا کتێبم خوێندووەتەوە. کتێبیشم هەبووە ٥٠٠ لاپەڕە بووە. ئێوارە پاش نان خواردن پاڵ کەوتووم و دەستم کردووە بە خوێندنەوە، کە تەواو بووم گوتوومە با سەرخەوێک بشکێنم. بینیومە بەیانییە و دەبێ بڕۆم بۆ دائیرە، ئێستەش ئامادەم پرسیارم لەسەر کتێبی ئیبن ئەسیر و چی و چی لێ بکەی وەڵامت بدەمەوە. کە پەنجا ساڵ لەوە پێش خوێندوومنەتەوە.

**ڕامان:** زیاتر حەزت بە خوێندنەوەی چ بابەتێک بوو؟

**حەمەبۆر:** لەسەرەتاوە حەزم بەخوێندنەوەی چیرۆک دەکرد. چیرۆکم دەنووسی، دوازدە چیرۆکم هەیە لەوانە (خونچەی جوانە مەرگ) زۆر بابەتی لەو چەشنە کە بۆ بەهێز بوونم لە بواری چیرۆکنووسیدا دەمخوێندنەوە. هەروەها بابەتی ئەدەبی و مێژوویی و زمان و فۆلکلۆرم زۆر خوێندووەتەوە.

**ڕامان:** ئەی بۆ بڵاوت نەکردوونەتەوە؟

**حەمەبۆر:** ئەوە باسێکی درێژ و جیاوازی سیاسی هەیە، با جارێ بمێنێ. ژمارەی کتێبم گەیشتە (٢١) هەزار بەبێ ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی هەموو جیهان بە تەواوی. ئاخری لە برسانا لە بەغدا فرۆشتمن، بەکۆمەڵ و بەسەبەتە دەمفرۆشتن. هۆی بڵاونەکردنەوەیان ئەوەیە کە (برایەتی) خۆی پووکایەوە و نەما و وازمان لێ هێنا و برایم ئەحمەد کاریگەری لەسەرمان هەبوو، لەولاشەوە هیوا کاری لێ کردین. کاریگەری سێیەم شیوعیەکان بوون، ئەو جەماعەتی حەیدەری و مەیدەری دەهاتن بۆ ناو برایەتی کە هەر مابوو دەیانگوت ئێمە وازمان لە حزب هێناوە، یان دەرکراوین دەهاتنە ناو ئێمە (برایەتی) دەهاتنە ناو پارتیشەوە، چەند کەسێکیان لە ئێمە، یان لە پارتی-یان هەڵدەگێڕایەوە و دەیانبردنە لای شیوعی، کە من یەکێک بووم هەر لە سەرەتاوە لەگەڵیان نەبووم و نیم و نابم، لەم بارەیەوە زۆرمان قوربانی داوە.

ئیتر شێوانێک پەیدابوو، من لەدواییدا کە لە هیچ لاو حزبێک نەمابووم، چونکە دەمبینی ئەم خزمەتی دەربەگ دەکات و ئەویش گوریس کێشەکەیە، دواتر من وەک ئەندامێکی حزبی، ئازادی ڕادەربڕینم نییە. ئەمانە وایان لێکردم لەو دەمەوە لە حزبدا نەمێنم. باسیشم کرد کە پارتی بە ئەندامی خۆیم دەزانێ، بەڵام من حزبایەتی ناکەم و ئیتر هەموان دۆستایەتییان لەگەڵدا دەکردم و ئەو بە پارتی و ئەم بە شیوعیی دەزانیم و ڕێگەی بڵاوکردنەوە و چالاکیم لێ تەنراو ئەوە هۆی بڵاونەکردنەی بەرهەمەکانمە.

**ڕامان:** پرسیارەکەی من باسی ئەوە نەبوو، باسی جۆری خوێندنەوە و ڕۆشنبیرییەکەت دەکەم؟

**حەمەبۆر:** دەزانم جا با بێینە سەر ئەوە، ڕۆژێک لەڕۆژان کۆمەڵەیەک هەبوو پێیان دەگوت (یانەی سەرکەوتن)، ئەمە هەرچەندە (شیوعی و پارتی) بەڕێوەیان دەبرد، بەڵام تاڕادەیەک خزمەتی خەڵکیان دەکرد و چاک بوو، کتێبخانەیەکیان هەبوو، گۆڤارێکیان بەناوی (هیوا)وە هەبوو. ئەو گۆڤارە بەینێک دەرچوو، لەپڕێک ڕاوەستا، من نووسینم تیایدا هەیە. برادەرم مامۆستا (عەبدولڕەزاق بیمار) لەو یانەی سەرکەوتنەدا بوو، بەمنی دەگوت وەرە لامان، پێم دەگوت من بەندەیی بۆ هیچ حزبێک ناکەم، خۆم بەکوردێکی پاک دەزانم، کوردایەتی پاک لەکام حزب و لایەکدا هەبوو بە دڵ پشتگیری دەکەم.

**ڕامان:** ئەوە یانەی سەرکەوتنی ساڵی سییەکان نییە، ئەوە هی ساڵانی پەنجایەکانە؟

**حەمەبۆر:** بەڵێ ئەویان لە بەغدا بوو، ئەوەی ئێمە باسی دەکەین لە کەرکووک بووە، ئەوەیان دوای پەنجاکانە. گوتم کاکە بیمار من بۆچی بێم؟ گوتی کەسێکمان نییە سەرپەرشتی (هیوا) بکات. گوتم من بۆ ئەوە حازرم. گوتی پارەیەکی باشت بۆ دەبڕینەوە. گوتم: پارەم ناوێ تەنیا گۆڤارەکە دەرچێ. گوتی ئەو جومعەیە

کۆبوونەوەمان هەیە پێکەوە دەچین و گۆڤارەکە دەخەینە ئەستۆی تۆ.

ئینجا لەگەڵ مامۆستا عەبدولڕەزاقدا چوومە (یانە) و ئەو چووە کۆبوونەوەکەیان،کە هاتە دەرێ. گوتم: چی بوو؟ گوتی: بە خودا جارێ پارەیان نییە، با پارە ببێ ئیتر بۆت جێبەجێ دەکەین. دەی مانگێک، دوو مانگ، سێ مانگ لە ئاخریدا گوتی: با ڕاستیەکەت پێ بڵێم: ئەو ڕۆژە کە باسی تۆم کرد لە کۆبوونەوەکە (موکەڕەم تاڵەبانی) ڕووی کردە ناهیدە سەلام گوتی: ناهیدە خان بۆ من نازانم حەمە بۆر پارتییە و لەلای ئێوەیە. گوتی: تۆ خەریکی پارتی دێنیتە ناو گۆڤارەکەوە، من ئەوە قبووڵ ناکەم. ناهیدە خان گوتبووی من حەمەبۆر چاک دەناسم و ڕەفیقی نووری مێردمە و ئێمە دەزانین ئەو شیوعییە تۆ حەمەبۆرت بۆ ئیرە هێناوە، بەڵگەم ئەوەیە عەبدولڕەزاق ئەوی هێناوەتە گۆڕێ، لەبەرئەوە منیش ڕازی نیم. ئینجا وەڵامەکەت لێرەدایە کە هەرچی دەمویست نووسینم بڵاو کەمەوە. پارتی دەیگوت حەمە بۆر شیوعیە و شیوعی دەیگوت حەمە بۆر پارتییە. ئیتر ئەوە بووەتە هۆی ئەوەی تا ئێستا بەرهەمم کەمە و هەموویان بڵاو نەبوونەتەوە. هی وا هەیە بیست، سی کتێبی هەیە. هەمووی ڕوبعە کتێبێک نین. من مەدحی خۆم ناکەم، شتی باش لەکتێبەکانمدا هەیە.

**ڕامان:** ئەی چەند جار کتێبەکانت فەوتاون؟

**حەمەبۆر:** جارێکیان لە ١٩٤٠ دابوو حەپسیان کردم، چەند ڕۆژێکیان گرتم و بەریان دام، کە منیان حەپس کرد ماڵەکەمیان پشکنی. لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم و بەریاندام. کە بەریاندام دوای چەند ڕۆژێکی دیکە ماڵەکەیان پشکنییەوە. پێنج شەش ڕۆژی دیکەی پێچوو جارێکی تر هاتن ماڵەکەیان پشکنییەوە. ئەو جاری سێیەمە گوتم: بابە ئەوە سێ جارە دێن، کتێبەکان بەرن و نەجاتم بدەن. گوتیان دە ڕێگامان بدە تۆزێک دادەنیشین و دەڕۆین. منیش لە ژوورەکەی ترمان کتێبەکانم قڵێپ کردەوە و نەوتم پێداکردن. هاتن گوتیان چ دەکەی؟ گوتم: بچن بڵێن کتێبەکانی سووتاند و تەواو. دایکم هات، قورئانێکی لێ بوو گوتی: تۆ حەقی ئەو قورئانە ڕێگام بدە برێک لەکتێبەکان بێنمە دەرێ. چەند کەشکۆڵێکم هەبوو. ئەوانەی هێنایە دەرێ. قورئانێکی تێدابوو ئەوەی هێنایە دەرێ. بەعزێک کتێب هەبوو بەوەدا کە بۆم دەخوێندەوە دەیناسینەوە، ئەوانەی هێنایە دەرێ. زۆر کتێبم سووتاند، دوای ئەوە جگە لەوەی زۆرم لێ دزراوە ئیتر قەت کتێبخانەکەم نەپشکێنراوە و نەسووتاوە و نەفەوتاوە، بگرە زۆرتربوون و گەیشتە بیست و یەک هەزار کتێب، چوار هەزارێکم هێنایەوە سلێمانی، حەڤدە هەزاریم هەر لە بەغدا خوارد، ئەویش بە کولەمەرگی پێی دەژیام.

**ڕامان:** ئەی دەستنووسەکانت لەکوێ پەیدا دەکرد؟

**حەمەبۆر:** لە هەر کوێ ببوایە و بمزانیبایە دەچووم، چونکە سەرەتا موزەمیدی سیحە بووم، دوایی بوومە مووەزەف سحی، دوایی بوومە موزەمیدی بەیتەری. دوایی بوومە معاونی بەیتەری کە بەپێی ئەو کارانەم دێهاتەکان دەگەڕام. لەلای هەر مەلایەک کەشکۆڵێکم بدیتبایە بەخواهیشت لێم دەستاند، یان لێم دەکڕی، یان دەرمانم دەدایە و تەداویم دەکرد، یان ئاژەڵەکانیم بەچاکی بۆ تیمار دەکرد. یا هەر بە بەلاش کتێبەکەی دەدامێ.

**ڕامان:** ئەی دەستنووسی (مینای شکستە)ی نەجمەدین مەلات چۆن دەست کەوت؟

**حەمەبۆر:** ئەوە هی نجمەدین مەلا بوو. سێ بەرگ بوو پێشکەش بە منی کرد، سێیەمیان هەموو هەڵبەستەکانی پیرەمێرد بوون کە نەجمەدین مەلا گردی کردبوونەوە و نووسیبوونییەوە چی ئەوانەی لە ئەستەمبوڵ، یان لە ئێران و لە هەرکوێیەک بڵاوی کردبۆوە. هەمووی پەیداکرد و لە دەفتەرێکی گەورەدا کە نزیکەی ٥٠٠ پەڕە بوو، پێنج شەش لاپەڕەی بەسپێتی لەپێشەوە بەجێ هێشت کە گۆیا پیرەمێرد پێشەکی بۆیان بنووسێ.

پیرەمێردیش ئاگای لەوە هەبوو. هەموو جارێ کە دەهات دەیگوت ها نەجمەدین چیت کرد، دەی بۆم بهێنە، کە دەیدایە بەدەستنووسی، پیرەمێرد خۆی بۆی ڕاست دەکردەوە، یان لێی زۆر دەکرد، کە تەواو بوو من و نەجمەدین مەلا چووینە (قەلەندەرخانە)کەی پیرەمێرد و دەفتەرەکەی دایە. بەدوو سێ ڕۆژ هەمووی خوێندەوە و پێشەکییەکی لەسەر نووسی. پێشەکییەکە کورتەکەی ئەوەیە: «پیاوێک هەبوو زۆر لاپرسەنگ و هیچ و پووچ بوو کە حوکمی ئیعدامیان دا بەسەریدا ئەوەندە بێکارە و بێ قیمەت بوو، پەتی سێدارە سەری ئەوی قبووڵ نەکرد، ئەو کابرا هیچ و پووچە بێ عەقڵییەکی دەست پێکرد وەکو مەلاکان دەیان گوت: جێژنی نەورۆزی دروست دەکرد

و مەجووسیەتی بڵاو دەکردەوە، لەو ڕۆژی جەژنەدا ئەو کابرایە یاپراخی دابەش دەکرد و بەسەر خەڵکدا دەگەڕا بزانێ کێ یاپراخی نییە. بە دەوری بەسەریاندا دەیگێڕاو دیتی سیدارەکەی بەدەست منداڵێکەوەیە و دەیفرۆشێ دەیدا بەدوو پوول، یەکێک پوولێکی دەدایێ. ئەی نەجمەدین! کابرایەک سەری ئەو پەتی سێدارە قبووڵی نەکردبێ و سیدارەکەی پوولێک بکات، ئەو پیاوە ئەوە هەڵناگرێ کە تۆ بۆت کردووە، لەبەر ئەوە هیچ ناتوانم بەرانبەر بە تۆ تەشەکور بکەم. خۆم هی تۆم، سەرم هی تۆیە، مەتبەعەکەم هی تۆیە،ماڵم هی تۆیە. هەرچی چاپ بکەم هی تۆیە، ئیتر ناتوانم هیچی دیکە بڵێم. ئەو کەشکۆڵەی پیرەمێرد کە نەجمەدین مەلا دای بەمن بەدەستیاو دام بە برادەرێکم (ئەحمەی چۆڕەچێشت) ڕایکردە تاران و نازانم کەشکۆڵەکە چی لێهات.

**ڕامان:** بەرانبەر بەچی ئەوەی بەتۆ دابوو؟

**حەمەبۆر:** هەروا بەخۆڕایی دایمێ، زۆر دۆست بووین. زۆر خزمەتیم دەکرد و خواردنی ماڵەوەم بۆ دەبرد. ئەویش ڕەنگە بیست – سی کەشکۆڵی دەستنووسی خۆی داوەمەتێ وەک: دیوانی ئەحمەدی کۆر کە بۆ خوێندنەوە دام بە نەمر (مەلا مستەفا بارزانی) چەند جارێک مەلا مستەفام بینیوەو داوام لێ کردووە، دەیگوت چی دەڵێی دەتدەمێ و ئەوەت نادەمەوە، چونکە لەگەڵ قورئانەکەمدا دوو هاوڵمن و هەموو ڕۆژ دەیانخوێنمەوە، هەروەها لەو کەشکۆڵانەی بۆی نووسیومەتەوە دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف بوو کە برادەرێک لێی دزیم.

**ڕامان:** ئێستا ئەو دەستنووسانە چییان لێهات؟

**حەمەبۆر:** زۆریانم لەبەغدا فرۆشت، یان بەخاتوو هێرۆ خانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدم فرۆشتن. لە دیوانی ئەحمەد هەردی سی و پێنج پارچە شیعری لە لای منە کە لە دیوانەکەیدا نییە و لەلای کەس نین، تەنانەت مامۆستایەک بۆ لەندەن چوو بوو بۆ لای (هەردی) کە نامەی ماجستێری لەسەر وەرگرت. (هەردی) گوتبووی: من تاقەتم نییە، حەمەبۆرێک هەیە لەبەغدا بچۆ بۆ لای ئەو، ئەو لەخۆم باشتر دەزانێ و هەڵبەستی چاپ نەکراومی لەلایە.

**ڕامان:** ئەو سی و پێنج شیعرەی هەردی-ت چی لێکرد کە لەناو کەشکۆڵێکدا بووە؟

**حەمەبۆر:** ئەوەیان دەستنووسی خۆمە ناوی (شەنگ)ە، ئەو کەشکۆڵەم دا بە مامۆستای ماجستێرەکە و دوایی بۆی هێنامەوە، ئێستە لای بەڕێز خاتوو هێرۆخانە. ئەو شیعرانەی (هەردی) زۆری شیعری چاکیشن، ئیتر ڕێک نەدەکەوت لە چاپی سێیەمدا چاپ بکرێن و بیانخاتە ناو شیعرەکانییەوە. ئەویش چۆنم دەستکەوت، ئەحمەد هەردی لەناو شاعیراندا زۆر برادەرم بوو، وەکو لەحەیواندا (مەڕ) بەرخی خۆی ناگرێ، بزن کاری خۆی ناگرێ، ئەوە لەکوردیدا پێی دەڵێن (نەبان)، ئەم بزنە نەبانە، ئەو مەڕە نەبانە. ئەحمەد هەردی لە شاعیرێتیدا ناوم ناوە (نەبان). شیعر دەڵێ و پێی ڕازی نییە و نایگرێتەوە خۆی. ئایا ئەوانم چۆن دەست کەوتن، باوکی پیاوێکی تلیاک کێش بوو لەئەنجامی نەخۆشییەکەوە فێری بووبوو، خەیاتێکی پسپۆڕی بەرگی کوردی بوو، بەرگی لەلای خەیاتەکانی سلێمانی کۆدەکردەوە. خێرا دادەنیشت و دەیدروون. دەیبرد پارەی کەمتری لەو خەیاتە وەردەگرت، وێژەوانێکی زۆر شارەزاو وردبوو. دەچوومە ماڵیان، یان هەردی دەهاتە ماڵمان. دایکێکی کوێرە مووشەی چاو پڕ و پووشاوی، بەڕاستی ئافرەتێکی چاک و زمان شیرین بوو، تەماشام کرد تاقێکیان هەبوو کتێبی مەکتەب و شیعر و هەرچی هەیە لەوێ دانابوو. ڕۆژێک پێیدا گەڕام، کتێبەکانم بۆ ڕیز کرد و بردمن و بۆیم تەجلید کردن و هەرچی کاغەزی شیعرەکانی هەبوو بردمنە ماڵێ و هەمووم بە دوو نوسخە بۆ نووسییەوە، یەکێ بۆ من و یەکێ بۆ خۆی لەدەفتەرێکدا، ئەو حەلە هەڵبەستەکانی کە لای خۆی مابوون سی و پێنج پارچە شیعر بوون کە بەکاغەزەکانی خۆیەوە دامنەوە بەخۆی. لەو ڕۆژانەدا هەڵبەستێکی دیکەی داناو گوتم ئایا لە دەفتەرەکەدا نووسیوتە؟ یان من بۆت بنووسمەوە؟ گوتی: هەموو دەفتەر و کاغەزەکانیشم دڕاندن. ئیتر ئەو شیعرانە لای من مانەوە. زۆر تێکەڵیم لەگەڵی هەبوو، گەلێ نهێنی ژیانی ئاگەدارم و زۆر بەدڵ دۆستی یەکتر بووین.

**ڕامان:** بەناو کوردستان و بەغەیری کوردستاندا گەشتی زۆرت کردووە، چەند سوودت لەم گەشتانە وەرگرتووە؟

**حەمەبۆر:** گۆی زەوی پێنج کیشوەرە من ئەمریکا و ئوستورالیای لێ دەرکە، ئەوانەی دیکەم هەموو دیوە. ئاسیا نزیکەی هەمووم دیوە، بێجگە لە چین و ژاپۆن و ڕووس. (ئەورووپا) ناوەند و خوارووم دیوە و ئەفەریقا لای سەروەکەی و کەمێ بەرەو خواریم دیوە بۆ گەشت و

گوزار بۆیان چووم، نەک بۆ (سەگ شۆرین).

**رامان:** ئەی لەکوردستان؟

**حەمەبۆر:** بێگومان کوردستانیشی تێدایە سووریا و لبنان و ئازەربایجان و ئەفغان و بلووچ و پاکستان و تورکیە و عیراق بووە. لەو بەشانەی کوردستاندا تەنیا لە پاکستان (برا خۆبیەکانم دیت) کوردن. وەتەنیەتێکیان هەیە زۆر پاک و بەهێز و خۆیان بەکورد دەزانن، هەر لەگەڵ زانییان من کوردم شانیان ماچ دەکردم و دەستیان ماچ دەکردم. هەواڵی شۆڕشی مەلا مستەفایان لێ دەپرسیم، تا چەند سەرکەوتووە؟ کوێی گرتووە؟ کوێی نەگرتووە؟ زۆر پێوەندییان بە کوردو مێژوویەوە بوو. محەمەد غولام کە کتێبێکی لەسەر کوردستان دەرکردووە پاکستانییە و لەوانە، ئەو پیاوە لە نوقتەی چوار کاری دەکرد، کە ئەم نوقتەی چوارەمە حیلفێ بوو ئەمریکییەکان سەروکاریان دەکرد بۆ ئەوەی دەست بەسەر وڵاتاندا بگرێ، هاوکاری و کۆمەکی میللەتانی دەکرد، هەم بۆ زانیاری کۆکردنەوە و هەم بۆ دەست بەسەرداگرتن بەسەر ئەو میللەتانەدا. ئەو پیاوە یەکێکە لەو کوردانە و تەنانەت خزمی ژنەکەی ئەو دەعوەتی کردم بۆ ماڵەوەیان و گوتی بەخودا سبەینێ دێی بۆ ماڵی ئێمە. گوتم بابە من کارمەندم ئیزنم (ئیجازە) دیاریکراوە. ئەو ناوچەیە بەپیتترین شوێنە لە جیهاندا کە (پەنجاب)ە. ئەو ناوچەیە وەختی خۆی هەر کوردستان بووە، بەهۆی ئێران کە ئەوێی داگیر کردووە لێک پچڕاوین.

هیندستان و پاکستان، بەلووچیان داگیرکردووە، بەهۆی ئەوەوە لە ئێمە دوورکەوتوونەتەوە، ئەگەرنا کوردستانن. ئێران کەوتووەتە بەینمانەوە و لە بەلووچی پچڕاندووینەتەوە. لە ئەفغانستان چووم کوردم بینی و رۆژئاواکەی کوردستانە و جێژنی نەورۆز زۆر ماڵە کورد لەوێ دەعوەتیان کردم. هەروەها لە (ئەرمەنستان) بەشێکمان هەیە. ئێستا کە باس دەکەن باسی ئەو چوار پارچەیە دەکەن. ئەی کوردستانی رووسیا بۆ ناڵێن کە لەهی سووریا گەلێک زیاترە. تا ئێستا کەس باسی ئەو نوقتەیەی کوردستانی رووسیای نەکردووە. ئەمە قسەی من نییە قسەی پرۆفیسۆر جەمال نەبەزە کوردەکانی تورکیامان لە هەموو کوردان نیشتمانپەروەرترن، بەڵام زۆر چەوساوەن.

**رامان:** مەبەستم لەو گەشت و گوزارەت بەناو پارچەکانی کوردستاندا زانیارییەکی زۆرت لەبارەی ئاووهەوا و بیروبڕوای عەشایر و ئەوانەوە هەیە. مەبەستمە باسی ئەوە بکەی. یانی زانیویانە کەی بارانە کەی بەفرە؟

**حەمەبۆر:** کوردستان لەبەر فراوانی هەموو شتەکانی دنیای تێدا هەیە. ناوچەی ساردی هەیە، ناوچەی فێنکی هەیە و ناوچەی گەرمی تێدا هەیە، ئەوەند وڵاتێکی بەرینە، ئەوە بەرەکەتی مەعادن و بابەتە سروشتییەکان کە لەکوردستاندا هەیە لەهیچ وڵاتێکدا نییە. کانزای وامان هەیە هێشتە ناوی و چیەتییەکەی نەزانراوە وەک (بەردەقیر). ئەو قابیلیەتەی لەمیللەتی کورددا هەیە کە زۆر زیرەکن و زۆر قابیلن، لەمیللەتەکانی دیکەدا ئەوەندە نییە. لەهەڵبەستێکمدا کە لە گۆڤاری (هیوا)دا بڵاوکراوەتەوە کانزاو بەروبوومکانی کوردستانم دیاری کردووە. جا لەبەر ئەوەی کورد یان کۆچەری، یان نیوەکۆچەری، یان نیشتەجێ بووە و پێوەندی خێڵەکێتی ناوخۆیانیان گوم نەکردووە و خێڵەکییەکان و نیوە خێڵەکییەکانیان بەدوای لەوەڕاندنی ئاژەڵیانەوە، بە لەوەرگایەکان (پاوەن) گەرمیان و کوێستانیان کردووە، بۆیە سروشتی خاکەکەمان ئەوانەی کردووەتە پسپۆری (کەش و تووشی) و (ئاژەڵ) و (پاوەن) ناسی بۆ نموونە:

(١) زانیویانە (مەرێک) کە پاڵ بکەوێ چەند (جێگە) لەزەویدا دەگرێ، ئەو مەرە لە شەو و رۆژێکدا ئەوەندەی شوێنی کەوتنەکەی خۆی لە وەڕەکەی بەسە و بەتەسەلی پێی تێر دەبێ.

(٢) زانیویانە مەرێک، یان گایەک کە (سەربڕ درا) گۆشتە نەرمەکەی بە دووگ و بەزەوە پڕی ریخۆڵە باریکەکەی خۆی زۆرتر نییە و پڕ بە پڕیەتی، بەمە رەسەنی هەر ئاژەڵێکیان دەناسی.

(٣) بەیتاڵی ئاژەڵیان ئەگەرچی زۆر زانایانەتر لە زانیاری پێشکەوتووی ئێستەیان زانیوە، بەڵام لەکاریگەری ئایینێکی ئەفسانەییەوە ئەو زانیارانەیان ئاوێتەی ئەفسانەکردووە وەک بۆ چارەی نەخۆشی (زەردوویی) واتە (زەرتک= یەرەقان) ئاژەڵە تووش بووەکانیان بردووەتە سەر گۆڕی پیاو چاکان کە بە (ئەسحابە) ناویان دەبەن و ئەو گۆڕەش ئەگەر هی (ئەسحابە) بووبێ، ئەوە بووە باوک و باپیرانی کوشتووین و دەستی درێژ کردووە بۆ (نەنکانمان)، خاک و

بەروبووی نیشتمانەکەمانی داگیرکردووە، سامانی دێرینەکانی بەناوی (غەزا) و (جزیە)وە تاڵان کردووە، کەچی پاشماوە گرنگەکانی باووباپیرمان بە (گاور کرد) ناو دەبەن و بایەخیان پێ نەداون، بگرە لەناویان بردوون.

(٤) ئەو خێڵاتی، یان بە (فڕینی) پۆلە کەو، یان هەر پۆلە باڵندەیەک لەکاتی نزیک ئێوارەدا، لە (چیا)وە بۆ پێ دەشت بە نیشانەی (باران) و (زریان) و (تاو)ە، (تۆف) و (بەفربارین) و گۆڕانی (با) داناوە و من بۆم دەرکەوتووە دانانەکەیان ڕاست بووە.

(٥) (مەڕ) کە سەری خۆی ڕاوەشاندبێ و تەقەی گوێچکەکانی هاتبێ دیسان بە نیشانەی گۆڕانی کەش و تووشی-یان لێکداوەتەوە کە باران و بەفری بەدواوە بووە و ڕاست بووە. ئەمانەیان لەوەوە بووە کە بە وردی و زانیارانە لە هەستی ناخی ئەو ئاژەڵ و پەلەوەرانە گەیشتوون کە (هەستی شەشەم)یان هەیە و بەر لە ڕوودانی کەشی و تووشی هەستی پێ دەکەن.

(٦) زۆر پسپۆری کەش، تووش ناسی خێڵی (هەرکی)م دیوە کە لە هەر ڕۆژێکدا زانیویە سبەینێ، یان دووسبەی، یان (ئەوەندە) ڕۆژی تر باری (با) و (کەش و تووشی) چۆن دەبێ و ڕاستیش دەرچووە. بە ئەزموونی من لەگەڵیاندا و بەپێی ئاگاداری و ڕێنمایی ئەو پسپۆڕانە هەڵسوکەوت و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان کردووە.

هەرچەند ماڵێکی (هەرکی)، واتە (زۆم)ێک خۆی پسپۆرێکی تایبەتیی هەبووە ئاراستەی کردوون. بەداخەوە لە هەڵگەڕانەوە شوومەکەی (عەبدولکەریم قاسم)ەوە خێڵەکێتی کۆتایی هات، چونکە هەڵگەڕانەوەیەکی بێ پیلان بۆ دانان و کوتوپڕی بوو. لەم بابەتانەوە نموونەی (بەڕاست دەرچوو)ی زۆرم لە خێڵاتییەکانمانەوە گرد کردووەتەوە کە لەوەندەی لێیی دوام زۆرتر بەجێگەی ئێرەی نازانم.

**ڕامان:** بابێینە سەر شتەکانی تر، تۆ وەک بەشیعر دەستت پێکرد، نەفەسێکی باشی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەشت هەیە. ئەمەیان چۆن لەلای تۆ سەری هەڵداوە؟

**حەمەبۆر:** چیرۆکم دەنووسی. ڕەسمم دەکرد بە (شێوەکار)ی زۆر جوان، ڕەسمم ماوە هی شێخ مەحموود خۆم کردوومە، دەڵێی خۆیەتی. زۆریشم حەز لە ڕەسمی سەری بەران و سەری ئەسپ و سەری بنیادەمیش دەکرد ک لەپێشەوە و لە تەنیشتەوە ئەمکێشان، دوایی نازانم بۆ لەڕەسم لامدا و چوومە سەرچیرۆک نووسین، لەچیرۆک نووسین تیایدا سەرکەوتم و لەویشەوە چوومە سەر شیعر. لە سەرەتاوە وەک شێخ ڕەزا دەمنووسی. هەرچی جنێوی پیس و قسەی ناشیرینە دژی خۆم و برادەرانم بەکارم دەهێنا.

**ڕامان:** ئەی چۆن چوویتە سەر لێکۆڵینەوە و نووسینەوە؟

**حەمەبۆر:** لە خۆمەوە لەتەرجوومەی حاڵی شاعیران و مردن و لەدایک بوونیانەوە کە سەرچاوەیەکی زۆرم هەبوو لەوانەوە وای لێهات چوومە سەر ئەوەی لێکۆڵینەوە بکەم. لێکۆڵینەوەی من لەسەر ساڵی مردن و لەدایک بوونیانە. بۆ وێنە مردنی (نالی)م بردووەتە (هەژدە) ساڵێک دوای ئەوەی لێکۆڵەرەوە پسپۆڕەکان دیارییان کردووە وەک مامۆستا مەلا عەبدولکەریم (مودەڕیس) و کێ و کێ کە لەسەر نالی نووسیویانە، بەڵام من سەلماندم، سەلماندنەکەشم بە شیعرێکی حاجی قادری کۆییە. باسی شاعیران دەکات. دێتە سەر ئەوەی دەڵێ:

**شاسواری بەلاغەتی کوردان**
**یەکەتازی فەساحەتی بابان**
**مستەفایە تەخلوسی کوردی**
**شیعری خۆی کردە بەر بتی کوردی**
**(ئەو) کە نۆشی شەڕابێکی تاڵی**
**(نالی) ئەو وەختە بووە تالی**

ئەوەم لە کەشکۆڵێکی دەستنووسی عەلیاغای نەوت چییەوە وەرگرتووە کە لەدوا تاکی هەڵبەستەکەدا مەبەستی مردنی نالی-یە کە لێکی بدەیتەوە دەکاتە ساڵی مردنی (نالی) و دوای (کوردی) کەوتووە و ئەم وتارە لەهاوکاریدا بڵاوکرایەوە. کاک مستەفای هیرانی ساڵی مردنەکەی کە لەسەر کێلی قەبرەکەی هەیە، کەچی لە دیوانەکەیدا کە نەوەی خۆی چاپی کردووە ئەو ساڵەیان بە هەڵە نووسیوە. قەبرەکە خۆی دروستی کردووە و ژوورەکەی لەبەرد خۆی تاشیوە.

**ڕامان:** ئەوە لە ئەنجامی قووڵ بوونەوەتە لە شیعری کلاسیک، یان چۆن بەو ئەنجامە گەیشتوویت؟

**حەمەبۆر:** بەڵێ، لە شیعری کلاسیکیدا بەشی خۆم

شـارەزام، چونکە مـامـۆسـتـاکـانم کـلاسـیکزان بوون و شیـعـری نویّ هی (کـەم)یان هەیە کـە بە شیـعـری بزانم و ئەوانی تر هەمـوویان خـۆیان بە شیـعـر و شـاعـیـرییـەوە هەڵواسیوە، لەوەدا یەک دەنگن بە (منی شاعیر، دەریا، کۆچ، هەرگیز، چۆلەکە، ئاسمان ئەرووخێنم، ئەبیّ تۆ بۆ من بی، نامۆ، زەمەن و...تاد) کە ئەمانەش لاساییین.

**رامان:** وەک ئاگادارم خەریکی سەلاحەدینی ئەیووبیش بوویت، زانیاری نویّت لەبارەیەوە هەیە؟

**حەمەبۆر:** سەلاحەدین نەیهێشت کوردستان و وڵاتی ئیسلام ببیّ بە (مەسیحی)، سەلاحەدین لە ئێمەیە و دژی ئێمەش بوو و زۆر خراپی لەگەڵ کورد کردووە، هەژدە فـەرمـانڕەوای کـوردی لەناو برد. هەمـووی بۆ سـوودی تایبـەتی و خـۆشی خـۆی کـردووە، بەڵگەم زۆرە بۆ ئیسـلامـەتی نەکردووە. کـە مـرد دوو سیّ دینارێکی لەگیرفاندا بووە و کەسیش بەقەد ئەو پارە و سامان و گـەوهەرەجـاتی دەست نەکـەوتووە. ئەو غـەنایمەی ئەو گـرتوویەتی دەسـتی کـەس نەکـەوتووە. هەمـووی داوە بەکـەیفی خـۆی و لەژێربشـەوە دەیکرد. یەکـێک لەوانە (ئیلیـانۆر) کە دایکی (قلب الأسد)ە دۆستی ئەو بوو، (ریکاردۆس) کوڕی ناشەرعی سەلاحەدین بووە لەو ژنە. ئەو ریکاردۆسە لەزەمانی نوورەدین زەینی-دا ویستوویە موفاوەزات لەنێوان (خاچی= صلیبی) و ئیسلامەکاندا بکەن و (جـوان)ی خـوشکی ریکاردۆس بدەن بەکـوڕی (سەلاحەدین) و ئاگر بەست بکەن، بەڵام (سەلاحەدین) نەیکرد کـە دەیزانی (جـوان)یش کـچی خـۆیەتی. خـانەوادەکـەی (سـەلاحـەدین) (مـورتەزەقـە) بوون لەو (دوین)ی پشت (مـەسـیـف سـەلاحـەدین)ە و لەویّ دانیشتبوون، شوێن کۆشکی باوکی و گەرماو و گۆڕستان و قـەڵاکـانیم دیوە. لەهەر جـێگایەک شـەرێک بووبیّ ناردوویانە بۆ لایان بە پارە یارمەتییان بدەن (ئەو هانا بۆ بەرە)یان سەرخستووە، ئەمانیش جاسووسیان لە هەموو وڵاتێک هەبووە، هێز و شوێنی جوگرافی هەر وڵاتێکیان زانیوە و گوتوویانە لەگەڵ فلان شەڕم پێدەکەی لە فلان جێگا، ئەوەندەم خەسارەت دەبیّ، فلان کەس دوژمنتە، ئەوەندە هێز هەیە، من دەبیّ ئەوەندە چەکدار بێنم ئینجا سەردەکەوم بەسەریداو... بەم جۆرە رێک دەکەوتن.

لەگـەڵ نوورەدین-دا رێک کـەوتوون و بوونەتە پیـاوی ئەو لە مـوفـاوەزاتدا کـە دەیاننێـریّ، شـێـرکـۆی مـامی سەلاحـەدین ئەفسـەر و باوکیشی راوێژکـار دەبیّ، پیـرە (ئەیـووب) سیّ مـانـگ لەکـۆشکی (حـەلـەب)دا لەلای (خـاچیـیـەکـان) دەمـێنێـتـەوە. لەو سیّ مـانگەدا کـە لە کۆشکی شادا مـاونەتەوە، یووسف-یش کـە سەلاحـەدینە لەکـۆشکەکـەدا مـاوەتەوە، بەرێکەوت چاویان لەگـەڵ (ئیلیـانۆر)ی ژنی پاشای (خاچی)دا بەیەک دەکەویّ و حەز لەیەکتر دەکەن. کوڕێکی لیّ دەبیّ، سەلاحەدین دەڵیّ ناوی کوردی لیّ دەنێم. (ئیلیانۆر) دەڵیّ ئێمە مەسیحین چۆن ناوی کوردی لیّ بنێین، سەلاحەدین لەسەر ئەوە لێی زویر دەبیّ. جارێکی دیکە (عاضید)ی خەلیفەی فاطمی (مـیـسـر) داوا لە نوورەدین دەکـات کـە خـاچیـیـەکـان هێرشیان کردووەتە سەری و (شاور)ی وەزیری (عاضید) لەگەڵ خـاچیـیـەکـاندا خیـانەتی لیّ دەکـات، خـانەوادەی سەلاحـەدین لەشکر بەسـەرۆکـایەتی شـێـرکـۆ بۆ مـیـسـر دەنێرن، کە چوونە ئەویّ سەلاحەدین شێرکۆی مامی خۆی کوشت و (عـاضـیـد)ی کوشت و مـیـسری گـرت و بوو بە سـوڵتـان. (مـەرقـەدی ئیـمـام حوسـێن) کە سـەرەکـەی لە (قاهیـرە) نێژراوە و من دیومە کە لەگەڵ (زێنەب) لە دوو گـۆڕدان بە تەنیشت یەکـەوە دیوارێک بە تەنەکـە لەنێـوان ئەو دوو گـــۆڕەدایە، دیوێکی بۆ ژنانە و ئـەودیوی بۆ پیاوانە، سەلاحەدین ئەو گۆڕانەی هەڵتەکاندن، بەشیّ لەم باسە لێکۆڵینەوەی درێژ و قـووڵم لەبارەیەوە کـردووە، بە پێچەوانەی ئەو سەلاحەدینەی ناو کتێبەکانەوە.

**رامان:** ئەی لە بارەی ساغکردنەوەی دیوانی شاعیرانی وەک مـسـتـەفـا بەگی کـوردی و مەلا حـەمـدوونەوە چی و بەچی گەیشتیّ؟

**حەمەبۆر:** لە شێخ رەزا تاڵەبانیـدا شارەزام، شیـعـری چاپ نەکراوی و کاتی گوتنی بۆنەکانیانم لەلایە. لەبارەی (مـەلا حـەمـدوون)ەوە کـە قـوتابی باپیـرم بووە کـە مـەلا بووە، بەڵام مـەلایەتی نەکـردووە و دارتاشی کـردووە، لەدواییدا گەرەکەکەی بە زۆر کردوویانە بە مەلای خۆیان. لەوەوە مەلا حەمدوون هاتوچۆی ماڵی باوکمی کردووە و دایکم و پوورم و مـاڵی مـامم دەیانناسی و زانیـاریم لەبارەیەوە لەمنداڵییەوە لەوان وەرگرتووە، بەڵام تەماعم زۆر بوو کە شتی دیکەیم دەست بکەویّ، لەبەر ئەوە شتم لیّ بڵاونەکردەوە. ئێستا ئەوانەی کە شتیـان لەسەر ئەو نووسیوە بەزۆری بەدەمی لەمنیان وەرگرتووە.

**رامان:** ئەو سەرچاوانەی کە لە ساغکردنەوەی مستەفا

بەگی کوردی کەڵکت لێیان وەرگرتووە چین؟

**حەمەبۆر:** ئەو مەلا عەبدوڵڵای ڕەشەکانی ئەوەی کە لەماڵی ئێمەدا کرێچی بوو، ئەو زۆر حەزی لە شیعری مستەفا بەگ بوو، منیش هەوڵم دەدا شیعری مستەفا بەگ پەیدا بکەم تا مامۆستاکەم باش ڕازی بکەم. کە بۆم دەبرد ئیتر لە خۆشیاندا هەڵدەپەڕی. لەوەوە زۆر زانیاریم لەسەری کۆکردەوە، هەر لەسەرچاوەی کەشکۆڵەوە بگرە تا هی کۆن و لەدەمی شارەزایان و لەخانەوادەی ساحێبقڕانەوە و... هەروەها هی شێخ ڕەزا، زۆر شیعریان هەیە کە من دەزانم خەڵک بە هەڵە لێکیان داوەتەوە، لەوانە شیعرێکی هەیە لایان وەهایە کە شێخ ڕەزا زەمی کۆیی دەکات وەک:

**هەرکەسێ ئەسل و زبانی فیتنەیی و بەدگۆییە**
**دەستی حیزیشی ببێ ئەمجا بەتەحقیق کۆییە**

ئەمە خەڵک وای لێک دەداتەوە کە زەمی هەموو کۆییەکانی کردووە، بەڵام من لە هاوفەقێی شێخ ڕەزای تاڵەبانی پرسیارم کرد، ئەو گوتی ئەمەی بۆ پیرۆزخانی کۆیی گوتووە، کە ژنی محەمەد فەیزی زەهاوییە و زەمی ئەو دەکات، یانی ئەو حیزە، فیتنەیە و بەدگۆیە.

**ڕامان:** یانی هەموو کۆییەکان ناڵێ؟

**حەمەبۆر:** نا، ئەو مەبەستی ئەو کەسەیە.

**ڕامان:** لە ناو خوێندەوارانیدا دەنگۆیەک هەیە گوایە تۆ لەگەڵ ئینگلیزەکان دەستت تێکەڵ کردووە و هاوکاریت کردوون، چیرۆکی ئەم هاوکاری کردنە چۆنە؟

**حەمەبۆر:** من لە حزبی برایەتی-دا لە دامەزرێنەرەکانی بووم کە لە هەموو چین و توێژێکی تێدابوو، پاشان بۆمان دەرکەوت کە ئێمە لەو حزبەدا خزمەتی دەرەبەگێتی شێخ مەحموود و شێخ لەتیف دەکەین، چونکە حزبەکە خزمەتی ئەوانی دەکرد. ئەوەی زیاتر ئەوەی بۆ ڕوون دەکردینەوە محەمەد ئەمین مەنگوڕی و (م. م. پشدەری) و شێخ لەتیفی دانساز بوون، کە ئەوان بە چاو قایمی خۆیان ئیعتیرازیان لێیان دەگرت و پێیان دەوتن ئێمە بە ناوی کوردەوە هاتووین، کەچی ئێوە خزمەتی دەرەبەگیمان پێ دەکەن.

**ڕامان:** کێی تر بەو جۆرە بیری دەکردەوە و لەگەڵتان بوون؟

**حەمەبۆر:** برایم ئەحمەدیش هانی دەداین و دەیوت ئەمە بۆ دەرەبەگییە.

**ڕامان:** نیشانەی کاری خراپی ئەمان چی بوو کە بۆیان بە دەرەبەگی لە قەڵەم بدرێ؟

**حەمەبۆر:** پێشتریش عەرزم کردی، لەسەر خراپییەکان نموونە دەهێنمەوە. لە شاربازێڕ لە دێیەکی ئەوان پیاوێک تاوانبار بوو بە کوشتنی سێ کەس و مردارەوە بوونی چەند سەر حەیوانێک، ئەمەش لە ئەنجامی دوژمنایەتی بەینی خۆیان بوو لە دێهاتدا. کابرا دەستگیر کرا و برایە لای حاکم عەبدولڕەحمان کە ماڵیان لەسەر شەقام بوو، بەرانبەر ماڵی ڕەفیق حیلمی. شێخ لەتیف داوای لێکرد ئەو پیاوە ئازاد بکرێ، بەڵام حاکمەکە وتی ئەو پیاوە شایەدی زۆری لەسەرە و تاوانی کردووە ناتوانم ئازادی بکەم، بەڵام دەتوانم لەبەر خاتری تۆ حوکمەکەی سووک بکەم. ئەوە بوو ئێمەی نارد نارنجۆکمان فڕێ دایە ماڵەکەی، بۆیە حزبەکە پووکایەوە، چونکە لەو جۆرە ئیشانەی پێ دەکردین، منیش لێیان دوورکەوتمەوە و تەنیا وەک ناسیاو لەگەڵیان ماینەوە، لەوە بەدواوە مانگانەشمان نەدەدا کە (٥٠٠) فلس بوو، ئیتر پێوەندیمان پێیانەوە نەما.

**ڕامان:** پاشان نەچوویتە حزبی ترەوە؟

**حەمەبۆر:** حزبی هیوا هەبوو کە ڕەفیق حیلمی سەروکاری دەکرد تا جێگەی شێخ مەحموود بگرێتەوە، بەتایبەتی دوای کوشتنی عارف سائیب کە خزمایەتی لەگەڵیدا هەبوو، هەروەها ساردی لەگەڵ شێخاندا هەبوو. من هەستم دەکرد بە دافیعی نیشتمانپەروەرێتی چوومەتە ناو حزبی برایەتی، بەڵام کە لێیان بوومەوە، برایم ئەحمەد هەوڵی دەدا بچمە پارتییەوە، ئەو کاتە پارتی و تەحەرور هەبوو کە شیوعی ئیستا بوون، دەبوایە یان لە پارتی، یان لە تەحەرور بیت. برایم ئەحمەد لە کاتی کۆبوونەوە لە گۆڤاری گەلاوێژ بە من و فایەق زێوەری وت حەرفم بۆ بنێرن فەرهەنگ دروست دەکەم، هەر مانگەی حەرفێک مانگێک (ئەلف)، مانگێک (ب). لە نووسینگەی پارێزەرییەکەی کۆدەبووینەوە، خەڵکی وای دەزانی خەریکی قاموسەکەین، ئەویش نەچوو بە عەقڵمدا، چونکە لە (برایەتی) لە حزبایەتی بێزرام، لەبەر ئەوەی نەچوومە هیچ حزبێکەوە پارتی وای دەزانی شیوعیم، شیوعیش وای دەزانی پارتیم، تا وای لێهات هیچ شتێکیان بۆ بڵاو نەدەکردمەوە.

**رامان:** ئەی دواتر چۆن کەوتیتە تەک ئینگلیزەکان و کارت لەگەڵدا کردن؟

**حەمەبۆر:** عەلی حاجی مەلا شەریف کە پیاوی ئینگلیزەکان بوو، لە سلێمانی جیهازێکیان دابوویێ کە (٥٠٠ - ٦٠٠م) دوور لە سەراوە، دەنگەکەی دەهاتە بەر دەرکی سەرا، چونکە موکەبەرەکانی زۆر گەورە بوون، خەڵک کردبوویان بە عادەت دەهاتن لەوێ گوێیان لە (هەواڵ)ی بەغدا و لەندەن دەگرت، هەروەها تەعلیقی رۆژانەی سەر بە ئینگلیز و پرۆپاگەندەشیان بۆیان دەکرد، ئەو کاتەش شەڕی ئینگلیز و ئەڵمان بوو، ئەوان کتێبخانەیەکی باشیان هەبوو کە کتێبم لێ دەخواستن. رۆژێکیان کە کتێبم لە لا بوو، چوومە ئەوێ تا کتێبی تر بێنم، دوو کەس کە لەوێ کاریان دەکرد ناویان (شێخ رەزای شێخ محەمەدی گولانی) و (حەمید مەجید بەگ) بوو کە چوومە ئەوێ لەوێ نەبوون لە (عەلی حاجی مەلا شەریف)م پرسی ئەوان کوان؟ وتی دوو - سێ رۆژە موتەسەریف دەریانی کردووە، لەبەر ئەوەی بە باشی نووسینەکەیان وەرنەگێڕاوە و تەعلیقەکە وای گرتووەتەوە کە لە دژی ئینگلیز بێ، لە کاتێکدا ئێرە هی ئینگلیزە و دژی رووسە. هەرچەندە نووسینەکەیان بۆ هاتبوو، ئەوان وەک خۆی خوێندبوویانەوە. وتم با بەم پیاوە خۆم بشۆم و لە دەست ئیخبار لێدانی حزبەکان رزگارم بێ.

**رامان:** چۆن دەتزانی لەلایەن حزبەکانەوە ئیخبارت لێ دەدرێ؟

**حەمەبۆر:** پیاوێک هەبوو مفەوەز بوو کەرکووکی بوو ناوی (محەمەد) بوو، ئەو (محەمەد)ە حەزی لە مۆتۆرسایکل بوو، منیش حەزم لێ بوو دانەیەکم هەبوو لەگەڵم سوار دەبوو، هەندێ جار دەمدایێ بۆ لێخوڕین، هەندێ جاریش هەڕەشەی لێ دەکردم، دەیگوت بۆ چوویتەتە لای حزبەکان (مەبەستی پارتی و تەحەروور بوو)، حزبەکانیش هەر یەکەیان دەیانوت بۆچی سەردانی لایەکەی ترت کردووە. منیش چونکە نووسەر بووم، ئیتر لەو رۆژەوە لەوێ دەستم کرد بە ئیش کردن. دوای چەند رۆژێک بەپێی نووسینی رۆژنامەکانی عیراق نزیکەی (٥٠٠) کەس هێرشیان کردە سەر ئەو دەزگایە، منیش رۆژی سێیەمم بوو کە لەوێ بابەتم دەخوێندەوە.

**رامان:** ئەی راستەوخۆ لەگەڵ ئینگلیز دانیشتنت نەکردووە؟

**حەمەبۆر:** من ئینگلیزم راستەوخۆ نەناسیوە، چونکە تەنیا عەلی حاجی مەلا شەریف-م ناسیبوو، ئەو پیاوە خۆی بەرپرسیار بوو، خەڵکی ترم نەناسیوە.

**رامان:** ئەی لە هێرشەکەی جەماوەر بۆ سەر ئەو دەزگایە لە کوێ بوویت؟

**حەمەبۆر:** لە هێرشەکەدا من لە ژوورێک بووم، کورسی و قەنەفەم دایە بەر دەرگاکەی و قایمم کرد، گەنج بووم حەزم بە هەڵگرتنی دەمانچە دەکرد، بۆیە دەمانچەشم پێبوو. زستانە ژوورێک کە لە ژێر ئەو ژوورەی خۆم لێ شاردبووەوە، پەنجەرەکەیان شکاند و هەوڵی زۆریان دا دەرگای ژوورەکەی منیان پێ نەکرایەوە، کاتێکم زانی ئاگریان لەو دارانە بەردا کە لە ژوورەکەی ژێرمەوە بوو، دووکەڵ لە بەینی خشتەکان هەڵدەستا، ژێرەوەش دارەڕا بوو کە بەو حیسابە دەسووتا و دەکەوتمە ناو ئاگرەکەوە، ناچار بووم کورسی و قەنەفە و شتەکانم لە پشت دەرگاکەوە لابرد و بە دەمانچەوە هاتمە دەرەوە. لە هاتنە خوارەوەی مندا بۆ قاتی یەکەم، یەکێک ئامبازم بوو و خۆی خستە سەر پشتم، من بە دەمانچەکە بە ئاسماندا تەقەم دەکرد، ئەوانیش دار و بەردیان پێما دەماڵی، ئیتر خوێن بەسەرما دەهاتە خوارێ، کە نزیک بەر دەرگای حەوشە بوومەوە لەوێ یەکێک لە شیوعییەکان کە خەڵکی مەڵکەندی بوو ناوی نووری سەعید بێ شیر بوو کە شاگرد دارتاش بوو، پێشتر شاگردی باوکم بوو، کە هەتیو بوو و دایکێکی بێوەژن بەخێوی دەکرد، باوک و مامم زۆر یارمەتی ئەو ماڵەیان دەدا، ئەو بەرەو رووم هات، وام زانی رزگارم دەکات، کەچی بە پێچەوانەوە دارێکی ماڵی بەسەرما و وتی بیکوژن ئەم سەگبابە کافرە. ئەو دەنگە ئێستاش لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. ئەوە جۆرە بێهۆشییەکی دامێ، بەڵام دەمانچەکە لە هەردوو دەستما بوو، فیشەکێک لە دەستم دەرچوو، خەڵک لە ترسی دەمانچەکە دوور دەکەوتنەوە و دەترسان، منیش نزیک دەرگا بوومەوە و بەهۆش خۆم هاتمەوە و یەک - دوو تەقەم بە ئاسماندا کرد، زیاتر لێم دوورکەوتنەوە، جارێکی تر پەلاماریان دامەوە و دەمانچەکەیان لێ سەندم و کەوتە دەستی (٣ - ٤) کەس، ئیتر لە نێوان خۆیان کەوتنە شەڕ لەسەر دەمانچەکە و لە من دوورکەوتنەوە و منیان لەبیر کرد. گەیشتمە ئەودیو دەرگا لە سلێمانی مفەوەزێ هەبوو ناوی (تۆفیقە رەش) بوو کە خاڵۆزا و

پورزا بوو لەگەڵ باوکمدا، چەند پۆلیسێکی لەگەڵ بوو، منیان بردە سەرا، ئیفادەیان لێ وەرگرتم و فڕاندمیان بۆ خەستەخانە. (١٣) شوێنی شکاو لە سەرمدا هەبوو و لە ڕاپۆرتەکەدا نووسرا و شوێنی فیشەکەکەش لەسەر پەنجەم بوو و دەمـــوچاوم شین ببـــووەوە، پاش (٢٠) ڕۆژ لە خەستەخانە دەرچووم.

**ڕامان:** ئەی لە خەستەخانە کێ سەردانی کردیت؟

**حەمەبۆر:** لە خەستەخانە (٣) سەردانم کرا. یەکێکیان شێخ لەتیف هاتە لام و لیستێکی پێ بوو تا ناویان لە مەحکەمە بدەم. خواستەکەیم قبوڵ نەکرد و وتم من ئەوەندەم لێدراوە ئاگام لە کەس نەماوە. کەسی دووەم تۆفیقە ڕەش بوو هاتە خەستەخانە باوکم لەوێ بوو، تکای زۆری کرد کە ناوی خەڵک بدەین و پارەیەکی زۆر وەربگرین و بەشی منی لێ بدات، ئەو دەیوت کە تەنیا ناوی ئەوانە بدەم کە تاوانبارن. کەسی سێیەم ڕۆژێکیان ئەفەندییەکی خڕیلەی کورتە باڵا کە بە قونسلی بەریتانی لە کەرکووک خۆی پێ ناساندم، دوو سێ پیاو و پۆلیسی لەگەڵ بوو، جانتایەکی کردەوە و وتی دەمانچەکەت چووە، ئەوە دەمانچە. وتم من بە هەستێکی گەنجێتی هەڵم گرتووە بۆ پیاوکوژی هەڵم نەگرتووە، ئێستاش بۆ دەرکەوت کە دەمانچە خراپە، بۆیە نامەوێ. پاشان سەفتەیەک پارەی بۆ دەرهێنام و زۆری لێکردم، وەرم نەگرت. باوکم ئیشارەتی دەکرد کە وەری بگرم هەر وەرم نەگرت. پاش چەند ڕۆژێ لە دەرچوونم لە خەستەخانە (تۆفیقە ڕەش) و چەند پۆلیسێک هاتن و وتیان ئەو قونسوڵە تۆی دەوێت، ماڵی کە بارەگای ئینگلیز بوو لە تەنیشت ماڵی (ئەحمەد حەمدی ساحێبقڕان) بوو، ئەو قونسوڵەی کەرکووک هاتبووە ئەوێ، لێی پرسیم کێ بوون ئەوانەی ئەوەیان لەگەڵت کرد؟ وتم وەک تێگەیشتم پارتی و تەحەرور بوون. پرسی ناوەکان کێن، وتم چونکە خوێنێکی زۆر بە دەموچاومەوە بوو، لەبەر بێ هۆشی کەسم نەناسی. لەسەر مێزەکەی خۆی لیستی مووچەی حزبەکانی نیشان دام تا ناویان بڵێم. مەسەلەکە کەوتە دادگاوە حاکمەکە ناوی (عەبدولحەمید ئەترووشی) بوو وتی کێ بوون؟ وتم نازانم.

لەم ساڵانەی دواییشدا پێش ئەوەی لە بەغداوە بێمەوە کوردستان، لە دانیشتنێکدا د. کەمال مەزهەر پێی وتم من زۆر بە ناو بەڵگەنامەکانی ئینگلیزدا گەڕاوم و کارم کردووە، تۆ پیاوێکی زۆر خزمەتی کوردت کردووە و ناوی کەسیشت نەبردووە و پیاوێکی پاکی.

**ڕامـان:** چی لەبارەی چاپی ئەو کـتـێـبـەی بە ناوی مـوسلیح جـەلالی سـەبارەت بە شـێخ نووری نووسـرا دەزانی؟

**حەمەبۆر:** ئەوە قەتعیەن عیلاقەی بە موسلیح جەلالی-یەوە نییە، ئەوە تەئلیفی مامۆستا عەبدولڕەزاق بیمارە بەپارە لەسەر دەستنووسی کتێبەکەی تۆ و کەشکۆڵ و سەرچاوەی من کە نووسیبووی (کەشکۆڵەکە) ئایا کام کەشکۆڵ؟

**ڕامان:** نا ئاخر مەجید نەدیم-یشی تێدایە؟

**حـەمـەبۆر:** بەڵێ هەردووکـیـان مـەجـیـد نەدیم و عـەبدولڕەزاقـە کـە بەناوی مـوسلیح جـەلالیـیـەوە نووسیویانە.

**ڕامـان:** دیوانی شـێخ نووری کـە کـتـێـبی من بوو، هەمووی لەبن دەستی خۆیدا بوو، چونکە دابوومە ڕەقابەی چاپەمەنی بەغدا کە ئەوکاتە ڕووبەڕووی دەزگاکەی ئەوان کرابووەوە.

**حەمەبۆر:** ئەوەم ئاگا لێ نییە. کە تۆ عاجز ببووی لێم. شیعرێک لای من بوو گوتت ئەوەت بۆچی داوەتێ.

**ڕامان:** یەک شیعر بوو لای من نەبوو لە هەشتایەکان هاتم لێتم وەرگرت کە لەبەر دەستنووسی مینای شکستەم نووسیبیەوە.

**حەمەبۆر:** تەنیا مەجید نەدیم و ئەوە، مەجید نەدیم-یش کـە پارەی وەردەگـرت دەچوو بەسندووق عـارەقی پێ دەکڕی و نەدەهاتە دەرێ تا (عـارەق) و (کتێبەکە)ی بۆ تەواو دەکـردو بەناوی (مـوسـلـیح جـەلالی)یەوە چاپ دەکرا. کتێبی (شوورات)ەکەش هەر هی ئەو نییە.

**ڕامان:** مامۆستا زۆر سوپاس لەوە زیاتر هیلاکت ناکەم

**حەمەبۆر:** ناوەڵڵا هیلاک نەبووم و زۆر خۆشحاڵ بووم.

بیبلۆگرافیا و ڕەخنە

# ئینسیکلۆپیدیای گشتی

مارف خەزنەدار

(١ – ٢)

**پێشەکی**

**ئینسیکلۆپیدیا چییە؟**

ئینسیکلۆپیدیا (Encyclopedia) ڕستە و تەعبیرێکی زمانی گریکییە، بووە بە زاراوە، لەم وشانە پێکهاتووە «en+ kyklos+ paideia»، بەکوردی مانای «لە بابەت ڕۆشنبیرییەوە» دەگەیەنێ. ئینسیکلۆپیدیا بڵاوکەرەوەیەکی زانستییە، بەپێی ئەلفوبێ ئەو بابەت و دیاردە و پاراگرافانەی باسیان لێوە دەکرێ زانیاری گشتی بەدەستەوە دەدا، ئەمانە بە گوێرەی بەشەکانی زانیاری گشتی مرۆڤایەتی ئەوەی پێوەندی بەهەر میللەت و نەتەوەیەکەوەیە ڕێز دەکرێن، وەکو ئینسیکلۆپیدیای ئەدەب و مێژوو و جوگرافیا و گەورە پیاوان... تاد.

**ئینسیکلۆپیدیا لە ڕۆشنبیری کوردیدا**

(١)

ئەوەی من ئاگادارم وەکو یەکێک لەوانەی کەمو زۆر کارم تێدا کردووە ئەوەیە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا کە قوتابی خوێندنی باڵا بووم لە ئەورووپا لەگەڵ جەمال نەبەز و کەمال فوئاد لە یەکتری بینینمان باسی ئەوەمان کردووە پرۆژەیەک دابنێین بۆ ئامادە کردنی ئینسیکلۆپیدیایەکی بچووکی کوردی، ئەوکاتە لە یەکتریەوە دوور بووین، هەریەکەمان لە وڵاتێکی ئەورووپا دەژیا. بڕیار ئەوە بوو هەرکەسە لەلای خۆیەوە هەندێ لە پاراگرافەکانی ئەو ئینسیکلۆپیدیایە بنووسێتەوە. ئەو سێ کەسە دانەر و سەرپەرشتی

کارەکەیان دەکرد. هەموو قوتابیانی کورد لە ئەوروپا بەتایبەتی ئەوانەی خوێندنی باڵا ئاگادار کرابوون ئەوەی ئارەزووی هەبوایە دەیتوانی بەشداری تێدا بکات.

من بەش بەحاڵی خۆم بڕێک کارتم بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکرد، لەدواییدا لەگەڵ کارتی ئامادە کردنی فەرهەنگی کوردی - ڕووسی تێکەڵ بوون و لە ئەرشیفی بەشی زمانی کوردی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی لە سانت پیترسبۆرگ (لینینگرادی ئەوسا) مانەوە. من لەوە دڵنیام جەمال نەبەز و کەمال فوئادیش لەم لایەنەوە کۆششیان کردووە، بەڵام داخی گران لەبەر هەر هۆیەک بێ، لەسەرووی هەموویانەوە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لەکوردستانی عیراق ١٩٦١، ئەم پرۆژە زانستییە سەری نەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە چاومان بەیەکتری بکەوتایە باسمان لێوە دەکرد.

(٢)

لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤ ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی ڕووسیا لە مۆسکۆ لەگەڵ ئامۆژگای کوردی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لە بەرلین کۆبوونەوە، ڕێکەوتننامەیەکیان مۆرکرد بۆ ژیاندنەوە و پێشخستنی کوردۆلۆژی. لە ٢ی تشرینی دووەمی ١٩٩٥ هەردوولا لە مۆسکۆ کۆبوونەوە و بڕیاریان دا کورتە ئینسیکلۆپیدیای کوردی ئامادە بکەن بەزمانانی ئینگلیزی و کوردی و ڕووسی. لەسەرەتاوە عیسمەت شەریف وانلی سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی ئینسکلۆپیدیاکە بوو.

لە ساڵی ١٩٩٦ لەلایەن جەبار قادرەوە نامەی تایبەتیم بەدەست گەیشت لە هۆڵەندەوە بۆ هەولێری ناردبوو لە بابەت پرۆژەی دانانی ئەم ئینسیکلۆپیدیایە. وەرامم بۆی نووسییەوە لەگەڵ گەلێک تێبینی و پێشنیاز. لەماوەی بەشداریم لە کۆنگرەی کوردناسی لە زانستگای سەربەستی بەرلین (٢٩-٣١ی مایسی ١٩٩٨) و مانەوەم لەو ناوە زیاتر لە دوو مانگ لەنزیکەوە ئاگاداری جموجۆڵی زانستی لیژنەی دانانی ئینسیکلۆپیدیاکە بووم بەهۆی پێوەندیم لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکە عیسمەت شەریف. ئەو لە شاری لۆزان لە سویسرە دەژیاو من لە بەرلین بووم. ئیتر لەبەر ئەوەی من کاروبارم زۆر بوو، بۆم نەدەکرا بچم بۆ سویسرا، ئەویش لەبەر ئەوەی تەندرستی باش نەبوو، نەیدەتوانی بێ بۆ ئەڵمانیا، بۆیە پێوەندیمان بەهۆی تەلەفۆن و نامە و پۆستەخانەوە بوو.

بەرنامە و سەرچاوە و کەرەستەی ئینسیکلۆپیدیاکە هەمووم بە دەست گەیشت بەزمانانی کوردی و ئینگلیزی. ئەوەی پێویستە بگوترێ قسەکردن و نامەمان هەمیشەبە زمانی عەرەبی بووە، چونکە وەکو ئاشکرایە عیسمەت شەریف لەکوردانی سووریایە. من بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆژە زانستییە کرابووم بە ئەندامی دەستەی سەرپەرشتی ئینسیکلۆپیدیا و نوێنەری لەکوردستانی عیراق.

نویشکی بەرنامەی ئینسیکلۆپیدیاکە بەم جۆرە بوو:

١- ژمارەی پاراگرافەکانی ناو ئینسیکلۆپیدیاکە (٢٠٥٢) بوو.

٢- ژمارەی زانا و پسپۆر لە کورد و بێگانە ئەوانەی دەسنیشان کرابوون بۆ گەیاندنی کارەکەبە ئەنجام (٦٢) کەس بوون.

ماوەیەک پێوەندیم بە عیسمەت شەریفەوە هەبوو. لە هەولێریش لیژنەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کارەکە دانرا بوو، بەڵام دوایی سەرقاڵی ئیش و کاری خوێندەوار و ڕۆشنبیری، زیاتریش هەڵسوکەوتی سیاسی جموجوڵی



لەم لایەنەوە لێرە و لە ئەورووپا سست کرد و پاشان لەناوچوو و بەم جۆرە پرۆژەکە نەگەیشتە ئەنجام.

### کاری ئینسیکلۆپیدی بەزمانی کوردی

بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەگشتی سەرچاوە کۆکراوەتەوە بۆ ئامادەکردنی دائیرەتولمەعاریفی بچووک. لەم بابەتەوە هەندێ بەرهەم دەکەونە بەرچاو، بەڵام هیچ یەکێکیان ئەو مەرجانەی لەخۆ نەگرتووە کە پێویستە لەم جۆرە کارانەدا ڕەنگیان دابێتەوە. خاوەنەکانیان پەلەیان کردووە، لە جەوهەری کارەکە نەگەیشتوون، ئەوەی بۆ یەکەم جار لە سەر کارت نووسیویانە، بەبێ لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە و ڕاست کردنەوە چاپیان کردووە، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە کارانە نرخیان لەوە دایە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ دانانی بەرنامە بۆ نووسینەوەی ئینسیکلۆپیدیای کوردی کە هەتا ئێستا نەنووسراوەتەوە. ئینسیکلۆپیدیا سەرچاوەیەکە زانیاری ڕاست و حەقیقی و بێ لایەن و موجەڕەد لە بابەت هەموو دیاردەیەک بەدەستەوە دەدا، ئینسیکلۆپیدیا بۆ هیچ جۆرە سۆزێکی نیشتمانی و قەومی، یان هیچ بۆچوون و فیکرێکی فەلسەفی، یان موناوەرەیەکی سیاسی و دیپلۆماسی، یان تەشقەڵەی ڕێگری و تاڵان کردن مل کەچ ناکات.

ئینسیکلۆپیدیا ئەوە نییە بڵێ: سۆمەری و میدییەکان کوردن، بەڵکو ڕاستییەکە ئەوەیە بڵێی کورد لە نەوەی سۆمەری و میدییەکانن، بەڵام زۆر خەڵکی دیکەش لەوانن. ئینسیکلۆپیدیا ئەوە نییە بڵێی نووری سەعیدی واوا لێکراو پیاوی ئینگلیز بوو، یان ئەنوەر ساداتی خایەن چووە بۆ ئیسرائیل و لەکنێست خوتبەی داوە.

ئینسیکلۆپیدیا تۆمارکراوێکی بەرز و بەڕەسەنە، بەگیانێکی زانستی ڕاستەقینە و دوورلە سۆزی قەومی و بیری چینایەتی و چێژی ڕۆمانتیکی و تەرەفی فیکری و نهێنی سیمبۆلی دەنووسرێتەوە.

ئەو هەوڵانەی بەکوردی دراون بۆ ئەم مەبەستە زۆر و کەم و دەچنە ناو ئینسیکلۆپیدیاوە تا پلەیەکی دیار لەو مەرجانەوە دوورن کە پێویستە لە نووسینی ئینسیکلۆپیدیادا بە ڕوونی بەرچاو بکەون.

### ئینسیکلۆپیدیای گشتی
### دیارییەکی بەنرخ

ڕۆژێکی گەشی پڕ لە سۆز و وەفابوو کە (یاسین سابیرساڵح) لە سلێمانییەوە ڕووی کردە هەولێر و دەست و دیاری کتێبی «ئینسیکلۆپیدیای گشتی» بوو. ئەوی ڕاستی بێ گرێیەکی سایکۆلۆژی و ڕەشبینییەکم لەلا دروست بوو لە ئەنجامی خوێندنەوەی هەموو ئەو کارانەی دەچنە ناو ئینسیکلۆپیدیا و فەرهەنگی جیاوازی زانستی و زاراوەکان و زانیارییە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی. پێشەکی بە هەندم هەڵنەگرت و تەنیا ئەوەبوو هەڵگێر و وەرگێرم کرد بۆ ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا بکەم، ئەوجا بیخەمە ناو کتێبەکانەوە.

کتێب بەقەوارە زۆر گەورە بوو (٢٨×٢٠سم)، (١١٩٢ل)، هەر لاپەڕەی دوو ستوون، هەر ستوونی ٣٨-٣٩ دێر، لەلایەن دەسگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەمەوە لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٥دا بڵاوکراوەتەوە.

سەرەتا بەخوێندنەوە، هەندێ لەو پاراگرافانەم تاقی کردەوە کە مەبەستم بوون. لەمەدا گەشبینییەک دڵ و دەروونی داگیر کردم. هەستم بەوە کرد ئەم بەرهەمە هەندێ جیاوازە لەو کارانەی تائێستا لەلایەن ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی کورد بە ئەنجام گەیانراون.

### تێبینی و پێشنیاز

(١)

ئەم ئینسیکلۆپیدیایە بەگشتی بەهەناسەیەکی زانستییانە نووسراوە، بەڵام هەندێ جار هەست دەکرێ خاوەنی بایەخی بە ئیدیۆلۆژییەتی مارکسیزم و مەدەنییەتی دەسەڵاتی سۆڤیەت و ڕووسی دەورانی فەرمانڕەوایی پارتی کۆمۆنیست داوە (١٩١٧-١٩٩١). ئەمە کارێکی خراپ نییە، بەڵام پێویستە لەنگەر لەگەڵ لایەنەکانی دیکە ڕابگیرێ، واتە ئەو میللەتانەی ئەورووپا کە لەپێشکەوتندا لە پلەی میللەتی ڕووسن، یان لەوانیش پێشکەوتووترن.

(٢)

بێ لایەنی لەگەڵێ پاراگرافی کارەکە دەکەوێتە بەرچاو، ئەمە کارێکی بەجێیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بابەت

کێشەی ئەرمەنەوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکی عوسمانی کە زۆر باس کراوە دەبوو زانیاری لەسەرچاوەی مێژوویی بێ لایەن و مەوزووعی وەربگیرێ. بۆ ئەم مەبەستە سەرچاوەی ئەرمەن خۆیان و سۆڤیەتییە کۆمۆنیستەکان بەبێ لایەن ناژمێررێن.

(٣)

لە ئینسیکلۆپیدیادا باس لە واقیع و ڕووداو و دیاردە دەکرێ، وەکو هەیە و بووە، چاک، یان خراپ. باس لەهیوا و ویست و ئارەزووی کەسێتی ناکرێ، لەبەر ئەوە پێویستە سەرچاوەی نووسینی پاراگرافەکان ڕەسەن و زانستی بێ. لەم لایەنەوە بۆ دانانی ئینسیکلۆپیدیای کوردی ئەوەی پێوەندی بەکاروباری جیهانییەوە هەیە، واتە دەرەوەی کوردەواری پێویستە دوا چاپی ئینسیکلۆپیدیای بەریتانی و لاڕووسی فەرەنسی بێن بەسەرچاوە. هەرچی ئینسیکلۆپیدیاکانی عەرەب و تورک و عەجەمە، هەندێ جار ڕاستییان تێدا هەیە بۆ ئەو پاراگرافانەی پێوەندییان بەکۆمەڵی خۆیانەوە هەیە، ئەگەرنا ئەوەی باسی کوردیان تێدایە کەڵکی ئەوەیان نییە بێن بەسەرچاوە، چونکە بەگشتی بە چاوێکی نزم تەماشای کورد کراوە، هەریەکە لەو سەرچاوانە خاسیەتی خۆی هەیە. سەرچاوە فارسییەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوییەوە تائێستا بەرانبەر بەکورد «پان ئێرانیزمی فارسیزم» بەکاردێنن. سەرچاوەکانی تورکی عوسمانی باوەڕپێکراون، بەڵام ئەوەی تورکی ئێستا کورد و کوردستانەکەی لای خۆشیان ڕەفز دەکەن.

(٤)

حەرفە تایبەتییەکانی زمانی عەرەبی «ث ذ ص ض ط ظ» خراونەتە ناو ئەلفوبێی کوردییەوە. ئەمە کارێکی ڕاست نییە. هەموو وشەیەکی کوردی ئەگەر حەرفیکی لەم بابەتەی تێدا بێ بە حەرفێکی دیکە (دەنگێکی دیکە) دەگۆڕێ. لەبەر ئەوەیە حەرفەکانی «ث ص» دەبن بە (س)، «ذ ض ظ» دەبن بە (ز)، «ط» دەبێ بە (ت). لەکاتی لێکۆڵینەوە ئەگەر ئیلتیباسێک ببێ لەناو دوو کەوانەدا وشە عەرەبییەکە دەنووسرێ، وەکو: «أثیر= ئەسیر»، «ظاهر= زاهیر»، «طاهر= تاهیر»، «ذلیل= زەلیل».

(٥)

زارارەیەکی زۆر و زەبەندە لە ناوەوەیە بۆ بەڕێوەبەرانی وڵات بەکاردەهێنرێن، بە تایبەتی لەسەردەمە کلاسیکییەکان و تا ئێستاش شوێنەواریان ماوە، وەکو: مەلیک، ئەمیر، قەیسەر، سوڵتان، شا، ئیمپراتۆر و گەلێکی دیکە. لە ئینسیکلۆپیدیادا زاراوەی «شا» لەباتی زۆربەی ئەم زاراوانە بەکارهاتووە، بەتایبەتی بەزۆریش بوو بە «مەلیک» ئەمە کارێکە لەڕاستییەوە دوورە. پێویستە «شا» تەنیا بۆ بەڕێوەبەرانی عەجەم و ئێران بەکاربهێنرێ. گوێ قوبوولی ئەو ناکات لەباتی «مەلیک فەیسەڵ» بڵێی «شا فەیسەڵ» لەبەر ئەوە با «شا» بۆ ئێرانیان و «مەلیک» بۆ عەرەب و ئەوانەی ئەورووپا بێ. ئەگەر مەبەستیش تەنیا ئەوەبێ «مەلیک» وشەیەکی عەرەبییە و پێمان خۆش نییە گوێ بیبیستێ، وشەی «شا»ش کوردی نییە.

(٦)

ماوەیەکە لەڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و نووسینی چوار کوردستانەکان وەکو زاراوەیەکی جوگرافی بەسەر ئاقارەکانی کوردستانی گەورەدا دابەش کراون. کوردستانی باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کەوتوونەتە ناوەوە. ئەمە کردەوەیەکی سیاسی تازە داهاتووە بۆ ئەوەی خوێنەری کورد گوێی لە وشەکانی تورکیا و عیراق و ئێران و سووریا نەبێ. ڕاستییەکە ئەوەیە ڕەنگە لە هەندێ حاڵەت بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەب و مێژووی کولتوور و ڕۆشنبیری بەکارهێنانی باکوور و باشوور ڕاست بێ، بەڵام کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی نییە، هەرچی کوردستانی باکوور و باشووریشە لەبەر ئەوەی هەیە دەکرێ لەجێی خۆیدا بەکاربهێنرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەکە وا نییە وەکو ئەوکەسانەی بۆ ئەو مانایەی مەبەستیانە بەکاری دێنن، چونکە ئەوان «کوردستانی باشوور» بۆ «کوردستانی عیراق» بەکاردێنن، کەچی بادینان کە لەم کوردستانەدایە خۆی لە هەموو ڕوویەکی زمان و جوگرافیا و ئەتنۆگرافیاوە لەسەر کوردستانی باکوور حسێب دەکرێ. هەروەها کوردستانی باشووریش تەنیا کوردستانی عیراق نییە بە سۆران و بابان و گەرمیان (کەرکووکی گەورە)، ناوچەکانی

موکریان و ئەردەلانی ئێرانیش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە بە هوشیاری ئەم زاراوانە بەکاربهێنرێن و تێکەڵ و پێکەڵی یەکتری نەکرێن. ئەوەی لە ڕاگەیاندن و چاپەمەنی ڕۆژنامەگەری بەهەڵە بەکاردەهێنرێ ئاستەم و نارەوایە بگوێزرێتەوە سەر لاپەڕەی کتێبی زانستی و داهێنانی ئەدەبی و هونەری.

(٧)

لەم کارەدا سیفەتی قەبە و ئەستووری وەکو: بەرز و گەورە و بلیمەت و نەمر و شۆڕەسوار و شاعیری هەرە گەورە و بێ هاوتا و هی دیکە بەکارهێنراوە بە تایبەتی بۆ کەسانی کورد وەک نیشانەیەکی نیشتمانپەروەری و گیانی بەرزی کوردایەتی بۆ ئەو کەسانە و بۆ خاوەنی ئینسیکلۆپیدیا. ئەم شێوازە بەگشتی لە کاری داهێنانی ئەدەبی و هونەری بەکاردەهێنرێ، لە ئینسیکلۆپیدیا و لێکۆڵینەوەی زانستیدا بەکارناهێنرێ.

(٨)

لەناوەرۆکی ئەم کتێبەدا ژمارەیەکی زۆر لە ژن و پیاو ناویان بەشاعیر هاتووە، هەندێکیانم بیستووە، کەسی وایان تێدایە شیعری لە دوانێک تێپەڕ ناکات، هی تریان ناویان هەیە و شیعریان نییە، بەگشتی ئەو کەسانە گوم ناون. ئیتر نازانم ئەوانەی ناوی هێناون چاوی بەشیعریان کەوتووە، یان نا؟ جگە لەوە ساڵی لەدایک بوون و مردنیشیان نازانرێ. کاری ئینسیکلۆپیدیا ئەوەیە زانیاری پێشکێش بەخوێنەر بکا کە تووشی ناوی کەسێک، یان ڕووداوێک دەبێ هیچی لێ نازانێ.

(٩)

هەندێ کەس بەدرێژی لەسەریان نووسراوە. بۆ بەڵگە ٢٣ دێر لەستوونێکدا بۆ مەهدی بازرگان نووسراوە، بەلای منەوە لە چوار پێنج دێر زیاتر هەڵناگرێ. هەندێ جاری دیکەش، لە ژیانی گەورە پیاوان ئەو کارانەی ناوبانگیان پێ دەرکردووە خراونەتە پشت گوێ بۆ بەڵگە بەهائەدین نووری ئەفسەر (١٨٩٧- ١٩٦٠) دەبوو ناوی کتێبەکانی بنووسرێ.

(١٠)

لە ئینسیکلۆپیدیادا زانیارییەکی زۆر لەبابەت گەورە و کەسانی پیرۆزی ئایینی یارسان (ئەهلی هەق، کاکەیی، عەلی ئیلاهی) هاتووە.

ژمارەیەک لەژن و پیاوان بە شاعیر لە قەڵەم دراون، پێویستە لە سەرچاوەی ڕەسەن و باوەڕ پێکراوەوە وەربگیرێن و عەقیدەی یارسانان وەکو ئاینێک تەماشا بکرێ.

(١١)

پاراگرافەکانی تایبەت بە مێژووی ژیان و بەسەرهاتی کەسەکان ناویان بەپێی لەقەب وەرگیراوە. ئەمە نەریتێکی ئەوروپایە لە نووسیندا، بەڵام لەلای ئێمە لەبەر ئەوەی لەحاڵەتێکی زۆردا خەڵکانی ئازا و خوێندەوار و ڕۆشنبیر لەقەبیان نییە. من وای بە باش دەزانم، چۆن لەلای خەڵکی ناسراون و لە نووسیندا هەن، هەروا بەخەڵکی بناسرێن لەقەبیان هەبێ، یان نەبێ، وەکو: ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، جەمیل ڕۆژبەیانی، عەلائەدین سەجادی، شاکر فەتاح، هەروەها شاعیرانی کلاسیکیش بە نازناویان بەخەڵکی بناسرێن، وەکو: خانی، نالی، حاجی قادر، پیرەمێرد، حەمدی، گۆران، دیلان...

(١٢)

کەم بایەخ بەکوردناس و ڕۆژهەڵاتناسەکان دراوە. پێویستە پاراگراف بۆ هەموو کوردناسەکان هەبێ، ناوی هەموویان تۆماربکرێ. باشتر ئەوەیە زانیاری لەسەرچاوە ئەسڵییەکان وەربگیرێن. زانیاری باوەڕپێکراو تارادەیەک لەسەرچاوە عەرەبییەکاندا هەیە، بەڵام فارسیەکانیان لەناو شیعەگەری و تورکییەکانی پاش دروست بوونی کۆماری تورکیا لە ناشۆڤێنیزمی تۆرانی نوقوم بوون، لەبەر ئەوە بۆ ئێمە جێی باوەڕنین، تەنیا ئەگەر لێکۆڵەرەوەی لای ئێمە شارەزایی لەمەسەلەکە هەبێ و بە هوشیاری زانیارییەکان وەربگرێ.

(١٣)

لە کارەکەدا ترانسکریپی وشە و زاراوەکان (ئیملا و ڕاست نووسین) پێڕەوی هیچ جۆرە دەستوورێک نەکراوە.

ڕاست نووسینی هەموو ئیملاکان لەکارەکەدا ڕەنگی داوەتەوە: ئەلفوبێی لاتینی زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی، ئەلفوبێی لاتینی عالەمی کە لە ڕۆژهەڵاتناسیدا بۆ هەموو زمانەکانی ڕۆژهەڵات لە ئاسیا بەکاری دێنن. لە ئینسیکلۆپیدیاکەدا پێڕەوی هیچ کامێکیان نەکراوە و شوێنەواری هەموویان دەکەوێتە بەرچاو.بەلای منەوە لەکاتی پێویستدا سیغەی هەر وشەیەک ئینگلیزییەکەی وەربگیرێ. دیارە تێکستی کارەکە بەگشتی بەزمانی کوردی ئەلفوبێی عەرەبییە.

(١٤)

بۆ هەر پاراگرافێکی ئینسیکلۆپیدیا، پێشین ژمارە و قەوارەی نووسینەکە، واتە ژمارەی وشەکانی دیاری دەکرێن، بەپێی پێویست و گرنگی پاراگرافەکە بۆ خوێنەر و ڕۆشنبیری کورد.

(١٥)

لەم کارەدا هەست بە هەناسەیەکی سۆزی قەومی (کوردایەتی) سەردەم دەکرێ، ئەمە کاریکی خراپ نییە، بەڵام تۆ کە باس لە دیاردەیەکی کۆن و دێرین، یان کلاسیکی دەکەی نابێ بەپێی سۆزی قەومی و فیکری کۆمەڵایەتی و چەمکی فەلسەفە و نەریت و ڕەوشتی سەردەم مەسەلەکە بۆ خوێنەر و خوێندەواران بخەیتە ڕوو.

(١٦)

بۆ ئامادەکردنی ئەم جۆرە کارە زانستییە نابێ داوا لە بنەماڵەی کەسێک بکرێ مێژووی ژیانی بنووسنەوە بۆ ئەوەی لەکتێبدا تۆماربکرێ. ئەگەر لە هەندێ حاڵەتدا پێویست بوو، نابێ باوەڕ بە هەموو زانیارییەک بکرێ لەم ژیاننامەیەدا هاتووە.

گەلێ جار نووسەر و ڕۆژنامەنووسەکان ئەم ڕێگەیان گرتووە و باوەڕیان بە هەموو قسەیەک بووە کە لە دەمی ئەم کەسانە هاتووەتە دەرەوە. هەر بۆ بەڵگە یەکێک گوتوویەتی، لەسەدەی نۆزدەیەم قوتابخانەی ڕوشدییەی عوسمانی لە هەولێر هەبووە، فڵانەکەس لەوێ خوێندوویەتی. ئەمە ڕاست نییە، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان هیچ قوتابخانەیەکی میری لە هەولێر نەبووە. یەکێکی دیکە دەڵێ پیرەمێرد لە قوتابخانە نەیخوێندووە چونکە قوتابخانە لەسەدەی نۆزدەیەم لەسلێمانی نەبووە، کەچی ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ساڵی ١٨٦٨ یەکەمین قوتابخانەی سەرەتایی میری لەسلێمانی کراوەتەوە، لەدوای ساڵێک پیرەمێرد لە ساڵی ١٨٦٩ لەدایک بووە. پاشان قوتابخانەی سەرەتایی ڕوشدییەی عەسکەری لە ساڵی ١٨٩٣ کراوەتەوە.

(١٧)

ئینسیکلۆپیدیای گشتی وەک کارێکی ڕەشنووس لە پرۆژەی دانانی ئەم جۆرە بەرهەمە دەکەوێتە بەرچاوم، بێگومان من وای دەبینم هەر پاراگرافێکی کە خراوەتە سەر کارت یەکسەر چاپ کراوە. ئەوەی بەرنامەی زانستی دەیخوازێ بۆ ئەم چەشنە کارانە پێویستە بژار بکرێ، لەبەر ئەوە بۆ چاپی دووەمی ئینسیکلۆپیدیاکە، کە پێویستە چاپی یەکەم بەلاوە دەنێت، دەبێ بژارێکی ورد بکرێ، پسپۆری شارەزا بەپاراگرافەکاندا بچێتەوە. هەروەها ڕەچاوی ئەم تێبینییانەی لای خوارەوە بکرێ:

أ- ئاماژەکردن بەسەرچاوەکان.

ب- ڕازاندنەوەی بە وێنە و نەخشە و هەموو کەرەستەیەک کە دەبێتە هۆی ڕوون کردنەوەی هەر مەسەلەیەک، باشتر وایە چاپەکە ڕەنگاوڕەنگ بێ.

پ- قەوارەی پاراگراف بەپێی گرنگی ناوەرۆکەکەی بێ بۆ خوێنەر و خوێندەواری کورد.

ت- تێکەڵ نەکردنی سۆز و خەیاڵ و چێژ و ئەندێشەی کەسێتی پێویستییەکی زانستی و حەقیقەتە، ئەمانە لەگەڵ ئەقڵ قسە دەکەن، لە سۆزی نەتەوەیی و ئایینی و بیری چینایەتی و موناوەرەی سیاسی و دیپلۆماسییەوە دوورن. پێویستە کۆسمۆپۆلیتیزم ئەوەندە لەناوەوە بێ زیان بە ناسیۆنالیزم نەگەیەنێ، هەرچی ئەنتەرناسیۆنالیزمیشە پێویستە هەمیشە حوزووری هەبێ.

ج- کارەکە لەپێش هەموو شتێک ڕەنگدانەوەی بوونی کورد وەکو نەتەوەیەک و کوردستان وەکو نیشتمانێک لەڕووی مێژوو و جوگرافیا و ئەتنۆگرافیا و مەدەنییەت و هەموو لایەکانی دیکەی ژیانەوە. ئینجا بایەخ بە دراوسێکان بدرێ لە عەرەب و تورک و عەجەم و ئازەری و ئەرمەنی. ئەوجا دەرەوەی ئەم ئاقارانە تا هەموو دنیا

دەگریتــەوە. کــەمــە نەتەوایەتی و ئایینی و ئیــتنی ناو کۆمەڵی کوردستان نابێ پشت گوێ بخرێ، کوردەواریش نابێ لەبیــر بچێ، ئەو کــوردانەی بەکــۆمــەڵ لە دەرەوەی کوردستان و شارانی جیاوازی گێتی بەکۆمەڵ دەژین.

**ڕاست کردنەوەی هەندێ زاراوە**

بۆ چاپی دووەمی ئەم ئینسیکلۆپیدیایە پێویستــە بە وردی گەلێک لە زاراوە و ناوی پاراگرافەکان بەشێوەیەک ڕاست بکرێنەوە وەکو هەیە، یان وەکو لەزمانی کوردیدا باوە. لەم مـاوەیەدا ناکرێ ئامـاژە بە هەمـوو ئەو وشــانە بکرێ، بەڵکو بۆ نموونە تەنیا باس لە هەندێکیان دەکرێ.

(١)

وڵاتانی ئەرمـینیا و جـۆرجیا بەم شـێوەیە و بەشـێوەی دیکە لەناو خـەڵکی ڕووی ئەم زەوییــە بەکـاردەهێنرێن، بەڵام لەکـوردیدا لە قــسـەکـردن و نووسـیندا پێـویسـتــە زاراوەی «ئەرمەنستان» و «گورجستان» بەکاربهێنرێن.

(٢)

«ئەرمیتاج» کۆشک و باڵەخانەی زستانەیە لە شاری سـانت پیـتـرسـبـورگ لەڕووسـیـا. ئەم سـیـغـەیە لەزمـانی عەرەبی و هەندێ زمانانی دیکە بەکارهێنراوە. بەکوردی «ئەرمیتاژ»ە، لەبەر ئەوەی عەرەب حەرفی «ژ»یان نییە، لەباتی ئەو بە «ج»ی دەنووسن.

(٣)

لە کـــارەکـــەدا لەباتی «ســـۆڤـــیـــەت» (شـــۆرەوی) بەکـارهێنراوە، ڕاسـتـیـیـەکـە ئەوەیە خـاوەنی دەسەڵاتەکـە خۆی واتە ڕووس و خەڵکی هەموو گێتی «سۆڤیەت»یان بەکارهێناوە، تەنیا فارس (شۆرەوی)یان بەکارهێناوە. بۆ چ لاسـایی ئەوان بکرێتـەوە، دەترسم وا بزانرێ سـۆڤـیـەت عەرەبییە و شۆرەوی کوردییە!

(٤)

ناوی پایتـەختی ئەرمـەنستان بە سێ سیغە کەوتووەتە ناوەوە «ئەریڤـان، یەریڤـان، ڕەوان» یەکـەمـیـان خـەڵکی بەکـاری دێن، بەتایبـەتی لەسـەرچاوە کـلاسـیکـیـیـەکـانی مـێژووی ئیـسـلام بەزمـانی عـەرەبی. دووەمـیـان ئەرمـەن خۆیان و خەڵکی دیکە بەکاری دێن. سێیـەمیان کوردی ناوچەکانی قەفقاس بەکاری دێن. من وای بە باش دەزانم لەنووسینی کوردیدا «یەریڤان» بەکاربێ.

(٥)

ئەو شــارەی کــەوتووەتە ســەر لای باکــووری زەریای قەزوین لەو جێیەی ڕووباری ڤۆلگا دەڕژێتە ناو زەریا، لە ئینسیکلۆپیدیا ناوی بە «ئاستراخان» هاتووە. ئەم شارە لەکۆنەوە لەناو کوردەواریدا بە «ئەشتـەرخان» ناودەبرێ. باب و باپیرانمان عیبـارەتی «سەماوەری ئەشتەرخان»یان لەســەر زار بووە. هەندێ کـاروانچی کــورد لە ســەدەی نۆزدەیەم و سـەرەتـای سـەدەی بیــســتــەمــدا بۆ ئاڵوێری بازرگانی گەیشتوونەتە ئەشتەرخان.

(٦)

«نەینەوا» وەک زاراوەیەک بۆ ناوچەی شاری مووسڵ و سەردەمی کۆنی ئاشوورییەکان بەکاردەهێنرێ بەتایبەتی لە زانسـتی ئەرکیـۆلۆژی (شـوێنەوار)دا، ئەمـە تەنیـا لەلای ئێـمـە نیـیـە، بەڵکو هەندێ لە نووسـەرە عـەرەبەکـانیش بەکاری دێن. بەڕاستی ئەم سیغەیە بەشێوەی «نەینەوا» هەڵەیە، ڕاسـتیـیەکەی «نینەوا»یە، پێویسـتـە نووسەر و ڕۆشنبیر و خوێندەواری ئێمە بەم شێوەیە بینووسن.

(٧)

«مـۆزەخـانە» لە ئینسـیکلۆپیـدیا و نووسـینی کـوردی بەگــشــتی هەڵەیەکی گــەورەیە بە ڕاست گــەڕاوەتەوە. ئەسڵــەکەی «مۆزە»یە. من زۆر لەسەری ناڕۆم، چونکە زیاتر لە جـارێک لە سـەریم نووسـیـوە و کـەس گـوێی لێ نەگرتووم. نویشکی مەسەلەکە ئەوەیە «مۆزە» وشەیەکی گریکی و لاتینییە، بەمانای پەرستگا (المعبد) هاتووە. واتە ناوی جێگەیە. لەگەلێک لە زمانانی گێتی بەشێوەی «مــۆزە، مــووزێ، مــیــووزم و هی دیکە» بەکـارهاتووە. تەنانەت لەزمانی هاوسێکانمان بەتایبەتی تورک و عەجەم هەر بەشێـوەی «مۆزە» دەنووسـرێ. جـا نازانم لەزمـانی کوردی بۆ چ بووە بە «مۆزەخانە»! دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین «مۆزە» خۆی مانای جێگە دەگەیەنێ، «خانە»ش لە کوردیدا بەمانای جێگەهاتووە. چۆن دەبێ لە وشەیەکدا دوو ناوی جێگە (اسم مکان) کۆببێتـەوە، تکایە واز لە

«مۆزەخانە» بیێن و «مۆزە» بەکاربێن.

(٨)

تەنیا لە ئینسیکلۆپیدیادا نا، بەڵکو لە هەموو ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کوردی ڕۆژانە وشەی «پارت» بەهەڵە وەک زاراوەیەکی سیاسی بەکاردەهێنرێ. لە جارێک زیاتر لەسەر ئەم وشە فەرهەنگی و زاراوەییەم نووسیوە، بەڵام کەس گوێی لێ نەگرتووم.

بەکورتی مەسەلەکە بەم جۆرەیە، ئەم وشەیە لە بەشێکی زۆر لە زمانانی گێتیدا بەکاردەهێنرێ. بەکارهێنانی لەم زمانانەدا بەم جۆرەیە: لە لاتینی کۆن «partis»، لە فەرەنسی «parti»، لە ئەڵمانی «partei»، لە ئینگلیزی «party»، لە ڕووسی «partia».

ئەم وشەیە گەلێ مانای فەرهەنگی و زاراوەیی هەیە لە باوترینیان بەمانای «بەش» و «کۆمەڵێک خەڵک» هاتووە. بەم پێیە وشەکە لە هەموو ئەو زمانانەی بەکاری دەهێنن «پارتی»یە و «پارت» نییە. کەچی لای ئێمە وشەکە دەسکاری کراوە و بووە بە «پارت» و بە هەڵە بەکاردەهێنرێ.

بەلای ئێمەوە ئەم هەڵەیە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە دروست بووە لەو کاتەی «پارتی دیمۆکراتی کورد= پارتی دیمۆکراتی کوردستان» ١٩٤٦ دامەزراوە. ئەم حیزبە وشەی «پارتی» بەکارهێنا. ڕستەکە بەشێوەی «پارتی دیمۆکراتی کوردستان» کەوتە ناوەوە. ڕستەکە لەڕووی ڕێزمانەوە ڕاست و دروستە، بە ئیعتباری ئەوەی دوو «ی»ی ئیزافەی تێدایە، یەکێکیان لە «پارتی» ئەوی دیکەیان لە «دیمۆکراتی» هەڵەکەلەوە پەیدا بوو «ی»ی ئیزافەی یەکەم «ی» وشەی پارتی دەخوا. لە نووسین و تەلەفوزدا ئەوەی دەینووسین «پارتی دیمۆکراتی کوردستان» هەڵەی تێدا نییە، چونکە لە ڕاستیدا ڕستەکە بەم جۆرەیە «پارتیی دیمۆکراتی کوردستان» لەبەر ئەوە لای خەڵکی «ی»ی «پارتی»یە کە ون بووە و خەڵکەکە وا دەزانن وشەکە «پارت»ە، بۆیە ئەوانەی حزبین، لە هەر حزبێک بن، پێویستە بڵێین «پارتییەکەمان» نەک «پارتەکەمان». هەروەها لە نووسیندا هەموو لایەک دەڵێن «پارتە بچووکەکان»، «پارتە بۆرجوازییەکان»، «پارتە کاربەدەستەکان» دەبێ بگوترێ «پارتییە بچووکەکان»، «پارتییە بۆرجوازییەکان»، «پارتییە کاربەدەستەکان».

## بژارکردنی هەندێ لە پاراگرافەکانی ئینسیکلۆپیدیای گشتی

هەموو کتێبەکەم خوێندەوە، زیاتر بایەخم بەو پاراگرافانە دا کە پێوەندییان بەکوردەوە هەیە. زۆربەی ئەو پاراگرافانە پێویستە بژار بکرێن، بۆ ئەوەی هەڵەکانیان ڕاست بکرێنەوە. ئەوەی دەرەوەی کوردەوارییە ئەویش پێویستە بژارێکی ورد بکرێ و سەرچاوەی باوەڕ پێکراو بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنرێ. هەر ئەو پاراگرافانەیە کە پێوەندییان بە کورد و کوردستانەوە هەیە بۆ نموونە لەم ماوەیەدا هەندێکیان عەرزی خاوەنی «ئینسیکلۆپیدیای گشتی» یاسین سابیر ساڵح و هەموو خوێنەر و خوێندەواری کورد دەکەم. ئەمە نموونەیە ئەگەر هەمووم بنووسیایە دەبووبە نامیلکەیەک، یان کتێبێک. تێبینی و پێشنیازەکانی من مەرج نییە هەموویان بچنە ناو ئینسیکلۆپیدیاکەوە، بەڵکو ڕاست کردنەوە و زیادکردنی زانیارییەکە پێویستی هەموو خوێنەر و خوێندەوار و ڕۆشنبیرێکی کوردە.

(١)

ل١٠ «ئاثووریەکان»: ڕاست «ئاسووری»یە. ئەمانە کەمە نەتەوایەتییەکن لە ناوچەی هەکاری «کوردستانی تورکیا» و ناوچەی ورمێ (کوردستانی ئێران) دەژین. لەمێژوودا ناویان بەشێوەی «ئاسووری (ئاثووری) هاتووە». کورد تەیارییان پێ دەڵێن. لەم دواییەدا ناوی خۆیان گۆڕیوە و کردوویانە بە «ئاشووری»، چونکە دەیانەوێ خەڵکی بەنەوەی ئاشوورییەکانی کۆن حسێبیان بکەن. هەرچۆنێک بێ ئەم ئاسوورییە تازانە لە نووسین و فەرهەنگ و ئینسیکلۆپیدیای هەموو گێتی ناویان هەر بە «ئاسووری» دەهێنرێ، چونکە هیچ نەتەوەیەک لە گێتیدا نییە ناوی ئێستای لە دەوروبەری هەزار و پێنسەد ساڵ زیاتر بێ، ئەمانە لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی گێتی و دوای جەنگ دەربەدەربوون. ئینگلیز لە کاتی دروست بوونی دەوڵەتی عێراقدا لەشکری لیڤی لێ دروست کردن. عەسکەری ئەم لەشکرە دەوریان لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمووددا هەبووە.

(٢)

ل١٠٨- ١٦٦: ئایینی ئەهلی هەق (یارسان، کاکەیی، عەلی ئیلاهی) و هەموو ئەولیا و گەورە پیرۆزەکانیان بە باباخۆشێن و سوڵتان ئیسحاق (سەهاک) و بابا یادگار و ئەوانی دیکەوە لە هەر کوێیەکی ئینسیکلۆپیدیاکەدا هاتبن پێویستە دانەر بە وردی بەسەر ئەم پاراگرافانەدا بچێتەوە. ئەوەی لەنووسینەکانی لەم بابەتەوە دەردەکەوێ وا دانراوە وەکو بڵێی یارسان ئایینزایەکی ئیسلامییە، بەڵام لە حەقیقەتدا ئایینێکی سەربەخۆیە، فەڵسەی دەگەڕێتەوە لای مرۆڤی یەکەم (ئادەم) کە لەڕۆحی خودا دروست بووە و پشتاوپشت هاتووەتە خوارەوە تا لەدوای ئیسلام و عەلی کوڕی ئەبووتالیب ئایینەکە بووە بەهی کورد و هەتا ئێستا ماوە و ئەدەبێکی ئایینی ڕەنگینی دروست کردووە بە دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی کە کۆنترین دیالێکتی زمانی کوردییە تا ئێستا شیعری بەرزی هونەری پێ هۆنراوەتەوە.

(٣)

ل٢٢٣ کۆمەڵەی برایەتی (١٩٣٧- ١٩٤٤): ئەو کۆمەڵەیە بڵاوکراوەی نەبووە، شوێنەواری دیار نییە. وا نووسراوە گۆیا پیڕەو و دروشمی تایبەتی هەبووە، بەڵام لەناوچوون و نەماون، ئەگەر لەسەر ئەو باوەڕەن ئەم پاشماوانەی بووە پێویستە هەوڵ بدرێ و بدۆزرێنەوە. دەکرێ ئەوانەی لەو سەردەمەدا لەژیاندا بوون و چاویان بەم پاشماوانە کەوتووە، وەسفیان بکەن و نووسەر و هونەروەرەکان جارێکی تر بە هێلکاری دروستیان بکەنەوە.

ئەم پاراگرافە دەبوو وەک هەواڵێک یەک دوو دێڕ بێ، چونکە لەو ساڵانەدا بە دەیان ڕێکخراوی لەم جۆرە نەوەکو تەنیا لەلایەن خەڵکی بەتەمەنەوە دروست دەکران، بەڵکو قوتابیانی پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی و قوتابیانی قوتابخانەکانی ناوەنجی لەنێوان خۆیاندا ڕێکخراوی لەم بابەتەیان دروست دەکرد.

(٤)

لە ١٢٦ یووسف ئەیگارۆڤیچ ئۆربیلی (١٨٨٧- ١٩٦١): ئەوەی گرنگە لە ژیانی ئەم زانایە ئەو کتێب و نووسینانەیە لە مەیدانی کوردناسیدا هێناویەتییە بەرهەم، کەچی لە ئینسیکلۆپیدیای گشتیدا باسی لێوە نەکراوە. هەروەها دەبوو باسی کوشتاری ئەرمەن نەکرێ، چونکە ئەمە مەسەلەیەکە کراوەتە بنێشتە خۆشەی سیاسەت، باشتر وایە لە دەرەوەی ڕۆشنبیری و خوێندەواریدا باسی لێوە بکرێ.

(٥)

ل٢٣٤ بڵند حەیدەری (١٩٢٦-١٩٩٦): نووسراوە لە سلێمانی لە دایک بووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە لە هەولێر لە دایک بووە. لەو کاتەی لە بیستەکانی سەدەی بیستەم لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و ڕێکخستنی ئۆردووی سوپا بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کۆن و نوێی هەولێر باوکی بڵند لەو ئۆردووەدا ئەفسەر بوو. بە منداڵی کوردی زانیوە، بەڵام لە ماڵەوە بە عەرەبی قسەیان کردووە، کە بەتەمەن گەورە بووە لەبەر ئەوەی مەشقی ئەو زمانەی نەبووە لەبیری چووەتەوە. لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم کە لە بەغدا چاومان بە یەکتری دەکەوت بەعەرەبی قسەمان دەکرد.

(٦)

ل٢١٤ بوش جۆرج (١٩٢٤-...): ئەمە جۆرج بوشی باوکە، نەدەبوو باسی لێوە بکرێ، چونکە لە سەرۆکە گەورە و ناودارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای وەکو جۆرج واشینتۆن و ئەبراهام لینکۆڵن نییە. لەو حاڵەتەدا ناوی دەنووسرێ ئەگەر لە ئینسیکلۆپیدیای گشتیدا پاراگراف بۆ هەموو سەرۆکەکانی ئەو وڵاتە تەرخان بکرێ.

(٧)

ل٢٤٦ عەننابە: شارێکە لە ڕۆژهەڵاتی جەزائیر لەسەر زەریای سپی ناوەڕاست، ناوی کۆنی «بۆن، یان بۆنە»یە نەک «بوونە». پاشان لە جەبەل تاریقیشەوە نزیک نییە، کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی وڵات لە نزیک توونس.

(٨)

ل٢٥٧ بیتنەر مەکسیمیلیان: ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمان دەبوو ساڵانی لەدایک بوون و مردنی بنووسرێن، هەروەها کارە زانستییەکانی لە مەیدانی کوردناسیدا.

(٩)

ل٣٤٥ توولا: شارێکە لە ڕووسیا. دەبوو ئاماژە بە دیارترین پیشەسازی ئەم شارە بکرێ کە دروست کردنی سەماوەرە، چاکترین سەماوەری ڕووسیا ئەوەیە لەم شارە دروست دەکرێ و لە هەموو گێتی دەنگیدا داوەتەوە. ناوی «سەماوەر»، یان بەڕووسی «سامەڤار» تەعبیرێکی زمانی ڕووسییە بەمانای (خۆی دەکوڵێ).

(١٠)

ل ٣٤٦ شاری تووزخورماتوو و ل٤٨٢ شاری دووبز: ئەم دوو ئاوەدانییە بە یەکێک دانراون، لەڕاستیدا دوو ئاوەدانی جیاوازن، یەکەمیان لە باشووری کەرکووکە و دووەمیان «دبس»یشی پێ دەڵێن لە باشووری ڕۆژئاوایەتی.

(١١)

ل٣٥٠ تۆفیق وەهبی: نووسراوە کوڕی «وەهبی»یە. ئەمە لەقەبیەتی، ناوی باوکی مەعرووفە. ئەوەی لەبابەت خوێندنیەوە نووسراوە هەڵەی تێدا هەیە. قوتابخانەی ڕوشدییەی سەرەتایی لە سلێمانی و ڕوشدییەی ناوەندی لە بەغدا و کۆلێژی ئەرکانی جەنگی لە ئەستەمبووڵ تەواو کردووە.

(١٢)

ل٣٦٦ جاف: نووسراوە گەورەترین هۆزی کوردە، ڕاستتر ئەوەیە یەکێکە لە هۆزە گەورەکانی کورد. بۆ ئەم مانایە زیاتر «یەکێتی عەشایەر» بەکاردەهێنرێ.

(١٣)

ل٣٦٩ جاهیدی (١٩١٨-...) نازناوی شیعری بورهان هەولێری «جاهید»ە، نەک (جاهیدی). دەبوو مێژووی کۆچی دواییشی تۆمار بکرێ.

(١٤)

ل٣٧٣ جەلی (١٨٣٤-١٩٠٨): لەمێژووی ژیانیدا هاتووە لە ساڵی ١٨٧٢ چووە بۆ حەج، لەو سەفەرەدا نالی لەگەڵ بووە. ئەمە جێی گومانە. نالی لەوکاتەدا لەژیاندا نەبووە، ئەو زانیارییەی لەم بابەتەوە لەبەردەستدایە ئەوە دەگەیەنێ لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم (١٨٥٠- ١٨٥٢) نالی چووە بۆ حەج، کە گەڕاوەتەوە شام ڕووی کردووەتە ئەستەمبووڵ و بەهۆی ئەحمەد پاشای بابانەوە هەواڵی نالی گەیشتووەتە خۆ دزکۆی قونسوڵی ڕووسیا لە پاریس. ئیتر هەواڵی ژیانی ئەو سێ چوار ساڵەی دوایی نالیش لەناوەوە نییە تا لەساڵی ١٨٥٦ لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردووە. ئەو سەرچاوەیەی ژیانی نالی گەیاندووەتە ئەو ساڵە گومانی لێ دەکرێ، مەبەست تەنیا ئەوەبوو بنەماڵەی جەلی بڵێین مەلا عەبدوڵڵا لەگەڵ نالی چووەتە حەج. ئێمە عەودالی ئەوەین لەو چوار پێنج ساڵەی دوایی ژیانی نالی (١٨٥٢- ١٨٥٦)ترووسکەیەک زانیاری لەبارەی ژیانیەوە لە وڵاتی شام و ئەستەمبووڵ بدۆزینەوە، بەڵام ئێمە سەرسامین هیچمان بەدەست نەکەوتووە. ئەدی ئەگەر ساڵی ١٨٧٢ ساڵی چوونە حەجی بێ، بۆ کراوە بەساڵی مردنی! دیارە پاش ئەو ساڵەش ماوەیەک لەژیاندا بووە. ئێمە ئەگەر چوار پێنج ساڵ سەرسامی کردبێن و ئاگاداری ژیانی نالی نەبێن ئەو یازدە - دوازدە ساڵەی دوایی ژیانی تاریکستانێکی بۆ خۆی لە ژیانی نالی دروست کردووە، ئەمە و هەر مەسەلەیەک گومانی تێدا بێ ناچێتە ناو فەرهەنگی زمان و ئینسیکلۆپیدیاوە.

(١٥)

ل٣٨٠ جەواهیری: زیاد لە پێویست گەورە کراوە، ئەم جۆرە شێوازە بۆ هەڵسەنگاندن دەست دەدا، لە ئینسیکلۆپیدیا بەکارناهێنرێ. پاشان جەواهیری لە ئەحمەد شەوقی و حافز ئیبراهیم و مەعرووف ڕەسافی و جەمیل سدقی زەهاوی شاعیرتر نەبوو. کڵاوەکەی سەری بەموبالەغەوە بووە بەڕەمزی دڵسۆزی شاعیر بەرانبەر بەکورد. لەپێش هەموو شتێک کڵاوەکە کوردی نییە. کڵاوی میللەتی ئۆزبەگی ئاسیای ناوەڕاستە. بەکارهێنانی لەلایەن جەواهیرییەوە حیکایەتی خۆی هەیە، ئێرە جێی باس کردنی نییە و هیچ پێوەندییەکی بەکوردەوە نییە. چەند کڵاوێکی لەم بابەتە لە ڕووسیا پێشکێشی کرابوو. لە قەراغی یەکێک لەو کڵاوانە وشەی «کوردستان»ی نووسی بوو. تەنیا یەک، یان دوو وێنەی هەبوو ئەم کڵاوەی لەسەر نابوو، ئەوانی دیکە بە

وێنەی تر نەخشێنرابوون. وێنەی جەواهیری بەم کڵاوەوە تەنیا لای ئێمە بڵاودەکرایەوە و تەنیا لەلای ئێمەش، یان جێیەکی کوردی لێ بوایە لەسەری دەنا. جگە لەوە هەندێ لە چاپەکانی دیوانی بەتایبەتی دوا چاپی ئەوەی من بیزانم ئەو شیعرەی بۆ کوردی گوتووە لێی دەرهێنراوە. جەواهیری عەرەبیزان و شاعیرێکی گەورەی عەرەب بوو، بەڵام سۆزی بۆ ئەم نەتەوەیە کەم بوو. ئەو شیعرەی کە گۆیا بۆ کوردی گوتووە کە گۆیا «دنیا هەمووی شەق و پەق دەبێ، بەڵام نەتەوە نارووخێ». لە هەڵوێستێکدا گوتوویەتی ئەم شیعرەی بۆ کورد داناوە، لەکاتێکی دیکەدا وای پیشان داوە کە بۆ خەباتی فەلەستینیان هۆنیویەتییەوە.

(١٦)

ل٣٨١ مەحموود جەودەت (١٨٨٩- ١٩٣٧): کوردیزان و نووسەر و وەرگێڕێکی کوردی باش بوو. لە ئینسیکلۆپیدیا نووسراوە لە ئاوخنکاوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە لە سێدارەدراوە، هۆی ئەمە سیاسی نەبووە، بەڵکو نوبشکی مەسەلەکە ئەوەیە دەمەقاڵێی لەگەڵ کاربەدەستێکی میری بووە، لە ئەنجامدا مەحموود جەودەتی ئیهانە کردووە، ئەویش بەدەمانچە کاربەدەستەکەی کوشتووە و تۆڵەی خۆی لێ کردووەتەوە، لەسەر ئەم کردەوەیە لە سێدارە دراوە. هاوڕێی (گۆران) بووە و ماتەمنامەی بۆ نووسیوە.

(١٧)

ل٤٠٢ چاڵدیران: ئاماژە بەوە بکرێ لەو شەڕەدا لە ساڵی ١٥١٤ بۆ یەکەمین جار خاکی کوردستان لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی سوننی و سەفەوی شیعی دابەش کرا، ئەمە کارێکی گەورەی کردە سەر ناهەمواری دوارۆژی میللەتی کورد. ئەم شەڕە لەمێژووی ئەو میللەتەدا گرنگ بوو، پێویستە لەم پاراگرافەدا زانیاری زۆر بخرێتە ڕوو و لەسەرچاوەی زانستی و بێ لایەنەوە وەربگیرێ.

(١٨)

ل٤١٤ حاجی جندی: ئەم نووسەرە زانای ئەکادیمی بە دیمەن بوو لەناو کوردانی قەفقاسی ڕووسیا. هەڵەی زۆر لەم پاراگرافەدا هەیە، پێویستە زانیاری لەم بابەتەوە لەسەرچاوەی زانستی و باوەڕپێکراوەوە وەربگیرێ.

# شاعیرەکانمان چۆن باسی نالی دەکەن (*)

د. عەبدوڵلا خدر مەولوود
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)

١- حەریق دەڵێ (١):

**لەلای خۆم تەبعی عالیم بو، لەلای خۆم فکری (نالیم) بو
ئەمێستا شیعری بێ مەعنام دەڵێی وەکجیسمی بێ جانە**
١٦٠


دەمێکە کورد گوتوویەتی: (نەزان بە پێیەک و زانا بە دوو پێیان پێوە دەبێ). ئەوەتە حەریق لەلای خۆی سرشتێکی بەرز و بڵندی هەیە، بیر و بیرکردنەوەشی لە نالی دەکا، کەچی مخابن هیچ ئەنجامێکی وای بەدەست نەهێناوە و شەرمەزارە..

بوونی (تەبعی عالی) و (فکری نالی) دەبێ چ جۆرە شیعریک بێننە بەرهەم، هاوکێشە کە لە شاعیر ئاوەژوو بۆتەوە، خەریکی چییە و تووشی چ هاتووە!! کەرەسەی تەواو و مکۆم، ڕێک و ڕەسەن، بەرهەمەکە بێ مانا، سارد و سڕ و بێ تام. بە تەنێکی بێ گیانی ناشیرینی کەوتووی چواندووە. شانازی بەخۆکردنی حەریق کە خاوەنی تەبعی عالی و فکری نالییە لە شوێنی خۆیەتی، ئەوە ڕەتکردنەوەی هەندێ لەو وەفایەیە بەرانبەر بە مامۆستا و قوتابخانە شیعرییەکەی، خشت بە خشت، لگبن بە لگبن مامۆستاکەی لەسەر یەکی داناوە و بنیادی ناوە.

٢- ئەدەب دەڵێ(٢):

**(نالی) کە ئەوی دیبا، ئەلبەتە دەبوو وتبای
عیشقێ کە مەجازی بێ، تالب مەبە ئیللاکچ** ٩٠

لە وەڵامی قەسیدە (١٧) دێرییەکەی نالی، ئەدەب بە (٢٣) دێر بە هەمان نەفەس و لەسەر هەمان کێش و سەروا لاسایی نالی کردۆتەوە، دیارە ئەویش ویستوویەتی ئەوڕاو بۆچوونانەی هەیەتی بەرانبەر بەبیر و لێکدانەوەکانی نالی دەربڕێ. زۆرجار ڕووی داوە شاگرد



یا قوتابی بەرێز و حورمەتەوە ویستوویەتی شتێک بکا ئیعجابی خۆی بەرانبەر بە مامۆستاکەی نیشان بدا، بەڵێ نزیک بوونەوەی بەرهەمی، با لە تێروانیناش لێک جیابن. ئەو کارەی ئەدەب کتومت خۆی وا دەنوێنێ.

٣- موجریم دەڵێ (٣):

**دیوانی حاجی و نالی بەتاڵ بوون**
**کتێبی کوردی و کەیفیش درێغا ٢٤**

پاش کۆچی دوایی ئەختەری شاعیر، موجریم شیعرێکی ماتەمینی بۆ دەنووسێ. دەسپێک شاعیرمان بە نەسیم هاوار بۆ حاجی قادری کۆیی رەوانە دەکا و بەو کارەساتە زۆر شتی تریشی هێناوەتە ناوەوە، لەنیوە دێری یەکەم باس لە دیوانی حاجی و نالی دەکا، لە نیوەی دووەمی دەڵێ: حەیف و مخابن بۆ کتێبی کوردی و کەیفی. دەبێ لە ترسی دووبارە نەبوونەوە بێ لەبری دیوان کتێبی بۆ کوردی و کەیفی بەکارهێناوە. سەرا و خستنی ئەو پرسەش لە سوود بەدەر نابێت.. نابێ کوردی و کەیفی بێجگە لە دیوان، کتێبیشیان هەبووبێت!؟؟

٤- زیوەر دەڵێ (٤):

**رووی دلبەرێکی کوردی نادەم بە (میسر) و (طائیف)**
**یەک بەیتی وردی نالی نادەم بە سەد (عەتابە) ١٢٥**

بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا، بە زمانێکی بێ گرێ و رەوان، زیوەر دەردی دڵی خۆی هەڵدەرێژێ و (کچی خۆی بە قوربانی کوڕی خەڵک ناکا) ئەوەتە رووی یەک دلبەری کورد بە هەموو میسر و تاییف ناگۆڕێتەوە (میسر= وڵاتی میسر، شاری قاهیرە). تەنیا یەک دێری نالیش بە سەد عەتابە نادا. لە ژێرەوەی ئەم دێرە و ئەوانی تری جۆرە رقێکی ئەستووریان پێوە دیارە بەرانبەر بە هەندێ کەسی نەفس نزم، بەرژەوەند پەرست و دواکەوتوو.

ژمارە سەدیش لێرە دەلالەتی خودی ژمارەکە نییە، واتای زۆری دەگەیەنێ.

* دیسان دەڵێ:

**لە وەسفی نازکیتا دەستە ئەژنۆن**
**هەزارێکی وەکو نالی و ناری ١٥٧**

ئەم دێرە لە غەزەلی (نیگا) وەرگیراوە، تێیدا تەنیا ناوی نالی و ناری هاتووە. (هەزار نالی و ناری)، یان وەک لە دیوانەکە ئاماژەی پێکراوە (هەزار= بلبل کە بەرانبەر بە نالی ئەگەر لە ناڵینەوە هاتبێ) یەکجار دوورە. هەزار لەو دێرە هەمدیس واتای زۆر دەدا و بەس. واتە زۆر شاعیری وەک نالی و ناری لە وەسف کردنی ناسکی تۆ دەست کورت و دەستەو ئەژنۆن، یان باس لە وەسفی ناسکی تۆ زۆری وەک نالی و ناری گەرەکە، بە واتایەکی تر ئەو کارە بە تەنیا بەو دوو شاعیرە ئەنجام نادرێ.

٥- سابیری دەڵێ (٥):

**هەم نوشینی ووشکە سوفی مەکەن نەفعی نییە**
**گەرچی (دائم) بەحسی شیعری مەولەوی و نالی دەکا ٣٥**

هەستان و دانیشتن لەگەڵ وشکە سۆفی هەرگیز سوود نابەخشێ، با سەری زمان و بنی زمانیشیان هەر باسی شیعرە تەڕەکانی مەولەوی و نالی بێ.

٦- تاهیر فوئاد دەڵێ (٦):

**گەر دەڕۆی ئەی با بەلای خاکی مەزاری (نالی) یا**
**دوای سەلام ناوونیشانی من بڵێ بەم ئادرەسە**
**وا (فوئاد) ناوێ لە کەرکوکا وەکیلی نەضمتە**
**دانەڵێ ی موڵکی ئەدەب ئێستا لە کوردا بێ کەسە ١٥**

شاعیر رووی لە با کردووە و پێی دەڵێ: ئەگەر دەڕۆی بەلای ئەو خاکەدا بڕۆ کە مەزاری نالی لێیە. دوای سەلام و کەلام ئەو ناونیشانەی بدێ، فوئاد ناوێک لە شاری کەرکووک بۆتە وەکیلی هۆنینەوەی شیعرەکانت (شوێن

پێ هەڵگرتن لە قوتابخانە شیعرییەکەت بەردەوامە و نەپچڕاوە) هەر بۆ ئەوەی بزانی و نەڵێی مولْک و مەملەکەتی کوردان (کوردستان) بێ شاعیرە. دیارە لای فوئاد، نالی کەسێکە خاوەن موڵکی ئەدەبی کوردی بێت، ئەوەش خۆی لە خۆیدا پێشەنگی و گەورەیی نالی لەو بوارە نیشان دەدا.

٧- میهری دەڵێ (٧):

**ئەیا میهری بناڵێنە بە دایم هەروەکو نالی**
**شەریکی تۆیە هەموارەکە دڵسۆزی و هەراسانی**

هۆ میهری بەردەوام بناڵێنە، چۆن نالی بە بەردەوام لە ناڵیدا بوو. هاوبەشی یەکن، وەک و نوسخەی کۆپی ئەوی، ئەوەندە ڕێک هاتووە دەڵێی جمکن. ناڵین و شاعیر، دڵسۆزی و هەراسان نەبوون داهێنان و ئەفراندنی مەزنی لێ دەفامرێتەوە.

٨- ئەسیری دەڵێ (٨):

**شاعیرانی بژمێرم هەموو نابن کۆتە**
**(نالی) هاوشانە لەگەڵ شاعیری (ئەڵمان جۆتە)** ٢٥١

ئەسیری باس لە زۆری شاعیرانی کورد دەکا، دەڵێ: ئەوەندە زۆرن ناتوانم ناوەکانیان بژمێرم و کۆتایی بە ناوەکانیان بهێنم. لە نیوەی دووەم دەڵێ: نالی هاوشانە لەگەڵ شاعیری ئەڵەمانی گۆتە (جۆتە). بۆ وشەی عەرووزی ئەم دێرە (کۆتە) زۆر فەرهەنگ تەماشا کرا، وشەکانی (کۆتە، کۆتا) هیچ کامیان واتای کۆتایی، خەلاس و تەواو بەدەست نادەن، بەڵکو واتای تر و سەربەخۆیان هەیە. دیارە ئەسیری لەبەر پێویستییەکانی قافییەی شیعرەکە، کلک و گوێی وشەکەی کردووە. ئەو دێرە کێشەکەشی لەنگە، وشەیەکی دوو بڕگەیی لە نیوە دێری یەکەم نەنووسراوە، یان پەڕیوە. ئەم شیعرە ئەسیری (پیر میکایل) لە حەفت حەفتینە پێک هاتووە و حەفتینەکان هەیانە سێ سەروایان هەیە، هی واشی تێدایە چوار سەروای هەیە. سەروای حەفتینەکان کەم و کوڕییان هەیە.

٩- جاهید دەڵێ (٩):

**ئەڵێ ی سەعدیە لە فیراسەتی**
**ئەڵێ ی خەیامە لە زەوق و کەیفی**
**ئەڵێی نالی یە لە بێن و تامی**
**ئەڵێ ی حافظە لە شەرع و عورفی** ١٦٣

جاهید ئەم شیعرە (٧) دێرییەی بۆ ستایشی لوتفی نووسیوە. لەم دەقە تەنیا ناوی چوار شاعیری گەورەی هێناوە کەسێیان (سەعدی، خەیام و حافز) شاعیری فارسی زمانن. دەبێ نالی پلە و پایەیەکی گەورە و بەرزی لای جاهید هەبووبێت، بۆ ئەوەی بەرانبەر بەو سێ شاعیرەی ڕابگرێ. بەڵێ جاهید لە ساتە وەختێکی زۆر ناسک و چرکەکانی لەدایک بوونی ئەم دەقە بە هەموو ئێش و ئازارەکانییەوە، بە تاکە شاعیرێک لە بابەتێکی هەستیار لەنگەری پێ بگرێ، ئەمەش جێگای ستایشێکی ترە.

١٠- هەژار دەڵێ (١٠):

**مەولەوی و بێکەس و خانی**
**نالی و مەحوی و بەردەشانی** ٧٤

ئەمە دێری یەکەمی ئەو چوار دێرەیە هەژار بۆ (هێندێک لە بوێژەکانی) کوردی تۆمار کردووە. ناوی (١٣) شاعیری هێناوە، بەبێ هیچ پێوەرێک ناوەکان بەدوای یەکا ڕێزکراون.

شاعیرەکان بە سێ لەهجە شیعریان نووسیوە (بە گۆرانی/١، بە کرمانجی سەروو/٢، بە کرمانجی خواروو/ ١٠).

* دیسان دەڵێ:

**بۆ سولەیمانی کەنالی ناڵی**
**وەک مە نەیچێشتووە تامی تاڵی**
**نە سولەیمانی وەکو تۆ جوانە**
**نە دڵی نالی چزا بەو ژانە** ١٩٦

خۆم چۆنم؟ ناونیشانی ئەم دەقەیە کە دووجار ناوی نالی تێیدا تۆمار کراوە. ناسۆری دەروون، ئێش و ژانەکانی دڵ و گیانێکی شەکەت، هەموو ئەمانە بە کڕووزانەوە و سووتانەکانی نالی دەگرێ. ئەوە نالی بۆ سلێمانی کردووە، هەر ئەو بیکا هەژار هەموو شتەکانی خۆی بە نالی، سلێمانی و خاک و خۆڵ بەرانبەر کردووە (بەڵکو تێش دەپەڕێنێ) پاشان قورسی لا تەرازووەکەی بەلای خۆیدا لەنگەر پێدەگرێ.

١١- دیلان دەڵێ (١١):

**وەک وتم سەیرە لە بانە یا وەکو نالی ئەڵێ**
**زیندەگیم تاڵە کە زەلکاو بێ تیمار خانەکەم..!** ٢٠٩

سەیرە لە کۆیە! سەیرە لە بانە... یان ... ئەمە گۆتەیەکی کۆنی کوردییە. دیلان دەڵێ: یا وەکو نالی ئەڵێ: واتە دەبێ نیوە دێری دووەم هی نالی بێ، ئێمە دەمانزانی وشەکانی (زیندەگیم، زەلکاو و تیمار خانە) لە دیوانی نالی بەکارنەهاتوون، لەگەڵ ئەوەشدابە وردی

تەماشای فەرهەنگی نالیمان کرد بۆ زیاتر دڵنیا بوون، هەرسێ وشەکان لە فەرهەنگی نالی (*) بوونیان نییە! ئەی دیلان بۆ دەڵێ: (نالی ئەڵێ)؟ بە ناوی تێهەڵکێش (تضمین) ڕێدراوە شاعیر دەقێک، یان بەشێک لە دەق لەیەکتر بخوازن، ئەویش مەرج و یاسای تایبەتی خۆی هەیە، لە زانستی ڕەوانبێژی زۆر باسی لێوە کراوە. بۆ کردنەوەی ئەو گرێیە پرسیش کراوە، بەڵام دیارە هێشتا گرێیەکەمان بۆ نەکرایتەوە. تەنیا ئەگەری ئەوە هەیە ئەو نیوە دێرە بە هەڵە لەو شوێنە دانرابێت و دەسکاری کرابێ، یان لە سەرچاوەیەکی تر هەمدیس بە هەڵە وەرگیرابێ.

١٢- حەسیب قەرەداخی دەڵێ: (١٢)

**لەو ڕۆژەوە شاعیرەکان**
**گۆرانی بێژی شاییتین**
**ئێمەی شاعیر، ئێمەی وشە**
**پێوەری باوو باییتین**
**(بەردەشانی) (نالی مەزن)، (سالم)، (کوردی)،**
**(مەحوی) خۆی و وشەی وردی،**
**(مامە ڕەزا) لەبیری دێ کە دارالمولکی بابان بووی**
**نە مەحکوومی عەجەم بوویت و**
**نە دیلی ئالی عوسمان بووی** ١٢١ (ب١)

ئەم پەیڤانە بۆ یادی دوو سەد ساڵەی شاری سلێمانی وتراوە، ئەو قەسیدە درێژە وەک تۆمارێک بە دەیان ڕووداو و کارەساتی لەخۆ گرتووە، شاعیر توانیویەتی دژیەکەکان، ئەوانەی خۆشی و ناخۆشییەکان پێک دەهێنن لێک گرێ بدا. ئەو قەسیدەیە ئاوێنەیەکە زۆر شتی تێدا ڕەنگ دەداتەوە. لەو قەسیدەیە ناوێکی زۆر تەوزیف کراوە، ئەو ناوانە بەشێکن لە مێژووی ئەو شارە، لەو کۆپلە شیعرە شاعیرمان بە شێوەیەکی ڕێک ناوی کۆمەڵە شاعیرێکی هێناوە، کە ئەوانیش بەشێکن لە مێژووی پڕ سەروەری ئەم شارە. ئەوەی تێبینی دەکرێ لەناو هەموو ئەو ناوە گەورانە حەسیب قەرەداخی تەنیا نازناوی مەزنی داوەتە پاڵ ناوی نالی، ئەمەش ئەوەی لێدەفامرێتەوە نالی شوێنێکی تایبەتی لە دڵ و دەروونی شاعیر داگیرکردووە.

* دیسان دەڵێ:

**سەد و چل ساڵێک لەمەوبەر**
**مەلا خدر،**
**عەبایەکی دا بە شاندا و لە ژوورەکەی هاتە دەرێ:**
**ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتاکەی حیرسی وێرانە**
**لەگەڵ ئەم عەشقبازانە بڕۆ بازانە، ئازانە!** ١٥٤ (ب١)

ئەمە چەند دێرە کە لە قەسیدەیەکی درێژ بە ناوی (کۆچێکی ڕەش پۆش). حەسیب لەو قەسیدەیە بیست و پێنج جار ناوی نالی هێناوە. ئەو قەسیدەیە باس لەو چرکە ساتانە دەکا کە نالی بڕیاریداوە سلێمانی بەجێ بێڵێ و ڕوو لە هەندەران و ئاوارەیی بکا. لەو کۆپلە شیعرە شاعیر توانیویەتی ئەو بیرەی قەسیدەکەی لەسەر بنیاد نراوە بە دێرە بەناوبانگەی نالی (ئەلا ئەی نەفسی..) گرێ بدا و بەردەوامییەک بدا بە هەنگاوەکانی ئەو سەفەرە نەبڕاوەیە. لەو نموونە و چەندانی تر حەسیب قەرەداخی ناوی (مەلا خدری) لەبری نالی بەکارهێناوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەرەق و خەمەکانی خۆی پێ ئاودایە.

* دیسان دەڵێ (١٣):

**قودسیەتی وشەی ئێمە**
**لەناو پەیڤی (خانی) دایە و**
**لە سۆزی گەرمی (نالی)دا سەدای خەمی**
**حاجییەکەی شاری کۆیە** ٨١ (ب٢)

ئەم (تێهەڵکێشە) باس لە ڕۆژانێک دەکا، دوژمنەکانمان بە جەژن ناوی دەبەن و ئاهەنگی خۆشی بۆ یادکردنەوەی دەگێڕن. شاعیر دەیەوێ بە ناوهێنانی (خانی، نالی و حاجی) هەستمان بجووڵێنێ بۆ ئەوەی هەموو سەروەرییەکان لەپێناوی بەرژەوەندی بەرتەسک پێشێل نەکەین و شتە پیرۆزەکان بە هەند هەڵبگرین.

* دیسان دەڵێ:

**سۆزم بوو بە سۆزی گەرمی -مەلا خدر-**
**لە شامەوە بۆ شارەزوور**
**گەلی برا.. ئەمە عیشقە**
**کوانووی عیشقیش هەر ڕۆ دەچێ** ١٣٦(ب٢)

ئەو دوو دێرە لە دەقی (پشکۆ) وەرگیراوە. ناوەڕۆکی دەقەکە باس لە عیشق و سووتان، ئاگر و کوانوو، پشکۆ و ژیلەمۆ، زام و برژانەوە دەکا. لە شامەوە بۆ شارەزوور ئیشارە و هێمایە بۆ قەسیدەکەی نالی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم...) کە تەژییە لە سۆز و لە دوورەوە هەست بە بۆن کرووز و قرچە قرچی سووتان دەکرێ.

عیشق و سووتان، خەم و مەراق مرۆ گەورە و مەزن

دەکا، هەمـوو ئەمـانە یەک تاکە ڕێگایان لێدەبێتـەوە و ئەنجـام نەمـری و جـاویدانی لێ بەدەست دێ. حـەسـیب قـەرەداخی یەکـەم شـاعـیـرە لەناو کـورددا لە زۆری ناوهێنانی نالی، منیش دەڵێم دەبێ نالی لای قەرەداخی چەند گـەورە بێت تا ئەو هەمـوو ئیـعـجـاب و خۆشەویستییەی بەرانبەر بە نالی، مەلا خدر، خاک و خۆڵ، حـەبیبـە دەربـبڕێ و لەناو دێرە شـیـعـرەکـانیـدا تەوزیفیان بکا.

١٣- محەمەد عوسمان سیراجوددین نەقشبەندی دەڵێ (١٤):

**سەد چاوەیی ڕوونی لە سەرا لێ بووە جاری**
**ڕەنگی سپی یو سارد و خۆشە، سەوزە کەناری**
**شایانە هەزار مەدحی بڵێ (نالی) و (ناری)**
**صوورەتگەری چین (مانی) بکا نەقش و نیگاری**
**هەر زەڕڕەیی خاکێکی نیشانێکە شەهانە** ٧٥

ئەمە پێنجینەی ژمارە دووە لەو دوازدە پێنجینەی ئەو ناو نیشانە هەڵگرتووە (خاکی وەتەنم زۆری هەیە گەنجی نیهانی) (١٥) لەنیوە دێری یەکەمەوە دیارە شاعیر باس لە گەنجینە و شتە جوانەکانی کوردستان دەکا، پاش ئەو ئارایش و ڕەنگ کـردنە ناسک و قـەشـەنگانەی بە وێنەکانی بەخشیوە. دەڵێ: بەڵێ ئەو خاکە بەوانەی کە هەیەتی لێی پێک هاتووە شـایانە نەک جـارێ، بەڵکو هەزارجار نالی و ناری مەدح و سەنای بکەن، شـاعـیـر بەوەندەی دڵی ئاو ناخواتەوە، نەقاش و وێنەکێشی چینی (مانی) هەرزێنەتە بە دەست و پەنجە سیحراوییەکەی ئەو وێنە سەرسووڕهێنەرانە بکێشێ.

١٤- هەرشەمی دەڵێ (١٦):

**نوێژی شێوان کەی بەیانی داوە جارێ پێم بڵێن**
**جا لە (نالی) باپرسین باغی سێوان چی دەکرد** ١٥

بە بۆنەی دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا، هەرشەمی شیعرێک بۆ ئەم بۆنە شارستانییە دەنووسێ. لەو دەقـە باس لە کـۆمـەڵە شـاعـیـرێک کـراوە، پاش ناوهێنانی نالی چەند پرسـیـارێک بۆ دێرەکی ئەو دەورووژێنێ کە دەڵێ:

**لە دووگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان**
**بەیانی دا سپیدەی باغی سێوان** ٧٩ (١٧)

هەرشـەمی لە پرسێکیدا ڕوو لە ئێمـە دەکا و دەڵێ: جارێ هەر ئەوەم پێ بڵێن نوێژی شێوان و بەیانیدان چۆن لێکیان نزیک بکەینەوە، یان وەکو کات چۆن پێکەوەیان گرێ بدەین، یان وەک دەڵێن: بەیانیدان لە نوێژی شێوان (کوجا مەرحەبا). دواتر ئەو پرسەش دەکا: دەبێ لەو ئان و ساتە سەیرە، باغی سێوان چی بکا ؟!

ئەگەر تەماشای سیحری وشە و دێرەکان بکەین گرێی پرسـەکـان بۆ خـۆیان لەبەریەک هەڵدەوەشێنەوە. وشـەی بەهێـز و سیـحراوی لەهەر دەقێکدا واتای بەرز و ناسک بە وێنەکان دەبەخشێ و سەرەنجام نەمری مسۆگەر دەکا.

* دیسان دەڵێ:

**لە نالی یا لە صافی یا لە زاری هەرشەمی بێتن**
**ڕەوان و ڕۆنە ئاوی چاوەهەم دەنگارەکەی کوردی** ١٨

شاعیر لەم شیعرەیدا (گوڵزاری کوردی) باس لە زمانی کـوردی دەکـا. ئەگـەر لە زاری نـالی، سـافی و هەرشـەمی بێتن یان هەڵقوڵێ ئەوە دیارە ئاوەکەی (ئاوی چاوە).

چاو = عەین

عەین = چاو، کانی

ئاوی هەردووکـیـان (چاو، کانـی) چەند ڕەوان و ڕۆنن. هەرشـەمی دڵی بەو دوو ئاوە ڕۆنـە داناکـەوێ، بۆیە ئاوی دەنگارەشی هێناوە و بەرانبـەر بە دوو ئاوەکـەی تری ڕاگرتووە.

دەنگار، دەنگاڵ: ئاوێکە لە قـەڵشـتـی کـێـوان یان لە درزی زەویان ڕەوان بێت و کانیش نەبێ. (١٨)

هەرشەمی ناوی سێ شاعیری هێناوە (نالی، سافی و هەرشـەمی) بۆیە دەبێ (یان وای بە باش زانیـوە) سێ سەرچاوەی ئاویش بەرانبـەر بەزارەکـانیـان هەبێ (چاو= ئاوی کانی + کانی+ دەنگارە).

١٥- قازی لەتیف دەڵێ (١٩):

**با خصوص شاعر لەوان بندە کمی تعداد بکم:**
**مصطفی بک، شیخ رضا، نالی وفائی و چاو مار...**

قـازی لەتیف لە نیـوەی یەکـەم وای نیـشـان داوە کـورد شاعیری زۆر بێت، بۆیە دەڵێ: بەندە دەیەوێ کەمەک لە شاعیران و ئەوانەی تایبەتن ئەژمـاردەکەم، ئینجـا ناوی پێنج شـاعـیـری هێناوە. لە نیـوەی دووەم نالی ناوەند و سـەنتـەرەکـەی بەرکـەوتووە، دوو لەلای دەستـە ڕاست و دووشیان لەلای دەستەچەپی.

چاومـار نازناوی باپیـری مـەلا مـەحـموودی بێـخودە.

ڕیزبەندی ناوەکان پێوەندییان تەنیا بە خودی شاعیرەوە هەیە ئەگینا ڕەچاوی هیچ نەکراوە (تەمەن، سەردەم، هێز و دەسەڵاتی شیعری).

١٦- عەبدولواحید عینایەت (جامی) دەڵێ (٢٠):

**گەر تەماشای شیعرەکانی کەی ئەبینی بێ گومان**
**(قانع)یێکو (بێ کەس)یێکو (نالی)یێکی زانەرە** ٩

ئەم دێرە لەو شیعرە وەرگیراوە کە شاعیر بۆ بێبەشی دۆستی خۆی نووسیوە، تێیدا سەنا و ستایشێکی باشی کردووە. لە نیوە دێری دووەم ناوی سێ شاعیری هێناوە و دەڵێ: ئەگەر شیعرەکانی بێبەش وردکەینەوە و سەرنجیان لێبدەین (لە دواوەی) قانع، بێکەس و نالی دەبینین، بە لێوەشاوەیی و لێزانی لەوەشی تێپەڕاندووە. ئەوەی لەو دێرە سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ وشەی (زانەر)ە کە = زان + ەر لە سەر کێشی (دانەر)ە وشەیەکە ئەگەر بەکارهاتبێ من نەمبینیوە. زان ڕەگی زانینە، (ەر) دیارە ئەویش پاشگرێکە. بە ڕاستی (جامی) وشەیەکی زۆر جوان و ناسکی بەکارهێناوە، جێگای دەستخۆشی لێکردنە.

دیسان دەڵێم سوپاس بۆ خوای گەورە کە توانیم بەشی سێیەمی ئەو پرۆژەیەم بەو ئەنجامە بگات و بە هیوای ئەوەی توانیبێتم گیانی هەموو ئەو شاعیرانەی ناویان هاتووە شاد و ئارام بکەم، بە تایبەتیش گیانی حەزرەتی نالی.

**پەراوێزەکان:**

(*) بەشی یەکەم و دووەمی ئەم باسە لە ژمارەکانی (٢٠، ٣٩) گۆڤاری ڕامان بلاوکراونەتەوە.

(١) حەریق (دیوان)، لێکۆڵینەوەی سەید نەجمەدین ئەنیسی، بلاوکراوەکانی چاپەمەنی محەمەدی، سەقز، مهاباد، ١٣٦٨، ل١٦٠.

(٢) ئەدەب (دیوان)، کۆکردنەوە و بەراورد و ساغکردنەوە و فەرهەنگ محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩٠.

(٣) ئازاد عەبدولواحید، ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٦، ل٢٤.

(٤) زیوەر (دیوان)، مەحموود زیوەر کۆی کردۆتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل١٥٢، ١٥٧.

(٥) صابری (دیوان)، چاپی یەکەم، کۆکردنەوەی شێخ عەبدولڕەحمان نەجمەدین صابری، چاپخانەی شارەوانی، کەرکووک، ١٩٦٩، ل٣٥.

(٦) طاهر فوئاد (دیوان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٠، ل١٥.

(٧) میهری (دیوان)، بژاردن و ئامادەکردنی عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٧، ل٢٩.

(٨) ئەسیری (دیوان)، ئامادەکردن و پێشەکی د. کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٥١.

(٩) لوتفی (دیوان)، ئامادەکردنی عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (شركة مطبعة الأديب البغدادية)، بەغدا، ١٩٧٠، ل١٦٣.

(١٠) هەژار، بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٧٤، ١٩٦.

(١١) محەمەد سالح دیلان، دیوانی شیعر، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە و پێشەکی و پەراوێز و نووسینی عەبدوڵلا عەزیز خالد، چاپخانەی (سومر)، بەغدا، ١٩٨٧، ل٢٠٩.

(*) نالی (دیوان و فەرهەنگ)، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دکتۆر مارف خەزنەدار، (دارالحرية للطباعة)، بەغدا، ١٩٧٧.

(١٢) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

(١٣) هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم.

(١٤) (محمد عثمان سراج الدين نەقشبەندی) چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوثمانی، کۆکردنەوە و ئامادەکردن و لەسەر نووسینی (عبدالله مصطفى صالح فەنایی)، چاپی دووەم، ؟، ١٩٩٢، ل٧٥.

(١٥) هەر دوازدە پێنجینەکەی شێخ عوسمان نەقشبەندی بە پێنج خشتەکی تۆمارکراون (ل٧٧). پێنجین هی یەک تاکە شاعیرە و پێنج خشتەکی دەبێ دوو شاعیر تێیدا بەشداربن (بەم جۆرە «پێنج خشتەکی» ئەو شیعرەیە کە دوو شاعیر لە دانانی بەشدار دەبن).

(مارف خەزنەدار (دکتۆر)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی (المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤، ل١٨٥.

(١٦) هەرشەمی، دەستەگوڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الخنساء)، بەغدا، ١٩٩٠، ل١٥، ١٨.

(١٧) نالی (دیوان و فەرهەنگ)، ١٩٧٧.

(١٨) گیو موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩.

(١٩) قاضی لەتیف، ژین، ژمارە (٧)، ٢ کانوون٢/ ١٣٣٤، ل١٥.

(٢٠) بێ بەش (دیوان)، بەرگی سێیەم، (مدیریة مطبعة الثقافة والشباب)، هەولێر، ١٩٨٨، ل٩.

**سەرچاوەکان:**


**(١) ئازاد عەبدولواحید، ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٦.**

**(٢) ئەدەب (دیوان)، کۆکردنەوە و بەراورد و ساغکردنەوە و فەرهەنگ محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.**

**(٣) ئەسیری (دیوان)، ئامادەکردن و پێشەکی د. کوردستان موکریانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.**

**(٤) بێ بەش (دیوان)، بەرگی سێیەم، (مدیریة مطبعة الثقافة والشباب)، هەولێر، ١٩٨٨.**

**(٥) حەریق (دیوان)، لێکۆڵینەوە سەید نەجمەدین ئەنیسی، بڵاکراوەکانی چاپەمەنی محەممەدی، سەقز- مهاباد، ١٣٦٨.**

**(٦) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.**

**(٧) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.**

**(٨) زیوەر (دیوان)، مەحموود زیوەر کۆی کردۆتەوە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.**

**(٩) صابری (دیوان)، چاپی یەکەم، کۆکردنەوەی شێخ عەبدولڕەحمان نەجمەدین صابری، چاپخانەی شارەوانی، کەرکووک، ١٨٦٩.**

**(١٠) طاهر فوئاد (دیوان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٠.**

**(١١) قاضی لەتیف، ژین، ژمارە (٧)، ٢ کانوونی ٢/ ١٣٣٤.**

**(١٢) گیوموکریانی، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩.**

**(١٣) لوتفی (دیوان)، ئامادەکردنی عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (شركة مطبعة الاديب البغدادية)، بەغدا، ١٩٧٠.**

**(١٤) مارف خەزنەدار (دکتۆر)، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی (المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤.**

**(١٥) محەمەد ساڵح دیلان، دیوانی شیعر، ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە و پێشەکی و پەراوێز نووسینی عەبدوڵڵا عەزیز خالد، چاپخانەی (سومر)، بەغدا، ١٩٨٧.**

**(١٦) (محمد عثمان سراج الدين نەقشبەندی) چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوثمانی، چاپی دووەم کۆکردنەوە و ئامادەکردن و لەسەر نووسینی (عبدالله مصطفى صالح فەنایی)، ؟، ١٩٩٢.**

**(١٧) میهری (دیوان)، بژاردن و ئامادەکردنی عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٩٧.**

**(١٨) نالی (دیوان و فەرهەنگ)، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی دکتۆر مارف خەزنەدار، (دارالحرية للطباعة)، بەغدا، ١٩٧٧.**

**(١٩) هەرشەمی، دەستە گوڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الخنساء)، بەغدا، ١٩٩٠.**

**(٢٠) هەژار، بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.**

# ئەختەر: ئەو شاعیرەی سنووری لاهووتی بەزاند

کەمال غەمبار

## پێشەکی

بەرلەوەی بچینە ناو باسەکەمان بەپێویستی دەزانم لە ڕوانگەی پێڕەوکردنی میتۆدێکی ڕەخنەسازی پێشکەوتنخوازانە ئاوڕێک لەسەردەمی (ئەختەر)ی شاعیر بدەینەوە و ڕووناکی بخەینە سەر ڕابردوو و بە ئەمڕۆی ببەستینەوە، مەبەستیش لەم بۆچوونە لێکۆڵینەوەی مێژووە نەک وەک گێڕانەوە، بەڵکو سوود وەرگرتن لەو مێژووە، کە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی ئەوکاتە و بەراوردکردنی لەگەڵ ئێستادا پێشکەوتن بێ بەرەو پێشەوە. هەرچەند سەردەمی ئەختەر لەبواری شیعردا سەردەمی شیعری کلاسیکی بووە، بەڵام لەڕووی مامەڵەکردنی لەگەڵ واقیعی ئەو سەردەمەدا پیاوێکی دنیاخوازی پێشکەوتنخواز بووە و دەکرێ وەک ئاغایەکی دەستڕۆیشتووی دەوڵەمەند بەنوێخوازی لەقەڵەم بدەین و بەپێچەوانەی موسڵمانانی سەردەمی خۆی مرۆڤێکی کراوە بووە و حەزی لە خۆشی و شادی دنیا کردووە، پێی وابوو کە ئایینی ئیسلام ڕێگر نییە لەبەردەم لەزەتی دنیادا، کە ئایین بۆ ئەوە هاتووە خزمەتی مرۆڤ بکات، نەک تەنیا کاری مرۆڤ ئەوە بێ لە دنیادا گۆشەگیر بێ و بەعەقڵێکی داخراو کارو ڕەفتار بکات، کە خوا لە قورئانی پیرۆزدا بفەرمووێت (انما المال والبنون زینة حیاة الدنیا) ئەو سامانەی مرۆڤ هەیەتی کە نەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی و ڕابواردنی خۆشی و بەزم و شادی ئەی بۆ چییە؟ خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب دەڵێت: «سامان لەخزمەتی مرۆڤدایە نەک مرۆڤ لەخزمەتی ساماندا». ئایینی ئیسلامیش ڕێگەی بە موسڵمانان داوە هەر تەنیا ئایینی نەبن، بەڵکو دنیاییش بن و خۆیان دەزانن چۆن کاروباری دنیا بەڕێوە دەبەن، وەک پێغەمبەر دەفەرمووێت



ئەختەر

«إنكم اعلم بشؤون دنياكم» واتە ئێوە لە کاروباری دنیای خۆتان شارەزاترن. جا کەوابێ ئاغایەکی دەوڵەمەندی وەکو ئەمین ئاغای – ئەختەر – سامانێکی باشی لەبەردەست بێ، بۆ خزمەتی خۆی و خەڵکی پێ نەکات؟ بۆ دیوەخانەکەی نەکاتە مەڵبەندی ئەدەب و هونەر، کە شاعیران و هونەرمەندان لێی کۆببنەوە و لەهەموو لایەکی کوردستاندا ڕووی تێ بکەن، لە شارەکەی کۆیەدا بزاڤێکی هونەری بخولقێنێ کە لەسەردەمی خۆیدا بێ وێنە بێ. بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەمان پەنا دەبەینە بەر نووسینێکی نووسەر و ڕەخنەگر (ئازاد عەبدولواحید) کە لەم ڕووەوە دەڵێ: «– ئەختەر – ئینسانێکی دڵتەڕ و زەوقانی بووە، هەموو ئێواران بە ئاهەنگ و گۆرانی وتن– لە گردی ڕێزە توان– ئێوارانی بەسەر بردووە... وەک دەگێڕنەوە– ٢٤– کەس تەنیا کاری کۆرسیان لەلایەن ئەختەرەوە پێ سپێرراوە.. تەنانەت وەکو کارێکی –ڕەسمی– ئەرکی بەخێوکردنی گشتیانی خستبووە ئەستۆی خۆیەوە...

– ئەختەر ئاوازی تەرزی بۆ زۆربەی هۆنراوەکانی خۆی داناوە»(١)

لێرەدا دەپرسم بۆچی ئاغایەکی دیکەی خاوەن دیوە خانی دیکە لەو سەردەمەوە، لە دوای ئەویشدا وەک ئەختەر دەرنەکەوت، واتە وەکو ئەختەر نەبووە کەسایەتییەکی هەڵاوێردراو، بۆچی؟ چونکە «چەند چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەیە کە پێویستە هەبن بۆ ئەوەی بیرێک بڵاوببێتەوە، ئەگەر نەبوون ناکرێ ئەم بیرە بڵاوببێتەوە، دەکرێ خودی پێڕەو کراوەکە لەبارودۆخی سەرهەڵدانی کەسایەتیی هەڵاوێردراو لە ژینگەیەکدا پراکتیزە بکرێ، پاکتاوکردنی، یان لابردنی لەلایەن خودی ئەم ژینگەیەوە، چونکە وا لەقەڵەم دەدرێ کە لەهێڵی گشتیی باو لایداوە»(٢)

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەختەر وەک شاعیر و هونەرمەند و مرۆڤێکی دڵتەڕ و زەوقانی ئاماژە بەچەند خاڵێک دەکەین.

١– ئەختەر وەکو دیاردەیەکی سەردەمی خۆی، وەکو موسڵمانێکی عەقڵ کراوەی دنیایی، هەرچەندە لە بواری شیعردا وەک شاعیرانی سەردەمی خۆی شاعیرێکی کلاسیکی بووە، بەڵام بەکردەوە نوێخواز بووە.

٢– حاجی بەکراغای باوکی شاعیر بووە و نازناوی (قاصد) بووە، ژینگەیماڵەوە کارتێکردنی ڕاستەوخۆی لەسەر شاعیر هەبووە.

٣– کۆیەی ئەو سەردەمە، مەڵبەندی ڕۆشنبیری و زانست و هونەر و زانیاری بووە. زانای ئایینی ناوداری لێ هەڵکەوتووە وەک (مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە) کە (حاجی قادری کۆیی) لە شیعر نامەیەکدا پێی دەڵێ:

**لە غەیرەز جەددی ئێوە کێیە دانا**
**لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا**

هەروەها شاعیرانی ناوداری کورد لە هەموو لایەکەوە بۆ خوێندن و ژیان ڕوویان لەو شارە کردووە، وەک حاجی قادری کۆیی و کەیفی جوانرۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و...تاد

٤– کۆیە شار بووە، کە دەڵێین شار مانای ئەوەیە کە جۆرەها پیشەسازی تێدابووە، شارەکە لە هەموو بوارێکەوە خۆی ژیاندووە، بەدەگمەن پێویستی بەکاڵای دەرەوە هەبووە. جگە لە بوونی کشتوکاڵ لەدەرەوەی شاردا کە بە باغ و بێستان دەورە درابوو. حاجی قادری کۆیی جوانی بۆچووە لە شیعرنامەیەکیدا کە لە ئەستەمبۆڵەوە بۆ (ئەختەر)ی ناردووە، باسی ڕابواردنی خۆی لەگەڵیدا

دەکات و دەڵێ:

**ئەی موحەمەد وەی (امين الدولة) ئیمرۆ کوییێی تۆ**
**جەنەتێکە کەوتە دۆزەخ هەرچی لێی دوورکەوتەوە**
**مودەتێکە دەربەدەر کردەی وڵاتی غوربەتم**
**بەندە یادی ئاستان بۆسی ئەتۆی کرد هاتەوە**
**چونکە توحفە لازمە هەر کەس لە غوربەت بێتەوە**
**بەم دوو فەردە من قەضای سەد کۆنە توحفەم کردەوە**
**قاوەچی بەزمی ئەتۆی دونیایە سینی ئاسمان**
**ئافتابی زەرفە فنجانی مەهە، قاوەی شەوە**
**ئەوشەوە بۆ هەر کەسێ دنیا بکاتە ڕۆژی ڕوون**
**ئەولە خیطەی عومری ئەو عەنتایە دەربانی خەوە(٣)**

٥- کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە، بەتایبەتی هی کۆیە لەئێستا لەڕووی هەندێ مەسەلە کە لەدواییدا لێی دەدوێین کراوەتر بووە، ڕێگەی بەشاعیر داوە بەجۆرێک بجووڵێتەوە کە شەرع و دابونەریت ڕێگەی پێدابێ و، شاعیریش دەشێت سنوور ببەزێنی.

٦- پلەوپایەی ئەمین ئاغا دەستووری پێداوە کە مرۆڤێکی بوێری چاونەترس بێ، یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدا.

٧- بەحوکمی ئەوەی جگە لەزمانی کوردی (تورکی و عەرەبی و فارسی) زانیوە، خوێندەوار و ڕۆشنبیرێکی باش بووە، لەڕێگەی خوێندنەوەدا شارەزای زانست و هونەری ئەو سەردەمە بووە،هەروەها حەز کردنی لەخوێندن ئەوەندە سەری کردووە کە بەخوێندن لەکۆیەدا تینووی نەشکاوە، بەڵکو «لەگەڵ ئەسعەد ئاغای برای دەچنە بەغدا لەلای (مەلا تەهای دێمەهلانی) دەرس دەخوێنن» (٤)

٨- ئەختەر لەسەردەمێکدا ژیاوە کە چاکسازێکی کۆمەڵایەتی بیر ڕوونی وەکو مەدحەت پاشا (١٨٢٠-١٨٨٣) والی بەغدا بووە، چەند کاری چاکسازانەی ئەنجامداوە، هەڵبەتە کارەکانی ڕەنگدانەوەیان لەسەر خەڵکی عیراق و کوردستان هەبووە، هەروەها ژیانی پیاوانی بزاڤی ڕۆشنکاری لەجیهانی ئیسلامی و عەرەبیدا وەکو جەمالەددینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدەو عەبدولڕەحمانی کەواکبی و هی تر کە ئەوانە لەسەردەمی عوسمانیدا دژی نەزانی و سیستەمی دەربەگایەتی و دیکتاتۆری بوون و ڕێگەی ڕاستیان نیشانی خەڵک داوە و بەرەو جیهانی شارستانی و عەقڵییەتی کراوە و ڕووناکبیری دەستیان گرتوون.

٩- بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە فاکتەری ئابووری و کۆمەڵایەتی و شاعیریەتێکی تەڕ و ناسک ئەختەریان پاڵناوە کە دەرکە بۆ هونەر واڵا کات و بەعەقڵییەتێکی نوێخوازانەی واڵاوە بایەخ بەگۆرانی و بەستە و مەقام و مۆسیقا بدات. هەرچەندە کە خۆی ئوستادی مەقامات بووە و ئاوازی بۆ شیعرەکانی خۆی داناوە، بەڵام هیچ بەدووری نازانم کە دەنگێکی بەسۆزی هەبێ، چونکە ئەوەی ئاواز دادەنێ و دەیەوێ بەرانبەرەکەی فێری ئاوازەکە بکات، بەدەنگ جۆری ئاوازەکە دەردەبڕێت.

١٠- کۆیە ئەو شارە بووە کە موسڵمان و مەسیحی و جوو پێکەوە تێیدا ژیاون، بەشێوەیەکی گشتی چەوساندنەوەی ئاینی تێدا ڕووی نەداوە، مەگەر لەلایەن کەسانی دواکەوتووی نەزانەوە کاری ناڕەوا کرابێ، بۆیە بە دووری نازانم کە جگە لە موسڵمانان ئەو (٢٤) کەسەی کاری (کۆرس)یان لەلایەن ئەختەرەوە پێ سپێردرابوو، مەسیحی و جوولەکەشیان تێدابێ، بەتایبەتی مەسیحی کە گۆرانیبێژی هونەرمەندیان لێ هەڵکەوتووە.

### ئەختەری دیاردە

کە لەم نووسینەدا ئەمین ئاغا- ئەختەر- لە ئاغاکان و دەوڵەمەندانی سەردەمی خۆی جیادەکەینەوە، بەکەسێکی نوێخوازی دنیایی لە قەڵەم دەدەین، کە برەوی بە گۆرانی و مۆسیقا داوە و جۆرە بزاڤ و چالاکییەکی بەرچاوی لەبواری ئەو هونەرەدا خوڵقاندووە، شتێک نییە کارێکی خۆڕسک بێ، یان فاکتەری بنەڕەتی ئەو دیاردەیە تەنیا لە جەستەی ئەختەردا چەکەرەی کردبێ و هیچ فاکتەرێکی دەرەوەی بەسەرەوە نەبێ، ئێمە لەو حاڵەتەدا دەبێ لەو باوەڕەدا بین کە مرۆڤ هەرگیز لەژینگە جیاناکرێتەوە، زۆرجار مرۆڤ لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەیەکەیدا دەکەوێتە ململانێ، بەڵام ئەو وزە و توانایەی نییە ئارەزووەکانی بێنێتە جێ، بۆیە کۆڵ دەدا و دوورە پەرێز دەوەستێ، جا ئەگەر بەدیدێکی ئارکیۆلۆژی بچینە بنجوبنەوانی ئەو سەردەمە بۆمان دەردەکەوێ کە کۆیە شارێکی کراوە بووەو کاروان سەرابووە، خانوو و باڵەخانە و بازاری گەورە و مزگەوتی زۆری بەخۆوە دیوە، لەشارەوانی تری کوردستانی گەورەدا جگە لە شاعیر و قوتابیانی خوێندن هونەرمەند و گۆرانیبێژ ڕوویان تێکردووە، بەتایبەتی

دیوەخـانە والآو ڕازاوەکـەی ئەختــەر، کـەواتە جگە لە فاکتەری خودی، فاکتەری بابەتی لە کۆمەڵگەی کراوەی کـۆیەدا دەورێکی سـەرەکی لەدروسـتکردنی ئەو دیاردەیە بینیـوە، شـاعـیـر سەربەخـۆیی خـۆی پاراسـتـووە، باوەڕی بەخۆی بووە کە ئەو عـەقڵ و بیروهۆشەی هەیەتی شیاوی ئەوەن کە چۆن مامەڵە لەگەڵ هونەر بکات و دیوەخانەکەی پێ برازێنێـتـەوە، دڵ و دەروونی دانیـشـتـوو و گـوێگران بێنێـتـە جۆش و خرۆش، ئیسـلامی ئەو سـەردەمە گـەلێ کراوەتر بووە لەو سەردەمەی ئێستا کە هەندێ ئیسلامی سیاسی سەلەفی و ئوسوولی بانگەشەی بۆ دەکەن، «دەبێ خوێنەر بزانێ کـە ئیـسـلام قـەوارەیەکی جـەوهەری نییـە بەدرێژایی مـێـژوو ناگـۆڕێ، خـۆی قـەوارەیەکی ئەبەدی و ئەزەلی نییە کە هیچ شتێ کاری تێ نەکات و کار بکاتە سـەر هەمـوو شـتـێـک وەکو خـەڵکی مـوسـڵـمـان خـەیاڵ دەکەن» (٥). ئیـسلامی کـلاسیکی سەردەمی ئەختـەر- بەکـرانەوە و والآکـردنی هزری و عـەقـڵـی ئاست بالآ، بایەخـدانی زۆری بە ئەزمـوونی ڕۆحـیـی سـۆفـیـزم جیـادەکرێتـەوە کە ئەمە هەمـووی سەبارەت بە ئیسـلامی هاوچەرخ کۆتایی هات.

لێرەدا بۆم هەیە بڵێم ئەگەر (ئەختەر) مرۆڤێکی خاوەن هزر و بەهرە نەبوایە دەبوایە دیوەخـانەکـەی تـەنیـا بـۆ مـیـوانداری و چاو و قـاوە خـواردنەوە با، نەک کـۆڕی ئەدەب و هـونەر و ئـاهەنـگ و گــــۆرانی تـەنانـەت لە پانتـاییـەکی کـراوەو بەرفـراوانیـشـدا، بۆیە دەپرسین «لەبەرچی لەپێشـەوە بوون بە بەرپرسی هزری دراوە نەک بە بەرپرسی ئاکاری، بەڵکو تەنانەت ڕۆحیش لەواقیـعدا ڕزگار بوون ناکرێ بێ ئەگەر هەڵوەشانەوەیەکی ڕیشـەیی هەر نەتەوەیەک، یان تایەفـەکی ئاییـنی نەکـەین لەپێناو تێگەیشتن و هەڵســەنگاندنەوەی سـەرلەنوێ. پاشــان لەپێناو لادانی ئەوەی کـــە تێـــــدا دەست نادات و هێشتنەوەی ئەو ڕەگەزە ئیجابییانەی کە دەکرێ لەبنیاتی نوێدا بەکاربهێنرێن. لەبەر ئەوە دەڵێم کە ئێستا پێشەکی بۆ پراکـتـیزەکردنی ڕەخنەی مـێژوویی زبانی و سیـمـیـائی (دەلالی) و ئەنثرۆپۆلۆژییە لەسەر کولتوور» (٦) هەر لەم ڕوانگەیەوە ئێمە لەچوارچێوەی لێکدانەوەی مێژووی ئەو سەردەمە کارو ڕەفتار و زهنییەتی (ئەختەر) دەستنیشان دەکەین. کە ئەو حەلە ئەو کۆت و پێوەندەی کە ئێـسـتـا بەناوی ئیـسـلامـەوە بەسـەر مـرۆڤی کـورددا دەیسـەپێنن نەبووە کـە لەژێر پەردەی (من تمنطق فـقـد تزندق) ئەوەی پەناباتە بەر لۆژیک دەبێــتــە زەندیق پێــڕەو دەکــرێ و سـەربەخـۆیی و ئـازادی مـرۆڤ خـەفـە دەکرێن و خـۆشی و شادی دنیای لێ زەوت دەکەن، بەڵام ئەختەری شاعیر لەو ئـاقــارە نزیک نەبووەتەوە کــە گــیــرۆدەی ئەو ڕێبــازە دواکەوتووە بێ کە ئایین تەنیا هەر بۆ ئایینە و چیتر ناو پشــتـکردنە دنیــای خـۆشی و کـامـەرانی و ڕابواردن و ئاهەنگگێـڕان لە ژیانی مـرۆڤـدا نیـشـانە و جـەوهەری دینداریـیـە. هەروەکـو جەلالەددینی ڕۆمی دەڵێ: «مرۆڤ بناغـەی بوونە، هەرچییـەکـە کە خـوا دروسـتی کـردبێ بۆ خزمەتی مرۆڤە، ئایین بۆ ئەوە هاتووە کە خزمەتی مرۆڤ بکات، نەک مـــرۆڤ بۆ خــزمـــەتی دین...» (٧) لەم ڕوانگەیەوە ئەو ڕێچکەی ئەخـتــــەر لە ژیانیـــدا کـــە هەڵـبـــژاردووە بە ڕێچکەیەکی باشی داناوە و خـزمـەتی خـــۆی و دەوروبەری پـێ کـــــردووە، بایەخـــێکی بە مـەسـەلەیەکی گـرنگ داوە کـە شـیـعـر و هونەرە، کـە هەردووکیـان وەک دوو ئەڵقەی بەیەکەوە بەستراون لێک جـیــا نابنەوە. هەر کـارێکی مـرۆڤـیش کـە زیانی بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەی و بیروباوەڕی ئایینی نەبێ، ئەوە لای خـوا باشـە و پەسندە، هەروەکو لە فـەرمـوودەی پیـرۆزدا هاتووە «کل مـایراه المؤمنون حـسنا فـهــو عند الله حسن» (٨) واتە هەر شتێ کە ئیمانداران بە باشی دەبینن لای خوداش باشە. کەواتە ئەو مێژووەی کە ئەختەر تێیدا ژیاوە، بەمێژووی ئایینی ئیسلام لەو سەردەمەدا لەقەڵەم دەدرێ، کە دەلالەت لە پێشکەوتن دەکات و لە ئێستادا کـراوەتر بووە و تەمانی دوگـمـاتیـزمی بەلاوە ناوە، وەکـو مرۆڤێکی دنیاخواز ڕەفتاری کردووە، بێ ئەوەی لەکرۆکی ئایین لابدات.

### ئەختەر و سنوور بەزاندنی لاهووت

ئەختەر وەک مـرۆڤێک و ئاغـایەکی خاوەن دیوەخان و دەسـەڵات، سەربەخـۆیی خۆی پاراسـتـبـوو، مەبەسـتـیش «لێرەدا لەسەربەخۆیی خودی بەشەرییە کە وای لێهاتووە ڕەوشت و ڕێسـاکـانی ڕەفـتـار و ڕێکخـسـتنی کـۆمـەڵگە لەسەر بەرپرسیی تایبەتی خۆی گەلاڵە دەکات، یاسادان بۆتە مـەسـەلەیەکی ڕووتی بەشـەری» (٩) لەدیدی ئەو سەربەخۆیە و ئازادییەی ئەختـەری شاعـیر بەخـۆی ڕەوا بینیـوە، عـەقـڵی خۆی لەلاهووتی کۆنی دۆگمـاتی دەرباز کـردووە، لەگـەڵ شـارسـتـانی و ژیاری گـەردوونی خـۆی گونجاندووە، سنووری ئەو شتە باوە پیرۆزانەی کە هێڵی

سووریان بۆ کێشاوە، بەزاندووە. تەنانەت کولتوور و سامانی نەتەوایەتی کە بەشتێکی ڕەها وەک بلێی خەتێکی ڕاست و ڕەوانە لەمێشکی خەڵکی سادە و نەزان چەسپاوە کە قابیلی گۆڕان نین، بەگژیان داهاتووە و لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتن هەنگاوی هەڵێناوە و بەجۆرێ ڕەفتاری کردووە کە لەگەڵ سەردەمی خۆی ناکۆک نەبێ. کە بایەخی بەدنیای شادی داوە، مانای ئەوە نەبووە لەژیاندا تووشی ئێش و ئازار و دوورخستنەوە لەزێدی خۆی نەبووە، بەڵام لەڕووی مامەڵە کردنی لەگەڵ کاروباری دنیادا بەشێوەیەکی عەقڵانی هەڵسوکەوتی کردووە، چونکە «ئیسلام ئایینێکی عەقڵییە وەک شێخ محەمەد عەبدە لەڕووی ئاکاری و فەلسەفییەوە لێی دەدوێ. ئەگەر مەسەلەکە ئاوابێ- کەواتە- دژایەتیی زانست ناکات، پێشکەوتن ڕەت ناکاتەوە و گۆڕان توور نادات. بگرە دەکرێ ببێتە بناغەیەکی ڕۆحی و ئاکاریی ژیانی نوێ»(١٠).

کە ئەختەر ڕووی کردووەتە جیهانی هونەر بە شیعر و مۆسیقا و گۆرانییەوە بەشداری کردووە لەنوێکردنەوە و بیرکردنەوە لەمەرجەکانی لاهووتی بۆ ئەوەی ئیسلام لەوەزیفەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی بەکاربێ، نەک هەرچی وتراوە بەمێشکێکی داخراو وەربگیرێ و خزمەتی ڕەوتی پێشکەوتن و شارستانی نەکات. «کە زانستی لاهووت پێوەندی بەزەوی و گیروگرفتە بەرچاوەکانی مرۆڤەوە هەیە، نەک تەنیا چەند ڕوانینێک بێ لە کاروباری خواوەندی، یان لە ئاسمان»(١١) هەربۆیە لە شیعرەکانیدا ئەو خەتە سوورەی بەزاندووە کە کەلەپووری میللی بۆ هەندێ شتی کێشاوە کە ناکرێ بەجۆرێکی تر باس بکرێن و پیرۆزمەندی بدرێ بەوەی کە پیرۆز نییە. شاعیر بە حوکمی ئەوەی پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و وێنەکێشانی لە ئاسا بەدەر، دەشێت ئەو سنوورەی کە قەدەغەیە لێی تێپەڕێ، ببەزێنێ هەروەکو گوتراوە: «ئەوەی بۆ شاعیر دەشێ بۆ هیتر ناشێ»، هەروەها «مرۆڤ تەنیا بەعەقڵەوە ناژی، بەڵکو بەقەڕ و پری خەیاڵ و سەرکێشی و فراوانی داهێنانەکەی، ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین کە زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەگشتی قبووڵیان نییە و ئامادەنین عەقڵ و خەیاڵ وا لەقەڵەم بدەن کە دوو شتی بەیەکەوە بەستراون، یان دەکرێ هەردووکیان پێکەوە لەئارادابن، بەڵکو دوو شتی هاودژن، یان ناکۆکن، واتە یەکیان ئەوی تر ڕەت دەکاتەوە...»(١٢) هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەختەر جڵەوی خەیاڵ بەرەڵڵا دەکات و عەقڵ بەلاوە دەنێ و سنووری هەندێ شتی پیرۆز کە لاهووت بە شتێکی ڕەهایان تێدەگات دەبەزێنێ و خۆی لە مەسەلەیەک دەدات کە مەسەلەی پیرۆزمەندییە «ئەم مەسەلەیەش- مەسەلەی داکشانی پیرۆزمەندی- ئێستا بەگژداهاتنێکی گەورەیە سەبارەت بە هزری ئیسلامی، بەڵکو دەکەوێتە بازنەی موستەحیل کەوا بیری لێ بکرێتەوە. مانای ئەوەیە تەنانەت ئێمە ناوێرین بیخەینە ڕوو»(١٣) کەچی ئەختەر بوێرانە خۆی لێداوە و لەقاڵبێکی شیعریدا دەری بڕیوە. وەکو شێخی سەنعان کە عیشقی کچێکی مەسیحی لەدینی وەرگەڕاند، ڕەفتار لەگەڵ جوانی و شۆخ و شەنگی یار، یان ئەو نازدارەی بەخەیاڵ وێنەی کێشاوە، دەکات.

بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانمان، چەند نموونەیەکی شیعری ئەختەر دەهێنینەوە، کە لەچوارچێوەی زەمەنی خۆیدا چ جۆرە بوێرییەکی نواندووە، چۆن پەنا دەباتە بەر خەیاڵی وێنەکێشانی داهێنان: «لە هۆنراوەی دەخیلت بم»دا دەڵێ:

**دەخیلت بم لە عوشاقت مەرەنجە**
**دڵ و دینم فیدای ئەم لارو لەنجە(١٤)**

دڵ و دین دوو شتی لێک جیان، مادی و مەعنەوین، دڵ مەڵبەندی ڕاز و نیازە، پێشکەشکردنەکەی شتێکی درکەییە و پێشکەشکردنەکە هەڵوێستێکی بەسۆزی شاعیرە کە دەینوێنێ و دینیش مەسەلەیەکی خۆرسکییە و مەعنەوییە کە پێشکەش ناکرێ، بەڵام شاعیر سنوورەکە دەبەزێنێ و خۆشەویستی دڵبەر ئەوەندە سەری کردووە کە شاعیر عەقڵی لەدەست داوە، کە عەقڵیشی لەدەستدا، دڵ و دینی نامینی و بێ هۆش دەبێ، کێ ئەمرۆ دەتوانێ بەخۆشەویستەکەی بڵێ دڵ و دینم بەقوربانی لار و لەنجەکەت بێ، ئەوە لەکاتێکدا دەربڕینی خوازەش ڕێگەی پێ نادرێ و گومرگی زۆری پڕ مەترسی لەسەر دانراوە.

لەکۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ:

**تەماشاکە سەراپا - ماهم - ئەختەر**
**هەمووی عیشوە و فریب و ناز و غەنجە(١٥)**

شاعیر هونەری خواستنەوە (استعارە)ی بەکارهێناوە کە کچە نازدارەکەی بە (مانگ) چواندووە، مانگیش

خولڵقاوێکی خواوەندییە و ناکرێ جوانی و گەشانەوەی بەکچێک بچوێنرێ، ئەوەش دیسانەوە سنوور بەزاندنی پیرۆزمەندییە لەڕوانگەی لاهووتەوە.

له شیعری «له سینەی ئیجاد بوو..»دا دەڵێ:

**له سینەی ئیجاد بوو دوو بەی**
**قوبەی تاجی کاوس و کەی**
**زینهار نەکەی دەستیان لێ دەی**
**بامبینێ بۆ نیشانه(١٦)**

شاعیر وەسفی مەمکی یارەکەی دەکات، زۆر هونەرمەندانه وێنەی بۆ دەکێشێ، کە دوو بەهێی تازە سەریان هەڵداوە ناڵێ وەکو فۆلکلۆری کوردی دەڵێ:

**تازەی داناوە بناغەی مەمکی**
**داخوازیم لێکرد لە خۆی و دایکی**

لێکچوواندنی دوو مەمک به دوو بەهێی تازە ئیجاد، خواستنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرایە. شاعیر هەر بەو وەسفەش ناوەستێ، بەڵکو سەرگۆی مەمکەکان پیرۆزمەندییەکی وایان پێ دەبەخشێ کە شکۆداربن و دەیانکاتە گومەزی تاجی کەی کاوس و کەی خەسرەو، هەر بەمەش لێناگەڕێ، بەڵکو عاشقانی ئەو نازدارە ئاگادار دەکات کە نەکەن دەستیان لێدەن، وەک چۆن ناکرێ دەست بۆ هەردوو گومەزی تاجی پاشاکان بەرن و مایەی مەترسییە، هەر ئاواش ناکرێ لێیان نزیک بەرنەوە، بەڵکو با بۆ جوانی وەک نیشانه بمێنن و سەرچاوەی سرووش و ئیلهامی شاعیران بن.

شاعیر بەتاسەوە ئارەزوو دەکات ئەگەر بەنهێنیش بێ دەست بۆ بەهێیەکان ببات، بەڵام وەک خۆی دەڵێ:

**لەپەنهان دەستم برد بۆ بەی**
**ماران گاز بووم ترسام لەحەی**
**باخەوان بانگ ئەکاتە کەی**
**ئێرە باغی شای مارانه(١٧)**

هەڵبەت ئەوەی ماران گاز بێ، لەمار دەترسێ، لەوەش زیاتر بەهێیە کە ئەوەندە پەرژین قایم و پلەوپایە بڵندە، کە باخەوانەکەی کەسێکی ئاسایی نییە کە زەفەری پێ ببرێت، بەڵکو کەی خەسرەوی شاهەنشایە، بۆیە پەنا بۆ ئەو دەبات کە باغی مەمکەکە، باغی شای مارانە و مردنی بەدواوەیە هەر کەسێ پێ بنێتە باغەکە.

کە ئەختەر دێتە سەر وەسفی خاڵی ئەو شۆخ و شەنگە، وەک هەر شاعیرێکی تر، بەحەبەش و شەوی تاریکی ناچووێنێ، بەڵکو مۆرکێکی پیرۆزی پێ دەبەخشێ و دەڵێ:

**خاڵی ڕەشی سەر ڕوومەتی**
**(حجر الاسود) خۆیەتی**
**هەرچی بکا زیارەتی**
**لەمەرتەبەی شەهیدانه(١٨)**

بەپێی دابونەریتی ئیسلامی ئەمرۆ چوواندنی خاڵی سەر ڕوومەتی کچێکی نازدار به بەردە ڕەشی کەعبە، کە هەر لەسەر دەمی جاهیلییەوە پیرۆز بووە و تا ئێستا بەپیرۆزی و لەشوێنێکی پیرۆزدا ماوەتەوە، سنوور بەزاندنی لاهووتە و بەکوفرو لە ئایین لادان لەقەڵەم دەدرێ، ئەوە لە کاتێکدا بەرجەستە کردنی خاڵەکە بە بەردە ڕەشی کەعبە خواستنەوەیەکی ڕوونی ئاشکرایە و هەردووکیان ئەوەندە پیرۆزن و لەشوێنێکی پیرۆزدان، بەڵام سەردانی خاڵەکە چ بەدەست لێدانی، یان ماچکردنی کارێکی ئەوەندە سانا نییە کە هەر کەسێ ویستی بە ئارەزووی خۆی بگاتە ئامانج، بەڵکو قوربانیی گەرەکە، کە عاشقی شەیدا دەبێ لەپێناویدا خوێن بڕێژێ، ئەوکەسەی بوێرێ کارێکی وا بکات دەچێتە خانەی شەهیدانی ڕێگەی ئەڤین و خۆشەویستی.

لەشیعری (ئەمان ساقی)دا دەڵێ:

**فیدای چاوی سیاهت بوو، کە هۆشم بوو ئەویشم چوو**
**بەتاراجی نیگاهت چوو، ئەگەر عەقڵە و ئەگەر دینە (١٩)**

کە شاعیر لەحاڵەتی هۆشیاریدایە، چاوی بە چاوە ڕەشەکەی ئاودێر دەکەوێ، کە کچێکی شۆخ و شەنگە و کاردەکاتە سەر ئەو عەشقە بەجۆشەی لەدڵ و دەروونیدایە، هۆشی لەبەر خۆی نامێنێ کە قوربانی چاوەڕەشەکە بووە، هەر چ لە عەقڵ و دین هەیبوو هەمووی بەتاڵان دەچێ، لەپێناوی چاوێکی ڕەشدا شاعیر لاهووت پێشێل دەکات و دینەکەی بەتاڵان دەچێ، کە یارەکەی لێی دووردەکەوێتەوە بەگوناهێکی گەورەی تێدەگات. ئەگەر عاشقی ئەوەندە شێت و شەیدای کردبێ، تاڕادەی ڕیسوایی بوون وەکو خۆی دەڵێ:

**مەکەن لۆمەم لە ڕیسوایی ڕەفیقان**
**کە عەقڵ و عاشقی لێکتر جودایە(٢٠)**

شاعیر وەکو مەجنوونەکەی لەیلا لەبەر تەوژمی عەشقی پیرۆزی ئەو عەقڵەی هەیەتی لەدەستی دەدا، کە مرۆڤیش عـەقڵی ڕۆیی، دینیش لەدەست دەدات. بەرانبـەرەکـەشی ئەوەندە بێ ویژدانە بەزەیی بەو عـاشـقـە دڵ سـووتاوە نایەتەوە، تەنانەت ئەگەر بشمرێ، شاعیر خۆی بە شەهید لەقـەڵەم دەدا، کـەچی ئەو کـچـە بێ ویژدانە کـە لێی دوورکـەوتۆتەوە، وەک کـافـرێک سـەیری دەکـات کـە کـوشـتنی ئەو عـاشـقـە لەلای ئەو غـەزایە وەک شـاعـیـر دەڵێ:

**لەلام قوربان ئەگەر بمرم شەهیدم**
**لەلای تۆ کوشتنی عاشق غەزایە(٢١)**

مـردن لەپێناو گـەیشتن بەیار بەپێی چەمکی لاهووت لادانە لە دابونەریتی ئیـسـلامی، کـەچی شـاعـیـر ئەو سنوورە دەبەزێنێ کـە یارەکـەی بۆی کـێـشـاوە، کـە کوشتنەکەی بەکارێکی پیرۆز لەقەڵەم دەدات، وەک چۆن یەکێ لەغەزادا کافرێک بکوژێ.

لەشیعری «ئەسیری میحنەتی هیجرانی تۆم»دا دەڵێ:

**عیلاجێکم بکە دەردم گرانە قیبلەکەی دینم**
**نەوەک بمرم بەناکامی غولامێکی ئەمەکدارم**
**لەهیجری چاوەکەی مەستت دڵ و دینم بەغارەت چوو**
**مـیـسـالی شـێـخی سـەنعـانی خـەریکی دێر و زیننارم (٢٢)**

ئەو یارەی کـە شـاعـیـر دیلی مـەینەتی دوورکـەوتنەوەی بـووە، تـووشـی دەردێـکـی گـــــرانـی کـــــردووە، بـۆیـە چارەسـەرکـردنـەکـەی لەلای ئەوە، چونکە بووەتە قـیـبلەی ئاییـنەکـەی و کـە مـرۆڤ ڕووبکاتە قـیـبلەی پیـرۆز و سکاڵای دەردی خـۆی بکات، دوعـایەکـەی قـەبووڵە. لەوەش زیاتر ئەو کـۆچکردنەی یارەکـەی، کـە چاوی بەچاوی ناکـەوێت ئەوەندە کـاری تێکردووە کـە دڵ و دینەکەی کـەوتووەتە بەر هەڵـمـەت و شـاڵاو، کـە ڕادەی عـاشـقی وەکـو شـێـخی سـەنعـانی لێکردووە کـە هەر خـەریکی دێر و زیننار بێ، کـە شـاعـیـر یارەکـەی خـۆی بکاتە قـیـبلەی دینەکـەی و لە دوورکـەوتنەوەی چاوە مەسـتەکەی دینەکەی بەهەڵـمـەت بچێ و ببێـتە شـێـخی سـەنعــان و خـــەریکی دێر و زیننار بێ، ئەی سنوور بەزاندنی پیرۆزمەندییەکان دەبێ چی بێ ئەگەر وا نەبن؟

(ئەخـتـەر) وەکـو شـاعـیـرێکی مـتـەسـەویف عـاشـقی یارەکەی بووە، لای ئەو گـەیشتن بەیار، گـەیشـتـنە بەپلەی ئیـشـراقی سـۆفـیـیـانـە، ئەو حـەلە لەناو ئەو عـیـشـقـە دەتوێتەوە، دەبێتە شێخی سەنعان بۆیە دەڵێ:

**زاهید و سۆفی ئەگەر سەدساڵی تر تەقوا بکەن**
**شارەزا نابن وەکو من موشکیلەی ئەم وادییە**
**شێخی سەنعانی ئەگەر دەستی بەدامانت بگات**
**خەرقەوو تەزبیح و تاج و تەیلەسانی بۆ چییە(٢٣)**

شاعیر کە زاهید و سۆفی سەدساڵی تر لە خواوە خۆیان نزیک بکەنەوە و بترسن و خەریکی تەقوابن، شارەزاییان وەک ئەو نابێ لە گـرفـتی ئەم دۆڵە، کـە ئاشـەوان لە خەیاڵێکە و ئاشیش لەخەیاڵێ، عەشقی شاعیریش وەک عەشقی شێخی سەنعانە کە گەیشتە خۆشەویستەکەی خـۆی سنووری لاهووتی بەزاند و بوو بە بوونەوەرێکی دیکە بێ ئەوەی خـۆی لە خـواپەرسـتی دووربخـاتەوە و بەدیدێکی یەکـبـوونی ئاییـنی سـەیری ئایین و لاهووتی دەکـرد. لێـرەدا ئەخـتـەر ئەو سنوورە کـۆنەی بۆ ئایین کێشـرابوو، کە ئایین بۆ ئایینە و بۆ دنیا نییە، دەشکێنێ و بەدیدێکی نوێ سەیری لاهووت دەکات. لەشیعری «لە نەشئەی بادەی.»دا، ئەختەر گلەیی لەبوونی پەچە دەکات کـە ڕێگە بـەو شـاعـیـرە دڵـدارە نادات کـە سـەردانی یاری نەخـۆش بکات، ئەوە لەکـاتێکدا ئارەزووی ئەو سـەردانە دەکـات، وشـەی (عـیـادە)ی بەکـارهێناوە کـە ئێـسـتـا مـاناکـەی بەهەڵە پێـچـەوانە کـراوەتەوە، کـە سـەردانی دکتۆرە بۆ نەخۆش، نەک وەک ئێستا سەردانی نەخۆشە بۆ لای دکتۆر، کە پەچەکە ڕێگر بێ لە سەردانەکە، شاعیر لەوە دەترسێ کـــە شـــەرمی یار بە دەردو مـــەینەتی دوورکـەوتنەوە بیکوژێ، ئەوەی کـە شـایەدبوون، قـازی فـەتوای داوە بەکـوشـتنی دووچاوە مـەسـتـەکـەی یارە، چارەسەری کوشتنەکەش فەتوای بێ بەزەیی موفتییە، کە بەپێی چەمکی لاهووت حـوکـمـێکی ڕەهایە و کـارێکی ڕاست و ڕەوانە و دەرچوون و سـەرپێـچی شـاعـیـر لەو حوکـمـە دەرچوون و لادانە لەدابونەریتی باوکە و ئایینی سەردەم سەپاندوویەتی.

ئەوەتا ئەختەر دەڵێ:

**حیجاب لێ ناگەڕێ مەیلی عیادەت کا بەلای عاشق**
**بەدەردو میحنەتی هیجران دەترسێم بمکوژێ شەرمی**
**دووچاوی مەستی شاهید بوون کە فەتوای داوە بۆ قەتڵم**
**عـیلاجی موفـتی بەعـەشقم لەگەڵ فـەتوایی بێ ڕەحمی (٢٤)**

لێرەدا شاعیر موفتی کە ڕابەری ئایینە مەحکوم دەکات کە حوکمێکی ستەمکارانەی داوە، ئەو فەتوا بێ بەزەیییە وای کردووە کە یارەکەی پەچە بپۆشێ و ئەختەر نەتوانێ سەردانی بکات.

لە شیعری (بەتیری غەمزەیی)دا ئەختەر دەڵێ:

**وەصیەت بێ کە مردم کێل و تابووتم لە عەرعەربێ**
**هەتا عالەم بزانێ من شەهیدی قامەتی یارم(٢٥)**

ڕاسپێرییەکەی شاعیر کە تابووتەکەی لەعەرعەربێ کارێکی ڕەوایە، بەڵام دابودەستووری ئایین هەرگیز ئەوەی قبووڵ نییە کە کێڵی گۆڕەکەی لەداری عەرعەربێ، ئەم جۆرە داخوازییە شکاندن و بەزاندنی سنووری لاهووتە کە نابێ دەسکاری بکرێ و بگۆردرێ... پاساودانەوەی جێبەجێکردنی ڕاسپێرییەکە لەدەست شاعیر دەرچووە، چونکە جڵەوی دڵ کە سەرچاوەی سۆز و ڕازە، نەک عەقڵ و لۆژیک لەدەست شاعیر نەماوە.

دوا وەستانمان لەسەر شیعرەکانی (ئەختەر) ئەو دێرە شیعرەیە کە شاعیر دەڵێ:

**دەخۆم سوێندێ بەقورئانی جەمالت**
**ڕیازی جەنەتم زیندانە بێ تۆ (٢٦)**

ئەختەر سوێندێکی ئەوەندە گەورە دەخوا بە دەستوورێکی تابلێی پیرۆز کە قورئانە و داویەتییە پاڵ جوانی یارەکەی کە ئەوەندە شێت و شەیدا و هۆگریەتی کە باغی بەهەشتەکەی لەدووری ئەودا زیندانی تاریکە، شاعیر ئەو مافە بەخۆی دەدا کە قورئانی پیرۆز بکاتە سوێندێک بۆ جوانی و شۆخی و نازداری یار... ئایا لە ڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا دەکرێ سوێندێکی ئاوا بخورێ کە سەلەفییەکان و ئوسوولییەکان بەکوفر و لەدین دەرچوونی لەقەڵەم نەدەن؟ بەڵام مێژووی شیعرەکە ئەو جۆرە سوێندەی قبووڵ بووە، ئێمەش دەقی شیعر لە چوارچێوەی مێژوویی خۆی دانابرین، بەڕوانینێکی کراوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، ئەو حەلە خەڵکەکە ئەوەندە وشک و مێشک داخراو نەبوون کە شاعیر نەتوانێ لە ئاقاری کولتووری ئایینی نزیک بێتەوە کە ڕەگوڕیشەی لەقووڵایی هۆش و هەستی مرۆڤی کوردی موسڵمان داکوتاوە و نەتوانێ بۆ مەبەستێکی شیعری تەوزیفی بکات و وەکو مەسەلەیەکی ڕۆحی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

حەز دەکەم ئاماژە بەخاڵێکی گرنگ بدەم کە من لەڕوانگەی میتۆدێکی ڕەخنەسازی لەشیعرەکانی (ئەختەر) دواوم و مەبەستم ئەوەبوو کە: «ڕەوتی مێژوویی ئێستا کە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان ململانێیەکی توندو تیژ لەنێوان هێزە ئوسووڵییەکان و هێزەکانی جیهانگەراییی، یان نێوان جیهادی ئوسووڵی و نوێخوازیی جیهانی بەخۆ دەگرن پێویستە بەچاوی بایەخ سەیر بکەین» (٢٧).

من ئەختەر تەنیا وەک شاعیر سەیر ناکەم، بەڵکو وەک هونەرمەندێکی نوێخواز کە لەسەردەمەکەی خۆی تێپەڕی کردبوو، بەجۆرێ ئاوازی بۆ هۆنراوەکانی خۆی دادەنا، یەکێ لەو هۆنراوانە (لە سینەی ئیجاد بوو)ە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر هونەرمەندی گەورەی شانۆیی کورد (ئەحمەد سالار) لەشانۆنامەیەکیدا ئەم چوارینەی کۆتایی شیعرەکەی تەوزیف کردبوو:

**ئاهوەکانی سەحرای خوتەن**
**ئێرەیان لێ بۆتە مەفتەن**
**لێیان گەڕێن سڵیان مەکەن**
**با چارە کەن ئەم دەردانە(٢٨)**

لەشانۆنامەکەدا ئاماژەی بەدەرویش عەبدوڵلا کردبوو کە بە ئاوازێکی تایبەتی لەسلێمانی لەسەردەمێکی کۆندا گوتبووی، لەبەغداوە تەلەفۆنم بۆ هونەرمەند ئەحمەد سالار کرد و پێم گوت ئەم هۆنراوەیە هی ئەختەرە و لەکاتی خۆیدا لەدیوەخانی ئەمین ئاغا- ئەختەر- فێری ئەو بەستەیە بووە و هەڵبەت هەر ئەختەر ئاوازی بۆ داناوە.. بەڕێکەوت وابزانم ساڵی ١٩٨٨ لەسلێمانی شانۆنامەکە نمایش کراوە، هونەرمەندی دەنگخۆش بورهان محەمەد، گۆرانییەکەی چڕی و لەدوای هەر نیوە دێرێک دەیگوت:

**بۆت بمرم جانانە.**

دەرویش عەبدوڵلای دەنگخۆشی هونەرمەندی دەفژەن، وەکو هونەرمەندێک ئەوکاتە ڕووی کردووەتە دیوەخانی ئەمین ئاغا و بەشداری ئاهەنگی گۆرانی ئەوی کردووە، هۆنراوەکەی ئەختەریش لەسەر دەریای هەزەجی عەرەبییە و بەکێشی پەنجەش (٨) بڕگەیە.

**ئەنجام**

نەمویست لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەسەر

شیعرەکانی (ئەختەر) بنووسم، تەنیا ئەو لایەنەم هەڵبژارد کە دەتوانم بڵێم بابەتێکی نوێیە و تا ئێستا هیچ نووسەر و ڕەخنەگرێک بایەخێکی ئەوتۆی بەو لایەنە نەداوە. کە ورووژاندنی مەسەلەیەکی گرنگە و دەچێتە خانەی مەسەلەی ڕەخنەی عەقڵی دینی سەردەمی ئەختەر و بەراوردکردنی لەگەڵ عەقڵی ئەمڕۆی ئیسلام، کە نزیکەی (١٢٠) ساڵ لەمەوبەر جەوهەری ئیسلام لەچوارچێوەی مێژووییدا چۆن بووە، ئەمڕۆش چۆنە و بە چ شێوەیەک سەلەفییەکان بەعەقڵێکی دۆگمای داخراو تەوزیفی ئیسلام دەکەن، شاعیرێکی خاوەن سامان و مۆڵکێکی زۆر، چۆن مامەڵەی لەگەڵ کولتوور کردووە، چۆن لەنێوان دین و دنیادا پردێکی زێڕینی بنیاد ناوە و تەرازووبەندێکی گونجاوی لەنێوانیاندا خوڵقاندووە، کە دەکرێ بەدیاردەیەکی مێژوویی لە قەڵەم بدەین، کە نە لەسەردەمی خۆی و نە لەدوای خۆی هیچ ئاغایەکی سامانداری ئاوا بایەخی بەهونەری گۆرانی و ئاواز و مۆسیقا نەداوە، هیچ شاعیرێکیش وەکو ئەو مامەڵەی لەگەڵ لاهووتی ئیسلامی نەکردووە، ئەگەر بگوترێ هەموو سەردەمێ پیاوانی خۆی هەیە، ئەوا ئەمین ئاغا- ئەختەر- پیاوی سەردەمی خۆی و سەردەمی ئێستاشە، کە ناوونیشانی، کردەوەکانی، شیعرە بوێرەکانی و ئاوازە بەسۆزەکانی نەمری و جاویدانی پێ دەبەخشن و هونەری گۆرانی و مۆسیقا و شیعری ڕەسەن و پاراوی شارەکەی کۆیە قەرداری ئەو کەڵە پیاوەیە، کە شیاوی ئەوەیە کۆڕی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەری فراوانی بۆ بکرێ، گۆڕەکەی بەشێوەیەک نۆژەن بکرێتەوە کە شیاوی پلەوپایە دیارەکەی بێ، شەقام و قوتابخانە، سەنتەری هونەری و ئەدەبی ناوی ئەویان لێ بنرێ(*)

* ئەم نووسینە ڕۆژی یەک شەممەی ڕێکەوتی ١٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ لەفێستیڤاڵی ئەختەر (ئەمیناغای حەویزی) ١٥-١٦/١٢/٢٠٠٧ کە لقی کۆیەی (بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ) سازی کردبوو پێشکەش کرا.

**پەراوێزەکان:**

**١- ئازاد عەبدولواحید، ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، پێداچوونەوەی کەریم شارەزا، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، ١٩٧٦، ل٢٧.**

**٢- محمد أركون، قضايا في نقد العقل الديني، كيف نفهم الاسلام اليوم، ترجمة و تعليق، هاشم صالح، دارالطليعة، بيروت الطبعة الثالثة ٢٠٠٤، ل٩٣.**

**٣- ئازاد عەبدولواحید، ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، ل٢٢.**

**٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.**

**٥- محمد اركون، قضايا في نقد العقل الديني، ل١٧٤.**

**٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٥.**

**٧- عبدالرزاق عيد، محمد عبده، امام الحداثة والدستور، معهد الدراسات الاستراتيجية، الطبعة الاولى ٢٠٠٦ بغداد، بيروت ل١٣٠.**

**٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.**

**٩- أركون، قضايا في نقد العقل الديني، ل٣١٦.**

**١٠- عبدالرزاق عيد-محمد عبده- امام الحداثة والدستور، ل١٢٠.**

**١١- أركون، قضايا في نقد العقل الديني، پەراوێزی ل٤٧.**

**١٢- أركون، قضايا في نقد العقل الديني، ل٢٠٠.**

**١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٧.**

**١٤- ئازاد عەبدولواحید- ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری، ل٣٨.**

**١٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.**

**١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.**

**١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.**

**١٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.**

**١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.**

**٢٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.**

**٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.**

**٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.**

**٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.**

**٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.**

**٢٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.**

**٢٦- أركون، قضايا في نقد العقل الديني، ل٣٢.**

**٢٧- ئازاد عەبدولواحید- ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری.**

# ئاخێزگەی جوگرافیایی - مێژوویی زوانی کوردی و پێوەندی ئەندامی هۆرامی - زازایی و ئازەری کۆن

عادڵ محەمەدپوور
(مەریوان)

لە پانتای دابەشکردنی جوغرافیای زوانی یەکگرتووی هەر نەتەوەیەکدا، کە پێکهاتەیەکە لە هەندێ زار و شێوەزار؛ جەماوەر بە یەک چەشن و یەک شێواز پەیڤین ناکەن، لە ناو توێژە جۆراوجۆرەکانی شەقام و گلێرگە، تەنانەت نێوان: تاکەکانی جڤێنگە و خێزانەکانیشدا، بە پێی رووکردی سۆسیایی و چەشنی دیا و روانین بۆ ئاسۆکان، لە واچەکانی خۆیاندا، ئەم جیاوازییە، لە ئاستی دەنگ، ڕواڵەت، لێکدراوی توخمەکان و باری کاربردی زوان و مانادا، دێننە سەر کردە و پراکتیزە کردن.

پلات فۆرمی زوانی کوردیش لەم ڕێسا زوانییە جیاواز نییە. وەک زوانێکی زیندوو و ئەکتیڤ و مێژینەمەند و یاگە و پێگەدار، خاوەنی بێچمی ڕەچەڵەک و هەرێمی تایبەت بەخۆیەتی. لە بەر ڕۆشنایی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا، دەبێ بگاتە دوو ئەنجام:
یەکەم: ناسینی ئاخێزگەی سەرهەڵدانی (جوغرافیای شێوەزوانەکان)؛ کە ئەویش پەیوەستە بە چەشنی کارکردی تایبەتی کۆمەلایەتی و سۆسیایی زوان و تەشەنەی لە دەڤەرەکاندا.
دووەم: کەشف و پێناسەی ڕۆگەی (مێژوویی زوان)، بە هاتنە ڤەشانی ڕەوەندی گۆڕانکاری واچەکان و توخمەکان لە ڕەوتی مەودا زەمەنیەکاندا.
لە نێوان کۆی شێوە زوانەکانی کوردیدا، هیچ کە جیاوازی فۆنۆتیکی و سینتاکسی (ڕا زوان، ڕێزمان) و سیمانتیکی(ماناناسی) لە فۆرماسیۆنی زواندا دەبینرێ؛ لە بن لقەکانی دیالێکتەکانیشدا ئەم ناتەبایی و ناهەمسەنگییە هەست پێدەکرێ. بۆ نموونە لە هۆرامیدا، کە خۆی پاژێکە لە شێوەزوانی گۆران، ئەم جیاوازییە

گـوند بە گـوند هەست پێـدەکـرێ. ئەگـەر لە گـوندی (دزڵی)یەوە بەرەو هۆرامانی تەخت و لهۆن و پاوە و... بەرێ کـەویت، دەرکـەوتی جـیـاوازی شـێـوەی وتنەوەی واچەکـان، دێنە هەست پێکرن. یانێ بە پێی مـێـژینەی دەڤـەرەکان و هەڵسـوکەوتی کـۆمـەڵایەتی، چەشنی دیای (ڕوانین)، کـارکـردی دەنگەکـان و توخـمـەکان و شـێـوەی پەیلوای و دەربڕینی واچەرەکان (بێژەرەکـان)، دەگـۆڕرێ. بۆ نموونە: ئاخێـزگەی (مەخرەج) دەنگی (و، W) کە لە (دزڵی) و هەندێ شوێنی دیکە گۆی پێدەکرێ لە تەخت و دەوروبەر و لهـۆن (دزاوەر و نۆتشـە) و هەندێ توخـمی زوانی پاوە، بە (ڤ، V) دەگـــۆڕدرێ، واتە: تەشکی کۆنتر بە خۆیەوە دەگرێت، بە قەولی زوانەوان، ئارکائیزە دەکـرێ. بۆ نموونە: لە چاوگی لوای liway ، (لە دزڵی و دەرەکێ و دەمەیەو و... لوە، liwe)یە، لە (دزاوەر و نۆتشـە و ...لڤە، live)یە، یانێ فـۆنێمی ( لێوی) (و، W) هەرچی بەرەو شـوێنی کـۆنتری هۆرامـان دەڕۆین بە واچی (لێـــوی – دانی) (ڤ، V) کـــە دەنـگـێکـی پاشماوەی ئاڤێستایە، دەگۆڕدرێ ئەمە فاکتێکە بۆ ئەوەی ئەم ناوچانە بە ناوەندی سـەرهەڵدانی جـوگـرافی ئەو توخمانە بزانین، پاشان بۆ دەڤەرەکانی دیکە تەشەنەیان کردووە یان ئاڵوگۆڕ بە سەرباندا هاتووە.

یان توخـمی (تەکـیـە، accent)ی بڕگـە لە ژاوەرۆدا دەبێتە پرنسیپی جیاکەرەوەی شێوەی دەربڕینی واچەکان لەگـەڵ باقی ناوچەکـانی دیکەی هۆرامـاندا، کـارواژەی (ملوو، milo، دەچم) لە هۆرامـانی ژاوەرۆدا دەبێـتـە: melo، تەکیە دەکەوێتە سەر بڕگەی دووەم(Lo)، بەڵام لە دەربڕینی دۆخی نێگەتیـڤی ئەو هەرمـانەدا، دەڵێن: melo، یان nimelo، تەکیـە دەکەوێتـە سەر بڕگەی ئەوەڵ (me). ئەم گـۆڕانکارییـە لە سـەر توخـمـە زوانییـەکـانی دیکەشـدا دەبینرێ. بە پەیلوای من ئەم ڕووکردە زوانییە خـود بە خود زوانەوان هەڵدەنێ کە لەم دەڤەرانەدا، باشتر ئارکائیسمی توخمەکان پێناسە بکات و ڕێگەی سەرهەڵدانی مێـژوویی و پرۆسەی ئاڵوگـۆڕی زوانەوانییـان دەربخـات. بە شـێـوەیەکی دیکە دەتوانم بڵـێم: دابەشـبـوونی جـوغـرافـیـای زوان، دەتوانێ یارمـەتیـدەرێک بێ بۆ زوانەوان، کـە بزانێ: هەندێ توخمی زوانی لە ناوەندێکدا، سەرەتا ڕسکاون، پاشان بۆ ئاقاری دەوروبەر بە شێوەیەک ئەکتیڤ و بزاوتوو و دینامیک بە ئاراستەیەکی دیکەدا، تەشەنەیان کردووە، کە دەتوانێ هەندێ شەقڵ و مۆراڵی ڕاستەکی مێژوویی بۆ ئەو مرۆڤانە، ڕوون بکاتەوە. ئێستا کە شێوە زوانی هۆرامی، لە ژانری پەخشـان و نووسـیندا، کـەمـتر پێی بنووس دەکرێ، تەنیا توانستەکـانی لە چڕی دەنگەکـانی ئاخافتن و تێکستی شیعر و گۆرانیدا، قەتیس ماوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە مەوداکانی ڕابردوودا، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ زوانی فـــەرمی و حکوومی بووە و بووەتە وەجاغی نە تەنیا گۆران، بەڵکو زوانی کوردی بە تێکڕا و زوانی ئازەری کۆنیش، کە ئەویش لقێکە لە زوانی مادی. پێداچوونەوە بە سەر ئەم ڕووکردە مێژووییە وا دەکات کە ئێمە زۆر بە هەستیارانەوە، لە دیاردەکە بدوێین، چونکە لەم حـاڵـەتەدایە تیـــشکۆی قـــەوارە و بەکگڕاوندی ڕاستەقینەی زوانی کوردی، دەبێتە زوانحاڵی مێژوو و واقیعییە دەرەکییەکانی پێکهاتەی زوانی ئەم نەتەوەیە.

بایەخی شـێـوە زوان، هیـچی لە زوانی سـەرەکی و ستاندارد و دەستەبژێر نزمتر نییە، تەنانەت (زاپارۆکان و ئیـسکیـمـووەکـان و هاتن تاتەکـان و هۆپییـە سووڕپێستەکان) کە تەنیا خاوەنی هەندێ سیستەمی عـادات گـوتارین، هەرچەند لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆژییەوە، دواکەوتوون؛ بەڵام لە ئاستی پێکهاتەو سیستەمی زوانیدا، کامڵن و هیچ چەشنە جیاوازییەکیان لە گەڵ زمانە پێشکەوتووەکانی ئینگلیزی و فەڕانسیدا نییە، ئەمە ئاڵوگۆڕ و دەسکەوتی ڕەوەونیای (ڕووکرد) دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییە کە سۆڵتەی فەرهەنگی دروست دەکات و سەرەنجام شێوە زوانێک دەبێتە زوانی پێوەر و یەکگرتووی ئەو نەتەوە. (لە سەرەتای سەدەکـانی ناڤـینی ئەورووپادا، کە هێشتا پرۆسەی دەوڵەت – نەتەوە، پێک نەهاتبوو، دەوڵەتە ناوچەییەکان حکوومەتیان دەکرد، زوانی فەرمییان و چالاکی نڤیساریشیان، هەر ئەو شێوە زوانانە بوون، کە جەماوەری ناوچەکە ئاخافتنیان لە سەر دەکرد. زوانێک بە ناو (ئیتاڵی، ئیسپانی یان فەڕەنسی) نەدەناسرا، بەڵکو بە ڕاشکاوی و فـەرمی ناو لە شـێـوە زوانی(نۆرمـاندی، پیکاردی، شـامـپـانی، لئـۆنی، ئاستووری، سیسیلی، میلانی، و ونیزی) و... دەبرا و پەیڤین و نڤیساریان پێدەکرا.(١)

بەم وەرایییە ویستم تۆماڵی بایەخداری شێوەزوانەکان بکەم و هەندێ ڕاستی لەم پێناوەدا بخەمە ڕوو و بڵێم کە

چەندە کـــاردانەوەی ئەرێنییـــان هەیە بۆ گـــەیشتن بە لووتکەی زوانی ستاندارد. زاراوەکان، چمان کەمپ و ژێدەرێکن، بۆ حەوانەوە و وەرگرتنی تۆشە و وزە و گوڕ و توانستی توکمەی زوانی یەکگرتوو، لە بەر تیشکی ئەم دانووستاندنەدایە کە یەکێک لە پرنسیپە هەرە مەزنەکانی نەتەوەکەمان کە چییەتی ناسنامەی فەرهەنگیمانە، رووناهیترو بزێوتر و توکمەتر دەکرێ. خزمەت بە ژێدەر و کەمپە زاراوەکان، خزمەتە بە یەکگرتوویی زوانی کوردی.

لە بارەی پۆلینکردنی شێوە زوانەکانی کوردی، هاودەنگی لە نێوان زوانەوانانیدا نابینرێ، چ زوانەوانە رووسی و رۆژئاواییەکان و چ زوانەوانە کوردەکان؛ هەرکام سازی خۆیان لێدەدەن، یان زۆربەی خۆییەکان دووپاتکەرەوەی پەیلوای رۆژهەلاتناسەکانن. تۆفیق وەهبی زوانی کوردی دەکات بە چوار چلّەوە:

١- ئەلف: چلّی کرمانجی ژووروو (بادینانی، هەکاری، ئاشیتایی، بۆتانی، بایەزیدی) ب: چلّی کرمانجی خواروو(سنەیی، سلێمانی، سۆرانی، موکری).

٢- لوڕی: بەختیاری، لەکی، فەیلی، کەلّوڕی، مامەسانی.

٣- گۆرانی: هۆرامی، زەنگەنە، کاکەیی، باجەلانی.

٤- زازایی (٢)

شێخ محەمەدی خالّیش بە تۆزقالێ دەستکارییەوە، ئەم پەیلوایە دووپاتکردووەتەوە، ئەویش (زازا) بە دیالێکتێکی سەربەخۆ و تاک دادەنێ.(٣)

لێرەدا گۆران و زازا، لێکدەترازێن، پێیان وایە ئەم دوو دیالێکتە سەربەخۆن و تەنانەت لە لایەن هەندێکیش بە کوردی لە قەلّەم نادرێن.(پەیلوای ڤ. ئا. ژۆکۆڤسکی)، و برێکیش گۆران بە شێوەیەکی فارسی دادەنێن (ڕوانگەی زانای ئینگلیزی چ. ریۆ) (٤)

یان لە لایەن هەندێ لە خاوەن ڕایانەوە سەلەمیان (سەلمێندراوە)، زوانی کوردی دەکرێ بە دوو لقی سەرەکی: ژووروو و خواروو. بۆ هەرکام لە دیالێکتەکانی ئەم دوو لقە سەرەکییە بە پێی بەکگراوندی کۆمەلایەتی و فۆرماسیۆنی فۆنۆلۆژی(واچەشناسی) و سینتاکس و ڕێزوان، بایەخ و جیاوازی دادەنێن. دیالێکتی کرمانجی و زازا بە هەموو شێوازە ناوچەکانییەوە، شێوەی بنەڕەتیی جیای کۆمەلّە دیالێکتەکانی باکوورن، هەرچی ئەوەی باشووریشە دەکرێ بە سێ کۆمەلّەی بچووکەوە:

١- سلێمانی، سۆرانی، موکری کە ناویان بە (سۆرانی) ڕۆیشتووە.

٢- کرماشانی، گەڕووسی، سنەیی، کۆرونی ... بە کوردی خوارووی ڕۆژهەلات ناو دەبرێ.

٣-گۆرانی، هۆرامی، کەندۆلّی، باجەلانی زەنگەنە، کاکەیی، لەکی... کە زاراوەی گۆرانی کۆیان دەکاتەوە.(٥)

بێگومان ئەم پۆلینکردنە ناڕاستە، چونکە:

ئەلف: ئەم پۆلێنکردنە لە سەربەستێنە و حەوزەی جوغرافی خواروو و ژووروو دانراوە، نەک لە سەر فاکتی هاوبەشی توخمی زوانەوانی زاراوەکان.

ب: گۆران لە بن لقەکانی دیکە؛ هۆرامی و کەندولّی و باجەلانی و... جیا کراوەتەوە، لە حالّێکدا گۆران ناوێکی گشتییە بۆ ئەو بن لقانە.

ج: لە سەر تەبایی هەندێ توخمی زوانی: فۆنۆلۆژی (دەنگ تەوەری) و هەندێ خەسلّەتی گرامەری و ڕەچەلّەک ناسی، کرماشانی و گەڕووسی تەنانەت ئەردەلانی کۆن بە گۆران دەژمێررێن و زازا و هۆرامیش کە باسی سەرەکی ئەم وتارەیە، بەو شێوەزوانەوە پەیوەستن.

کوردناسانی دیکە (ئا.کریستنس و م.بینیدێکتسین) لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا، کە لە سەر ڕازوانی شێوەی هۆرامی دواون و (زازا و هۆرامی) لێک نزیک دەکەنەوە. دەلّێن ئەم شێوەزوانە بە کاوەخۆ بۆمان دەرکەوت کە کەرەسە و فۆنەتیک و زاراوەکانی زۆر لە هی ئەو زوانە دەچن کە لە تورکیا و بە شێوەیەکی سەرەکیش، لە ناوچەی دەرسیم قسەی پێدەکرێت و بە (زازا) ناو دەبرێت. بەلام بە پشت بەستن بە ڕاناندنی نموونەی فارسی و هۆرامی، بە ئاسانی و کەم شارەزاییەوە، لە کوردی بوون دەیانشۆرنەوە و ئەم دوو زاراوە بە فارسییەوە دەلکێنن.(٦) هەن کەسانێکی دیکە هەر ئەم سازە لێدەدەن و هۆرامی و زازا لە کوردی جیادەکەنەوە: وەک (ئۆ. مان، ئی. سۆن، د. مەکەنزی و ...)، بەلام دێنگای (ڕوانگە) هەندێکی دیکە وەک: (هـ. ئابۆڤیان، ئێ. ژابا، ف. شترێکەر، پ. لێرخ، ف. یوستی، ر. لیسکۆ، ڤ. میۆلەر و...) جیاوازە و پێیان وایە (زازا و هۆرامی)ش سەر بە زوانی کوردین. لە دێنگای نووسەری بەردەستدا، ئەگەرچی ئەمانە هەموویان ڕەنگە خاوەن پلە و سەقافەتی زوانەوانی یان دیرۆکناسی بووبێتن؛ بەلام نەچوونەتە نێو زەرافەت و قوولایی باسەکەوە، ڕەنگە بۆ ئەرکێکی سیاسی یان کارگوزاری ڕوویان کردبێتە

کوردستان و بە کورتە ماوەیەک نامیلکەیەکیان لە سەر (گۆران یان زازا) یان باقی شێوەزارەکانی دیکە نووسیبێ. ئەمە ناتوانێ ڕاستییەکانی زوانی کوردیمان بۆ دەربخات. بۆیە نووسەری ئەم وتارە ویستوویە بە ڕاناندنی یەکە و توخم و سیستەمی دەنگەکان و تێکەڵی واژەکان و ئیدیۆمەکان لەم باسەدا نزیکایەتی هۆرامی و زازایی و باقی زاراوەکانی دیکەی کوردی بە خستنەرووی ئەڵقەی نێوان ئەم دوو شێوەزوانە، یانێ ئازەری کۆن، ڕوون بکاتەوە.

هۆرامی، وەجاخ و کوورە و توخمی ڕەسەنی گۆرانە، کۆنترین سەرچاوە، کە باسی لە سەر گۆران کردووە، شەرەفنامەی بەدلیسییە کە کورد بەسەر چوار شێوەزواندا، کرمانج، لوڕ و کەڵهوڕ و گۆران، دابەش دەکات.(٧)

ڤاسیلی نیکیتین لە ڕوانگەی پرۆفێسووری ڕووسی (ن.مارێر) پێوەندی گۆران و کورد چڕتر و ئەندامیتر دەکات، گۆران لە باری لیکسیکۆلۆژییەوە دەباتەوە سەر وشەی کورد و دەڵێ: ( وشەی گۆران هیچ نییە جگ لە بێچمی ئاڵوگۆڕکراوی وشەی کورد.)(٨)

گۆران لە توخمی گۆر + ان پێکهاتووە (گۆ، گۆر، گبر) یان گاور، گۆر (مەجووس) و گۆ (پاڵەوان)، نامووسوڵمان و لادەری دین. پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا، زاراوەیەک بوو، بۆ زەردەشتیان و مەجووسیان و ئەو کوردانەی (زۆرتر هۆرامییەکان) ملکەچی ئەم ئایینە نەدەبوون، بەکاردەبرا.

دیالێکتی هۆرامی خاوەنی هەندێ پتانسیەل و توخمگەل و ڕەگەزگەلی زوانی و هەڵگری هەندێ توانا و وزە و ئامیان(هەوێن)ی گوتارییە ، بەڵام بەهۆکارگەلێکی جۆراوجۆرەوە لە ڕەوتی مێژوودا بە باشی بنووس نەکراوەتەوە و هەڵسوکەوتی نویساری لەسەر نەکراوە، ئەم چەشنە هێزە وەک: ئامیانی زوانی لە نەستدا ماوەتەوە، لە ئاخافتن و پێوەندییە واچەکاندا، بەباشی ڕێژەی بەرزی فرەکانسی کرکە (نەغمە)ی دەنگەکانی، لێدەدرێن و دەبیسرێن. بێگومان، ئەم پرنسیپە وێڕای لەشێوەی گۆکردندا بە تایبەت لە ژانری شیعردا، هەر لە(گاساکان)ی ئەوێستاوە بیگرە تا شیعری (هورمزگان) (٩) تا (ئورامنەکان)(١٠) و تا بێسارانی و مەولەوی و تەنانەت شیعری هاوچەرخ، یەس بە یەس، پارێزراوە و بووەتە هۆی ئەوە، شیعری هۆرامی نەکەوێتە ژێر کاردانەوەی شێوازی هەندەران، دەبێ وەک خاڵێکی دینامیک و ئەکتیڤ، سەیری ئەم دیاردە زمانییە بکرێ، مامۆستا گۆرانیش لەسەر ئەم ڕێسا زمانی-هونەرییە بوو کە گەڕایەوە بۆ (کرکە(نەغمە)ی شیعری هیجایی). کرکە(نەغمە) ئەو هاماوە دەنگ، یان ئەو هێشووە دەنگانەیە کە لە پێکهاتەی توخمی مورفێم و هێجادا، چڕی دەنگ و مۆسیقا، دروست دەکات و پێکەوە نەگونجانی بڕگە کورت و درێژەکان دەشارێتەوە و لە ژانری شیعردا، خۆی لەگەڵ کێشناسی عەرووزدا ، جیا دەکاتەوە و دەبێتە (کومپۆزیسیۆنی )شیعر یان (ریتم) لە شیعردا و زەمینە بۆ ڕەخساندنی هەستیاری ئێرۆس ئامێزی لیریکای هۆرامی ئامادە دەکات .) (١١) ئەم پرەنسیپە بۆ ڕۆگەی شێوە زوانی هۆرامی و ئەو شێوە زوانانە کە لە هۆرامییەوە نزیکن لە گۆراندا، بە خاڵێکی ئەرێنی و ڕەسەن دێتە ئەژمار، هەر ئەم خاڵە، توخمی هۆرامی لە توخمی شێوە زمانی سۆرانی کە لە جەوهەردا وا لە ژێر کاردانەوەی عەرەبیدایە، بە تایبەت لە تێکستە شیعرییە کلاسیکیەکاندا کە بەشێکی هەرە زۆری قەڵای وشیاری و ڕۆشنبیری کوردن، جیا دەکاتەوە.

بۆ وێنە لەخشتەی خوارەوە، لە زاری زاڕۆیەکەوە، لەباری فۆنۆلۆژییەوە، ڕاناندنی سێ ڕستەی هاوسەنگی هۆرامی و سۆرانی و فارسی بەراورد دەخەینە بەرچاو، بزانین پرۆسەی ڕێژەی کرکەکان و دینامیکییەت و بزاوتوویی کامیان ئەکتیڤترە:

هۆرامی: ئەدالێ گیان، کاکەلێم پەی کۆی لوا؟
edalê giyan kakelêm pey koy liwa?
سۆرانی: دایە گیان، کاکم بۆ کوێ چوو؟
daye giyan kakem bo kiwê Çu?
فارسی: مادر جان، داداشم کجا رفت؟
mader can dadasem kuca reft?

بەراوردی ڕێژەی لاتینی دەنگەکان لەم خشتەدا:

| واج (واچە) | هۆرامی | سۆرانی | فارسی |
|---|---|---|---|
| ژمارە | ٢٧ | ٢٢ | ٢٣ |
| بزوێن | ١٢ | ١٠ | ٩ |
| درێژ | ٧ | ٦ | ٥ |
| بێ دەنگ | ١٥ | ١٢ | ١٣ |

١- لە هەردوو شـێـوە زوانی هۆرامی و سـۆرانی لە شەش واچە(واژە، وشە) کەڵک وەرگیراوە.

٢- بۆمان دەردەکەوێ کە ڕستە هۆرامییەکە هەم لە دەنگی زۆرتر کەڵکی وەرگرتووە و هەمیش ڕێژەی بزوێنەکانی زۆرترە و خاوەنی توخمی خێرایی دەنگ، شدت صوت (intensite)ە کە توخمێکی زوانی ئەڤێستا و سەنسکریتە. واتە توخمە زوانییەکانی هۆرامی لە هەردوو زوانەکە بزاوتووترە. پاشان ڕستە سۆرانییەکە، ڕێژەی بزاوتوویی لە فارسییەکە پترە.

٣- باری هەستیاری و هێڵی دەلالی پەیام نێوان نێرەر و وەرگر لە شێوە زوانی هۆرامیدا لە هەردوو ڕستەکە، قەڵەوتر و دەرکەوتووترە.

٤-بەهۆی خسڵەتی هەوێنی دەنگەکانەوە، ڕستە هۆرامییەکە، باشتر دەتوانێ مشت و ماڵ بکرێ.

٥- ڕێسای هاونشینی و پێکەوە گونجانی تاکواچ و واچە و دەستەواچە و لێکدراوی لیریکای هۆرامی لە نەفسدا، خاوەنی ئامیان(هەوێن)ی ڕەگەزی زوانی زۆر و زەبەندەیە، کە لە کردە وتەکانیدا، بە هۆی هۆکاری قەتیس مانەوە لە جوگرافیاییەکی بەرتەسکی سۆسیایی و ئاییینیدا، نەیتوانیوە لە ئیمکاناتی ناوەکی خۆی کەڵک وەرگرێ، شێوە زوانی هۆرامی تەنیا لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا و تا ڕادەیەکیش لایەنی نوبساری شیعر، توانیویە لانی کەمی وزەکانی بنوێنێ. بەڵام سەدان سەد وزەیتری هێشتا، لە ناخدا ماوەتەوە و پێناسە و پراکتیزە نەکراوە.

هۆرامی، بنەچەو وەجاخی کۆنینەی گۆرانە، کە لە ڕووبەرێکی جۆراجۆری جوغرافیاییدا پەرم پەرم بوون: عەبدولمەلێکییەکانی هەورییە و زاغەمەرزییەکان و هۆرامییەکانی قەڵای قوروە و کەندووڵە، لە باکوور و ڕۆژاوای ئێران، تاتییەکان لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی ئێران و ئەرمەنستان و کۆماری ئازەربایجان، شەبەک و باجەڵان لە باشووری کوردستان، هۆرامانی لهۆن و تەخت و شامیان و ژاوەرۆ لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زازا و دێمڵییەکان، لە باکووری کوردستان: دەرسیم و دەوروبەری. هەمووی ئەمانە و زاراوەکانی دیکەی کورد بە ڕەگەزی مادەوە گرێ دەدرێن.

لە نێوان گۆران (هۆرامی) و (زازا)، پێوەندییەکی ڕەگەزی و دیرۆکی هەیە، ئاڵقەی ونبووی ئەم پێوەندییە، لە ڕابردوویەکی دووردا، زمانێک بووە بەناو ئازەری کۆن. بە بەراورد و ڕانانکاری توخمی و ڕەگەزی ئەم زمانە کۆنە ئێرانییە و خزمایەتی لە گەڵ زاراوەکوردییەکان، پێوەندی توخمی و ئەندامی هۆرامی و زازایی دێتە چەسپاندن. (مەودای ناوچەی گۆرانی(هۆرامی) و دێمڵی کە ئێستا شوێنی نیشتەجێی تورکەکانی ئازەربایجانە، لە ڕابردووییەکی چەندین سەدساڵەدا بە هۆی شێوەزمانێکی ئێرانییەوە لێک گرێ درابوو کە ئەو شێوەزمانە پێی دەگوترێ ئازەری کۆن.(١٢)

زوانە ئێرانییەکان، لە ناوچەیەکی بەربلاو لە باشوور بە کەنداوی فارس و دەریای عومان و لە ڕۆژئاوا بە نێو چۆمان (بين النهرين) و ئەرمەنستان و لە باکوور بە کێوگەلی قەوقاز و سارای ئاسیای ناوەندی ، بڵاوبوونەتەوە. لە ڕۆژهەڵاتیشەوە سەراسەری ئەفغانستان و بەشێک فەلاتی پامیر تا نزیکی چۆمی سەند دەگرێتەوە.

زوان و زاراوە ئێرانییەکان ئاوا پۆلێن دەکرێن:

١- زوانە کۆنە ئێرانییەکان
٢- زوانە ناوینە ئێرانییەکان
٣- زوانە ئێستاییە ئێرانییەکان

یەکێک لە زوانە کۆنە ئێرانییەکان زوانی مادییە:

زوانی مادی، سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا، لە کوردستان و ئازەربایجان و هەمەدان و کرماشان و ئیلام و سپاهان و قەزوێن و تاران... کە دەڤەرێکی پان و پۆڕ بووە نیشتەجێ بوون.

کوردەکان و ئازەری کۆنیش دوو لقی هەرە مەزنی بنەماڵەی مادەکانن ، لە ساڵی ٨٣٥ پ. ز لە کەتیبەکانی ئاشوور ناوی زوانی مادی براوە، بەناو (مادای) وشەگەلێک لەم زمانە لە نێو ئارشیڤنامە و کەتیبە بزمارییەکان و یادەوەری شاکانی ئاشووری و زوانی یۆنانی و لاتینیدا ماوەتەوە بەڵام بەڵگەی بەرچاو لە ئاسەواری هەخامەنشیدا ماوەتەوە وەکوو ئەم چەند وشە:

Baxtris (بزرگ) Vazraka (شاه) Xsayaiya (باختر، بلخ) Mitra - Mi ra (مهر) لە سەر بنەمای زوانەوانی.(١٣)

ئازەری کۆن وەک وتمان لقێکە لە زوانە کۆنە ئێرانییەکان(مادی)، خزمایەتییەکی ئۆرگانیگی و

ئەندامی لەگەڵ زاراوە کوردییەکاندا هەیە. کاتێک ناو لە ئازەری کۆن دەبرێ هەندێ ڕەنگە تورکی ئازەربایجانیان وەبیربێتەوە، عێڵە تورکەکان بە پێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان، پێشتر لە دەڤەرەکانی ئاسیای ناڤیندا ژیاون، پاشان وەک شالاوگەر، ڕوویان کردووەتە دەڤەرەکانی دیکە بە تایبەت دەڤەری ئازەربایجان لە دەورەی سەلجووقییەکاندا، وردە وردە بە پێی قۆستنەوەی دەسەڵات، کاردانەوەیان لە سەر زوانی ئازەری کۆن داناوە و بووەتە هۆی فەوتانی ئەم زوانە کۆنە(١٤). (ئازەری کۆن کە ئێستا لە هەموو ناوچەی هۆرامان و ئەردەڵان، هەتا دەرسیم فەوتاوە، ئاسەوارێکی بچووکیشی ئەگەر مابێت لە ناوچە باکوورییەکان (کۆماری ئازەربایجان)، ڕۆژهەڵات (ساوە، قەزوێن) بەدی دەکرێ، زوانێکی ئێرانییە و لە بنەماڵەی هێندوئێرانییەکان دەژمێرێ. ئەم زوانە بە هاتنی تورکەکان بۆ ناوچەکە وردە وردە تووشی نشوست دەبێ و لە ماوەی چەندین سەدەدا، مەیدانی بۆ زوانی تورکی چۆڵ کرد.(١٥)

ئەم زوانە یەکجار و بە تەواوەتی لە ناو نەچووە، بەڵکو ئێستا توخم و توخمی زوانی لە نێو شێوەزاری هەرزەندی، گلین قیە (دەوروبەری مەرەند)، زنوز، حەسەنو (قەرەداغی ئازەربایجان)، خەڵخاڵ، گەڕووس، تاتی، دەبینرێ و گۆی پێدەکرێ. وەک وتمان ئازەری کۆن چوون شێوە زوانێکی کۆنی مادییە، لە گەڵ شێوە زوانییەکانی کوردیشدا، خزمایەتی ئەندامی و ڕەچەڵەکی هەیە، بە تایبەت لە گەڵ هۆرامی و زازاییدا. هەروەها لەگەڵ شێوەزمانییە ئێرانییەکانی دیکەش وەک: تەبەری(مازنی) و تالشی و گیلەکی و لەکی کە پاش چەندین سەدە و شالاوی سەربازی و فەرهەنگی تورکەکان، ئەگەرچی وەک ئەڵقەیەکی ونبوو دێتە بەرچاو و بووەتە هۆی بۆشاییەکی جوغرافیای زوانی، بەڵام هەندێ واژە و دەستەواژە و توخم و توخمی زوانی لە نێو کەشکۆڵە شیعر و تەشکی شێوە زوانییەکانی بەجێماو لەم زوانە، ماونەتەوە یان ئێستا گۆیان پێدەکرێ.

(پێوەندی زاراوەکانی کوردی لە گەڵ ئازەری کۆندا، بە ڕادەیەک بە هێز بووە کە تەنانەت ئێستایش کاتێ شیعری شێخ سەفی ئەردەبێلی باوەگەورەی بنەماڵەی شاهانی سەفەوی دەخوێنینەوە، بە چەشنێک توخمی هاوبەش لە گەڵ زوانی کوردی تێدا بەدی دەکرێ کە تەنانەت هەندێ کەس کوتومت بە کوردی دادەنێن، بێ ئەوەی خۆی کورد بێت.)(١٦)

ئەم پێوەندیە دوو لایەنە دیالیکتیکییەش لە بەر ڕۆشنایی و بە هۆی ئەو ئەڵقەوە (ئازەری کۆن) دروست بووە کە بووەتە پێوەندییەکی ئەندامی و خزمایەتی نزیکی نێوان شێوەی گۆران بە تایبەت هۆرامی و زازایی. ئەو خسڵەتە زمانیانە کە لە نێوان هۆرامی و ئازەری کۆندا هەن، بە هەمان شێوەش، توخمی دەنگ تەوەر و لیکسیکۆلۆژی (واچەشناسی) و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و واتاناسی(سیمانتیک) و کاربردی زوانی، لە نێوان هۆرامی و زازاییدا دەبینرێ. چونکە بە پێچەوانەی باوەڕی باو، زازاییەکان لە باشووری کوردستانەوە کۆچیان نەکردووە بۆ باکوور و هەر لە سەرەتاوە نیشتەجێی شوێنی ئێستای خۆیان بوون، واتە شێوەی دیملی لە لایەن کۆچبەرانی ناوچەی گۆرانەوە نەچووەتە دەرسیم و دەوروبەری بەڵکو بنج و بناوانی هەر لە ناوچەی ئێستادا بووە و لەوێش سەری هەڵداوە.(١٧)

لێرەدا بۆ چەسپاندنی ئەم پێوەندییە دیالێکتییە، لە ئاسەواری بە جێماوی ئەم زوانە هەندێ نموونەی شیعری لە شێخ سەفی ئەردەبێلی و هەندێ ڕستە و واژەو دەستە واژەی هەرزەندی و خەڵخاڵی و مەرەندی کە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا تۆمارکراون دەهێنینەوە و لە گەڵ هاوسەنگە هۆرامییەکەدا بەراوردیان دەکەین.(١٨)

ئەلف: چەند نموونە لە ئورامن (فەهلەویات)ی شێخ سەفی ئەردەبێلی:

+ همان هوی و همان هوی همان هوی
همان (کوشن) و همان دشت و همان کوی
(از) (واچم) اویان تنها چو من (بور)
به هر شهری شدم هی های هی هوی(١٩)

واتە: (ئەو خودایە کە خوایەکی بە شکۆ و یەکتا و بێ هاوتایە لە زات و سیفاتدا، ئەم دنیا کە عالەمی ئۆبژێکت(ناسووت)ە، هەمان دەشت کەژ و کێو و سارایە، بریای دڵی من خوشەویستیی مەحبووبی حەقیقییە کە تایبەت بە من بێ و لە هەر دەڤەر و شارێکدا تەژییە لە شۆرشی عاشقانی حەق.)

– کێشی دوو بەیتییەکە، کێشی خۆماڵی ئورامنە، ئەگەرچی هەندێ دەیانەوێ ئەم جۆرە کێشە بخەنە نێو قاوغی بەرتەسکی عەرووزییەوە(مفاعیلن، مفاعیلن،

فعولن)، بەڵام لە سەر چڕی نەغمەی هۆرامی دانراوە و دەبێ مەلحوون(خوێندنەوە) کرێ تا ڕادەی ئەکتیڤێتی ڕیتمەکەی دەرکەوێ. لە پەراوێزدا باسم لە سەر ئەم جۆرە کرکە دەنگانە لە هۆرامیدا کردووە، بابا تایەر سەرچڵی ئەم نەریتە مۆسیقاییە بووە. شاعیرانی گۆرانیش بە تایبەت سەیدی پێڕەوی ئەم ئوسلووبەیانە کردووە.

- توخمە هۆرامییەکان:

از: (ez) ئەز، من، توخمێکی ئارکائیکی (ڕەسەن)ی ئارییە کە لە زۆربەی شێوەزمانەکانی گۆراندا بە تایبەت لە هۆرامیدا لە لایەن شاعیرانی ئەم دیالێکتەوە بە کار براوە. ئەم توخمە، زوانی ئازەری کۆن لەگەڵ شێوەزمانەکانی گۆران (بە تایبەت هۆرامی) و زمانە کۆنە ئێرانییەکان، گرێ دەدات. (ئەز) سووک کراوی (ئادم و ئازم) بە ئەژمار دێ. لە ئاسەوارە بەردە نووسەکانی بێستوون بە جیماو لە چاخی هێخامەنشییەکان، ئەم توخمە بە شێوەی(ئادم، adim) هاتووە و لە ئاوێستایشدا وەک(ئازم، azim) تۆمار کراوە.

سەیدی دەڵێ:

**- (ئەز) و خەم پێوە گرتەنما برایی**

**نە خەم چێمە، نە من چادیم جیایی**

**- (ئەز) ئۆرۆمۆن مەکانم بێ وڵاتم**

**سەروو پیری خوای گێرتەن خەڵاتم ...**

**- (ئەز) قسێوەت ماچوو گۆشم دارەنە ...** (٢٠)

واچم: واتم، واچەی هۆرامی، وتە و گوتەی سۆرانی، لە ڕەگی واچ و واچە(vaç)ی ئەڤێستا و سەنسکریت، لە پاڵەوی: واچەک، vaçek، لاتین: voxفەڕانسە: voix ئینگلیزی:(voice واتە، -wat ey)ی هۆرامی و (واچیدن، waçiden)ی ئازەری کۆن.

بێسارانی:

**(واتم) هەی دڵە وەسەن وەس ناڵە**

**خەڵکان جە ناڵەی تۆشان شی زاڵە** (٢١)

- کوشن: کەش kes، کەژ و کێو

- بور: (بۆ) ی هۆرامی bo، (بێ)ی سۆرانی

بێسارانی:

**کەسێ کە بەی تەور حاڵ و جەستەش (بۆ)**

**پێسە جۆیای وەسڵ ئاوات واستە (بۆ)** (٢٢)

- دەشت: دەشت، سارا

+ (دیرە) سر بە سودای تە (کیجی)

(دیرە) کین چش چو خونین (ارس) (ریجی)

**دیرە سر بە استنە اچ تە دارُم**

**خود (نواچی) کو وربختی چو (کێجی)** (٢٣)

واتە: (ئەم سەرە بە سەودای عەشقی تویە گێژە، ئەم چاوە بۆ تو هەڵس (ئەسرین، فرمێسک) دەرێژێ و لە هەمبەر ئاسانەکەی تۆدا، سەری کڕنۆش دادەنەوێنم، خود ناڵێی ئەم چەرمەسەرییە بۆ ئەکێشی.)

- دیرە: ئەگەر کیج بەمانای کیژی کوردی هاتبێ ئەوە ئەو دێرە مانایەکی دیکە بە دەستەوە دەدات، واتە ئەم کیژە بۆ تۆ سەر بە سەودایە(کردارە لە بەشەکانی دیکەی گۆران وەک کرماشانی بەکار دەبرێت). ماناکەی ئەحمەدی کێسرەوی بەم بۆچوونە هەڵەیە، بە مانای دێرە و ماوەیەکە هێناویەتی، بە ڕای من بە مانای (هەیەتی) و (دارد)ە.

- (ئەسرە، ئەرس، هەرس، هەلس): (هەلسی)هۆرامی، Helsy، گۆڕانکاری فۆنێم و دەنگ بە سەریدا هاتووە، (ء) و (ر) کۆنترن دوایی دەبن بە (ه) و (ل). ئۆرۆمۆن (هۆرامان) سار(سال)، دەڵێم، دەرێم. ئەسرینی سۆرانی و ئەرسی هۆرامی، جێگۆڕکێ دەنگی بەسەریاندا هاتووە، پاشان لە فارسیدا بووەتە: (ارشک) و پاشان (ئەشک). لە شوشتەر، یەکێک لە دەڤەرەکانی جوگرافیای زمانی ئازەری کۆن، ئێستاش توخمی(ئەرس) واچەی پێدەکرێ.

مەولەوی: وەک ڕووکردێکی زمانی بۆ بە پیتکردنی زمانی کوردی، ئەم دوو شێوە زمانییەی لە دیوانەکەیدا بەکار هێناوە:

**+ تا وەی ڕەنگ زەرد چوون خەزانەوە**

**سیم ساف (هەرس) کەس نەزانەوە**

**+ خامەی سەراوێز نە چای سیایی**

**مەڕێزۆ (ئەسرین) شەکوای جیایی** (٢٤)

- ریجی: ئەڕێژی، لە ڕەگی (ڕژتن، ڕشتن)ی کوردی

- نەواچی: ناڵێی، نمی گویی، پێشتر باسمان لە سەرکرد. نموونەی دیکە بۆ (واچەی) لە خوارەوە:

- (مواچش) از چە اویان ماندە دوریُم

واتە: (مەڵێن کە من ساتێ لە عالەم یەکبوون(وەحدەت) دوور بم.)

+ ڕاز (واچم) اويان تنها چو من بور
بابا تايەر:
**ته که مشکين کاکل در قفايی**
**به مو (واچن) که سرگردان چرايی**
مەولەوی:
**+ (مەوات) هەی ئاوات واستەکەی جەستەم**
**هەی مۆمیایی پێشەی شکستەم (٢٥)**
-کیج: کناچێ، kinaçê، کیژ، کچ، دختر، لێرەدا بە مانای (گێژ)یش هەیە.
مەولەوی:
**خەمیا و چەمیای ناز نیمچە (کناچ)ان**

**دەنگ هەی شاباش نەوجوان واچان (٢٥)**
- چو، اچ: (ژە، ji)ی کرمانجی باکوور، بۆ، جەی هۆرامی، (ازبرای)ی فارسی
مەولەوی:
**+ کام زار بێ (جە) تو من نەویم نەسیب**
**جەفا هەر وە من، وەفا پەی ڕەقیب (٢٥)**
وەربەختی: بەدبەختی
+ عشق جويی که (وريان) بسته نه بور ... (٢٦)
واتە: (عەشق جۆگەلەی ژیانە کە بەریانەکەی نابەسترێ.)
وریان: (بەریان، beriyan)ی هۆرامی، شوێنێک لە جۆگەی ئاو، دەیکەنەوە و دەیبڕن بۆ دێرانی ئاو.
+ مرگ (ژيريم) به ميان دردمندان بور (٢٧)
واتە: (مەرگ و ژیانی من لە نێو دەردمەنداندایە)
ژیر: ژیار، ژین، ژیان

+ اورامن: **هرکه (اورامنه) به نام بخونه**
**(شۆ و ڕۆ) بسته داری کامروبند**
**کاريا می ڕسی جهنامەداران**
**خداوند بنده بی بنده خداوند (٢٨)**
- ماناکەی زۆر ڕوون نییە، کێسرەویش نەیتوانیوە ماناکەی لێکبداتەوە، هەروەها بە نیوە چڵی ماوەتەوە. بەڵام فاکت بۆ ئێمە دوو وشەی(اورامن) و (شەو و ڕۆ)یە کە هۆرامی ڕووتن. لە پەراوێزدا مانای (ئورامن)مان لێکداوەتەوە. بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٧)

ب: نموونەی ڕستە لە ئازەری کۆن کە ئێستا لە هەرزەند و خەڵخاڵ و مەرەند و هەندێک لە دەڤەری ئازەربایجان گۆی پێدەکرێ (٢٩)
زوان(زوان، زمان)، کفژنن(قسەکردن، وتووێژ، هۆرامی بە درکەی دەڵێ کەف چەرنۆ، یانێ زۆر قسەدەکات. (بو: بۆ، دەبێ).
«و اين (زوان) تالشي (زواني) کو نزيکه، که دِ رست (کفژَنن) و همديگر حالي (بو)»
واتە ئەم زوانە (مەبەستی خەڵخاڵ)یە بە زوانی تالشی زۆر نزیکە، کە بە تەواوی قسەی یەکدی حاڵی دەبن.
ورن (واران، باران)، ورستە( واران، باریوە)، اما(ئاما، هات، باری) گندم (گەنم)، کرديه (کەردەن، کردوە)، خروب (خراب)
« امسور (وُرُن) خیلی (وُرُستە)، سیل خیلی (آما)را، گندومی خروب کرديه»
واتە:( ئیمساڵ باران زۆر باری لافاوێکی زۆر هات، گەنمەکانی خراپ کرد.)
ج: نموونە بۆ واژە و دەستەواژەی ئازەری کۆن کە لە هەرزەند باون: (٣٠)
يْن: لەئەوێستادا: yen، لە هۆرامیدا gen، لە سۆرانیدا gin، لە فارسیدا zen
کنە: کەنی، کەنیشک، و کناچێ (هۆرامی)، دختر (فارسی)
اَو: لە ئەوێستادا: Ap، و ئاڤەنت (avent)بە مانای: کاسەی ئاو، هۆرامی: ئاوی، سۆرانی: ئاو
چوون بێسارانی هەرکەس بێ دڵ بۆ
چوون باخچەی بێ (ئاو) دایم بێ گوڵ بۆ
گوژد: گۆشت
يْو: یەوێ (هۆرامی)، جۆ: سۆرانی و فارسی
اُسو: ئیسە ( هۆرامی)، ئێستا: سۆرانی، اکنون: فارسی
شمە: شمە (هۆرامی)، ئێوە: سۆرانی، شما: فارسی
وَرە: (وەرە)ی هۆرامی، بەرخ: سۆرانی، بەررە: فارسی
پْس: پەز (سۆرانی)، مەی (هۆرامی)، گوسفند: فارسی
زانیر: لە ڕەگی زانای (هۆرامی) و زانینی: سۆرانی و باقی زاراوەکانی کوردی
وِني: وینی (هۆرامی) ئەبینی (سۆرانی)، لە ڕەگی:

وینای و بینین، می بینی: فارسی
ژمارەکان: زۆربەیان هۆرامی ئێستان: بۆ نموونە تەنیا ئاماژە دەکەینە چەند ژمارە:
ا، aê: فارسی: یک، سەنسکریت: eka، ئەوێستا: aeva، هۆرامی: yive لە هۆرامیدا a بە y گۆڕراوە.
دو، dêv: سەنسکریت: diva، ئەوێستا: diva، هۆرامی: divê سۆرانی: دوو، فارسی: دو
هڕ، herê: (سەنسکریت: tri ئەوێستا ri هۆرامی: yerê سۆرانی سێ sê، فارسی: سە، گۆڕانی (ه بە ی) کە (ه) کۆنترە لە (ی).
نو: (نۆ )
ویس: (ویس، هۆرامی، بیست، سۆرانی) و ... (٣١)

خشتەی بەراوردکاری ژمارەی یەک تا دە، نێوان: سەنسکریت، ئاوێستا، ئازەری کۆن، هۆرامی، سۆرانی و فارسی:

| سۆرانی | فارسی | سانسکریت | ئاڤێستا | ئازەری کۆن | هۆرامی |
|---|---|---|---|---|---|
| یەک | یک | eka | aeva | ae | yive |
| دوو | دو | diva | diva | de | divê |
| سێ | سە | tri | ri | herê | yerê |
| چوار | چهار | čatvar | čawar | čowr | čiwar |
| پێنج | پنج | panča | penča | peng | peng |
| شەش | شش | šaš | xšvaš | šoš | šiš |
| حەوت | هفت | sapta | hapta | hovt | hovt |
| هەشت | هشت | ašta | ašt | hešt | hešt |
| نۆ | نه | nava | nava | nö | nö |
| دە | ده | dasa | dasa | de | de |

**ژێدەر و سەرچاوەکان:**


١- ا. هال، ڕابێرت، زمان و زمانەوانی، و. د. محەمەد ڕەزا باتنی، ل ١٥٥ .
٢- دلێر بەکر، ئەشکەوتەکەی گوندۆک، بەغدا، ١٩٥١ .
٣- خاڵ شێخ محەمەد، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی دووەم، سلێمانی ١٩٥٩ .
٤- گۆڤاری زرێبار، ژ. ٥٨/٥٩، ل ٢٥٩ وتاری دەربارەی پێکهاتنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، زاریێ ئۆسپ، و. ئەنوەر قادر محەمەد.
٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٧- بەدلیسی، شەرەفخان، شەرەفنامە تەسحیح (ڕاستکردنەوە)ی محەمەدلۆی عەباسی، نەشر حەدیس، تاران ١٣٧٣ .


- مەستوورەش، کورد بە چوار بەشەوە دابەش دەکات: ئەردەڵان، لوڕ، کرمانج و گۆران بڕوانە مێژووی ئەردەڵان د. حەسەن جاف و شکوور مستەفا ١٩٨٩ ل١٤

- ڕەشید یاسمی ئەم دابەشکردنەی لە زمانی نووسەرانی پێش خۆی هێناوە:
گۆران، کرمانج، لوڕ، کەڵهوڕ ئەوەش دەخاتە سەری و دەڵێ لێکۆڵەرەوانی سەدەی بیستەم گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە لە ناو کورداندا، چینێکی دیکەی ئێرانی هەن بە ناوی گۆران-زازا کە غەیرە کوردن. بڕوانە: یاسمی ڕەشید، کرد و پیوستگیهای تاریخی و نژادی او ابن سینا، تاران.

٨- ن. ماریر سەبارەت بە وشەی چەلەبی ل. ١٣٧ وەرگیراو لە ڤاسیلی نیکیتین ل ٢٧٧ (ڕوانگە ژمارە ٨).

٩- هەڵبەستی هیجایی هورمزگان:
بە وتەی (تەقی بەهار) دەقێکی چەن بەیتی دە برگەیی، لە دەهەی دووەمی سەدەی ئەوەڵی کۆچیدا، نزیکی شاری سلێمانی کوردستانی باشوور، دۆزراوەتەوە. لە لایەن دوکتۆر سەعیدی کوردستانییەوە، گەییوەتە ئەورووپا و هەمیش بە دەست محەمەد تەقی بەهار، کە لە سەر پێستی ئاسکێکەوە نووسراوە. ئەم دەقە دەتوانێ، وەک پێگەی ئەستووری سەرەتای سەرهەڵدانی، شیعری نوبساری کوردی دابنرێ. چونکە هەڵگری هەندێ پرەنسیپی هونەری - جوانکارییە بۆ چەسپاندنی ڕەسەنایەتی مۆسیقای شیعری کوردی.
ئەمە دەقەکەی هورمزگان:
- هورمزگان ڕمان، ئاتران کوژان
(ئاورگەکان، کاولبوون، ئاورەکان کوژانەوە)
- وێشان شاردەوە، گەورە گەورەکان
(گەورەکان و پیاوچاکان خۆیان شاردەوە)
- زۆرکاری ئارەب، کەردنە خاپوور
(زۆرکارە عەرەبەکان، کردیانە خاپوور)
- گنای پاڵەیی، هەتا شارەزوور

(لە گوندی پاڵەوە هەتا شارەزوور)
- شەن و کەنیکان وە دیل بەشینا
(ژنان و کەنیشکانیان بە دیل گرت)
- مێرد ئازا تلێی وەڕووی هوونینا
(پیاوی ئازا لەناو خوێندا دەتلیا)
- ڕەوشت زەردەشترە، مانۆوە بێ کەس
(ڕەوشتی زەردەشت بێکەس مایەوە )
- بەزیکا نەیکا، هورمز وە هیچ کەس
(هورمز بەزەیی بە هیچ کەسدا نەهاتەوە.)

١٠- ئورامن هەڵقەی ناڤینی ئەوسا و ئێستای شیعر و مۆسیقای گۆران:

ئەگەر سەرەتای سەرهەڵدانی پرۆسەی شیعر و مۆسیقای کوردی(بە تایبەت سیاوچەمانە) بە گاسەکان و یەسنای ئاوێستای بزانین، ئەوە (ئورامن) یان فەهلەویات (پەهلەویات) دەبێتە کوڵەکەی ناڤینی ئەم بزاڤە لە چەن سەدە پێش و پاش ئیسلامدا بۆ ئەم بزاڤە مۆسیقاییە ئەدەبییە کە لەم سەردەمەدا بەو چەشنە ئوسلووبانەوە لە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵاتدا، کە پێشتر باسمان لێوە کردن، وێنایان دەکەین. (ئورامن چەشنێک وتنەوە و گۆرانییەک بووە تایبەت بە پارسەکان کە شیعرەکانیش لەسەر ئوسلووبی برگەیی پەهلەوی بووە. ئورامن کۆنتر لە زانستی کێشناسی عەرووز بوون کە پاش ئیسلام زانا عەرووزییەکان بۆ ئەوەی پاساوی شیعری عەرووزی بۆ بدەنەوە کێشی تەفعیلەی (مفاعیلین) (بەحری هەزەج)یان بۆ پێوانە کرد. چوون ئەم چەشنە شیعرە لەسەر پێکهاتەی فۆلکلۆر و فەرهەنگی دەمگۆی(شەفاهی)ی جەماوەر وتراوەتەوە، لەگەڵ ئەو دیاردەدا نەگونجاوە. بۆیە وتوویانە (مەلحوون.) زۆرتر مەرجی پێویست بۆ خوێندنەوەی ئەم ئوسلووبە (تەکیە و خێرایی نەغمەکان و کرکەی برگەکانە (حەنجەرەی بێگەرد) کە تایبەتمەندییەکی شیعری ڕەسەنی هۆرامیشە. هەر ئەم پرنسیپە، دەرخەری ئەم دۆزەتە کە بایەخی شیعری هۆرامی لەوەدایە تا نەخوێندرێتەوە، توخمە پەنهان و بزاوتووەکانی وەک گەنجینەی زمانی کە لە دووتۆی زمانەکەدایە پێناسە ناکرێن. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەبوونی دەقی نووسار بەگشتی لە شیعری ئێران (بەتایبەت لە شیعری هۆرامیدا) ئەم خاڵە بووبێ، کە ئەم شێوەگەلە وتمان بەهۆی دیاردەی (دەنگ تەوەری تەکیە و خێرایی کرکەوە) لەم زمانەدا، دەبێ جەخت لەسەر لەحن و ئاوازی دەمگۆ بکرێ تا توانستی توخمە زمانییەکان وێنا بکرێ. ئاخێوەران و پێشینیانیش ئەو ئەمرازەی کە دەبوو کرکەکانیان تۆمار بکردبایە نەیانبووە. (وەک نۆت لە ئامێرە مۆسیقاییەکاندا). هەر هەوڵێکیش بۆ تۆمارکردن و کۆکردنەوەی دەقی نووسار بکردرابا ئەوە دەبوو بە چەواشەکاری و ئاڵۆزکاری ئەو هاماوە دەنگانە. چونکە دەقی نووسار تەنیا توانستی دەرخستنی پاژێک لەو پتانسیەلە دەرنەکەوتووەی هەیە و ئەوانیتر خۆبەخۆ فڕێ دەدرێن، بێ ئەوەی بیسەر هەستیان پێبکات. خاتوو پرۆفیسۆر ماری بۆیس، پێی وایە شیعری ئێران لە چاخی ساسانییەکان و ئەشکەکان و پێشتریش، سەرزاری(دەمگۆ، شەفاهی) بووە. ئەم دابە (شیعرە خونیایە زارەکیە) دوای هەرەسهێنانی ئێران و پاش ئیسلام نەسڕایەوە و ڕوودەکی پەرەی پێ دا حافز ئەم چەشنە شیعرانە بە (گلبانگ رود، گلبانگ پهلوی و خسروانی سرود) ناویان دەبات:

**بلبل زشاخ به گلبانگ پهلوی**
**می خواند دوش درس مقامات معنوی**
**مغنی کجایی به گلبانگ رود**
**به یادآر آن خسروانی سرود**
**(دیوان حافظ)**

لە ئینسکلۆپێدیای ئیسلامی ـ چاپی ئینگلیزی ـدا هاتووە: بابا تاهیری هەمەدانیش شیعری بە دیالێکتی گۆران، بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی ئەهلی هەق، لەناو گۆرانە نەخوێندەوارەکاندا نووسیوە کە بە دڵنیاییەوە، پێموایە ئەم هەواڵە، جێی متمانە بێت، چونکە ناوی بابا تایەریش وەک ناوی زۆربەی ڕابەرانی ئەهلی هەق بە پێشگری بابا دەست پێدەکات. کە وەک دەزانین ڕابەرانیتر وەک بابا یادگار و بابا ناوس و بابا سەرهەنگیش هەر لە ڕابەرانی ئەهلی هەق و نموونەی تری ئەم جۆرە کارانەی بابا تایەر کردوویەتی، کارە بە ناوبانگەکەی مەولەوی تاوەگۆزی لە عەقیدەی مەرزییەدا، کە بە زمانێکی سادەی تێکەڵ لە تێکڕای دیالێکت و بن دیالێکتەکانی هەورامان و سنە و شارەزوور و جوانڕۆ دارشتووە و پەیامەکەی بریبتیە لە گەیاندنی باوەڕی ئیسلامی بۆ دانیشتووانی ئەو ناوچانە.

لەکاتێکدا ئەو دیالێکتەی مەولەوی شیعری پێ نووسیوە و پێی ناسراوە، ئەو دیالێکتە سادە و تێکەڵە، نەبووە کە ئەم باوەڕنامە ئیسلامەی پێ نووسیوە.)

جگە لە فـەهلەویاتی باباتایەر، درێژەدەری ئەم دابە، دەقەکانی یارسان و شێخ سەفی ئەردەبێلی باوەگەورەی سەفەوییەکان(سەدەی هەشتی کۆچی مانگی) لە ئازەری کۆن و نەوەی دوایی سەیدی هۆرامی شاعیری گەورەی سەدەی سێزدەی کۆچی و باقی ئورامن بێژانی گۆرانە، کە بەشێکی هەرە زۆری شیعری کلاسیکی قوتابخانەی گۆران، بەم شێوە شیعرانە هۆنراونەتەوە.

گـۆڤـاری زرێبـار، ژ ٥٩/٥٨ ڕەشـەمـەی ١٣٨٤، وتاری: (شەبەنگی کرکە لە گاساکان تا سۆزی لیریکای سیاوچەمانە)، ن: نووسەری ئەم وتارە.

١١- محەمەدپوور عادڵ، کتێبی سۆزی لیریکا، لە ژێر چاپ.

١٢- سـوڵتـانی ئەنوەر، گـۆڤـاری ڕوانگە، ژ ٨ ڕەشەمەی ١٣٨٠.

١٣- راوەندی مورتەزا، تاریخ اجتماعی ایران، ج ١.

١٤- بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: کاروەندی کێسرەوی، یەحیا زەکا، تاران ٢٥٣٦ یان زبان پاک، لە ئەحمەدی کێسرەوی.

١٥- سـوڵتـانی ئەنوەر، گـۆڤـاری ڕوانگە، ژ ٨ ڕەشەمەی ١٣٨٠.

١٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٨- بڕوانە ئەم سەرچاوانە: زەکا یەحیا، کاروەندی کێسرەوی، تاران، ٢٥٣٦ ل ٣٤٥ و...

- کارەنگ عبدالعلی، تاتی و هەرزەندی، ١٣٣٣.
- زەکا یەحیا، گویش گلین قیە، ١٣٣٦.
- کارەنگ عبدالعلی، خلخالی یک لهجە از آزەری.

١٩- زەکا یەحیا، کاروەندی کێسرەوی، تاران، ٢٥٣٦ ل ٣٤٩.

٢٠- سەیدی، دیوان، ل: ١٣، ٢٢،٢٠.

٢١- بێسارانی، دیوان، ل: ١.

٢٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٣- زەکا یەحیا، کاروەندی کێسرەوی، تاران، ٢٥٣٦، ئەحمەدی کێسرەوی واژەی (کێجی) لە دێری چوارەمی ئەم دوو بەیتییەی بۆ نەخوێنراوەتەوە، مانای شی نەکردووەتەوە. بە ڕای من بە مانای (کێشێ، ئەکێشێ)یە.

٢٤- مەولەوی دیوان، ل ٢١٢ و ٤٣٥.

٢٥- هەمان سەرچاوە: ل ٢١٣و ٤٣٤.

٢٦- زەکا یەحیا، کاروەندی کێسرەوی، ل ٣٥٠.

٢٧- هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٩.

٢٨- هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٤.

٢٩- هەمان سەرچاوە: ل ٣٦٤.

٣٠- هەمان سەرچاوە: ل ٣٦٥، بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە: تاتی و هەرزەندی، عبدالعلی کارنگ، ١٣٣٣، گویش گلین قیە، یەحیا زەکا، ١٣٣٣٦، خەڵخاڵی، یک لهجە از آزەری، عبدالعلی کارنگ ١٣٣٣٤.

٣١- بڕوانە: پێشەکی فەرهەنگی دێهخودا.

# شیعر و تازەگەری و کەلەپوور

(١)

تازەگەری لە شیعردا چەمکێکی فراوان لە ڕووبەری دنیای شیعر وەردەگرێت. هەموو ڕەگ و ڕیشاڵەکانی چڕۆ دەکات، بەتایبەتیش تەکنیک دەکاتە جۆری دەربڕین، زانایەک دەڵێت: مرۆڤ شێوازە، دیارە شیعر هەر تەنیا خەیاڵ و بەرزکردنەوەی چێژ و فانتازیا نییە، شاعیر بۆ مەبەستی چەواشەکردنی بەکاریان بهێنێت، پێکهاتەکانی شیعر لەگەڵ پێکهاتە پڕ کێشەکانی دەروونی مرۆڤە، چۆن بیردەکاتەوە، یان چۆن دیاردەکانی دەرەوە لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەیدا ئاوێتە دەبنەوە و چ کاردانەوەیەک دەسازێنێت، لەزەمەنێکی کورتدا چەندان وێنەی تێکشکاو دەخاتەوە بەر شاشەی زەین و هەندێکیان ڕادەگرێت و چەند دەمێک خولیای دەبێتەوە بۆ تاوتوێکردنی وێنەکان و ئاراستەکردنی پرسیار و نیشانەکانی دیکە، بۆ جووڵاندنی تەنە غەریبەکانی خەیاڵ و خولقاندنی بوونەوەرێکی دیکە، یان دیاردەیەکی دیکە، کە تەنیا بەزەبری دەسەڵاتی هونەری دەکرێت بە بەرایی خۆیان ناچن، بەو بارەی شیعر لە هەموو بوارەکانی دیکەی ئەدەب چڕترە، کورتکردنەوەی چەندان بابەتە لە ڕستەیەکی ئاماژەییدا؛ بۆیە ئەو وشانەی دەکەونە ڕستەی شیعری ناکرێت وشەی ئاسایی بێ هێز بن، وشەکان لەناو ڕستەی شیعریدا هێزێکی تریان دەخرێتە پاڵ، یان مەودای دیکە لەزەمەنێکی دیکەدا دەدۆزنەوە، بۆیە هەندێک شیعر لەسەردەمی جیاجیادا دەخوێنرێنەوە، یان چەمکی تازە لەسەردەمی تازە وەردەگرن، شاعیر ئەوانەی ئەو ناوەیان شایستە بێ،

**خالید جووتیار**
**(کۆیە)**

بێگومان خوێندنەوەی جیایان هەیە، ڕوانینی وایان هەیە هەموو بوارە ڕۆشنبیرییەکان و ڕامانی تازە وەردەگرێت لە شێلانی کەرەستەی شیعر شارەزایی لەبواری دەربڕین، یان دۆزینەوەی زمانی شیعر ئەرکی هەڵگرتن و پاراستن و لوولدانی لێکدانەوە تازەکان وەردەگرێت بۆ ئایندە، مەبەست لە تازەگەری بەنوێ ڕوانینە بۆ هەموو پێکهاتەکان لە بەینی شیعر و خود ئەو شێلانە گیانێک دەخاتە ناو شیعر زەمەنی خۆی ڕەت بکات و لێکدانەوە و ڕوانینی تازەش دەبەخشێتە داهاتوو، بۆیە هەست دەکەین لەگەڵ بابەتێکی سەردەمدا دەژین، ئەو جۆرە داهێنانە هەزاران ساڵ دەخایەنێت وەکو داستانی (گلگامش)، کە ڕووبەڕووی پرسیارە نەمرەکانی بوون و پێوەندییە شاراوەکانی دەروونی مرۆڤ بووەوە، زمانی شیعری (نالی) ئەگەر بە ئێستای زمانی شیعری بەراورد بکرێت گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام لە ڕاستیدا زمانی داهێنان، زمانێکی یەککگرتووە، بۆیە خوێنەر هەمان ئەو جوانییەی لێ دەبینێت کە لەزمانی سەردەمیدا هەبووە، شێواز لە شیعردا شێوەی ئەندازەیی نییە، بەڵکو پڕکردنی وشەکانە لە چەمکی باڵا، لە خوێندنەوەیدا شێوەی تر وەردەگرێت وەک لە هەندێک شیعری (ئەنوەر مەسیفی) جوانە مەرگدا بەرچاو دەکەوێت، یان (مەسیفی) بەهەستیارییەوە ڕووی لە فۆرمالیستی کردبوو بەو بارەی ناوەڕۆک زۆر بارگرانی خستووەتە سەر چێژی خوێنەر. شاعیر بابەت چۆن هەڵدەبژێرێت، یان چ دەکرێتە بابەتی شیعر، ئەوەیان مەرج نییە هەموو کارەساتە گەورەکانی شیعری پڕ داهێنانی لێ دروست ببێ، ئەو ڕوانینە لای شاعیر دەگۆڕێت، ئەو دەتوانێت بابەتی نەمر لە بینایی جوان هەڵبژێرێت، هەندێک بابەت هەن لەگەڵ مرۆڤ گەورە دەبن و مەودای دیکە وەردەگرن تا لە ئایندەدا مەودای فراوانتر وەربگرێت، (شێرکۆ بێکەس) لە هەندێک چامەیدا تەواو باڵادە شیعر دەگرێتەوە، تەوزیفی دیکە دەداتە کەس و شوێن، هەوڵ دەدات زەمەنێک بۆ ئایندە ئامادە بکات، بەڵام لە ئاکامیدا گۆشەگیریان دەکات و دەیەوێت لەسەر شکۆمەندی ڕابردوو خۆی بنیاد بنێتەوە، کە ئەمە لە ڕوانینی (شێرکۆ)دا باڵادەستی کردووە بەتایبەتیش لە (داستانی مامە یارە، دەربەندی پەپوولە، بەردە قارەمان)دا ئەو مەودا فراوانییەی باڵادە شیعر نەفەسێکی درێژ و دەریایەک وشەی جوان و ناشیرینی دەوێت لە شوێنی خۆیان بەکاربێنەوە ئەو کارە جوانانەی (شێرکۆ) تەواو لەگەڵ چامەکانی (کەریم دەشتی)دا جیان کە لە دوو بینایی بابەتەکان هەڵدەبژێرن (دەشتی) ڕووداوی گەورە ورد دەکاتەوە سەر ڕەچەڵی خۆیان لە بەشە وردەکانەوە چامەیەک دروست دەکات لە کەشوهەوایەکی عاریفانە کە دەسەڵاتی جوانی و سرکی وشەکان مانای دیکەی پێ دەبەخشن، مەبەستم نییە بەراوردکاری بکەم، بەڵکو دەمەوێت ڕامانی جیا لە باڵادە شیعردا بدۆزینەوە.

(٢)

سەردەمەکان کاتێک لێک دوور دەکەونەوە پێوەندییان لاواز دەبێ، یان دوایی ڕیشاڵێک نامێنێ لەگەڵ بەرایی خۆیدا ئەگەر هەندێک ڕیشاڵی پێوەندی هەیە نەخرێتەوە سەر زەمەنی ڕابردوو، ڕاستە لەگەڵ ئێستا ڕابردووەک دەژی ئەویش هەوڵ دەدا لێکترازانێک دروست بکات، یان لە بەهای جوانی ئامادەیی کەم بکاتەوە و شێلووی بکات، بەڵام بەرگەی بەرفراوانی پێوەندییەکانی دیکە ناگرێت، کە بەرەو پێش دەچێ، هەموو سەردەمێک لەناو کایە مەعریفییەکانی خۆیدا کاردەکات. گرفتەکان بەڕابردوو چارەسەر ناکرێن لەبەر فراوانی ژیان و کێشەکانی چەندان هۆکاری ورد و سیستمی کارا کاریگەرییان لەبواری جموجووڵەکانی مرۆڤدا دەبێت ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر مرۆڤ تەنیا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو بەهاو کاریگەری تاک لە پێوەندییە گشتییەکانیش وەک بوونەوەر دەکەوێتە بەر دەسکەوتی زانینەکان. دەڵێن ئەمرۆ دوێنێ نییە بوون لە گەرمەی گۆڕانکارییەکانی ژیان و بەردەوامیدا کار لە دەوروبەر دەکات و ئەنجامی نوێ و پێوەندی نوێ دەخولقێنێت، نەک لە حاڵەتی ڕەت بووندا، بۆیە زەمەنی ڕابردوو ناتوانێت لەگەڵ زەمەنی ئێستادا هاوهەست بێت لە پێگەی جوانکردنی ژیان، یان نەخشاندنی مەبەستەکان، کەس ناتوانێت کاریگەری لەسەر زەمەنی ڕەت بوو بکات، یان ژیانی لێ جوانتر بکات، ئەوە لە داهاتوو دەچێت، کەچی هەندێک لە شاعیران لەگەڵ ڕابردوو بە کاری تێنەپەڕ زەین دەدەنەوە ڕووداوەکان، ئەوەش هەوڵێکە بۆ خواوەندایەتی. چۆن ڕابردوو بخەیتەوە بەر ڕکێفی خەیاڵاتی ئێستا. واتا ئێستای بەردەوام ئەوە لە جۆری ڕوانینی (دڵشاد عەبدوڵڵا) لە هەندێک چامەی دیارە، ئەگەرچی ئەو کارکردنە هێشتان نەبووەتە پەیڕەو، یان ڕێبازێک لە

ڕوانین، لێرەوە سەردەمەکان دەترازێن، ڕەگەکانیش بۆ بەرهەم هێنانی هەمان ئاکامی پێشان لەسەر داهاتوو موتوربە ناکرێنەوە، چونکە ژیان کەس و پێوەندی جۆراوجۆر لەسەردەمی خۆیدا دەخوڵقێنێت کەسی ڕابردوو لە پێوەندی نوێدا شوێنی نابێتەوە، یان تووشی سەر لێ شێواوی دەبێت لە ژیاری سەردەمدا ئەگەر سەرنجێک بدەینەوە سەردەمەکان تایبەتمەندی هەیە، گرفتی خۆی هەیە، کردەی شاراوەی هەیە، مرۆڤەکان لە ڕێڕەوێکی دیکەدا کار دەکەن، وەک نموونەی سەردەمە جیاجیاکانی (سۆمەرییەکان فیرعەونەکان، عەباسییەکان).. تاد، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی ئایینی و سیاسی جۆری ئەو پێوەندییانە دەستنیشان دەکەن و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ یەکدا جیاوازن، بۆیە لەژیاندا ژیاری جۆراوجۆر دروست بووە، ڕێڕەوی جیا دروست بووە، سیما و مۆرکی سەردەمەکان وادەکەن خەڵکەکانی لێ بناسینەوە، دەشێت سەردەمی ئێمە بەسەردەمی ڕاپەڕین ناودێر بکرێت، سەردەمی دەسەڵاتی خۆماڵی بە واتا جۆراوجۆرەکانییەوە ئەو سەردەمە جیایە لەگەڵ سەردەمی حوکمڕانی بەعس، ناکرێت لەڕووی دەروونییەوە بەراورد بکرێت، دوای ڕاپەڕین ژیانی کوردەواری بە هەموو ماناکانییەوە گۆڕاوە، لە بیرکردنەوەی تازە، پێوەندی هەمەلایەنەی تازە، سەردەمی ئازادی و بەرەڵڵایی لە پێوەندەکان، ئێستا ئێمە لەگەڕانداین بۆ دۆزینەوەی مانا جوانەکانی ژیان ئەوانەی بەدرێژایی مێژوو بەتاسەوەی بووین، تاک دەوری نەبوو لە چەکەرەکردنی چەمکە جوانەکانی ژیان تاکی بن کاریگەری شێواوی ڕۆژگار تەنانەت دۆزینەوەی ڕەگەزەکانیش بۆ بەرزکردنەوەی ژیان کاریگەرییان نەمابوو، دواتر ئەرکە ڕووناکبیر بۆ چۆنییەتی پاککردنەوەی مێژوو، ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان نغرۆ بوون لە دنیای جوانی و سەرکێشی و عەبەسیەت و بنیادنان بگەڕێت، بیربکاتەوە، مرۆڤی دەسەڵاتی خۆماڵی بەمانا بەربڵاوەکەی، کە ئازادی تاک لەتێکەڵبوونەوەی ساتەکان دەسازێت، بەڵام هەموو ئەوانە جارێک مانایەکی فراوان دەبەخشێت، نەک وەکو دیاردەیەکی ژیاری و تایبەتمەند، سەردەمی ئێستا سەردەمی ڕاڕایی و دوو دڵی و نیگەرانییە، گومان لەدۆزینەوەی مانا دەکرێت بەو پێوەندییەی ئێستای، هەمیشە قورسایی گۆڕانکارییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئێستا کە پێوەندییە ئاڵۆزەکانی لێ یەکلا دەبێتەوە، بۆیە ژیان بارگرانییەکەی لەو ئامادە بوونەیە کە ژانی گۆڕانکارییەکان دروست دەبن، مرۆڤ لە حەزەکانی تێر نابێت، بەڵام هەندێک حەز هەن سیمای گشتی وەردەگرن، کۆمەڵگەیەشیان پێ دەناسرێت لە پەنای ئەوەش ئازادی تاک چێژی خۆی لێ وەردەگرێت، کە ڕەنگە ئەو چێژە لەوانی دیکە هەستیارتر بێت من وەک بۆچوونی تاکی ئەو سەردەمە دەسەڵاتی کورد ئەگەرچی قورساییەکی زۆری خستووەتە سەر خەڵک، بەڵام لە هەمان کاتدا گەڕانە بۆ سەردەمی دۆزینەوەی واتا لە چەمکی نوێ، وا خەریکە تاکی کورد بە ئەشکەنجە و نالەبارییش بێت شوێنی خۆی تێدا بکاتەوە، ئەو لایەنە لە جموجوڵی ڕۆژانە و بەرفراوانی پرۆژەی بەرفراوانی ڕووناکبیری نزیک دەبێتەوە.

(٣)

دڵنیام هەموو ئەو شیعر و دیوانانەی دوای ڕاپەڕین چاپ کران بە شێوەیەکی هەڵبژاردەیی لەبەرژەوەندی تازەگەریدان، مەرجیش نییە هەموویان تازەگەر بن، یان بەرهەمی داهێنەرانەبن، بەڵام بیرکردنەوەکە وای لێهاتووە دەبێت سەردەمیانە بن، زەمەنی نووسینی شیعری کلاسیک بەسەرچووە، خوێندەواریش کەم بووەتەوە، تەنیا بۆ لێکۆڵینەوە شیاوترن، یان نرخاندنی کلاسیکی کوردی و ناساندنی بەخوێنەری ئەمڕۆ، بۆیە ناوە نوێیەکانی ئەمڕۆ موژدە بەخشن، هەوڵن بۆ دۆزینەوەی بەرهەمی تازە ڕێژەی بەرزبوونەوەی بیرکردنەوەی نوێ باڵاتر دەکەن، گوێ لەتازەگەری گفتوگۆی سەردەمییانە دەگرن، لە بنەچەدا بیرکردنەوەکە گۆڕاوە بۆیە دەکرێت بابەتی تازەش بدەن، هەستی گوێگر بگۆڕن ڕووبەرێکی فراوان لە هەڵچوونی تازە لە ڕاوێژ و نەستی ورووژاوی تازە بخەنە سەر خەرمانی شیعری نوێ، ناوی وا پەیدا بووە پێش ڕاپەڕین کز بوو، یان ناوی شیعری نەبووە، چەندین ناو هەبوون بەرگەی گۆڕانکارییەکانیان نەگرت، لەسەردەمی ئازادی نووسیندا لە شاعیرییەوە بوونە ڕۆژنامەنووس، یان کاری دیکەیان هەڵبژارد، هەستی نەتەوایەتی سنوور تەسک و دروشمەکان پاشەکشەیان کرد، سەردەم هی بیرکردنەوەی هێمن و تەکنیک و بەقووڵی ڕوانینە بۆ ژیان، زەمینەیەکی لەبار هەیە بۆ خوێندنەوەی بابەتی نوێ، با هەمووشیان لەیەک بابەت نەبن، والا بوونی دەروازەی تەکنەلۆژیا و جیهانگەرایی بە هەموو ئامێرە نوێیەکانی پێوەندییەوە لەبەردەم کوردەواریدا وای کردووە تەواوی کۆمەڵگە بەرەو ئاستێکی دیکە بڕوات، زمانی نووسین

گۆڕاوە، نووسینگەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت گەنجان بەرەو کەشوهەوایەکی تر دەبەن، سەردەم پێویستی پێیەتی، ئەو سەردەمە بە تێکڕای پێوەندییەکانی لە خزمەت شیعری تازە و چەمکی تازەدایە، چاوەڕوان دەکرێت گۆڕانکاری چاکتر لە ڕوانین و خوێندنەوەشدا دروست ببێت.

(٤)

تازەگەری لە شیعر و کولتوور دوو چەمکن ماوەیەکی زۆرە هەموو تەوژم و هەوڵەکانی گرتووەتەوە نێوانیان، یان پێوەندیان بە هەماهەنگی ناڕوا، هەمیشە کێشەیەک هەیە وەک جوولەی ژیان ئەو ڕامانە بەرەو پێشەوە دەبات، کورد نەتەوەیەکی کراوەیە عەقڵی بەرایی کورد، بە فراوانی و هەستیاری دەڕوانێتە ژیان و پێوەندییەکان توانای وەرگرتن و لێکدانەوە و تەبایی کردنی هەیە، بۆیە لە ڕابردوویدا بەکراوەیی لەگەڵ ڕۆشنبیری دەوروبەر و ژیاری نەتەوەکانی دیکەدا پێوەندی گرتووە، سروشتێک دنیایی هەیە زۆر هەستیارە لەگەڵ ڕووداوەکان، سەرەتای زۆر بابەت دەباتەوە سەر باری هەڵکەوتنی دەروونی لەوێوە سەرنج دەداتەوە خەیاڵ، ئەدەبیاتی دنیایی مرۆڤی کورد لە کولتووریدا زۆر دەوڵەمەندترە لە ئەدەبیاتی ئاخیرەتی، کە شێوەیەکی دیکەی بیرکردنەوەیە. چێژ وەرگرتن و ڕوانینی هوشیار دەربارەی خود و دەرەوەی وای کردووە ناسک بێت لەڕوانین و گەڕان و دیتنەوەی ڕیشاڵی پێوەندییەکان، ئێمە لەناو کولتوورێکی خۆمانەی ڕووتدا ناژین، لەدنیاش کولتووری ڕوون نییە، بۆیە هەست دەکەین خەیاڵمان لە شوێنێک دەوەستێت کە قەدەغەکان دەست پێ دەکات، بەڵام شاعیران لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەو سنوورەیان بەزاندووە، ئەوەی کەوتبێتە بەر خەیاڵی شاعیرانە لێیان لانەداوە، چونکە شیعر خۆی هەوڵی دۆزینەوە و خستنەڕووی هێماکانە بە باری هەست و ڕوانین، لە شیعردا مامەڵە لەگەڵ دیتراو و نەدیتراو کراوە، ڕۆح خراوەتەوە بەر ئەو شت و بوونەوەرانەی پێویستی دیالۆگیان لەگەڵ بکرێت، یان شاعیر ویستوویەتی بوونەوەرێکی دیکە بخوڵقێنێ کە خۆی مەبەستی بووە، ئەوە گیانی شیعرە دەخرێتە بەر ئەو بوونە، شاعیری کورد هەمیشە لەگەڵ کولتووری خۆی لەکێشەدا بووە وەختێ بابەتە ڕووناکییەکان دەخوێنێتەوە گۆشەگیر دەبێت لەگەڵ باری زەینی خۆی دەکەوێتە کێشە، تا بتوانێت سەرنجی نوێ بداتەوە ژیان. شیعری کوردی ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ شیعری جیهانی، دەکرێت چەندان نموونەی جوان پیشان بدەین، جارێک نازانم پێناسە چییە بۆ شیعری جیهانی و بۆچی ئەو هەموو شیعرە جوانەی کوردی جیهانی نییە، شاعیری بەتواناو تەکنیکارمان هەیە بەکێشە مرۆڤایەتییەکان دەناسرێن و نەتەوەکانی دیکەش شاعیرەکانیان لەیەک ئاست نین، هەست دەکەم چەند شاعیرێکمان هەیە زۆر خوێندەوار و ڕووناکبیرن ڕادەی ڕۆشنبیرییان بەرزە بەرهەمی جوان و ڕەنگینیان هەیە، بەڵام بەرهەمەکانیان بۆ زمانی بێگانە وەرنەگێڕدراون، لەسەر ئاستی جیهان کەم دەناسرێن، یان هەر ناناسرێن، زەبین بدەنە ئەو شیعرانەی کراونەتە کوردی جیاوازی لەگەڵ شیعری کوردیدا نییە، ئێمە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت و فەرامۆش کراوین، بەرهەمی جوانیشمان هەبێت هەر بچووکی دەکەینەوە، دەنا لە شیعردا لە هەموو بابەتەکانی دیکە پتر کارامە و لێهاتووین هەر نا نەتەوەکەمان لەپێکهاتە و شوێن و دەروونەوە شاعیرانە هەڵکەوتووە، کێشەکە ئەوەیە ڕووناکبیری پێویستمان نییە ئەو شیعرە بەرزانە بە دنیا بناسێنێ، هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات، من کەوا دەڵێم دیارە مەبەستم هەموو شاعیرەکان نییە، مەرج نییە شاعیر چەندان ساڵ بگەڕێتەوە دواوە. لەگەڵ کەلەپووری ڕابردووی جارێکی دیکە سەرنج بداتەوە ژیان و کەوتنەکان بکاتە سەرکەوتن، نووشستییەکان بکاتە ڕابوون، ئەوە ناشیرین کردنی کولتووری نەتەوەیەکە، ئەو نموونانەی من لە خەیاڵمدان بینای تازەیان هەیە بۆ هەڵچنینی شیعری بەرز بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ وشە و داڕشتن و چەمکەکانی ژیان، پێشان شیعر چەند ڕاستەوخۆ باسی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بکردایە ئەوەندە لە خەڵک نزیک دەبوو، واتا شیعری میللی بوون. ئەمڕۆ ئەم جۆرە هەستە زۆر لە چێژی شاعیر و خوێنەریش دوورکەوتووەتەوە. ئەمڕۆ شیعر دەچێتە ناو برینە مەودای ورد لە ژیان، مەرامەکان بۆ زەمەنی ئایندە دەپێچێتەوە، لە مرۆڤی پەراوێز کراو دەدوێت، خودی خۆی لەسەر خاکی وڵاتی خۆی تووشی نامۆیی بووە، ئەو کێشانە کێشەی سەردەمن، ناکرێت ڕاستەوخۆ بەچەند وشەیەکی سادە باس بکرێن، ئەو شاعیرانەی لەناو خەمە تایبەتمەندەکانی کوردەواری پەلوپۆ بۆ جیهانی فراوانی شیعر داوێن و سەرچاوەکانیان ئەدەبیاتی خۆماڵێن ئەوانە (سەباح ڕەنجدەر)یان لێ دەربچێت هیچیان نەبوونە ناوێکی دیار و تایبەتمەند،

ئەوسەرەتایە پێشتر زۆربەی شاعیرانی لەم جۆرەی بردەوە سەر دەماری شیعری لیریکی، بەڵام (رەنجدەر) جەختی لەسەر زەینییەت کردەوە و وردتر و جوانتر و شاعیرانەتر توانی لەرێگەی بەرهەمە وەرگێڕاوەکان بۆ زمانی کوردی و سوود وەرگرتن لەتاقیکردنەوەکانی بەرلەخۆی تایبەتمەندییەکی دیار بۆ خۆی شیرازە بکات. ئەوە زەبری دەسەڵاتی خوێندنەوەی بەردەوام و جددییە.

(٥)

لاوک ژانرێکی ناوازەی ناو کولتووورە دەکرێت وەک شیعری تازە لەرووی فۆرمەوە قسەی لەسەر بکرێت و سەرەتای جوانکردنی شیعری لێ دەستنیشان بکەین، بەو بارەی لاوک بەشە لیریکی داستانە، هەموو بنەڕەت و تایبەتییەکانی شیعری نوێی هەیە. بە تایبەت باڵادە شیعر، مەودای هەڵبژاردنی بابەتی هەیە لەگەڵ بنیادی لاوک تێکەڵ دەبێتەوە، هەناسەیەکی دوور و درێژی مرۆڤە لەبەرانبەر رووداو، چرکردنەوەی سەرجەلەی کارەساتە لە ماوەیەکی دوور و ئەنجامێکی تراژیدی بۆ جارێکی دیکە بنیادنانەوە و هەڵچنینی کەسێتی مێژوویی لە بواری کارەسات و شوێنی شیاوی کەسەکان لەو جەنجاڵییەی مرۆڤ تووشی هەڵوەستە و گێژەن دەکات.

لە کولتووری کوردەواریدا لاوک نەفەسێکی درێژە بۆ خوێندنەوە و دروستکردنی کەسێتی بەرەزمێکی رەسەنی ناوەوەی دەروون چۆن مرۆڤ گازی دەرەوەی خۆی دەکات، یان چۆن خۆی دەدوێنێت. لەرووی ناوەرۆکەوە دیالۆگ و دەنگ و تاک و کۆڕاڵە، دابەشکردنی گوتن لەسەر بنەمای رۆڵی دیار و نادیار سەرەکی و پەراوێز تەنیا رووداوەکە ناگێڕنەوە، تۆمار کردنەوەی کارەسات نییە وەک مێژوو تۆماریان دەکات هەستی شاعیرانەی دەخرێتە پاڵ لەناکاو دەنگی کتوپڕ پەیدا دەبێ بۆ جۆشاندنەوەی لاوک، یان واگا هێنانەوەی لایەنە پەراوێز خراوەکان، گێڕانەوە هەیە روونکردنەوە دەداتە لایەنەکانی لاوک، یان دەورەکان ئاراستە دەکات، ناوەرۆک پێمان دەڵێت ئەو سەربردەیە چییە و بۆ وەکو بەرهەمێکی داستان بووەتە لاوک و بەدەنگ و شەپۆلەکانی قورگ دەگوترێتەوە، گوتن و دەربڕینی زیادەی لێ لادەین، رێک وەکو چامەی ئەمڕۆ دەنووسرێتەوە، بەرزی و نزمی درێژکردنەوەی شەپۆلی دەنگ لەپڕ وەستان، بزافتنی دەموچاو ئاماژەکانی دەست و کپ بوونەوە، هەموو ئەوانە لەگەڵ تەونی دارشتنەکە تێکەڵن. خەیاڵ بۆ بەرزکردنەوەی رادەی چۆنیەتی رووداوەکەیە نەک توخمی رازیکردن و سۆزداری، فۆرمی لاوک پێویستی شێوەی دەربڕینەکەیە، شێواز ناوەرۆکەکە ئاراستە دەکاتەوە لەگوتن، بۆیە رایەڵی بەرایی دانانی لاوک بەربڵاوە، شوێن نەخشەی شانۆیەک دەگرێت و گۆشەی بەتاڵی نییە لە بەینی کەس و رووداو ئەو چڕیە پێوەندی تەواوکەری هەموو رووداوەکەیە ئەگەر گۆشەی بەتاڵ هەبوو بینەر، یان گوێگر پڕی دەکەنەوە، ئەوە لەشیعردا خاڵە لەدوای یەکەکان و دەبێتە فۆرم.

لاوک لە شێوە و ناوەرۆکدا شیعرە، هەر ئەوەش وای کردووە بەرایی ئەدەبیاتی زارەکی بە بەیت و حەیران و هۆرە لە رەگە دوورەکانی مێژوو بخزێنە ناو ئەدەبیاتی شیعر کە پەناگەو پەرستگەی دیالۆگ و رووبەرووبوونەوەی خود بووە، بابەتی لاوک کەرەستە خاوەکەی رووداوە، هونەرمەندێک، شاعیرێک دێت، دوای رووداو مامەڵەی لەگەڵ دەکاتەوە و دەبێتە بابەتێکی ئەدەبی، واتا لە رووداو دەبێتە ئەدەب، دانەرەکەی بە رۆشنبیری و بەهرەی خۆی شوێنی کەسەکان و دیالۆگەکەیان دادەرێژێ و دەیکاتە توخمێکی ئەدەبی، بۆیە هەر بە خەیاڵ شیرازەی ناکات، بەڵکو دەبێ ئاگای لەراستییەکانیش بێت، بۆ ئەوەی جوانی دەربڕین لەسەرەوەی مەبەستەکانی تر بێت، کەم لەشاعیرانی کورد سوودیان لە فۆرمی لاوک وەرگرتووە، ئەوە نەبێ لەساڵانی هەشتاکاندا (شێرکۆ بێکەس) دواتریش (کەریم دەشتی، خالید جوتیار، سەعدوڵڵا پەرۆش) جارێک ئەو بابەتە گفتوگۆی تێری لەسەر نەکراوە و پێویستە نموونەکان بخەینە بەر لێکۆڵینەوە، لە نهێنییەکانی چامەی لاوک نزیک نەبووینەتەوە، دەکرێت لەو بنەما جوانانەوە چامەی لاوک لێک بدەینەوە و لەگەڵ چامەی نوێ بەراوردیان بکەین و بیبانکەینە بناغەی تەکانێکی دیکەی شیعری کوردی کە تام و چێژ و رەگ و ریشاڵی لەکەلەپووری رەسەن وەربگرێت، رووداو لەلاوک چەندێتی نییە، دەکرێت لە رووداوەکان تەوژمی پڕ هەست کردنی وشەکان، ئەوانەی دەبنە دەربڕی ناوەرۆکی کارەساتبار ئەو هەموو رووداوو کەس و شوێن و رووداوەی لەلاوکدا هەیە.

لە شیعردا چڕ دەبنەوە، چەشنی ئاماژەیی و لەهەندێکیان هێمایی دەبێت، بۆ دوورکەوتنەوە لە تەمبەڵی بیرکردنەوە و پڕ سۆزکردنی بێ واتا و داپۆشینی

جوانییەکان، ڕەزمی ناوەوە لەسەر بنەمای جۆری ڕووداو دەگۆڕێت و هەندێک جار ئەو شەپۆلە پڕ دەنگانە کز دەبێ، یان پڕ هەرا دەبێ، یان خاو دەبنەوە، ئەوە ڕەزمی گەردوونە لەدەربڕینی نهێنییەکانی گوتن، بۆیە لاوک ئەگەر جارێکی دیکە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، یان لەگەڵ ئامێرەکانی مۆسیقا بخرێتەوە بەرباری گوتن و پوختەکردن لەگەڵ ڕەگەکانی شیعریەک دەگرێتەوە، لاوک تەنیا پێداهەڵدان نییە، تەنیا وەسف نییە، یان هەر تراژیدیا بێت، لاوک هەموو کەلەبەرەکانی دەربڕینە لە زانینی نوێ بۆ ئایندە و تۆکمەکردنی دیالۆگ و جوانی دەربڕین لەگەڵ فۆرمی گونجاو بۆ ناوەڕۆک دادەنێ ئەوە هەمان حاڵەتی شیعرە دەکرێت لاوک وەک بناغەیەکی درەوشاوەی کولتووری کوردەواری بۆ چامەی نوێ دابنێین.

(٦)

حەیران لەشێوەی پەخشانە شیعردایە، بەڵام شیعرییەت زاڵە، مێژوویەکی زۆر دێرینی لەگەڵ ڕابردووی پڕ هەستی مرۆڤی کورد هەیە، سنووری حەیران لە سنووری بابەتەکانی نزیک دەبێتەوە کە ناوچەی سۆرانە لەودیو تا مەهاباد دەچێ، بە پەرت و بڵاویش لە هەندێک شوێنی دیکە باری ڕۆمانسی و حەز و سێکسی هەولێرییانە لە ڕوانینی خود بۆ بەرجەستەکردنی دیمەن و فانتازیای خەیاڵ بۆ کەوی کردنی هەڵچوون، جۆرە شیعریکە لەبەرانبەر ڕووتکردنەوەی جەستە بەکاردێت، دانەر هەوڵ دەدات نهێنییەکانی بەینی خود و بەرانبەر ئاشکرا بکات، داوی هەستیاری بەینی خود و خواوەند جوانتر دەکات، بۆیە حەیرانبێژ وەک دانەری دەق هەوڵ دەدات جوانییەکان ڕاو بکات، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لادەدات لە هەموو دیمەنەکان تەنیا دیمەنی جوانی ڕام دەکات، ئەو ڕاهێنانە دەرکردنی دیمەنی ناشیرینە لەبینایی مرۆڤ، لە حەیراندا هێما گرنگە بۆ واڵاکردنەوەی شێوە، یان بزرکردنەوەی ئەو ئەندامانەی ناویان لەگەڵ خەیاڵ لوول دراوە بۆ تەقسی پەرستن، یان کڕنووش بردن ئەوە کرۆکی حەیرانە و کاتی خۆی بۆ ئەوە دروست بووە کە سێکسی پێ بکرێ لەبۆ جۆشاندنی ئەڤین و هەڵچوون بۆ پیرۆزکردنی چێژ. کاتێک خود دەگاتە پلەی نێرڤانا.

ئەگەر بەراوردێکی وردی دەقەکانی حەیرانی هەولێر لەگەڵ دەقەکانی زەماوەندی پیرۆزی سۆمەریان بکەین، هەمان دیالۆگی مەبەستە پڕ جورئەتەکانی «ئینانا و دوموزی» دەبینین چۆن بۆ ئاوێزان بوون هەموو ئەندامەکانی لەش دەورووژێن و لە چاوەڕوانیدا پەرستگەی دەڕازێننەوە و خۆیان بە خۆشترین بۆن و نایابترین زەیت چەور دەکەن و دیالۆگی هاتن دەڵێن کە پڕە لە دەربڕینی ڕووت بۆ جووت بوون، ئەوە هەمان بیرکردنەوەی دەقی حەیرانیشە کە حەیران پیرۆز بووە، ڕیشاڵی دەگەڕێتەوە هەمان باری پەرستن و ڕوانین کە مرۆڤی هەولێری سەردەمانێک لەگەڵ تەقسی بەربڵاوی سۆمەر هاو هەست بووە، حەیران لەشێوەیدا زۆر پێش شیعری کلاسیکی کەوتووە، لە دەربڕین، شیعر بەشێکە لەزمانی پەرستن، ئەوەی حەیران بەرهەرای کردووە جارێک شاعیران بە هەموو جورئەتەکانیان نەیانتوانیوە خۆیان لێ بدەن، یان نەوێراون بە هەمان جورئەت خۆیان لێ بدەن، حەیران ئاماژەیە بۆ کەسی بەرانبەر، یان ڕووکردنە هێمایە بۆ ئەو شوێنانەی هەستی بەرانبەر دەورووژێنن. چڕکردنەوەی چەند مەبەستێکە لە ڕستەی شیعری کە ئەو جۆرە شیعرانە لە کەلەپووری کوردی زۆر پێش شیعری عەرووز کەوتووە ڕەزمی ناوەوە پێوەندی بەکێشی پەنجەوە نییە، فۆرمی حەیران فۆرمێکی ڕەسەنە، لەگەڵ ئەو فۆرمەی ئێستا جیایە، کە شیعری پێ دەنووسرێت، حەیران مەودایەکی فراوان دەداتە شاعیر بۆ بیرکردنەوە و پابەندنەبوون و خۆ دواندن و ئازادی دوایی لەگەڵ دەربڕینی بەرایی یەک دەگرێتەوە بۆ هۆشیاربوون لەوەی بزانن سەرەتا چی گوتووە، یان چۆن ئەو شەپۆلە پڕ هەرایە دەداتەوە دەنگی سەرەتا، ئەو سەرەتایە بۆ مێژووی حەیران پێویستە لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەگەڵ بکرێت، هیچ نووسەرێک بەر لەمن بۆ ئەو پێوەندییە نەچووە، بۆجاری یەکەم ساڵی ٢٠٠٦ لە ڕۆژنامەی هەولێر بلاوم کردەوە، کە دەقی حەیران لەسەر دەقی دیالۆگی زەماوەندی پیرۆز چرۆی کردووە، ئەو بابەتە مێژووی حەیران لە هەولێر بۆ ٤٥٠٠ ساڵی بەر لە ئێستا دەباتەوە، دوا ڕۆژ لێکۆڵینەوەیەک و چەند دەقێک بەراورد دەکەم.

**کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ هەولێر**

# دوو زللە

عەبدولکەریم شێخانی
(سلێمانی)

لێدان و کوتان لەگەڵ پەیدابوونی ئادەمیزاد لەسەر زەوی، سەریان هەڵداوە.. مرۆڤ هەر لە زووەوە کەوتوونەتە گیانی یەکتر و بەهێز دەستی لە بێ هێز وەشاندووە و هێزدار دەسەڵاتی بەسەر هەر کەسێکدا شکابێ، ئەوە زەبری خۆی پێ گەیاندووە، بۆیە کەس نییە لە ژیانیدا لێدانی نەخواردبێ و شەق و زللەی نۆشی گیان نەکردبێ، بەتایبەتیش منداڵ. دەتوانم بڵێم خوا لە ئەسڵا منداڵی هەر بۆ لێدان دروست کردووە، چونکە بێ دەسەڵاتە و هەر کەسێک هەڵدەستێ پێیدا دەکێشێ.

هەموو منداڵێک لە ماڵەوە لێدانی خواردووە، بەتایبەتیش بەدەستی باوکی تووڕە و قیسکە تەنگ و زوو هەڵچوو، بەجۆرێک زۆر جار ماڵەوە وەک دۆزەخی لێ دەهات، چونکە ئەگەر منداڵ ڕوویەکی خۆش و دەمێکی بە پێکەنین لە باوک و دایکەوە نەبینێ، ئەوە هیچ خۆشییەکی بە ماڵەکەدا نایە. کەسانی وا دەناسم، بە منداڵی هەتا باوکی دیار بووبێت نەیوێراوە پێ بکەنێ و تەنانەت زۆر جار دەیگوت: «من پێکەنیندانم پووکاوەتەوە، بۆیە پێکەنینم بیر چووەتەوە».

منداڵێکی زۆر بزێو و هاروهاجمان لە گەڕەکەکە هەبوو، هەتا بڵێی نەدار و هەژار و دەستکورت بوون. ڕۆژ نەبوو چینە لێدانێکی باش نەخوات.. باوکێکی ڕوو گرژی مچومۆڕی هەبوو، تەنانەت ئێمەش زەندەقمان لێی چوو بوو. کەس ئەو پیاوەی ڕۆژێک بە ڕووی خۆش و دەمی بە پێکەنینەوە نەدیبوو. ڕەنگە هۆی ئەو ڕووگرژی و خەمبارییەی، دەستکورتی و هەژاری بووبێ، بۆیە هەر کاتێک ئێمەی منداڵ کە یاریمان دەکرد، ئەو دەربکەوتایە، لە ترسان قەل فرمان پێ دەکەوت و هەر وەک واشە

بکەویتە ناو پۆلە چۆلەکەیەک، یارییەکەمان واز لێ دەهێناو هەر یەکە بە لایەکدا ڕاماندەکرد و کە دەمانزانی ڕۆییوە، بە پارێز و ترس و لەرزەوە دەگەڕاینەوە.

کوڕەکەی، لەگەڵ ئێمە ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین بوو، بەڵام لە ماڵەوە، دەبوایە ببێ بە بەرد و نیشانەی زیندوویی پێوە دیار نەبێت.

ڕۆژێکیان وەک جاران هات بۆ یاری، بەڵام زیتەڵی و وریایی ڕۆژانی دیکەی پێوە دیار نەبوو.. سەرباری ئەوەش شوێنەواری لێدانی زۆر لەسەر دەموچاوی بەدی دەکرا. کە دەجوولا، دیار بوو ئازاری هەبوو. بەزەییمان پێیدا هاتەوە و لێمان پرسی: ئەوە بۆ وات لێ هاتووە؟ کەوتوویتە خوارەوە، یان باوکت لێی داوی؟

گوتی: هەر مەپرسن، ئەم جارە ئەوەندەی هەموو جارەکانی دیکە لێی داوم.

یەکێکمان پێی گوت: نەگبەت دە بۆ خۆت ڕەحەت دانیشە، با لێدان نەخۆیت!

گوتی: وەڵڵاهی تاوانم نەبوو.. هەموومان لەبەر ئاگردان دانیشتبووین، قاچمان بڵاوکردبووەوە و بنی پێمان لە ئاگر کردبوو. چەرە دووکەڵی داری تەڕ کوێری کردبووین.. سەیرێکی باوکمم کرد، تازە دەستنوێژی شۆردبوو.. لەبەر ئاگر دانیشتبوو، لێوی دەجوولایەوە وا دیار بوو دوعای دەکرد. دیمەنەکەی زۆر سەیر بوو. هەرگیز باوکمم بەو ناشیرینییە نەدیبوو.. ڕیشی درێژ، لووتی بەسەر لێویدا شۆڕ بوو بووەوە دەتگوت عەلەشیشە خۆی گیڤ کردبووەوە. بەدەست خۆم نەبوو پێکەنینم هات. مۆرەیەکی لێ کردم و گوتی: هەتیو ئەوە بە چی پێدەکەنی؟

بە شێوەیەک پێی گوتم کە پتر پێکەنین گرتمی.. گوتی: ئاخر پێم نالێی بۆ پێدەکەنی؟ کەس بای لێ بەربووە؟ ئەمەی گوت و تاوی دایە سەلکە بزووتێکی نێو ئاگردانەکە بۆ ئەوەی داخم کات. لەگەڵ تەکان دانەخۆ، قەوماندی.. ئاخر شەڕ و تڕ پیاو بەدەست خۆی نییە. سەرەتا کەمێک سست بوو، بەڵام دوای ئەوە قینی ئەو کەتنەی پێدا ڕشتم و ئەگەر دایکم و ئەوان نەبوونایە دەیکوشتم.

لە قوتابخانەش، هەموومان لێدانمان بەدەستی مامۆستا نۆشی گیان کردووە.. بە شووڕکە هەنار کە خوا هەر بۆ دەستی قوتابییان داینابوو.. هەندێک جار کە لە ناو ئازار دەستمان دەکێشایەوە و دارەکە بەر قاچی مامۆستا خۆی دەکەوت، ئەوسا مامۆستای ئایین گڕی دەگرت و هەتا شین و مۆر دەبووینەوە لێ دەدایین، چونکە باوکمان کە دەیبردین بۆ قوتابخانە، بە مامۆستاکانی دەگوت: گۆشتەکەی بۆ ئێوە و ئێسقانەکانی بۆ من، وەک مامۆستا کەبابخانەی دانابێ.

خۆ ئەگەر دار دەست نەکەوتایە، ئەوە ڕاستە جێی دەگرتەوە، بەڵام بە لایە تیژەکەی و لە پشتی دەست و بە زۆریش سەر نینۆکەکان، جەزرەبەی مەرگی بە گیانی قوتابییان دەگەیاند.

گەلێک قوتابی لە ترسی ئەو جۆرە لێدانە وازیان لە خوێندن هێنا و دەستیان کرد بە کاسبی و هەندێکیان باش دەوڵەمەند بوون و ئێمەش، خوا نەیبڕێ، سەرەڕای ئەو لێدانە هەر ماینەوە و وازمان لە خوێندن نەهێنا و شوکر بووین بە ئەفەندی.

منیش بەش بە حاڵی خۆم، لەو جۆرە لێدانانە بێ بەش نەبووم، بەتایبەتیش ئەوەی قوتابخانە، بە دار و بە زللە، بەڵام هیچی لەبەر تەمبەڵی و نەزانین نەبووە و گەلێک جاریش بێ تاوان بیراز کراوم. زللەم زۆر خواردووە و بناگوێم سوور بووەتەوە و ڕەنگە ناو بەناو بیرم بکەونەوە، بەڵام دوو زللەیانم هەر لە بیرە و هەرگیز بیرم ناچنەوە.

لە بیرمە لەو تەمەنە بچووکەدا دوو زللەم خواردووە تا مردن هەر لە بیرمن. یەکێکیان ئەوەندەی ئازار پێ گەیاندم، ئەگەر بڵێم ئێستاش زرنگەی لە پەنا گوێمەوە دێت، ڕەنگە درۆم نەکردبێ، ئەوەی دیکەشیان هەر چەندە ئەوسا ئێشی زۆر بوو، بەڵام ئێستا هەست بە خۆشییەکەی دەکەم و خۆزگەی بۆ دەخوازم.

پۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم، مامۆستایەکی ڕەقەڵەی باریکی سیدارە لەسەرمان هەبوو. زۆر لەڕ و لاواز بوو، بە مووکێش بتگرتایە گۆشتی پێوە نەبوو.. دەنگێکی گڕ، دەموچاوێکی باریک و درێژ، ڕیزە ددانێکی شاش، جگە لەمانەش دەستی زۆر قورس بوو کە دەیکێشا بە بناگوێماندا.

لەبەر ئەوەی قوتابخانەکمان نزیک دەرەوەی شار بوو، زۆر جار لەوانەکەی خۆی دەیبردین بۆ ناو ئەو باخ و سەر ئەو شەقە جۆگەیەی کە لە ئاشە ئاوەکانی دەرەوەی شارەوە دەهاتە خوارێ و قەراغەکەی پڕ بوو لە پوونگ و کووزەڵە. زۆر جار کووزەڵەمان دەڕنی و دەمانخوارد و

هەرچەندە تامەکەی کەمێک تیژ بوو، بەڵام هەرچی چۆنێک بێت لە لێدانەکە خۆشتر بوو.

هەندێک جار، مامۆستا تۆپێکێشی دەهێنا و دەیدایە چاودێری پۆل کە لە هەموومان گەورەتر بوو، جاری وا هەبوو ئەو لە جیاتی مامۆستا بیرازی دەکردین و هەموومان بە ڕۆح لێی دەترساین، چونکە ئەویش دەستی زۆر قورس بوو، کە بە پەلەپیتکە لە سەری دەداین، دەستمان دەکرد بە گریان و نەشماندەوێرا لای مامۆستا باسی بکەین. لە شوێنێکی تەختی پڕ لە گیا و گۆڵ دوو دوو وەستابووین. هاوڕێکەی تەنیشتم کوڕێکی مەسیحی بوو، هاوتەمەن بووین، هەردووکمان وەک یەک ورد و بچووک.

تۆپەکە لێمانەوە نزیک بوو، لەپڕ، هاوڕێکەم شەقێکی لە تۆپەکە هەڵداو کە مامۆستا گوێی لە دەنگی شەق تێ هەڵدانی تۆپەکە بوو، بەرەو لای ئێمە هات، بەڵام لەبەر ئەوەی هیچم نەکردبوو، لە خۆم ئەمین بووم و لە نیازی مامۆستا نەگەیشتم.. ئاگام لە خۆم نەبوو، کەچی هەر ئەوەندەم زانی زرمە لە بناگوێمەوە هەستا و زللەیەک بناگوێی سوورکردمەوە و تا ماوەیەکی زۆر زرینگەی زللەکە هەر دەهات.. تومەز مامۆستا وایزانی من شەقم لە تۆپەکە هەڵداوە و هاوڕێکەشم وەک بەرزەکی بانان، بێ ئارەقە بۆی دەرچوو. باشە با منیش شەقم لە تۆپەکە هەڵدابێت، خۆ کفر نەبوو، ئەی تۆپ بۆ شەق نییە؟! لە تاوانا دەستم کرد بە گریان، چونکە زللەکە ئازاری زۆری پێ گەیاندم، جگە لەوەش لە خۆڕایی لێی دام و بێ تاوان بووم.

ئەو مامۆستایە هەر ئەو ساڵە وانەی پێ گوتین و ون بوو، دوای سی و دوو ساڵ دیمەوە، نووسەر بوو لە دادگای کەرکووک.. ئینجا نازانم لەوێش ناهەقیی لەو جۆرەی بەرانبەر کەسی دیکە کردووە؟ ئەمە شتێکە هەر خۆی و خوای خۆی دەیزانن.

پوورێکم هەبوو تاقە کچێکیان هەبوو لە قوتابخانە دەیخوێند. لەبەر ئەوەی مامۆستای قوتابخانەی کچان لەو سەردەمەدا زۆربەیان عەرەب بوون، قوتابییە کچەکان تاڕادەیەک زمانی عەرەبییان دەزانی. دراوسێیەکیان، ماڵە برایەکیان کەوتبووە بەغدا و لەوێ مردبوو. منداڵەکانی زۆر جار هاوینان دەهاتن بۆ سەردانی ماڵی مامیان و ماوەیەکی زۆر دەمانەوە. کوردییان نەدەزانی. سێ کچیان هەبوو، بەداخەوە تەنیا ناوی دووانیانم لە بیرە.. (لائقە) و (دنیا). ئەو کچانە هاوتەمەنی کچە پوورەکەم بوون و زۆربەی کات دەهاتن بۆ ماڵی پوورم، بە تایبەتیش ماڵەکەیان حەوشەیەکی درێژی هەبوو، بە درێژایی حەوشەکە لە دوو لاوە پڕ بوو لە گوڵ و ئاودانیشیان کەوتبووە سەر شانی. ئەو سێ جوولەکەیەی دوکانێکیان لە مێردی پوورەکەم بەکرێ گرتبوو و کردبوویان بە خمخانە و دەبوایە بە سەتڵ ئاویان لە بیرەکە هەڵێنجایە بۆ ئاودانی گوڵەکان.. بەڵێ، قوڕ بەسەرانە دەبوایە ئەو بێگارەش بکەن، چونکە لە بەغدا گەورە بوو بوون کوردییەکەیان باش نەبوو، بۆیە بە زۆری بە عەرەبی قسەیان دەکرد و منیش تەقەی سەرم دەهات تێیان نەدەگەیشتم.

لە پۆلی یەک بۆ پۆلی دووەم دەرچوو بووم. کتێبێکی بچووک لە ماڵەکە هەبوو، زۆر جار سەیرم دەکرد و نەمدەزانی چییە، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە لە لاپەڕەیەکی ئەو کتێبە نووسرابوو «یا دنیا یا غرامي» و بێ گومان نەمدەزانی مانای چییە، تەنیا کە وشەی (دنیا) سەرنجی ڕاکێشام بۆ ئەو کچەی ناوی (دنیا) بوو.

ڕۆژێکیان ویستم بچمە دەرەوە، لە دەرگای حەوشە، لووت و بزووت (دنیا)م لە بەرانبەر خۆم بینی. منیش بێ ئەوەی هیچ بزانم، یان مەبەستێکم هەبێ، ئەوەم بیرکەوتەوە و گوتم: «یا دنیا یا غرامي»، هەر ئەوەندەم خۆش بوو تا قسەکەم کرد، «دنیا خان» زللەیەکی سرەواندە بنا گوێم کە ئاگری لە چاوم بەرزکردەوە. نەمزانی بۆ لێی دام.. ئەوسا زۆر ئێشا، بەڵام ئێستا هەست بە خۆشییەکەی دەکەم. ڕەنگە لەبەر ئەوە لێی دابم کە نەمدەتوانی ئەوەی بە قسە دەیڵێم، بە کردەوەش جێ بەجێی بکەم و بە کەڵکی ئەوە نەهاتووم کە ئەو مەبەستی بووە. ئەو زللەیەی ئەوسا، ئێستاش خۆشە، بەڵام وەک ئەوسا بۆیە زللەم خوارد، چونکە بە کەڵک نەدەهاتم و ڕەنگە ئێستاش هەر بۆیە زللە بخۆم، چونکە بە کەڵک نایەم.

# بنج و بناوانی کاری هونەری

مارتن هایدیگەر
لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

بناوان لێرەدا Ursprung ئەوەیە، لەکوێوە و بەهۆی چییەوە شتێک بوونی دەبێت، ئەو چییە و چۆن ئەو وایە. ئەوەی شتێکە، چۆن ئەو وایە، ئێمە بە جەوهەرەکەی ناودەبەین. بناوانی شتێک بنەڕەتی گەوهەرەکەیەتی. پرسیار دەربارەی بنج و بناوانی کاری هونەری لە بنەمای جەوهەرەکەی دەپرسێ. کار و بەرهەم بەپێی بۆچوونی ئاسایی لە چالاکی هونەرمەند و بەهۆیەوە پەیدا دەبێت. بەهۆی چییەوە و لەکوێوە هونەرمەند ئەوەیە کە هەیە؟ بەهۆی کار و بەرهەمەکەیەوە، خۆ ئەگەر کارێک داهێنەرەکەی ستایش بکات، بەو واتایەیە: کارەکە ئەوەیە کە دەبێتە مایەی ئەوەی هونەرمەندەکە وەک داهێنەری هونەرەکە دابنرێت.

هونەرمەند بنج و بناوانی کارەکەیە. کارەکە بناوانی هونەرمەندەکەیە. هیچ کامێکیان بەبێ ئەوی تریان نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یەکێک لە هەردووکیان بە تەنیا ئەوی تریان هەڵناگرێت. هونەرمەند و کارەکە لەخۆیاندا و لەپێوەندی دەستیاوی نێوانیاندا بەهۆی لایەنی سێیەمەوە، کە پلەی یەکەمی هەیە، بە تایبەتی بەهۆی ئەوەوە، هونەرمەند و کاری هونەری لەکوێوە ناوەکانیان پێبڕاوە، بە سایەی هونەرەکەوەیە.

هەروەک چۆن بەناچاری هونەرمەند بەشێوازێکی تر کارەکەیە، جیاواز لەمەی کە کارەکە بناوانی هونەرمەندەکەیە، ئەوا بە ئاشکراو دڵنیاییەوە هونەرەکە بەشێوازێکی تری جیاواز بناوانە بۆ هونەرمەندەکە و بەتایبەتی بۆ کارەکە، بەڵام ئایا دەکرێ هونەر بەتێکڕایی بنج و بناوان بێت؟! لەکوێ و چۆن هونەر هەیە؟! هونەر خۆی تاکە وشەیەکە لە بەرانبەرەکەیدا لە دەوروبەردا هیچ

شتێک نییە. دەکرێ ئەمە وەک کۆیەکی بۆچوون وابێت کە تێیدا ئێمە ئەو شتانە کۆبکەینەوە کە بە تەنیا لە هونەردا ڕاستەقینەیە: کارەکان و هونەرمەند. خۆ ئەگەر وشەی هونەر خۆی پتر لەکۆیەکی بۆچوون نیشان بدات ئەوا دەکرێ مەبەست لە واتای وشەی هونەر تەنیا ئەوەبێ کە بەهۆی بوونی ڕاستەقینەی کارەکان و هونەرمەندەکان هەیەتی، یاخود بابەتەکە بەپێچەوانەوەیە؟! کار و هونەرمەند تەنیا کاتێک هەبوو دەبن ئەگەر هاتو هونەر بگرە وەک بنچ و بناوانەکەیان هەبوو؟!

هەرچۆنێک بڕیارەکە بدرێت، ئەو پرسیارەی دەربارەی بناوانی کاری هونەری دەکرێت، دەبێ بەو پرسیارەی لەبارەی گەوهەری هونەرەوە دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو پرسیارە، ئایا هونەر هەیە و بەتێکڕایی چۆن هەیە، دەبێ بەکراوەیی بمێنێتەوە، هەوڵ دەدەین گەوهەری هونەر لەو جێگایەدا بدۆزینەوە کە تێیدا بێ ئەگەر و گومان بەڕاستی هەیە و دەستبەکارە. هونەر، گەوهەری هونەر لەکاری هونەریدایە، بەڵام کاری هونەر چییە و چۆن هەیە؟!

هونەر چییە، دەبێ بکرێ لە کارەکەوە وەربگیرێ، کار چییە، دەتوانین تەنیا هەر لە جەوهەری هونەرەوە بیزانین. هەموو مرۆڤێک بە ئاسانی هەستی پێدەکات کە ئێمە لەبازنەیەکدا دەسووڕێینەوە. تێگەیشتنی ئاسایی داوا دەکات و بە پێویستی دادەنێ کە ئەم بازنەیە، چونکە بە پێچەوانەی مەنتیقەوە، خۆی لێ بپارێزدرێ. مرۆڤ وای دادەنێ، هونەر چییە، دەکرێ بەهۆی سەرنجدانی بەراوردکردنەوەیی ئەو کارە هونەرییانە لەبەردەستدان، بەدەستی بهێنێ، بەڵام چۆن دەبێ دڵنیابین لەوەی کە ئێمە بەکردەکی ئەم بەراوردەمان لەنێوان چەند کارێکی هونەریدا کردووە، ئەگەر بێتو پێشتر نەمانزانیبێ، هونەر چییە؟! هەروەک چۆن بەکەمی، نەبێ ناتوانین بەسایەی کۆکردنەوەی خەسڵەتەکانی کارە هونەرییە لەبەردەستەکاندا گەوهەری هونەر بەدەست بهێنین ئاواش ناکرێ ئەمە لە چەمکە بەرزەکانەوە بخرێتەوە، چونکە ئەم ئەنجامگیرییە خۆی پێشییانە ئەو دەست نیشانکردنانە لەبەرچاو دەگرێ کە دەبێ بەس بن بۆ ئەوەی ئێمە پێشییانە بەکاری هونەری دادەنێین، بۆمان دەربکەوێ و ڕوون ببێتەوە کە خۆی وایە، بەڵام کۆکردنەوەی خەسڵەتەکان لەوەی لەبەردەستدایە و ئەنجامگیری کردن لە چەند بنەمایەکەوە لێرەدا بەهەمان شێواز لەکردن نایەن، لە هەر جێگایەکیشدا بکرێت، خۆ تەفرە دانە.

ئیتر کەوابوو دەبێ ملی ڕێڕەوی بازنەیی بگرین، ئەمەش نەقوتار بوونە و نە کەموکورییە. بەم ڕێگایەدا ڕۆیشتن بەهێزی و مانەوە لەسەر ئەم ڕێگایەدا پتەوی (Fest) هزر و بیرە، بەو پێیەی کە هزر کار و سنعاتێکی دەستییە. نەک هەنگاوی سەرەکی لەکاری هونەرەوە بەرەو هونەر وەک هەنگاونان لە هونەرەوە بەرەو کاری هونەری تەنیا خۆی بازنەیەکە، بەڵکو بگرە هەموو هەنگاوێکی تاک کە ئێمە دەیهاوێژین، لەم بازنەیەدا دەسووڕێتەوە.

بۆ ئەوەی گەوهەری هونەر بدۆزینەوە، کە بەڕاستی لەکارە هونەرییەکەدا زاڵە، ڕوو لەکاری هونەری ڕاستەقینە دەکەین و دەپرسین کاری هونەری چییە، ئەو چییە و چۆن هەیە.

کارە هونەرییەکان لەلای هەموو کەسێک ناسراون، لەگۆڕەپانە گشتی و کڵێسە و ماڵەکاندا چەندین کاری هونەری بیناسازی و تابلۆ هەیە. لەگەنجینە و پێشانگاکاندا کاری هونەری سەردەم قۆناغ و گەلانی ئەوپەڕی جیاواز نیشان دەدرێن. ئەگەر ئێمە ئەو کارە هونەرییانە لەلایەنی ڕاستەقینەی بێگەردیاندا سەرنج بدەین و خۆمان بەهیچ شتێک تەفرە نەدەین، دەردەکەوێ: کارە هونەرییەکان وەک هەمووشتەکانی تر سروشتییانە لەبەردەستدان. وێنەکە وەک تفەنگی ڕاو، یان وەک تەپلەیەک بەدیوارەکەوە هەڵواسراوە. تابلۆیەک، بۆ نموونە، هی ڤان کۆخ کە پیلاوی جوتیارێکی وێنەکێشاوە، لە پێشانگایەکەوە بۆ یەکێکی تر دەچێ. کارە هونەرییەکان وەک ڕەژوو و خەڵووزی دەڤەری ڕور و Ruhr قەدی دارەکانی دارستانی ڕەش دەگوێزرێنەوە. سروودەکانی هۆلدرلین لەکاتی هێرشە سەربازییەکاندا وەک کەرەسەی خاوێن کردنەوە خرابوونە نێو جانتاوە. چوارینەکانی بێتهۆڤنیش وەک پەتاتەی نێو ژێر زەمین لە عەمبارەکانی چاپخانەدا دانراون.

هەموو کارە هونەرییەکان ئەم لایەنە شمەکییەیان هەیە. باشە بەئەمە دەبێ ئەو چی بێت؟! دوور نییە ئەم سەرنجدانە وشک و برینە و دەرەکییەی کاری هونەری دووچاری دڵەخورپێمان بکات. ئەم بۆچوونانە دەربارەی کاری هونەری دەکرێ دەزگای گواستنەوەی شمەک، یان ژنی خزمەتچی ببزوێنێ، بەڵام ئێمە دەبێ وا کارە

هونەرییەکان دابنێین و وەربگرین چۆن بۆ ئەوانەی لەگەڵیاندا دەژین و چێژیان لێ وەردەگرین دەردەکەوێ، بەڵام ئەزموونی ئیستێتیکی کە فرە پشتی پێدەبەسترێ سەرپێیانە بەلای لایەنی شمەکییانەی کارە هونەرییەکەدا تێناپەڕێت، بەرد لەکاری بیناکردندایە. داریش لەکاری هەڵکۆڵیندایە، ڕەنگ لە تابلۆدایە دەنگیش لەکاری زماندایە، لەرینەوە لەکاری مۆسیقادایە. لایەنی شمەکی توندوتۆڵ بەکاری هونەرییەوە بەندە تا ئەو ڕادەیە دەبێ بەناچاری بڵێین: کاری بیناسازی لەبەرد دایە، کاری هەڵکۆڵین لەتەختە و داردایە. تابلۆ لە ڕەنگ دایە، کاری دەنگ لەزماندایە، کاری مۆسیقا لە لەرینەوە دایە- جێگای تێگەیشتن و ئاساییە- ئەگەر گازندە بکرێت بەوەی ئەمە: بەڵگەنەویستە Gewiss، بەڵام ئەم لایەنە شمەکییە کە جێگای تێگەیشتنە لەکاری هونەردا چییە؟!

واپێدەچێ کە پێویست ناکات و سەرلێشوێنەر دەبێ ئەگەر لەبارەیەوە بپرسین، چونکە کاری هونەری سەرەڕای لایەنی شمەکی، شتێکی تریشە. ئەوەی تر، کە تێدایە، لایەنە هونەرییەکەی لێ پێکدێت. ڕاستە، ئەگەرچی کاری هونەری شتێکە دروست کراوە، بەڵام ئەو شتێکی تر دەبێژێ جیا لەوەی تەنیا شتێک دەبێت. کاری هونەری بە ئاشکرا بە هی تر دەناسێنێ، هی تر دەردەخات: ئەو نواندنە، لێکچواندنە Allegorie. لەکاری هونەریدا شتێکی تر پێکەوە ڕێک دەخرێت، پێکەوە ڕێکخستن بە یۆنانی (سومبەلاینی) پێدەوترێت، کاری هونەری سیمبۆڵە.

لێکچواندن و سیمبۆڵ چوار چێوەی بۆچوون دەدەنە دەست کە لەناو کایەی دیتنەکەیدا لەوەتی زووەوە نیشانە، خەسڵەتی کاری هونەری دەجوولێتەوە. بە تەنیا ئەم لایەنی یەکەمە لەکارە هونەرییەکەدا کە ئەوی تر دەردەخات offenbart، ئەم لایەنە کە لەگەڵ یەکێکی تردا ڕێک دەخرێت لایەنە شمەکییەکەیە لەکاری هونەریدا. بەلای کەمەوە وادەردەکەوێ کە لایەنی شمەکییانە لەکاری هونەریدا وەک سەرخان وابێ کە تێیدا و لەسەری ئەوی تر و تایبەتییەکە دادەمەزرێت. ئایا ئەو شمیەکییە نییە لەکاری هونەریدا کە هونەرمەند لە دروستکردنەکەیدا بەتایبەتی بەرهەمی دێنێ؟!

ئێمە حەز دەکەین بەهەڵکەوتی ڕاستەوخۆ و تەواوەتی کاری هونەری بگەین: چونکە ئێمە هەر بەمە لەودا هونەری ڕاستەقینە دەدۆزینەوە. کەوا بوو پێویستە لەسەرمان ئێمە لە پێشدا شمەکێتی کاری هونەری سەرنج بدەین. بۆ ئەم مەبەستە پێویست دەبێ بەوپەڕی تەواوەتی بزانین، شتێک چییە. تەنیا ئەوکات دەکرێ بگوترێ: ئایا کاری هونەری شتێکە، بەڵام شتێک کە تێیدا شتی تریش هەبێ تەنیا ئینجا دەکرێ بەلایەکدا بخرێ ئایا کارە هونەرییەکە لە بنەڕەتدا شتێکی ترە و هیچ کاتێک شتێک نییە.

### شتەکە و کارە هونەرییەکە

دەبێ بە ڕاستی شتەکە چی بێت لەوەدا کە ئەو یەک شتە؟! ئەگەر ئێمە بەم جۆرە بپرسین، دەمانەوێ بوونی شتیەتی (شمەکێتی) شتەکە بناسین. ئەمەش کاتێک دەبێ کە شتیەتی شتەکە بە ئەزموون شارەزا ببین، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەسەرمان ئێمە ئەو دوروبەرە کە هەموو ئەو بوونەوەرانەی ئێمە لە زووەوە بەناوی شتەوە ناویان دێنین، سەر بە ئەون بناسین.

ئەو بەردەی لەسەر ڕێگایەکەیە شتێکە و هەروەها کۆ گڵەکەی کێڵگەکەش. گۆزەکە شتێکە و کانییەکەش لەسەر ڕێ هەروایە، بەڵام دەکرێ لە بارەی شیری ناو گۆزەڵکە و ئاوی نێو کانی چی بوترێ؟! ئەمانە هەر چەند شتێکن ئەگەر بێتو ڕەوا بێت هەوری ئاسمان و چەقڵ و دڕکی کێڵگە و گەلا لە ڕەشەبای پایزدا و هەڵو لەسەر دارستاندا بە چەند شتێک ناو بنرێت. ئەمانە هەموویان بەڕاستی دەبێ بەشتێک ناوببرێن، ئەگەر بێتو مرۆڤ تەنانەت ناوی شت لەوانەش بنێ کە وەک ئەوانە نەبن پێشتر ناویان هێنرا، واتە، بەدەرناکەون. شتێک لەم جۆرە، کە خۆی بەدەرناکەوێ «شتێک لەخۆیدا»یە بە تایبەتی بە بیروبۆچوونی کانت kant بۆ نموونە، تێکڕای جیهان و تەنانەت ڕەب خۆیشی شتێکە لەمە. شت لەخۆیدا و شتەکان، کە بەدەردەکەون، هەموو بوونەوەرەکان کە بەتێکڕایی هەن، بەزمانی فەلسەفە بە شتێک ناودەبرێن.

فڕۆکە و ئامێری ڕادیۆ ئەمڕۆکە سەر بە یەکەمینی شتەکانن، بەڵام ئەگەر ئێمە مەبەستمان شتەکانی دوایی بێت، ئەوا ئێمە بەتەواوەتی بیر لە هی تر دەکەینەوە. شتەکانی دوایی ئەمانەن:

مردن و دادگا.

بەتێکڕایی لێرەدا وشەی شت واتای هەموو ئەوانە دەدات کەبەسووک و ئاسانی ناشت (هیچ nichts) نین، بەپێی ئەم دەلالەتە کاری هونەریش شتێکە ئەوەندەی ئەوە تۆزە بوونەوەرێکە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەمکی شتە، بەلای کەمەوە ڕاستەوخۆ، یارمەتیمان نادات لەو نیازەماندا کە هەمانە، بوونەوەر لەشێوازی هەبوونی شتەکە دژی بوونەوەر لەشێوازی هەبوونی کارە هونەرییەکە جیابکەینەوە و سنووری بۆ دابنێین ab-grenzen. سەرەڕای ئەمە ئێمە سڵ دەکەینەوە و موچڕکمان پێدادێت ئەگەر ڕەب بە شت ناوبەرین. هەروەها دەلەرزین ئەگەر وەرزێر لەکێڵگەدا، کرێکار لەبەردەم بەرمیلی ئاو گەرمکەردا، مامۆستا لە قوتابخانەدا بە شتێک ناوبەرین. مرۆڤ شت نییە. ڕاستە ئێمە بەکچە بچکۆڵەیەک کە ئەرکێکی گرانتر لە توانای خۆی بگرێتە ئەستۆ کە ئەو هەر شتێکی لاو و بچکۆلەیە، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئێمە لێرەدا تاڕادەیەک مرۆڤ بوونی تێدا بەدی ناکەین و لەو باوەڕەداین پتر ئەو شتە بەدی دەکەین کە شتێتی شت ساغ دەکاتەوە. تەنانەت ئێمە دوو دڵ دەبین لەوەی ئاسک لەنێو دارستاندا و قالۆچە لەنێو گیادا و کاوپووش بە شت ناوبەرین. تاڕادەیەک چەکووش، سۆل، تەوروبیور، و کاتژمێر لەلای ئێمە شتن، بەڵام ئەمانە تەنیا چەند شتێکی ڕووت نین، ئەوەی ئێمە بەشتی ڕووتی دادەنێین تەنیا بەرد، تەپۆڵکە گڵ و پارچە دارە، بێگانەکانی سروشت، ئەو بێ گیانانەن بەکاردێن. شتە سروشتی و شتەکانی بەکارهێنان ئەوانەن کە ئاسایی بەچەند شتێک ناودەبرێن.

بەم پێیە ئێمە لە دەڤەرە پان و بەرینەکەدا بەچاوی خۆمان دەبینین کە هەموو بوونێک شتە (شت= res= ens= بوونەوەر) و بگرە بەرزترین و دواتریش شتیش دێتەوە بۆ دەڤەری تەنگەبەری شتە ڕووتەکان. لێرەدا ڕووت یەگجار مەبەست لەمەیە: شتە بێگەردەکان کە تەنیا چەند شتێکی سادەن و لەمە بەولاوە نین. ڕووت لە هەمانکاتدا بەم واتایە: تەنیا هەر شت بەواتایەکی دیاریکراوی بە کەم دانان. شتە ڕووتەکان، تەنانەت بەدوورگرتنی ئەو شتانەی بەکاردەهێنرێن، بە شتی ڕاستەقینە دادەنرێن. کەوابوو لایەنی شمەکی ئەم شتانە لە چی پێک دێت؟ لەوەوە دەبێ شمەکی شتەکان دیار و دەستنیشان بکرێت. ئەم دەستنیشانکردنە دەبێتە مایەی ئەوەی ئێمە بتوانین شمەک وەک ئەوەی وایە نیشان بکەین. پشت ئەستوور بەمە، ئێمە دەتوانین بەلای کەمەوە ئەو هەڵکەوتەی لەبەر دەستدابوو کارە هونەرییەکان نیشان بکەین کە لەگەڵ ئەمەشدا شتێکی تریش تێدا خۆی حەشارداوە.

ئێستاکە وەک ڕاستییەک دان پێدانراوە کە لە کۆنەوە، ئەوەندەی ئەو پرسیارە بکرێت، ئایا بوونەوەر بە تێکڕایی چییە. شتەکان لە شمەکییەتییەکانیاندا وەک بوونەوەری بەلایەکدا خەر هەمیشە خۆیان دەسەپێنن. بەم پێیە پێویستە ئێمە پێشەکی لە لێکدانەوە کلاسیکیەکانی بوونەوەردا ڕووبەڕووی سنووردارکردنی شمەکییەتی شتەکان ببینەوە. بۆیە ئێمە تەنیا هەر پێویستیمان بەوە هەیە زانینی کلاسیکییە بۆ ماوەکان دەربارەی شت ڕاشکاوانە دەستەبەر ببین، بۆ ئەوەی لەو کۆششە وشک و برینگەی گەرانی تایبەتی بەدوای شمەکییەتی شت قوتار ببین. وەڵامەکانی ئەم پرسیارە:

شت چییە بەشێوازێک باون کە تێیاندا مرۆڤ هیچ ئەگەر و گومانێک مەزەندە ناکات.

شرۆڤە و توێتوی کردنی شمەکییەتی شت کە بەدرێژایی هزری ڕۆژئاوایی زاڵ و دەسبەکاربووە، لەزوویەکەوە بووە بە بەڵگەنەویست و ئەمڕۆش ڕۆژانە بەکاردێن، دەکرێ ببرێنەوە سەر سێ:

شتە ڕووتەکە بۆ نموونە ئەو بلۆکە گرانیتەیە. ڕەقە، سەختە، قورسە، درێژدەبێتەوە، چڕە، فۆڕمی نییە، زبرە، ڕەنگی هەیە، لەلایەکەوە ڕەنگەکەی تەڵخە و لەلایەکی ترەوە بریقەدارە. هەموو ئەوانەی ژماردران ئێمە دەتوانین لەبەردەکەدا هەستی پێ بکەین. بەم پێیە ئێمە خەسڵەتەکانی دەناسین، بەڵام ئەم خەسڵەتە مەبەستیانە ئەوەیە کە تایبەتین بە بەردەکە. ئەوان خەسڵەتەکانی ئەون. شتەکە ئەمانەی هەیە. شتەکە؟ ئێمە بیر لەچ دەکەینەوە ئەگەر مەبەستمان شتەکە بێت؟ ئاشکرایە شتەکە کۆیەکی تایبەتمەندییەکان نییە، هەروەها گردبوونەوەیەکی ئەو خەسڵەتانە نییە کە لێیانەوە کۆیەکە پێک دێت. شتەکە، بەوپێیەی هەموو کەسێک لەو باوەڕەدایە کە دەیزانێ، ئەوەیە کە تایبەتمەندییەکان لە دەوریدا کۆدەبنەوە، بەم واتایە مرۆڤ قسە لە کاکڵی شتەکان دەکات. یۆنانییەکان دەبێ گوایە ئەمەیان بە – تۆ

هۆپۆکایمینون- ناوبردبێ ئەو کاکڵەی شتەکە لەلای ئەوان بەدڵنیاییەوە بە بنەمای شت و هەمیشە بەپێشیانە دانراوە، بەڵام تایبەتمەندییەکان بە - تەسومبێبێکوتە- ناوبراون، ئەوەی کە هەمیشە و هەروەها پێشیانە دێت و لەئارادایە و لەگەڵیدا دێتە پێشەوە.

ئەم ناولێنانە چەند ناوێکی هەرەمەکییانە نین. لەواندا ئەزمـوونی بنەڕەتی یۆنانی بوونی بوونەوەر بە واتای لەئارادابوون (حازری) Anwesenheit دەدوێ کە لێرەدا ناکـرێ هیـچی تر نیـشـان بدرێت. بەهۆی ئەم دەستنیشانکردنانە لێکدانەوەی بەلایەکدا خەرانەی لە ئێستاوەی شمەکێتی شتەکە دابین دەبێت و لێکدانەوەی خۆرئاواییانەی بوونی بوونەوەر پشت ڕاست دەبێتەوە. ئەمە بەوە دەستی پێکرد کە وشە یۆنانییەکان لەلایەن هزری ڕۆمی-لاتینیـیـەوە بەکـارهێنران. وشـەی هۆپۆکایمینون بوو بە سوبیکتوم، وشەی هووپۆستاسیس بوو بە سوبستانتییە و وشەی سووبیبیکۆس بووبە ئەکسیدێنس. ئەم وەرگێڕانەی ناوە یۆنانییەکان بۆ زمانی لاتینی ڕووداوێکی بێ ئەنجام نییە وەک ئەمـڕۆژانە وادادەنرێت. پتر لە پشت ئەم وەرگێڕانە وشە بە وشەییە و لەبنەڕەتدا محافەزەکارانە، وەرگێڕانی ئەزمـوونی یۆنانی بۆ جۆرێکی تری هزر و بیرکردنەوە هەیە. هزری ڕۆمی وشە یۆنانییەکانی بەبێ ئەو ئەزموونە بنەڕەتییە هەڵقولاوەکەی ئەوەی دەیلێی، بەبێ وشە یۆنانییەکە، وەرگرتووە و بەکاریهێناوە. بێ زەمینەی هزر و بیری خۆرئاوا بەم وەرگێڕانە دەستی پێکردووە.

دەستنیشانکردنی شمەکییەتی شت، بەپێی بیروبۆچوونی باو، بە گەوهەرێک کە چەند ڕووکەشێکی Akzidenz هەیە لەگەڵ بۆچوونی سروشتیمان دەربارەی شتەکان وەک یەک و گونجاوە. شتێکی سەیر و سەمەرە نییە، کە ئەم بۆچوونە باوانە دەربارەی شتەکە و هەروەها کرداری ئاساییمان لەبارەی شتەکەوە بەتایبەتی ناونانی شتەکان و قسەکردن لە بارەیانەوە پەسند و گونجاوە. ڕستەی ئاسایی گوزارە لە بنەوە ئەمەش وەرگێڕانی لاتینییە و واتەهەڵگێرانەوەی وشەی هووپۆکایمینۆن و لەبار، کە تایبەتمەندی شتەکە دەردەبڕێ، پێکدێت، کێ دەوێرێ حەز بکات ئەو پێوەندییە بنەڕەتییانەی نێوان شت و ڕستە لەنێوان پێکهاتە و بنەمای ڕستە و پێکهاتەی شت هەڵبتەکێنێ؟! لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە ئێمە بپرسین:

ئایا بنەما و پێکهاتەی ڕستەی سادەی گوزارە (بەیەکەوەگرێدانی بنەوبار) وێنەیەکە بنەما و پێکهاتەی شتەکە دەردەخات؟! (بۆ یەکگرتنی جەوهەر و ڕووکەشەکان)، یان ئەو پێکهاتە وێنەکراوەی شتەکە بەپێی هەیکەلی ڕستەکە ڕەنگرێژراوە؟! کامە نزیکە، لەوەی مرۆڤ شێوازی تێگەیشتنی لە شت لە چەند دەستەواژەیەکدا دەگوێزێتەوە بۆ بنیادی شتەکە خۆی؟

ئەم بۆچوونە سەرپێیە کە وەک ڕەخنە دەردەکەوێ، پێویستە لە پێشەوە وابکات تێی بگەیشترێ چۆن ئەم گوێزرانەوەیەی بنیادی ڕستەکە بۆ شتەکە دەبێ شیاوەکی بێت، بەبێ ئەوەی شتەکە لەبەرچاو بێت. ئەم پرسیارە: کامە یەکەمە و بەلایەکداخەرە بنیادی ڕستە، یان بنیادی شت، تائێستا بڕیاری لەسەر نەدراوە. تەنانەت جێگای گومان و ئەگەر دەبێت ئایا ئەم پرسیارە بەم ڕوخسارەی بەگشتی دەکرێ بڕیاری لەسەر بدرێت. ئەوی ڕاست بێت بنیادی ڕستە و دەستەواژە پێوەندگی ڕشتنی ڕەنگی بنیادی شتەکەناداتە دەست و ئەمە لەوەدا دەرناکەوێ. هەردووکیان بنیادی دەستەواژە و بنیادی شتەکە لە جۆر و لە پێوەندی دەستیاویی شیاوەکییاندا لەسەرچاوەیەکی بنەڕەتی ناوکۆییانەوە پەیدا دەبن. لە هەموو حاڵەتێکدا لێکدانەوەی شمەکێتی شت کە لەسەرەتاوە دەستمان پێکرد، شت وەک هەڵگری تایبەتمەندییەکانی خۆی، سەرەڕای ئەوەی باوە، وا سروشت و ئاسایی نییە کە خۆی نیشان دەدات، ئەوەی ئاسایی دێتە بەرچاومان واپێدەچێ تەنیا ڕاهاتنی باوێکی دووردرێژ بێت کە ناباوییەکەی لێوە کەوتۆتەوە و لە بیر چۆتەوە. ئەو ناباوە لەکۆنەوە وەک شتێکی بیانی ڕووبەڕووی مرۆڤ بووەتەوە و هزری بەرەو سەرسام بوون بردووە.

- بڕوابوون بەلێکدانەوەی باوی شت تەنیا هەر بەرواڵەت پاساو دراوە. سەرەڕای ئەمە ئەم چەمکی شتە (شت وەک هەڵگری تایبەتمەندییەکانی) نەک هەر تەنیا بۆ شتی ڕووت و تایبەتی، بەڵکو بۆ هەربوونەوەرێکیش دەگونجێ. هیچ جار و کاتێک ناکرێ بەهۆیەوە شمەکی لە بەرانبەر بوونەوەری ناشمەکیدا سنووردار بکرێت، بەڵام پێشی هەموو گازندە و ئەگەرێک، مانەوەی بەخەبەر لەنێو بازنەی شتەکاندا پێمان دەڵێ، ئەم چەمکی شتە شمەکێتی شتەکان ئەوانەی کە لەخۆیانەوە پەیدابوون و

لەخۆیاندا جێگیرن، ناگرێتەوە. کەچی هەتا ئێستاش ئێمە جاروبار وا هەست دەکەین کە لەسەردەمێکی زووەوە تۆبزی لە شمەکێتی شتەکان کراوە و کە لە توندوتۆبزییەدا هزر بەشداری کردووە، بۆیە مرۆڤ لەجیاتی ئەوەی هەوڵ بدات هزر پتر هزری بێت، دەستبەرداری بیرکردنەوە دەبێت، بەڵام دەبێ لەکاتی دەستنیشانکردنی جەوهەری شتەکەدا هەستێکی وا دڵنیایی لێکراو چ بێت ئەگەر هزر بەتەنیا خۆی مافی ئاخاوتنی هەبێت؟! لەگەڵ ئەمەشدا دوورنییە ئەوەی ئێمە لێرە و لەحاڵەتی وەک ئەمەدا بەهەست، یان بە ڕەوشی دەروونی ناوی دەبەین پتر ژیرەکی، بەتایبەتی پەسندتر بێت، چونکە لەبەرانبەر بووندا لە هەموو ژیر کە بووە بە ratio ئینجا بەشێوەیەکی شێواو لێکدراوەتەوە، کراوەترە. لەمەدا ڕووکردنە ناژیرەکی وەک کورپەیەکی شێواوی ئەو ژیرەکییەی بیری نەکردووەتەوە ڕاژەیەکی سەیر پێشکەش دەکات و دەداتە دەست. ڕاستە چەمکی باوی شت هەمیشە بۆ هەموو شتێک دەگونجێ، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو لە تێگەیشتنەکەیدا پەی بە جەوهەری شتەکە نابات، بەڵکو دەستدرێژی دەکاتە سەری. دەکرێ ئەم دەستدرێژییە بەلاوە بنرێت و چۆن؟! ئەمە تەنیا بەم جۆرە دەبێت، ئێمە کایەیەکی ئازاد بۆ شتەکە دەستە بەر ببین بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ شمەکییەتیەکەی خۆی نیشان بدات. هەموو ئەو وێناکردن و دەربڕینانەی دەربارەی شتەکەن و حەز دەکەن بکەونە نێوان شتەکە و ئێمەوە دەبێ لەسەرەتاوە لابدرێن، ئینجا ئێمە دەتوانین لەبەردەستدا بوونی نەشاردراوەی شتەکە بگرینە ئەستۆ، بەڵام ئێمە ئەم ڕووبەڕووبوونەوە ڕاستەوخۆیە نە داوا دەکەین و نە دایدەزرێنین. ئەو ماوەیەکی دوور و درێژ دەقەومێ و ڕوودەدات. کاتێک ئەوەی هەستی چاوو بیستن و دەست لێدان دەیدەنەدەست لە هەستکردن بە ڕەنگ و دەنگ و نەرمی و زبرو ڕەقی پڕ بە پێستی وشە، شتەکان دێن بۆ لەشمان. شتەکە ئایستێتۆنە aisteton کە بەهۆی هەستی هەستەکانەوە بەدەست دێت. ئینجا دواتر چەمکەکەی شت دەبێت بە ئاسایی و بەپێی ئەمە لە یەکەیەکی هەمەڕەنگی کە بە هەستەکان بەدەست هاتووە بەولاوە نییە، جا ئەم یەکەیە وەک کۆیەک، یان وەک هەمەکی، یان وەک ڕوخسار تێی بگەیشترێ هیچ شتێک لە سروشتی بەلایەکدا خەرانەی چەمکی شتەکە ناگۆڕێت.

ئێستاش ئەم شرۆڤەکردنەی شمەکێتی شتەکە هەموو کاتێک وەک پێشتریش ڕاستە و پشت ڕاست دەکرێتەوە. ئەمە خۆی بەسە بۆ ئەوەی گومان لە ڕاستییەکەی بکرێت. بە تەواوەتی بیر لەوە دەکەینەوە کە بەدوایدا دەگەڕێین، شمەکێتی شتەکە، دیسانەوە ئەم چەمکی شتە وامان لێدەکات، بحەپەسێنی و دۆش دامێنین ratlos، هیچ جارێک ئێمە لەکاتی دەرکەوتنی شتەکاندا یەکەم جار و بەشێوەیەکی تایبەتی تەوژمێکی هەستەکانمان دەستگیر نابێت وەک ئەو لاف لێدەدات بۆ نموونە دەنگ و دەنگە دەنگ، بگرە ئێمە گوێمان لە هاشەی ڕەشەبا لەلوولە سوبەکە دەبێ، ئێمە گوێمان لە فڕۆکەیەکی سێ ماتۆڕی دەبێت ئێمە مارسیدس ڕاستەوخۆ بە پێچەوانەی ئۆتومبیلی ئەدلەر دەبیستین، ئیتر شتەکان خۆیان پتر لە هەموو بابەتی هەستەکان لە ئێمە نزیکن. ئێمە لەماڵەوە شریقەی دەنگی دەرگاکە دەبستین و هیچ جارێکیش هەستی دەنگ، یان تەنیا دەنگە دەنگی ڕووت نابیستین. بۆ ئەوەی دەنگە دەنگێکی ڕووتی بێگەرد ببیستین، پێویستە ئێمە خۆمان لە بیستنی شتەکان دووربخەینەوە و گوێمان لێیان دووربگرین، واتە بەشێوەیەکی ئەبستراکت (ڕووت) ببیستین.

لەو چەمکی شتەدا کە ئێستا قسەی لێکرا، هیچ دەستدرێژی کردنە سەر شتەکە نییە بگرە پتر بریتییە لە هەوڵێکی پەڕگیر، شتەکە بەڕاستەوخۆیەکی ئەوپەڕی شیاوەکی بەلای ئێمەدا بهێنرێ، بەڵام شتێک هەرگیز ئەمەی بەدەست نایەت. مادام ئێمە ئەوەی لەودا بەهەستەکان پەی پێدەبەین بەلایەنی شمەکیەتییەکەی دادەنێین. ئەگەر شرۆڤەکردنی یەکەمی شتەکە ئێمە لە لەش جیامان بکاتەوە و لێیەوە دوورمان بخاتەوە، ئەوا دووەمیان ئەوپەڕی بەرەو لەشەکە دەمانبات. لە هەردووک شرۆڤەکردنەکاندا شتەکە لەبەرچاو ون دەبێ. هەربۆیە دەبێ پەڕگیری لە شرۆڤەکردنەکاندا بەدوور بگیرێ. شتەکە خۆی پێویستە لە ئارامییەکەیدا بەبێ دەسکاری و خۆ تێگەیاندن بمێنێتەوە. دەبێ بەو جێگیرییە نەگۆڕەی تایبەتمەندی خۆیەتی وەربگیرێ. وادێتە بەرچاو کە شرۆڤەکردنی سێیەم ئەوە بەدی بهێنێ کە وەک ئەو دووانەی لەسەرەتاوە ناویان هێنرا کۆنە.

ئەوەی کە جێگیری و کاکڵە بەشتەکان دەبەخشێ و

لەهەمـــانکاتدا دەبێـــتـــە مـــایەی جـــۆری تەوژمی هەسـتـەکـیـیـەکـەیان، ڕەنگ، دەنگ، سـەختـی، چڕی، کەرەسەی شتەکەیە. لەم دەستنیشان کردنەی شتەکەدا وەک کەرەسە (هیولێ) hule فۆرمەکە (مۆرفێ) -mor-phie لەگەڵیدا دادەنرێت. جێگیری و بەردەوامی شتێک و یەکپارچەییەکەی لەوە پێک دێت، کەرەسەیەک لەگەڵ ڕوخـسـارەکـەی (فـۆرمـەکـەی یەک بگرێت. شـتـەکـە کەرەسەیەکە ڕوخساری پێبڕاوە. ئەم شرۆڤەکردنەی شتەکە پشت بەو ڕاسـتـەوخـۆیە دەبەسـتێ کـە شـتـەکـە بەهۆی دیمەنەکەیەوە (ئایدۆس) Eidos بەرەو ڕوومان دەبێتەوە. بە یەکبوونی کەرەسە و فۆرم لە دواییدا چەمکی شتەکە دەدۆزێتەوە کە بەباشی لە هەمانکاتدا بۆ شتە سروشتی و شتە بەکارهاتووەکان دەگونجێ.

ئەم چەمکی شتـە وامان لێدەکات بتوانین پرسیارەکە لەبارەی شـمـەکـێـتی لەکـاری هونەریدا وەڵام بدەینەوە. شمەکێتی لە کاری هونەریدا بە ئاشکرا ئەو کەرەسەیەیە کە لێوی پێکهاتووە. کەرەسەکە بنەمایە و کایە و پاوانی فـۆرمـۆڵەکـردنە هونەرییـەکـەیە، بەڵام دەمـانتـوانی ئەم سـاغـکردنەوە دڵنیـایی بەخش و ناسـراوە لەسـەرەتاوە بدەینە دەست. بۆ چ مـەبەسـتـێک ئێـمـە لە چەمکی گونجاوی شتە کە لابدەین و بە ڕێگایەکی تردا بڕۆین؟! چونکە ئێـمـە بەو چەمکەی شـتـەکـەش لە شـتـەکـە وەک کەرەسەیەکی ڕوخسار کێشراو وێنا دەکات، بێ بڕواین، بەڵام ئایا ئەم جـووتە چەمکە کـەرەسـە- ڕوخـسـار بە تەواوەتی لەوکـایە و بوارەی ئێـمـە تێـیـدا دەجـوولێـینەوە باوو ئاسایی نین؟!

بەدڵنیـاوە وایە. جـیـاکـردنەوەی کـەرەسـە و فـۆرم، بەتەواوەتی لەجۆرە جیـاجیـاکـانی نواندندا ئەو چەمکە خـشـتـەیـیـەیە کـە بەئاسـانی هی تیـۆری هونەری و ئێستێتیکیایە. ئەم ڕاستییە گومانهەڵنەگرە نە ساغی دەکاتەوە کە جیاکردنەوەی کەرەسە و ڕوخسار بەتەواوەتی پشت ڕاست کـراوەتەوە و نە پاسـاوی ئەوە دەداتەوە کـە ئەوان لەبنەڕەتدا سـەر بە کـایە و بواری هونەر و کـاری هونەرین. سەرەڕای ئەمە گونجـاوی دەستبەکـاری کایەی ئەم جووتە چەمکە هەر لەکۆنەوە لە مەیدانی ئێستێتیکا تێی پەڕاندووە. ڕوخـــســـار و ناوەڕۆک ئەو چەمکە ئەوپەڕی باوانەن کە دەکرێ هەموو شتێک هەر شتێک لەژێریاندا کـۆبکرێتـەوە، ئەگـەر بێتـو، سـەرەڕای ئەمـە، ڕوخـسـار بە ژیرەکی و کـەرەسـە بە ناژیرەکی و مـرۆڤ ژیرەکی بەمـەنتـیـقی و ناژیرەکی بە نامـەنتـیـقی -Al-ogische دابنێ جووتە چەمکەکەش ڕوخسار- کەرەسە بە پێوەندی بنە- بار Subjekt-objekt گرێ بدات، ئەوا بۆچوونێکی دەربارەی میـکانیکی چەمک لەبەردەسـتـدا دەبێت کـە هیچ شـتـێک لەبەردەمـیـدا خـۆی نـاگـرێ و بەربەرەکانی ناکات.

خۆ ئەگەر جیاکردنەوەی کەرەسە و فۆرم بەم جۆرە بێت، ئەوا چۆن دەبێ ئێمە بەهۆیەوە لە مەیدانی تایبەتی شتی ڕووت بە پێچەوانەی بوونەوەرەکانی ترەوە، تێبگەین؟! بەڵام دوور نییە ئەم دەستنیشـان کردنە بەپێی کەرەسە و ڕوخسارەوە هێزی خۆی بەدەست بهێنێتەوە ئەگەر بێتـو ئێمە تەنیا فراوانکردن و بەتاڵکردنی ئەم چەمکانە پەک بخەین. بەدڵنیاییەوە ئەمە ئەو مەرجە پێویست دەکات ئێـمـە بزانین لە چ مـەیدانێکی بوونەوەردا ئەوا هێـزی ڕەسەنی دەستنیشانکردنیان بەدی دەهێنن. ئەگەر بوترێ ئەمە مەیدانی شتی ڕووتە، ئەمە تا ئێسـتـا هەر تەنیا گریمانەیەکە. ئاماژە کردنی بەکارهێنانێکی فراوانی ئەم داڕێژراوە چەمکییە لە ئیستێتیکادا دەتوانێ بەلای کەمەوە بەلای ئەو هزرەدا بیات کە کەرەسە و ڕوخسار چەند دەســـتنیـــشـــان کـــردنێکن لە جـــەوهەری کـــاری هونەرییەوە کەوتوونەتەوە و لەوێوە هێنراونەتەوە بۆ سەر شتەکە. پێکهاتەی کەرەسە - ڕوخسار سەرچاوەکەی لەکوێوەیە، لەشـمـەکـێـتی شتـەکـەدایە، یان لە کـاری هونەرییەکەدایە؟!

بلۆکی لەخـۆدا جـێگـیـری گـرانێت کـەرەسـەیەکـە لەڕوخساری دیاریکراودا، ئەگەرچی لەهەمان کاتدا ڕێک و پێکیش نەبێت. ڕوخسار لێرەدا بەواتای دابشکردن و ڕێکخستنییانەی جێگاو شوێنی بەشەکانی کەرەسەکەیە کـە چێـوە و دیمەنی تایبـەتی کـە هی بلۆکـێکە لێی دەکـەوێتـەوە، بەڵام کـەرەسـەیەک کـە لە ڕوخسـارێکدا جێگیر بێت، مەسینەیە، تەورە، پیلاو و سۆلن. تەنانەت لێـرەدا فـۆرم وەک چێـوە و دیمەن ئەنجـامـێکی کـەرەسـە دابەشکردن نییە. بە پێچەوانەوە، ڕوخسار ڕێکخستنی کەرەسەکە دیار و دەستنیشان دەکات. نەک تەنیا هەر ئەمە، تەنانەت ئەو پێشـەکـیـانە جۆری کەرەسەکە و هەڵبـژاردنەکەی دەستنیشـان دەکـات: کـەرەسـەیەک ئاو نەدات بۆ مەسینە، سەختی و قایمیی بۆ تەور، توندوتۆڵی

و له هەمانكاتدا ڕەخنەیی و نەرم و نیانی بۆ سۆل و پێڵاو، سەرەڕای ئەمە ئەوبەناویەكدا چوونەی لێرەدا لەنێوان ڕوخسار و كەرەسەكەدا هەیە پێشەكییانە بەو جۆرە ڕێك خراوە خزمەتی مەبەستی مەسینەكە، تەورەكە، سۆلەكە بكات. ئەم خزمەتكردنە و بەكارهێنانە ناكرێ لەدواییدا پاشیانە پێشكەش بە بوونەوەری لەجۆری مەسینە و تەور و پێڵاو و سۆل بكرێت و بخرێتە سەریان. ئەو شتێك نییە كە وەك ئامانجێك لە شوێنێكدا بەسەر سەریەوە هەڵبواسرێت.

سوود و كەڵك و بەكاربردن ئەو نموونە بنەڕەتییەیە كە بەهۆیەوە بوونەوەر دێتە بەر دیدەمان، واتە، دەدروشێتەوە و حازر دەبێ و ئەو دەبێ بەو بوونەوەرە. لەم بەكاربردنەدا وێنە بەخشین دادەمەزرێ، هەروەها لەگەڵیدا هەڵبژاردنی كەرەسەكە پێشتر دراوە بەدی دێت و لەدواییدا دەستڕۆیشتوویی پێكهاتە و یەكەی كەرەسەو ڕوخسار دەكەوێتەوە. بوونەوەر كە لەژێر باریدایە، هەمیشە بەرهەمی دروستكردنێكە Anfertigung. بەرهەمەكە وەك ئامرازێك بۆ شتێك درستكراوە. بەم پێیە ماڵی كەرەسە و فۆرم وەك چەند دەستنیشانكردنێكی بوونەوەر لە جەوهەری ئامرازەكەدایە. ئەم ناوە ئەوە ناو دەبات كە بۆ بەكارهێنانەكەی و ڕاهاتن دروست كراوە. كەرەسە و فۆرم بەهیچ جۆرێك چەند دەستنیشانكردنێكی بنەڕەتی شمەكێتی شتە ڕووتەكە نین.

ئامرازەكە، بۆ نموونە سۆل، پێڵاو، جێگیر دەبێ ئەگەر تەواكرابێ، هەروەها لەخۆیدا وەك شتێكی ڕووت دەبێ، بەڵام ئەو وەك بلۆكی گرانێت نییە بنیادی تایبەتی خۆی هەبێت. لەلایەكی ترەوە ئامرازەكە Zeug جۆرە خزمایەتییەك لەگەڵ كارە هونەرییەكە نیشان دەدات، بەوەی بەدەستی مرۆڤ دروست كراوە. لەگەڵ ئەمەشدا، كاری هونەری بەلای كەمەوە، بەهۆی ئەو حازرییە بەخۆبەسبوونەی لەو شتە ڕووتە دەچێ كە بنیادی تایبەتی هەیە و ناخرێتە ژێر گوشارەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە كارە هونەرییەكان بە چەند شتێكی ڕووت دانانێین، ئەو شانەی بەكاربردن كە لە دەوروبەری ئێمەن دەست پێیان دەگات یەكەمین و تایبەتترین شتەكانە. بەم پێیە ئامراز لە شت دەچێ، چونكە بەهۆی شمەكێتییەوە دەستنیشان كراوە، پتر لەمەش، لە هەمان كاتدا لەكاری هونەری دەچێ و بگرە كەمتر لەوە، چونكە ئەو بەخۆبەسبوونی كاری هونەری نییە. ئامراز لەنێوان شتەكە و كارە هونەرییەكەدا مەڵبەندێكی مامناوەندی هەیە ئەگەر بێتو ڕێگا بدرێت ئەو پۆلێنكردنە ژمێرەییە بكرێت.

پێكهاتە و یەكەی كەرەسە- ڕوخسار، كە بەهۆیەوە بوونی ئامرازەكە دەستنیشان دەكرێت، بە ئاسانی دێتە بەرچاو وەك ئەوەی ڕەوشێكی بەڵگەنەویستی ڕاستەوخۆی بوونەوەرەكە بێت، چونكە مرۆڤی دروستكار خۆی بەشداری لەمەدا كردووە، بەتایبەتی بەو شێوازە، چۆن ئامرازێك دێتەكایە و بوونەوە(١). لەوەدا كە ئامرازە كە مەڵبەندێكی مامناوەندی لەنێوان شتە ڕووتەكە و كارە هونەرییەكەدا هەیە، ئەوا دوور نییە بە یارمەتی بوونی ئامرازەكە (هی پێكهاتەی كەرەسە- فۆرمەكە) كە بوونەوەرێكی ئامرازییانەش نییە، شتەكان و كارە هونەرییەكان و لە دوایشدا لە هەموو بوونەوەرەكان تێیان بگەیشترێ.

ئەو مەیلە پێكهاتەی كەرەسە- فۆرم بە ڕەوشی هەموو بوونەوەرێك دادەنێ، سەرەڕای ئەمە، پاڵنەرێكی تایبەتی بەدەست دەهێنێ پێشەكییانە پەنا بە بڕواو باوەڕ بە تایبەتی بەپێی بڕوای تەورات، تێكڕای بوونەوەران بەداهێنراو (خەلق كراو) دابنێ و واتە لێرەدا بە دروستكراو وێنا بكرێت. ڕاستە فەلسەفەی ئەم بڕوا و باوەڕە (Glauben) دەتوانێ دووپاتی بكاتەوە كە هەموو داهێنانەكانی ڕەب دەكرێ بەجۆرێكی تری جیاواز لەكاری وەستای دروستكار وێنا بكرێن. خۆ ئەگەر لە هەمان كاتدا بگرە پێشییانەش بەپێی بڕوا و باوەڕێكی پێشتر دەستنیشانكراوی فەلسەفەی تۆماسی ئەكوین دەربارەی شرۆڤەكردن و لێكدانەوەی تەورات بوونەوەری داهێنراو (خەلق كراو) ens Creatum بە یەكێتی و یەكگرتنی كەرەسە و matera ڕوخسار forma بە خەیاڵدا بێت، ئەوا بڕواو باوەڕەكە بە فەلسەفەیەك كە ڕاستییەكەی لە نەشاردراوەیی بوونەوەرێكدایە و لەو جۆرەی بڕوا دەربارەی جیهان هەیەتی جیایە، لێكدراوەتەوە(٢).

ئەو بیرۆكەیەی داهێنان كە لە بڕواو باوەڕدا پشت ڕاست كراوەتەوە دەكرێ هێز و توانای ڕابەرێتی كردنی لەبەردەم زانینی بوونەوەردا بەتێكڕایی لەدەست بدات. لێكدانەوە و شرۆڤەكردنی لاهووتییانەی هەموو بوونەوەر كە پشتی بە فەلسەفەیەكی سەیر و بیانی بەستووە، كە بەپێی كەرەسە و فۆرمەوە تەماشای جیهان دەكات، لەگەڵ

ئەمەشدا دەکرێ بمێنێتەوە. ئەم لە گواستنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست بەرەو سەردەمی نوێ ڕووی دا، میتافیزیکەکەی بە پێکهاتە و یەکەی ڕوخسار کەرەسەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاست داڕێژراوە، بەندە و کە خۆی تەنیا بەچەند وشەیەک گەوهەری داپۆشراو و نقوم کراوی ئایدۆس و هولی دەهێنێتەوە یاد. بەم جۆرە لێکدانەوەی شت بەپێی کەرەسە و ڕوخسار، جا هەر بە سروشتی سەدەکانی ناوەڕاست، یان بەهی کانتی- ترەنسندێنتالی بمێنێتەوە، بووە بە باو و بەڵگەنەویست، بەڵام نەک بەهۆی ئەمەوە کەمتر لەو لێکدانەوەی شمەکێتیی شتەکان کە پێشتر ناویان هێنرا دەستدرێژی کردنە بۆ سەر بوونی شمەکی شتەکە.

لەکاتێکدا ئێمە شتە تایبەتییە ڕاستەقینەکان بەشتی ڕووت و پەتی ناودەبەین، ڕەوشی شتەکە خۆی دەردەخات. «ڕووت و پەتی» bloss واتای دەستبەرداربوونی کارەکتەری کەڵک و سوود و بەکاربردن و دروستکردن دەگەیەنێ. شتی ڕووت و پەتی جۆرێکی ئامرازە ئەگەرچی لەوە ڕووت کراوەتەوە ئامراز بێت. شتبوون لەوە پێک دێت، دوایی چی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوی ماوەتەوە (Rest) لە کارەکتەری بوونەکەیدا بەتایبەتی دیار و دەستنیشان نەکراوە. جێگای ئەگەر و پرسیار دەبێت، ئایا بەڕێگای کێشانەوەی لایەنی ئامرازی، شمەکییەتی شتەکە لەکاتێکدا بەدەر دەکەوێ، بەم پێیە شێوازی سێیەمی شت لێکدانەوەکە لە سەرەتای پێکهاتەی کەرەسە- ڕوخساردا، وەک دەستدرێژییەک بۆ سەر شتەکە بەدەردەکەوێ.

ئەم سێ شێوازەی دەستنیشانکردنی شمەکییەتی کە پێشتر باس کران شتەکە وەک هەڵگری چەند خەسڵەتێک، وەک یەکەیەکی هەمەڕەنگی هەست، وەک کەرەسەیەکی ڕوخسا ڕەنگڕێژراو تێدەگەن. بەدرێژایی پرۆسەی مێژووی ڕاستی دەربارەی بوونەوەر ئەم شرۆڤە و لێکدانەوە ناوبراوانە ئاوێتەی یەکتری بوون،کە ئێستاش هەر لە برەودایە. لەم ئاوێتە بوونەدا ئەوان بوار و کایەی فراوان بوون کە لەواندایە بە تینتر دەکەن، تەنانەت بەهەمان شێواز دەربارەی شتەکە، دەربارەی ئامرازەکە و دەربارەی کارە هونەرییەکە دەگونجێ. لەوانەوە شێوازی بیرکردنەوە پەیدا دەبێ، کە بەپێی ئەوەوە ئێمە نەک بە تایبەتی تەنیا هەر دەربارەی شت، ئامراز و کاری هونەری، بەڵکو بگرە دەربارەی هەموو بوونەوەر بەگشتی بیردەکەینەوە. ئەم شێوازەی بیرکردنەوە کە لەمێژە بووە بە باو پێش هەموو ئەزموونێکی ڕاستەوخۆی بوونەوەر دەکەوێ. ئەم لە پێشەوە هاتنە بەربەستی بیرکردنەوە لەبوونی بوونەوەری پێوەندیدار دەبێ. ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی چەمکە باوەکانی شتەکە لەبەردەمماندا ڕێگای بەرەو شمەکێتی شتەکە و هەروەها، هی ئامرازێتی ئامرازەکە و ئینجا بەڕاستی هی بەرەو کارێتی کارە هونەرییەکە دەگرێ.

ئەم ڕاستەقینەیە Tatsache ئەو هۆکارەیە کە پێویستی دەکات دەربارەی ئەم چەمکانەی شت بزانرێت، بۆ ئەوەی بەم شێوازە بنج و بناوانەکەی و دەستدرێژی و داواکارییە لە ڕادە بەدەرەکەی، هەروەها دیاردەی بەڵگە نەویستیەکەی بیریان لێ بکرێتەوە. ئەم زانینە کاتێک پێویستتر دەبێت، ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین شمەکێتی شتەکە، ئامرازێتی ئامرازەکە و کارێتی کارە هونەرییەکە بیکەین بە بابەتی سەرنجدان و بە وشە دەریان ببڕین. بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا شتێک گرنگە: خۆ بە دوورگرتن لەو شێوازەی دەستپێشخەری و تێپەڕاندنی بیرکردنەوە، شتەکە بۆ نموونە لەوەدا کە شتەکە وەک خۆی بهێڵرێتەوە. ئایا شتێک لەوە ئاسانتر دێتە بەر چاو کە بوونەوەر وازی لێ بهێنرێ وەک بوونەوەر چۆنە وا بێت؟! یان ئەم ئەرکە گرانترینیانە، ئەگەر ئەم نیازەمان هەبێ، واز لە بوونەوەر بهێنرێ- خۆی چۆنە وابێ- بەپێچەوانەی کەمتەرخەمیەوەیە کە بۆ سوود و قازانجی چەمکێکی تاقی نەکراوەی بوون پشت بکاتە بوونەوەر؟! دەبێ ئێمە بگەڕێینەوە سەر بوونەوەر Seinde لەودا بیر لە بوونەکەی بکەینەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە گەوهەرەکەیدا خۆی چۆنە وازی لێ بهێنین.

وا دەردەکەوێ ئەم هەوڵ و کۆششەی بیرکردنەوە لەکاتی دەستنیشانکردنی شمەکێتی شتەکە ڕووبەڕووی گەورەترین بەربەرەکانی ببێتەوە. کەوابوو دەبێ سەرنەکەوتنی کۆششە ناوبراوەکان هۆکەیان لەکوێ بێ؟!شتی دەرنەکەوتوو سەرسەختانە لەبیر لێکردنەوە خۆی دەرباز دەکات، یان ئەم خۆ بەدوورەپەرێزگرتنەی شتی ڕووت و پەتی، ئایا دەبێ، کە لەخۆیدا ئارامە و هیچ گوشارێکی لەسەر نییە، سەر بە گەوهەری شتەکە بێت؟! ئایا پێویست نییە ئەوەی بیانی و نامۆ و کڵۆم و

داخراوە لە جەوهەری شتەکەدا بۆ بیرکردنەوە کە هەوڵ دەدات بیر لە شتەکە بکاتەوە، ئاسایی و باوبێت؟! ئەگەر شتەکە وابێت ئەوا بۆمان نییە بەتۆبزی ڕێگای بەرەو شمەکێتی شتەکە بەدەست بهێنین.

گوتەی شمەکێتی شتەکە گران و دەگمەنە، مێژووی ڕوونکراوەی لێکدانەوەکەی، بەڵگەیەکی گومان هەڵنەگریەتی. ئەم مێژووە لەگەڵ ئەو چارەنووسە کەهزری ڕۆژئاوا تاوەکو ئێستا بوونی بوونەوەری پێ وێنا کردووە یەک دەگرێتەوە. ئێمە ئێستا بەتەنیا ئەمە ساغ ناکەینەوە. ئێمە لە هەمان کاتدا لەو مێژوویە خەمزەیەک دەستگیر دەکەین. ئایا ئەمە بە ڕێککەوتە کە لەنێو ئەو شت شرۆڤە کردنەدا لێکدانەوەیەک کە پشت بەکەرەسە و ڕوخسار دەبەستێ دەسەڵاتێکی پێشیینانەی تایبەتی بەدەست بهێنێ؟! ئەم شت دەستنیشانکردنە لە لێکدانەوەیەکی بوونی ئامرازی بوون کەوتۆتەوە. ئەم بوونەوەرە، ئامرازەکە بەشێوازێکی تایبەتی لەبۆچوونی مرۆڤەوە نزیکە، چونکێکم ئەو بەهۆی داهێنانی تایبەتی ئێمەوە بە بوون دەگات. ئەو بوونەوەرە کە لە بوونەکەیدا باوو جێگای دڵنیاییە، ئەو ئامرازە، لە هەمان کاتدا مەڵبەند و جێگایەکی ناوەندی تایبەتی لەنێوان شتەکە و کارە هونەرییەکەدا هەیە. ئێمە بەدوای ئەم هێمایەدا دەچین و لەسەرەتادا بەدوای ئامرازێتی ئامرازەکەدا دەگەڕێین. دوور نییە لەمەوە دەربارەی شمەکێتی شتەکە و کارێتی کارە هونەرییەکە شتێکمان بۆ ڕوون ببێتەوە. پێویستە ئێمە تەنیا هەر خۆمان لەوە ببوێرین شت و کارە هونەرییەکە بە خێرایی بکەین بە چەند جۆرێکی ئامرازەکە. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە چاو لە شیاوەکی هەبوونی چەند جیاوازییەکی جەوهەری مێژوویی لەشێوازی ئەوەدا ئامرازەکە چۆنە هەیە، دەپۆشی.

باشە چ ڕێگایەک بەرەو ئامرازێتی ئامرازەکە دەچێت؟! چۆن دەبێ ئێمە ئاگاداربین و بزانین Erfahren، ئامراز بەڕاستی چییە؟! ئێستاکە دەبێ ڕەفتارە گرنگەکە بەئاشکرا لەو هەوڵانە بەدوور بگیرێ کە دەستوبرد جارێکی تر دەستدرێژییەکانی شرۆڤە کردنە باوەکان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنین. ئێمە بەوپەڕی دڵنیاییەوە خۆمان لەدژی ئەمە دەپارێزین ئەگەر ئێمە بەبێ تیۆرییەکی فەلسەفە بە سادەیی ئامرازێک باس و شرۆڤە بکەین.

ئێمە وەک نموونە ئامرازێکی باو هەڵدەبژێرین: جووتێک سۆڵی (پێڵاوی) وەرزێر، بۆ شرۆڤەکردنی پێویست ناکات هیچ جارێک پارچەیەکی ئەم جۆرە ئامرازەی بەکارهێنان نیشان بدەین، هەموو کەسێک دەیزانێ، بەڵام بابەتەکە بریتییە لە شرۆڤەکردنێکی ڕاستەوخۆ، واباشە ڕوونکردنەوەکە ئاسان بکەین. بۆ ئەم یارمەتییە بەکارهێنانی وێنە بۆ نیشاندان بەسە. ئێمە ئەمە تابلۆیەکی ناسراوی ڤان گۆخ هەڵدەبژێرین کە زۆرجار ئەم سۆلە ئامرازەی وێنەکێشاوە، بەڵام دەکرێ لێرەدا پتر چی ببینین؟! هەموو کەسێک دەزانێ پێڵاو سۆڵ چییە. ئەگەر سۆڵی دار، یان سۆڵی هەڵکۆڵێنراو نەبێ، سۆڵێک دەبینی سەروژێری لە چەرم دروستکراوە و بەدەزوو دروەوە و بە بزمار داکوتراوە. ئەم ئامرازە بۆ داپۆشینی پێ بەکاردەهێنرێ. بەپێی سوود و کەڵک و بەکارهێنان ئایا بۆ کاری کێڵگە، یان بۆ سەماکردن دەبن، کەرەسە و ڕوخسارەکەی جیاواز دەبن.

ئەم جۆرە ڕوونکردنەوە ڕاستانە تەنیا ئەوە باس دەکەن کە ئێمە دەیزانین، بوونی ئامرازێتی ئامراز سوود و کەڵکی دایە، بەڵام بابەتەکە سەبارەت بەمە خۆی چییە؟! ئایا بە هۆیەوە لە ئامرازێتی ئامرازەکە دەگەین؟! ئایا پێویست ناکات ئێمە، بۆ ئەوەی ئەوەمان بۆ هەڵبکەوێ، ئامرازی بەکەڵک و بەکارهاتوو لە سوود و کەڵکەکەیدا سەرنج بدەین؟! ژنەوەرزێر لە کێڵگەدا سۆڵ لە پێی دەکات. تەنیا لێرەدا ئەو سۆلە ئەوەیە کە هەیە. ئەو سۆلە پتر ڕەسەن دەبێ echter ئەوەندەی ژنە وەرزێرەکە لەکارکردنەکەیدا کەمتر بیری لێ بکاتەوە، یان تەنانەت سەرنجی بدات، یان تەنیا هەستی پێ بکات. ئەو بە پێیەوە دەوەستێ و دەڕوات و ئەوی لەپێدایە. بەم پێیە بەڕاستی سۆلەکە خزمەت دەکات. لەم کارەی بەکارهێنانی ئامرازەکەدا پێویستە ئامرازیەتیەکە بەڕاستی ڕووبەڕوومان ببێتەوە.

ئەوەندەی ئێمە بە پێچەوانەوە تەنیا بەگشتی جووتێک سۆڵ بهێنینە بەرچاوی خۆمان، یان لەوێنەدا تەنیا جووتێک سۆڵ کە لە پێدانین لەوێن و بەکارنەهاتوون سەرنج بدەین، هیچ کاتێک نازانین بە ئامرازبوونی ئامرازەکە بەڕاستی چییە. بەپێی تابلۆکەی ڤان کۆخ ناتوانین ساغی بکەینەوە ئەو سۆلە لە کوێیە(٣). لە دەوروپشتی جووتە سولەکەی جووتیارەکە شتێک نییە تاوەکو بتوانرێ بزانرێ بۆچی و هی کێن، تەنیا

جێگایەکی دەستنیشانەکراو هەیە. تەنانەت تۆزە گڵێکی کێڵگەکە، یان هی ڕێگای کێڵگەکەی پێوە نەنووساوە تاوەکو بتوانرێ بەکارهێنانەکەی نیشان بدات. جووتێک سۆلی Sohle جووتیارەکە و هیچی تر نا، لەگەڵ ئەمەشدا:

لە زارە تاریکە کراوەکەی سۆڵەکەوە، ئەو زارەی بەهۆی بەکارهێنانی زەبەندەوە گەورە و فراوان بووە سەختیی هەنگاوەکانی کارکردن دەست پێدەکات. لە سۆلەکەدا بەردەوامی ڕۆیشتنی هێواش و لەسەرخۆ بەدرێژایی کێڵگەکە کە بۆ مەسافەیەکی دوور و درێژ بووەتەوە و هەمیشە هەروەک یەکە، تۆمارکراوە. ئەو کێڵگەیەی بایەکی بەتین هەڵدەکات. لەسەر پێستەکە لەجیاتی سەر زەوی شی هەیە. لەژێر سۆلەکەوە لەکاتی کپی شێوان تاکرەوی و گۆشەگیری کێڵگە کشتوکاڵیەکە خۆی دەکوتێتە ناوەوە. لە ئامرازی سۆلەکەدا بانگەوازی کپکراوی زەوی بێدەنگییەکەی خۆی بەگەنمی پێگەیشتووی شیلەدا و خودداریکردنە ڕانەگەیەنراوەکەی لە زەوی بواری بێ بڕشتی کێڵگەی وەردی زستاندا نیشان دەدات. بەهۆی ئەم ئامرازەوە ترسی بێ گازندەی دابین کردنی نان، خۆشی بێدەنگی تێپەڕاندنی سەرلەنوێی دەستکورتی و نەداری و نەبوونی لەرزی هاتنی منداڵ بوون، چەقچۆ و لێوە لەرزەی هەڕەی مردن بڵاودەبنەوە. ئەم ئامرازە سەر بەزەوییە و لە جیهانی ژنە وەرزێرەکەدا پارێزراوە. لەم سەپێهێنانە پارێزراوەدا ئامرازەکە خۆی ئارامی و جێگیری لەخۆیدا دەستگیر دەبێ.

بەڵام دوور نییە ئێمە هەموو ئەوانە تەنیا لەو ئامرازی سۆلەکەدا کە لە وێنەکەدایە بەدی بکەین، بەڵام ژنە وەرزێرەکە بە ئاسانی و ساوەیی پێڵاوەکەی لە پێدایە. ئەگەر بێتو ئەم لەپێکردنە سادەیە وا سادە و ئاسان بێت. ئەوەندەی ئەو ژنە وەرزێرە ئێوارەی درەنگ بەوپەڕی شەکەتی و سەختی، بەڵام تەندروستی ماندووییەوە سۆلەکەی دابکەنێ و جارێکی تر لە تاریکی کازیوەی بەیانیدا جارێکی تر بچێتەوە سەرێ، یان لە ڕۆژانی پشوودا بەلایدا بچێ، ئەمە هەمووی بەبێ سەرنجدان و تێبینی کردن دەزانێ و دەکات. بەئامرازبوونی ئامرازەکە لەسوود و کەڵک لێوەرگرتنەکەیدایە، بەڵام ئەمە هەمووی بەتێروپڕی بوونی جەوهەری ئامرازەکەوە بەندە. ئێمە ئەمە بە بڕوا پێ بوون ناودەبەین. بەپێی ئەمە ژنە وەرزێرەکە بەهۆی ئامرازەکەوە چووەتە ناو ناخی بانگەوازی زەوییەکەوە، بەپێی بڕوابوون بە ئامرازەکە ئەو لە جیهانەکەی خۆی دڵنیایە. جیهان و زەوی بۆ ئەو و بۆ ئەوانەی وەک ئەون و بەشداری لەگەڵدا دەکەن تەنیا بەو شێوەیە لێرە هەیە(٤): لە ئامرازەکەدا. ئێمە دەڵێین «تەنیا» و بە هەڵە دەچین: چونکە جێگای بڕوا بوونی ئامرازەکە ئەوەیە کە هێمنی و ئارامی بەجیهانی سادە دەبەخشێ و ئازادی تەوژمی بەرەو پێشچوونی بەردەوامی بۆ دابین دەکات.

بە ئامرازبوونی ئامراز، بڕوا پێ هەبوون، هەموو شتەکان بەپێی شێواز و فراوانیان لەخۆیدا پێکەوە دەپارێزێ. سوود و کەڵکی ئامرازەکە چەند ئەنجامێکی جەوهەری بڕوا پێبوونەکەیە ئەویان لە ئەمەیاندا دەردەکەوێ و بەبێ ئەو هیچ دەبوو. ئامرازی تاک بەکاردێ و لەناودەچێ، بەڵام لەهەمانکاتدا بەمە بەکارهێنانەکە خۆیشی دووچاری بەکارهێنان و لەناوچوون دەبێ، دەسوێ و دەبێ بە ئاسایی باو. بەم پێیە بە ئامرازبوون دووچاری سیس و ژاکان دەبێ، دێتە خوارەوە بۆ ئاقار ئامرازی ڕووت و پەتی. ئەم جۆرە سیس و ژاکان و ئامراز بریتییە لە نەمانی بڕوا پێ بوونەکە. ئەو کەمکردنە Schwund کە مایەی ڕاهاتنە باوە تۆبزیکارە بێزارکەرەکەی شتەکانی بەکاربردنە، تەنیا هەر پتر بەڵگەیەکی گەوهەری بنەڕەتی بە ئامرازبوونە. ڕاهاتنی بەکاربردووی ئامرازەکە خۆی وەک تاکە جۆری بەرچاو و دیاری تایبەتی بوون دەسەپێنێ. تەنیا سوود و کەڵکی ساکار ئێستا دیار و بەدەرەوەیە. ئەو ئەم وا دانانە دێنێتە ئاراوە بنەڕەتی ئامراز لەو دروستکردندایە کە ڕوخسارێک بەکەرەسەیەک دەدات. لەگەڵ ئەمەشدا ئامرازەکە لە بە ئامرازبوونە ڕاستەقینەکەیدا لەدوورترەوە هاتووە. کەرەسە و ڕوخسار و جیاوازی هەردووکیان بنج و بناوانێکی قووڵتریان هەیە.

ئارامی ئامرازی لەخۆدا ئارام لەباوەڕبوونەوە پەیدادەبێ، لەودا ئێمە یەکەم جار بۆمان دەردەکەوێ ئامراز بەڕاستی چییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە تا ئێستاش لەو بارەیەوە نازانین لەسەرەتاوە بەدوای چیدا گەڕاوین، لەبارەی شمەکێتی شتەکەوە. هەروەها بەتەواوەتی ئێمە ئەوەش نازانین کە ئێمە بەتایبەتی و

تەنیا بۆ ئەو دەگەڕێین: کارێتی بەرهەمەکە بەواتای کاری هونەری، یان ئێستا ئێمە بەبێ ئەوەی پێی بزانین، بەڕێگایەکی سەرپێیانە، دەبێ دەربارەی کارێتی کارە هونەرییەکە شتێکمان زانیبێ؟! بە ئامرازبوونی ئامرازەکە دۆزراوەتەوە، بەڵام چۆن؟! نەک بەڕێگای باسکردن و ڕوونکردنەوەیەکی ئامرازێکی پێڵاو کە بە ڕاستی لەبەردەستماندا بووە، نەک بەڕێگای ڕاپۆرتێک دەربارەی پرۆسەی دروستکردنی سۆل و پێڵاوەوە، هەروەها نەک بە ڕێگای سەرنجدانی لێرە و لەوێ بەڕاستی بەکارهێنراوی ئامرازی سۆل، بەڵکو تەنی بەو ڕێگایەدا کە خۆمانمان خستۆتە بەردەم تابلۆیەکەی ڤان کۆخ. ئەمە ئاخافت. لەنزیکی کارە هونەرییەکەوە ئێمە لە ناکاو لە جێیەکی تر بووین، جیا لەوەی کە ئێمە ئاسایی دەخوازین لێی بین.

کارە هونەرییەکە وای کرد بزانرێت ئامرازی سۆل بەڕاستی چییە؟ بەدترین کاری خۆ تەفرەدان دەبێت ئەگەر بمانەوێ وابزانین کە ئەو باسەی کردمان ئەوی تەنیا بەکارێکی خودیدا نابێ کە بە ئەندێشە هەمووی بەم جۆرە وێناکردووە و ئینجا خستوویەتییە ناویەوە. ئەگەر لێرەدا شتێک جێگای ئەگەر بێت، ئەوا هەر ئەوە بووە کە ئەزموونەکەمان لەنزیک کارە هونەرییەکەوە کەم بووە و ئێمە بەشێوەیەکی کاڵ و کرچ و ڕاستەوخۆ قسەمان لە ئەزموونەکە کردووە، بەڵام بەر لە هەموو شتێک، کارە هونەرییەکە ئەو ئەرکەی نەبووە، هەروەک لەسەرەتاوە دەرکەوتووە بەچاکترین شێوە ئەوە بخاتە بەرچاو، ئامراز چییە؟ پتر بەهۆی کارە هونەرییەکەوە و تەنیا لەکارەکەدا بەئامرازبوونی ئامرازەکە بەشێوەیەکی تایبەتیی خۆی بەدیار خستووە.

چی لێرەدا دەقەومێ؟! لەکارە هونەرییەکەدا چ ڕوودەدات؟! تابلۆیەکەی ڤان کۆخ ئاواڵەکردنەوەی ئەوەیە، ئامراز، جووتە سۆلەکەی ژنە وەرزێر، بەڕاستی چییە. ئەم بوونەوەرە بوونەکەی لەنەشاردراوەییەوە دێنێتە دەرێ. یۆنانییەکان نەشاردراوەیی بوونەوەریان بە ئەلێتایە aletheia ناوبردووە. ئێمە ڕاستیی دەڵێین کەم لەم وشەیە بیردەکەینەوە. لە کارە هونەرییەکەدا، ئەگەر بێتو ئاواڵابوونەوەی بوونەوەر لەوەدا چییە و چۆنە ڕوویدات، ڕاستی ڕوودەدات.

لە کارە هونەرییەکەدا ڕاستی بوونەوەر خۆی خستووەتە نێو کارەکەوە، «خستنە ناو» Setzen لێرەدا دەڵێ: بەپێوە ڕاپیوەستێنی بوونەرێک جووتێک سۆلی ژنە وەرزێر، لەکارە هونەرییەکەدا لەبەر تیشکی بوونەکەیدا ڕادەوەستێ. بوونی بوونەوەر دێتە نێو بەدەرکەوتنی بەردەوامییەوە.

ئیتر گەوهەری هونەر بەم جۆرە دەبێ:

ڕاستی بوونەوەر خۆی بخاتە نێو کارە هونەرییەکەوە، بەڵام تائێستا کاری هونەری هەر تەنیا بە جوان و جوانییەوە نەک بەڕاستییەوە پێوەندی هەبووە. ئەو هونەرەی ئەم جۆرە کارە هونەرییانە بەرهەم دەهێنێ، بە پێچەوانەی هونەری کاریدەست کە ئامراز دروست دەکات، بەهونەرە جوانەکان ناو دەبرێت. لە هونەری جواندا هونەرەکە جوان نییە، بەڵکو بەو ناوە ناودەبرێ، چونکە ئەو جوان دێنێتە کایەوە، بە پێچەوانەوە ڕاستی سەر بە مەنتیقە Logik، جوانی بابەتی پاوانکراوی ئیستێتیکە، یان دەبێ بەم ڕستەیە: هونەر دانانی ڕاستییە لە خۆیدا لەنێو کاری هونەریدا سەرلەنوێ ئەو ڕایە زیندوو دەکەینەوە کە خۆشبەختانە تێپەڕێنراوە: هونەر لاسایی کردنەوەو وێناکردنی هەڵکەوتە (واقیعیە)؟! دەربڕینی ئەوەی لە ئارادایە بە ڕاستی گونجان Ubereinstimmung لەگەڵ بوونەوەردا و پەیڕەوکردنی ئەمە پێویست دەکات. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وتراوە (adaequatio) ئەرستۆتلس پێشتر: homoiosis ناوی بردووە گونجان لەگەڵ بوونەوەردا لەمێژە بەگەوهەری ڕاستەقینە دانراوە، بەڵام ئایا ئێمە مەبەستمان ئەوەیە، تابلۆیەکەی ڤان کۆخ Van Gogh سۆلێکی لەبەردەستدابوونی ڕەنگ ڕشتووە و بەکارێکی هونەری دادەنرێ، چونکە لەمەدا سەرکەوتوو بووە؟! ئایا مەبەستمان ئەوەیە تابلۆیەکە شتێکی هەڵکەوتی کۆپی کردووە و ئەمەی کردووە بە بەرهەمێکی بەرهەمهێنانی کاری هونەری؟! نەء.

کەوا بوو ئەوەی لەکارە هونەرییەکەدایە بریتی نییە لە دەربڕینی ئەو بوونەوەرە تاکەی لەبەردەمدایە، بگرە بە پێچەوانەوە بریتییە لە دەربڕینی گەوهەری گشتی شتەکە، بەڵام ئەم گەوهەرە گشتییە لەکوێیە و چۆنە، تاوەکو کارە هونەرییەکە لەگەڵیدا بێتەوە و بگونجێ؟! لەگەڵ گەوهەری کام شتدا دەبێ پەرستگایەکی یۆنانی بێتەوە و بگونجێ؟! کێ دەتوانێ ئەم لەکردن نەهاتووە لاف لێ بدات گوایە لەو کارە بیناسازییەدا بیرۆکەی پەرستگاکە

نیشان دراوە؟! بگرە هەر لەم کارە هونەرییەدا ئەگەر ئەمە کارێکی هونەری بێت، ڕاستی خراوەتە ناو کارەکەوە، یان ئێمە با بیر لە سروودەکەی «راین»ی هولدەرلین بکەینەوە. چ شتێک و چۆن پێشکەش بە شاعیرەکە کراوە تاوەکو بتوانێ لە پارچە هەڵبەستەکەدا جارێکی تر پێشکەشی بکاتەوە؟! خۆ ئەگەر لە ڕەوشی ئەم سروودە و لە پارچە هەڵبەستی وەک ئەمەدا بڕنەکردنی بیرۆکەی پێوەندی کۆپییانەی نێوان هەڵکەوت (واقیع) و کاری هونەری بەئاشکرا دەربکەوێ، ئەوا بەرهەمێکی ئەو جۆرەی هەڵبەستەکەی سی. ئێف مایەرس «کانییە ڕۆمییەکان» بەباشترین شێوە دەری دەخات، ئەو بۆچوونە، وەک دەردەکەوێ، پشت ڕاست دەبێتەوە کە کاری هونەری کۆپیکردنە abbilde.

**کانییە ڕۆمییەکان**

**تیشکەکە بەرز دەبێتەوە و کە کەوت ئاودەدات**
**حەوزە مەرمەڕەکە تێرو پڕ ئاو دەدات**
**بەخۆ داپۆشینەوە لەبەری دەڕوات**
**حەوزی دووەم لەژێریەوە ئاو دەدات**
**دووەمیان تێر دەبێ و لەبەری دەڕوات**
**بۆ سێیەم و ئەویش وەک لافاو لەبەری دەڕوات**
**هەریەکێکیان وەردەگرێ و دەدات لە هەمان کاتدا**
**بە تەوژم دەبێ و ئارام دەگرێت.**

لێرەدا نە چەند کانییەکی هەبووی ڕاستەقینە بەهەڵبەست وێناکراون و نە گەوهەری گشتی کانییەکی ڕۆمی باس کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییەکە خراوەتە نێو کارەکەوە. چ ڕاستییەک لەکارەکەدا ڕووی داوە؟ دەکرێ ڕاستی بەگشتی ڕووبدات و ببێ بە مێژوویی؟! دەگوترێ، ڕاستی شتێک بەبێ کات و لەسەر و کاتییەوەیە.

ئێمە بەدوای واقیعیەتی کاری هونەریدا دەگەڕێین، بۆ ئەوەی لەوێ بەڕاستی ئەو هونەرە کە تێیدا زاڵە بدۆزینەوە. ژێرخانی شمەکی لەو شمەکییەتیە بگەیشترێ، چەمکە باوو پشتاوپشت هاتووەکانی شت بەس نییە، چونکە ئەمە خۆی گەوهەری شمەکییەتیەکان نادۆزێتەوە. چەمکی پێشییانە بلاووباوی شت، شت وەک کەرەسەیەکی ڕوخسار پێبراو، نەک یەکجار لە گەوهەری شتەکەوە، بەڵکو لە گەوهەری ئامرازەکەوە دەزانرێ و دەدیترێ. هەروەها دەردەکەوێ کە لە مێژەوە بەئامراز بوون لە کاتی لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی بوونەوەردا پلەیەکی تایبەتی بەدەستهێنانەوە. ئەم پلە هەبوونەی بە ئامرازبوون ئەگەرچی بایەخی تایبەتی پێنەدراوە، ئەو ئامـاژەیەی داوە سەرلەنوێ لە بارەی ئامرازێتی بپرسرێ، بەڵام بەو مەرجەی لێکدانەوە باوەکان ببوێردرێن.

ئامراز چییە، ڕێگەمان بەخۆمان داوە بەهۆی کارە هونەرییەکەوە پێمان بگوترێ. بەهۆی ئەمەوە، بەنهێنی و بەبێ ئەوەی بزانین، چی لەکارە هونەرییەکەدا ڕوودەدات: ئا والابوونەوەی بوونەوەر لە بوونەکەیدا: ڕوودانی ڕاستەقینە. ئێستاش خۆ ئەگەر هەڵکەوتی کارە هونەرییەکە بەوە نەبێ کە تێیدا ڕوودەدات بەشتێکی تر دیار و دەستنیشان نەکرێت، نیازەکەی ئێمە بە چی دەگات، کاری هونەری ڕاستەقینە لە واقیعییەتییەکەدا بەدوایدا بگەڕێین؟! بە ڕێگای هەڵەدا ڕۆیشتن، مادام ئێمە لە سەرەتادا واقیعیەتی کارە هونەرییەکەمان لەژێر خانی شمەکیدا مەزەندە کردبوو. ئێمە ئێستاکە لەبەردەم ئەنجامێکی سەیر و سەمەرەی ڕامان و سەرنجدانەکانمان داین، ئەگەر بێتو بشێ ئەمە بە ئەنجام ناوببردرێ. دوو شت ڕوون دەبنەوە: یەکێکیان:

ئامرازەکان بۆ تێگەیشتنی لایەنی شمەکێتی لەکارە هونەرییەکەدا، چەمکە باو و بلاوەکانی شت، بەس نین.

ئەوی تریان:

ئەوەی ئێمە وەک یەکەمین واقیعیەتی کارە هونەرییەکە ویستمان تێی بگەین، ژێرخانە شمەکییەکە، بەم شێوازە سەر بەکارە هونەرییەکە نییە.

ئەوەندەی ئێمە سەرنجی ئەو لایەنەی کارە هونەرییەکە بدەین، بەبێ ئەوەی ئێمە پێبزانین، کارە هونەرییەکەمان بەئامراز داناوە، سەرەڕای ئەمە سەرخانێک پەسند دەکەین کە دەبێ لایەنە هونەرییەکەی تێدابێ، بەڵام کارە هونەرییەکە ئامراز نییە سەرەڕای ئەوەی کە بایەخێکی ئیستێتیکی هەیە کە پێوەیەتی. بە هەمان جۆر کارە هونەرییەکە وەک شتی ڕووت ئامراز نییە، تەنیا هەر لە کارەکتەری تایبەتی ئامراز، لەکەڵک و سوود و دروست کردنی کەمە و نیەتی. شێوازی پرسینەکەمان دەربارەی کاری هونەری کەوتە لەرزین، چونکە ئێمە لە بارەی کارە

هونەرییەکەمانەوە نەپرسیوە، بەڵکو نیوە نیوە دەربارەی شتێک و دەربارەی ئامرازێک پرسیارمان کردووە. بە تەنیا ئەمە پرسیارکردن نەبووە کە ئێمە یەکەم جار پەرەمان پێداوە. ئەمە جۆرە پرسیارکردنێکی ئێستێتیکایە. ئەو جۆرەی کە ئیستێتیکا پێشییانە سەرنجی کاری هونەری دەدات، کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی لێکدانەوەی بە میرات ماوەی هەموو بوونەوەرێک. لەگەڵ ئەمەشدا لەرزینی ئەم جۆرەی باوەی پرسیارکردن شتێکی جەوهەری نییە. ئەوی گرنگە دیدێکی کراوە هەبێ بۆ ئەوە کە ڕاستێتی کارە هونەرییەکە، ئامرازێتی ئامرازەکە، شمەکێتی Dinghaft شتەکە کاتێک لێمان نزیک دەبێتەوە ئەگەر ئێمە بیر لە بوونی بوونەوەر بکەینەوە. بۆ ئەمەش پێویستە، لە پێشەوە کۆسپەکانی بەڵگە هەڵنەگران لەسەر ڕێگا تەخت بکرێن و نیمچە چەمکە باوەکان بەلاوە بنرێن، بۆیە پێویست بوو لەسەرمان بەڕێگایەکی پێچاوپێچدا بڕۆین، بەڵام ئەو ئێمەی لەهەمان کاتدا خستە سەر ڕێگایەک کە دەتوانی بەرەو دەستنیشان کردنێکی شمەکێتی لەکارە هونەرییەکەدا بمانبات. شمەکێتی لە کارە هونەرییەکەدا نابێ حاشای لێ بکرێت، بگرە ئەم شمەکییەتییە دەبێ، ئەگەر سەر بە بوونی کارێتی کارەکە بێت، بەپێی کاریەتییەکە وێنا بکرێت. ئەگەر شتەکە بەم جۆرە بێت، ئەوا ڕێگاکە بەرەو دەستنیشانکردنی واقیعیەتی شمەکێتی کارە هونەرییەکە نەک لە شتەکەوە بۆ کارە هونەرییەکە، بەڵکو لە کارە هونەرییەکەوە بەرەو شتەکە، دەمانبات.

کارە هونەرییەکە بە شێوازەکەی خۆی بوونی بوونەوەر واڵا دەکات، لەکارە هونەرییەکەدا، ئەم واڵا کردنە ڕوودەدات، واتە پەردە لەسەر لادران، واتە ڕاستی بوونەوەرەکە، لەکاری هونەریدا ڕاستی بوونەوەر خۆی لەنێو کارەکەدا داناوە. هونەر بریتییە لەوەی ڕاستی خۆی- لە کارەکەدا- دابنێ. ڕاستی خۆی چییە، تاوەکو جاروبار وەک هونەر ڕووبدات..(٥)؟! خۆ- لە کارە هونەرییەکەدا- دابنێ چییە؟!

**پەراوێز:**

**(١) لەچاپی ڕێکلام ١٩٦٠ز دا هاتووە: (بۆ هی خۆی) لەحازر بوونەکەیدا.**

**(٢) لەچاپی یەکەم ١٩٥٠ز دا هاتووە:**

**- بڕوای خەلق لە تەوراتدا.**

**- ڕوونکردنەوە هۆیەکییە- بوونییەکەی توماسی ئەکوین.**

**- ئەوەی ئەرستۆتلس لەم وشەیە لێکی داوەتەوە.**

**(٣) لەچاپی ڕێکلام ١٩٦٠ز دا: هی کێن..**

**(٤) لەچاپی ڕێکلام ١٩٦٠ز دا: ئەوان.... لێرە= حازرن.**

**(٥) لەچاپی ڕێکلام ١٩٦٠ز دا: ڕاستی لەڕووداوەوە!**

**سەرچاوە:**

**- Heidegger, Martin., Holzwege. In: Gesamtausgabe. I. Abteilung: veroffentlichte Schriften 1914-1970. Band 5. Vittorio Klostermann. Frankfurt am Main 1977. S.1-25.**

# چەشنەکانی کەسایەتی و پێوەندییان بە دەستکەوتی خوێندن لەلای قوتابیانی قۆناغی دواناوەندی

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)

د. یووسف حەمەساڵح مستەفا
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)

د. ڕێزان عەلی ئیبراهیم
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)

**پێشەکی**

زاراوەی کەسایەتی بەزۆر جۆر بەکارهاتووە، جا لەسەر ئاستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، یان بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان بێت، بەتایبەتی لەبواری دەروونزانیدا. هەوڵێکی زۆر و جیاجیا دراوە بۆ پێناسەکردنی کەسایەتی و دیاریکردنی پێکهاتە و جۆرەکانی لەسەردەستی زانایانی هاوچەرخ وەکو (شیلدۆن و یۆنگ و ئیزنگ و ئەلپۆرت و کاتیل)، چونکە بابەتی کەسایەتی بابەتێکی زۆر ئاڵۆزە و لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، کە چالاکییەکانی پەیوەستە بە باری کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژی و بابەتییەوە. ئەو هەوڵانەی تا ئێستاکە دراون و بەردەوامن زۆر لایەنی کەسایەتی و چالاکییەکانی دەگرنەوە، بە ئامانجی گەیشتنە بە تێگەیشتنی سروشتی ئادەمیزاد بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی گەشەکردنی، ئەم هەولانە هەنگاون بەشداری لەچاککردنی واقیعی دەروونی و کۆمەڵایەتی تاک دەکەن لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، (شلتز ١٩٨٣) وای بۆ دەچێت کە ئەگەر سروشتی مرۆڤایەتیمان چاککردەوە دەتوانین هەموو شتێک چاک بکەین.

زۆر لە لێکۆڵینەوە دەروونییەکان توانییان پێشبینی لە سروشتی کەسایەتی بکەن و بە زۆر لە گۆڕاوەکانیان ببەستێتەوە، سیمای کەسایەتی و چەشنەکانی بەشێوەیەکی گشتی بە ڕەفتاری تاکەوە پەیوەستن و کاری تێدەکەن. کەسایەتی لە ڕوانگەی (ئەلپۆرت All-port)ەوە بریتییە لەو سیستەمە داینامیکییەی ناخی تاک کە سیستەمی دەروونی و جەستەیین و ڕەفتار و بیری تاک ڕێک دەخەن.

کاریگەری کەسایەتی تەنیا لەسەر خودی تاک نییە، بەڵکو ئەم کاریگەرییە بەرەو خەڵکانی تر دەڕوات. کەسایەتی بەواتای بنەچەیی (ئەوەیە کە تاک ئەکتیف دەکات و کاریگەری لەسەر کەسانی دەوروبەری دەکات).

لێکۆڵینەوە دەروونییەکان دەریان خستووە کە کەسایەتی شلەژاو و ناتەواو ناتوانێت خۆی لەکاتی ئەنجامدانی ڕەفتار لەڕووی چەندێتی و چۆنییەتییەوە لەگەڵ خودی خۆی و خەڵکانی تردا بگونجێنێت، بەڵام کەسایەتی تەواو لە ڕووی تەندروستی دەروونییەوە بە باشی لەگەڵ خودی خۆی و خەڵکانی تردا دەگونجێت و بەرهەمی بە سنووری تواناکەی خۆیەوە پەیوەست دەبێت.

ئەم تەواوەتی کەسایەتییە لە پەروەردەی ماڵ و قوتابخانە و کۆمەڵ بەدەردەکەوێت. ئەو پەروەردەیەی کە دەیکاتە (یەکەیەک) کۆنترۆڵی (زۆرینە) جۆراوجۆرەکە دەکات.

لێکۆڵینەوە تازەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە سەرکەوتن لە کاروبارە ئەکادیمییەکان و جێبەجێ کردنیان بەتایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەوە پەیوەستە، دەستکەوتی باش و بێهێز بەشێوەیەکی کاریگەرانە بە چەشنی کەسایەتی قوتابی، دواتر بە مەودای هەستکردنی بە بەرپرسێتی کەسایەتییەوە پەیوەستە.

(ئەبو زەید ١٩٨٧) وای بۆی دەچێت کە خۆگونجاندنی ئەکادیمی قوتابی بە شێوەیەکی سەرەکی بە پێکهاتەی کەسایەتییەوە پەیوەستە، ئەو پێکهاتەیەی کە نەک تەنیا کار دەکاتە سەر کۆششی قوتابی لەبواری ئەکادیمیدا، بەڵکو کاریگەری لەسەر جیهانی بەرفراوانی کۆمەڵایەتیش هەیە.

زانینی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی کە پەیوەستە بە سەرکەوتنی لەکاروباری ڕەفتاری و بەتایبەتی سەرنەکەوتنی لە بواری لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا، پرۆسەیەکی زۆر گرنگە لەڕووی پاداشت کردنی ئەم تایبەتمەندییانەوە کە پەیوەستە بەسەرکەوتن و هەڵسەنگاندن و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەوتایبەتمەندییانەی کە دەبنە هۆی دواکەوتن بەتایبەتی دواکەوتن لەخوێندن.

لێرەدا دوو بۆچوونی دیار هەن لە دەروونزانیدا ئاماژە بەم تایبەتەندییانەی کەسایەتی دەکەن کە بەگشتی لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە. هەندێ لە زانایان وەک (شیڵدۆن و یۆنگ) جەخت دەکەنە سەر سیمای گشتی بنەڕەتی و بەیەک لەو جەمسەرانە دادەنێت، کە بە دەوری زۆر لە سیماکانی کەسایەتیدا دەسوڕێنەوە و پێی دەڵێن (تیۆری چەشنەکان)، کەچی بۆچوونەکەی تر لەگەڵ ڕاوبۆچوونی خاوەنانی (تیۆری سیماکان)دا یەک دەگرێتەوە. وەک (ئەلپۆرت و کاتیل و ئایزنگ) کە بڕوایان وایە سیما بریتییە لە چەند چەمکی ئامادەییانە واتە ئەوەی ئاماژە بە (ئارەزوومەندی کار)، یان وەڵامدانەوە بە ڕێگایەکی دیاریکراو دەکات، چونکە هەرکەسێک ئامادەیی دەروونی لە هەڵوێستێک بۆ هەڵوێستێکی تر دەگوێزێتەوە و تاڕادەیەک برێک لە ئەگەری ڕەفتاری کەسی دەگرێتەوە.

لێکۆڵینەوەی ئێستا لە چوار چەشنی کەسایەتی دەکۆڵێتەوە (شیکەرەوە، سەرکردایەتی، سۆزی ڕەوانبێژی) و پێوەندی بە دەستکەوتی خوێندن لەلای قوتابیانی قۆناغی دواناوەندی بۆ زانینی ئەوەی تا چ ڕادەیەک هەریەک لەم چەشنانە بە چەشنی کەسایەتی خۆیانەوە پەیوەستن.

هەردوو توێژەر لەو بڕوایەدان کە چەشنەکانی کەسایەتی بریتین لە کۆمەڵێک لە سیمای کەسایەتی کە بە چەشنێک لەم چوار چەشنەوە لەم توێژینەوەیدا پەیوەستە.

١- چەشنی شیتاڵکاری: خاوەنی ئەم چەشنە ئاگایی هزری و ئارەزوو لە جەخت کردن لەسەر وردبینی شت و پشکنینی هەموو ڕێگەچارەکان پێش بڕیاردانی کۆتاییان پێوە دیارە.

٢- چەشنی سەرکردایەتی: خاوەنی ئەم چەشنە بەوە دەناسرێن کە لە بڕیاردان خێران و چیکڵدان تەنگن بە تایبەتی لەگەڵ ئەوانەی کە گوێڕایەڵیان نابن، یان لەگەڵ ڕکێفی ئەوان نارۆن، حەز لە کارکردن دەکەن و ئارەزووی سەرکێشی و جەربەزەییان هەیە و کاتێک کە لەژێر فشاردا دەبن لە ڕووی هەستەوە ساردن.

٣- چەشنی سۆزی: ئەوانەی سەر بە ئەم چەشنەن زۆر بایەخ بەکاروباری کۆمەڵایەتی دەدەن و مەبەستیان ئەوەیە ڕەزامەندی دەوروبەریان دەستەبەر بکەن و سۆزدارن و ئارەزووی پشتیوانی و لایەنگیری و بەشداری کردنیان هەیە.

٤- چەشنی دەربڕ (ڕەوان): ئەوانەی سەر بەم جۆرەن بزێو و سەرکێش و حەز لە خۆ دەرخستن دەکەن بیری نوێیان لایە. هەروەها ئەفراندنیان هەیە و گیانی نوکتە و گاڵتە و حەماسەت و گیانی گرووپیان هەیە و حەز دەکەن خەڵکان بەرەو پێش ببەن.

هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی لە کەسایەتی ئادەمیزاد بگەین و ئەم هەوڵدانەش لەکۆنەوە بە فەیلەسووفەکانی یۆنان وەک (هیپۆکرات و جالینۆس)، (هیپۆکرات ٤٢٨- ٣٣٨پ.ز)ەوە پەیوەستن کە کەسایەتییان بۆ چوار چەشن دابەش کردووە (خەمۆکی، گەشبین، بێهێز، هەڵچوو).

کەچی (بافلوف ١٨٤٩- ١٩٣٩) مرۆڤی بەپێی پرۆسە دەمارگیرییە بنەڕەتییەکان بۆ چوار چەشن دابەش

کردووه (پاڵپێوەنەر، هێواش، چالاکی هاوسەنگ، بێ دەنگی هاوسەنگ).

هەروەها شیلدۆن (١٨٩٨- ١٩٧٧) کەسایەتی بەپێی تایبەتمەندییە جەستەییەکان بۆ سێ چەشن دابەش دەکات (ناوەکی، جەستەیی، مێشکی).

(کریتشەر ١٩٢٢)یش سێ چەشنی بنەڕەتی لە کەسایەتی دیاری کردووە (قەڵەوی کورت، لاواز، وەرزشی) دواتر دەتوانین بگەینە کۆمەڵێک تایبەتمەندی جەستەیی لەسەر بنەمای پێکهاتەی جەستەی.

(کارل یۆنگ ١٨٧٥- ١٩٦١) خەڵکانی بۆ دوو چەشنی بنەڕەتی لە کەسایەتی پۆلێن کردووە کە ئەمەن: کۆمەڵایەتی (منبسط) کە بەرەو جیهانی دەرەکی دەڕوات و دوورەپەرێز (الأنطوائی) کە بەرەو ناو خودی خۆی دەڕوات. یونگ هەر چەشنێک لەم چەشنانەی بە چوار ئەرک پەیوەست کردووە کە ئەمانەن: (بیر، ویژدان، هەست، حەدەس. پێشبینی)، بەڵام زانایانی سیما هەوڵیان داوە بە ڕێگای تر کە گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە بدۆزنەوە کە لەمرۆڤدا هەیە وەک زانایان (ئایرنگ و ئەلپۆرت و کاتێل).

(داڤیدۆف ١٩٨٣) دوو جیاوازی بنەڕەتی لەنێوان خاوەنانی تیۆری چەشنەکان و تیۆری سیماکاندا دەرخستووە ئەویش ئەمانەن:

١- سیما ئاماژە بە چەند لایەنەکی دیاری کراوی تەسکی کەسایەتی دەکات، بەڵام چەشنەکان باسی کەسایەتی بەشێوەیەکی گشتی دەکات.

٢- چەشنەکان گریمانەی ئەوە دەکەن کە سیمای تایبەتی هەن زۆرجار پێکەوە کۆدەبنەوە، بەڵام سیما (ئامادەییە شێوەییەکانی کەسایەتی) خەڵکان بەپێی کۆکراوەکانی سیما و کەسایەتییان بەگشتی وەسف دەکەن و پۆلینیان دەکەن کەسایەتیش بەگشتی بۆ پێکهاتە تایبەتییەکانی دابەش دەکەن و هەر خاسیەتێک بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەماوەی ژیان و لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا بەردەوام دەبێت.

کەچی (لازاروس، ١٩٨٩) بڕوای وایە کە شێوازی چەشن Type بریتییە لە تەواوکەری بیری بەکارهێنراو لە شێوازی سیمادا کاتێک کەسێک بە سیمایەک، یان کۆمەڵە سیمایەک وەسف دەکەین ئەوە لە شێوازی چەشن دەتوانین پلانی گشتی بەرفراوان و یەکگرتووتر پێڕەو بکرێت، ئەویش پلانی پۆلێن کردنە، یان دانان لەخانەکان، لەوانەیە تاک وا وەسف بکریت کە ئینتیمای بۆ چەشنێک هەبێت بەپێی ئەو کۆمەڵە سیمایانەی کە ئەو تاکە دەریان دەبڕێت. ئەگەر کۆمەڵێک (سیمای چەشن) Trait pattern لەگەڵ کۆمەڵەیەکی گەورە لە تاکەکانی تر دەرکەوت کەواتە ئەوە تاکەکانی ئەم کۆمەڵەیە ئینتیمای چەشنێک دەکەن.

(کاتیل ١٩٠٥) Cattel بڕوای وایە کە سیما یەکەی دروستکاری کەسایەتییە و کەسایەتی لەلای ئەو شتەیە کە ڕێگا بە پێشبینی کردن دەدات بەو شتانەی کە تاک لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا ئەنجامی دەدات.

زۆربەی زانایان و توێژەرەکانی لە بوارە جیاجیاکاندا هەوڵیان داوە سیستەمە تایبەتەکان بە پۆلێن کردنی کەسایەتی چەشن بێت، یان سیما بگونجێنن و بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردەیی و بەڕێوەبەرایەتی و سەرکردایەتی بەکاربهێنن کە لەم پرۆسانەدا کەسایەتی تەوەرێکی ئەکتیڤە.

ڕەنگە تێگەیشتنی ڕەهەندەکانی کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی بۆ ئاراستەکردنی ڕەفتاری تاک پێوەرێک بن، هەروەها چوارچێوەیەک بن بەهۆیەوە بتوانرێت پێشبینی ئەم ڕەفتارانە بکەین.

پێویستە کارگێڕان ئاگاداری ئەوەبن کە جۆری کار و پێکهاتەی کار گۆڕانکاری دەنوێنن کە کاریگەری لەسەر کەسایەتی تاک و چەشنی ڕەفتاری لەناو سیستەمە (کەسایەتی)یەکە و تیۆری (گونجانی کار- کەسایەتی) پێشنیار پێشکەش دەکات بۆ چاکترکردنی کارکردنی فەرمانبەر لە ڕێگای هەڵبژاردنی تاکی گونجاو بۆ پیشەی دیاری کراو لە ڕێگای سوود وەرگرتن لە پێشوازی تایبەتمەندی پیشەیی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیدا، چونکە دەستکەوتی خوێندن بەشێکە لە ڕەفتاری قوتابی و کارلێکردنی لەناو ڕێکخراوە پەروەردەییەکان (قوتابخانە).

تاڕادەیەک هۆکارەکانی بابەتی و خودی کاردەکاتە سەر دەستکەوت. یەکەمیان بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە مامۆستا و بابەتەوە پەیوەستە، دووەمیان بەتایبەتمەندی کەسایەتی قوتابی وەک توانا و ئارەزوو و باری دەروونییەوە

پەیوەستە.

زۆربەی توێژینەوەکـان ئامـاژەیان بەوە کـردووە کـە پێـوەندی بەڵگەدار لەنێـوان سـیـمـای کـەسـایەتی و چەشنەکـانـیــدا لەلایەک و گــۆڕاوی تردا هەیە وەک خۆگونجاندنی دەروونی و زیرەکی و لایەنە دەرک پێکراو و کۆمەلایەتییەکـان، بەلام لێکۆڵینەوەی ئێسـتـا هەوڵ دەدات تا بزانێت ئایە پێوەندی نێوان تایبەتمەندییەکانی کـەسـایەتی کـە بۆ چوار چەشن (سـەرکـردایەتی و شیتاڵکاری و سۆزی و ڕەوانبێژی) پۆلێن کراوە و لەنێوان دەستکەوتی خوێندندا هەیە و بدۆزێتەوە.

دوای ئەوەی هەردوو توێژەر پێـوەری چەشنەکـانی کـەسـایەتییـان بەکـارهێنا. دوای ئەوەی بۆ پێوانی ئەم چەشنانە دروسـتـیـان کـرد، هەروەها پێـوەری (کنـاتی ١٩٧٩) بۆ دەسـتکەوتی خـوێندن چەند ئاکـامـێکی زانسـتـیـانەیان لێ هەڵهێنجـاند کـە ئەمـانەن: نموونەکە (قـوتابی) بەپێی دەلالەتی ناوەندی تیـۆری هەرسێ چەشنەکـە (شـیکاری و سـەرکـردایەتی و ڕەوانبـێـژی) ئاسـتی بەرزی تۆمـار کـرد، ئەمـانەش ئەم چەشنانەن کـە ئامـاژە بە ئاگـایی هزری و خـۆ بەدەسـتـەوەنەدان و ئارەزووکردنی دەرکەوتن و بیری تازە دەکەن کە ئەمانەش (نیـشـانەی پۆزەتیـڤن) چ لەلایەنی ڕەفـتـار چ لەلایەنی تەندروسـتی دەروونی تاکـەکـانی نموونەکـەوە، کـەچی چەشنی سۆزی ئاسـتـێکی نزیکی لە (ناوەندی تیـۆری) تۆمـار کـرد ئەمـەش بۆ قـۆناغی تەمـەنی (هەرزەکـاری) نموونەکـە دەگـەڕێتـەوە کـە تازە ئارەزوو گـرنگیـیـە کـۆمـەلایەتییـەکـانیـان لە لا سـەریان هەڵداوە. هەروەها تاکەکانی نموونەکە لە هەردوو پسـپۆڕایەتی (زانسـتی و وێژەیی) ئاستێکی بەرزیان بە دەلالەتی نێوەندی تیۆری هەرسێ چەشنی ناوبراو تۆمارکرد، هەمان شت سەبارەت بەتاکەکانی نموونەکە لەنێر و مێ، کە بەڵگەدار جیاوازی لە هەرسێ چەشنی ناوبراو لای تاکـەکـانی نموونەکـە دەرنەکەون بەپێی پسـپۆڕایەتی و ڕەگەز تەنیا پسـپۆڕی وێژەیی نەبێت و نێـرەکـانیش کـە ئاسـتـێکی بەرزتریان بەشـێـوەیەکی ڕێژەیی لە چەشنی دەربڕی لە پسـپـۆڕی زانسـتی و مێ تۆمـار کـرد. توێژەران ئەم ئاکـامـانە بۆ سـروشـتی پەروەردە و کـۆمـەلایەتی لە کـۆمـەڵگامـان دەگــەڕێننەوە کــە لەوانەیە ئارەزووی پەرەپێــدانی لایەنەکانی شیکاری و سەرکردایەتی و سۆزی بە ئاستی هاوسـەنگ لەنێوان تاکەکـاندا هەبێت بێجگە لەچەشنی دەربڕ کە خاوەنەکانی بە خێرایی جووڵەو سەرکێشی و دەرکـەوتن بە بیـری نوێ و ئەفـراندن و گیـانی نوکـتـە و حەمـاسـەت و گیـانی کـۆمـەلایەتی هاندانی خەڵکانی تر دەناسرێت، کـە لەوانەیە کۆمـەڵگامـان هانی ڕەگـەزی نێر بدات بۆ ئەم تایبـەتمەندییـانە زیاتر لە ڕەگـەزی مێ کـە پێداویستی کۆمەلایەتی تری بەسەردا دەسەپێنرێت وەک خودپارێزی و شەرم و دەستپێشخەری نەکردن. لەلایەکی ترەوە ڕەنگە خــوێندنی وێژەیی کــە تاکــەکــانی ئەم تایبەتمەندییانەیان هەبێت زیاتر لەخوێندنی زانسـتی، کە پـتـر گـوزارشت لە هزری مـرۆڤـایەتی و پێـوەندییـە کۆمەلایەتییە گەرم و گوڕەکان دەکات.

بەلام ئەوەی کـەپێـوەندی بە پاڵنەری دەسـتکەوتی خوێندنەوە هەیە دەرکـەوت کـە لەناوەندی تیـۆری بەرزترە لای نموونەکە بەگشتی و لای ڕەگەزی مێ و لە پسپۆڕی زانسـتی بەرزترە بە بەراوردکـردن لەگـەڵ نێـر لە پسـپـۆڕی وێژەیی، هەردوو توێژەر ئەم جیـاوازییـە لە دەسـتکەوتی خـوێندن لای هەردوو ڕەگـەزەکـە بۆ باری سـیـاسی و کۆمەلایەتی دەگەڕێننەوە کە بەشێوەیەکی پۆزەتیـڤیـانە و هەست پێکراو گــۆڕاون، بە تایبــەتی دوای ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١) لە کوردستان، لەوانەیە ئەم بارودۆخانە وایان لە ڕەگەزی نێر کردبێت کەمتر ڕووبەڕووی هەڕەشە ببنەوە بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی پێشوو کە (سەرکوت کردن و هەڵمەتی نەهێشتن) و خزمەتکردنی سەربازی و شەڕی بەخۆوە گرتبوو کە چاوەڕێی سەرنەکەوتووەکانی لە خوێندن دەکرد. ئەمەش وای کرد کە پاڵنەری دەستکەوتی خوێندن لەلای ڕەگەزی مێ بەرزتر بێ لە سەردەمی پێشوو بە بەراورد لەگەڵ باری ئێسـتـا، بەلام خـوێندنی زانسـتی بێگومـان پێـویسـتی بە مـاندووبوونێکی زۆرتر هەیە لەخـوێندنی وێژەیی، هەروەها سـەرکـەوتن و لەخـوێندنی زانســتی دەرگـای دوارۆژێکی پرشنگدار دەکـاتەوە بۆ هەڵبـژاردنی کـار وەک پزیشـک و ئەندازیاری...تاد. کـە ئەمـەش وای لە قـوتابیـانی خـوێندنی زانسـتی کـرد کـە پاڵنەرێکی بەهێزتریان هەبێت بۆ دەستکەوتی خوێندن لە قوتابیانی خوێندنی وێژەیی.

بەلام ئەوەی پێوەندی بە پێوەندییەکانی نێوان هەر چوار

چەشنەکە و دەستکەوتی خوێندنەوە هەبێت، دەرکەوت کە پێوەندییەکی پۆزەتیڤانە، بەڵام بەڵگەنەدارانە لەنێوان چەشنەکان (شیتاڵکاری و سەرکردایەتی) و پاڵنەری دەستکەوتی خوێندندا هەیە و پێوەندی نێوان چەشنی سۆزداری و پاڵنەری دەستکەوتی خوێندن لەلای نموونەکە بەگشتی پۆزەتیڤانە و بەڵگەدارانە بوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو سیمایانەی کە چەشنی سۆزداری کە لێزان و هوشمەندە و بایەخ بە دروستکردنی پێوەندی خۆشەویستی و پتر بایەخدان بە ئاکامەکان دەدات، گیانی ئامادەیی پێدەبەخشێت و بۆ دەستکەوتی پتری خوێندن پاڵی پێوەدەنێت، چونکە دەستکەوتی خوێندن پێویستی بە زیاتر درک کردن و زانین و خوشویستنی کار هەیە.

سەبارەت بەنێر پێوەندییەکان لەنێوان چەشنەکانی کەسایەتی (شیکاری، سەرکردایەتی، سوزداری) لەگەڵ دەستکەوتی خوێندن پێوەندییەکی پۆزەتیڤانە و بێ هێز بوو، لەنێوان چەشنی دەربڕ و دەستکەوتی خوێندن نێگەتیڤانە و بێ دەلالەت بوو، ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەفتاری (ئیندفاعی) کە سیمای زۆربەی ڕەگەزی نێرە و خێرایی لە بڕیاردان دا و سەرکێشی کردنی پێوە دیارە بەشێوەیەکی نیگەتیڤانە کاردەکاتە سەر هۆکارەکانی دەستکەوتی خوێندن و دەبێتە هۆی نزمی ئاستی لەلایان، بەڵام سەبارەت بە ڕەگەزی مێ پێوەندی نێوان چەشنەکانی کەسایەتی و (شتیاڵکاری، سۆزداری) لەگەڵ دەستکەوتی خوێندن پێوەندییەکی پۆزەتیڤانە بوو، بەڵام بێ دەلالەت لەنێوان چەشنی دەربڕ لەگەڵ دەستکەوتی خوێندن نێگەتیڤانە و بێ دەلالەت بوو ئاکامەکان دەریانخستن کە پێوەندییەکی بەهێز و باوەڕپێکراو لەنێوان چەشنی سەرکردایەتی و دەستکەوتی خوێندندا هەیە، چونکە سروشتی تایبەتمەندییەکانی چەشنی سۆزی ئاماژە بەوە دەکەن کە بایەخی کۆمەڵایەتی بەهێزیان هەیە لەگەڵ هەوڵدانی بۆ وەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەوانی تر و سۆزداری لەگەڵیان لەو تایبەتمەندییانەن کە وا لە قوتابیانی ڕەگەزی مێ دەکەن لە بایەخدان بەخوێندنی ئەکادیمی دوورکەونەوە و دواتر لەوانەیە ئەمەش ببێتە هۆی بێ هێزی پاڵنەری دەستکەوتی خوێندن لایان. هەرچەندە سیمای چەشنی دەربڕ لەلایان زیاتر بێت وەک سەرکێشی و چوونەپێش و خێرایی لەوانەیە ئەوەندە زیاتر ئاستی دەستکەوتی خوێندنیان لەلابێ هێزتربێت، بەڵام خۆشویستنی کارو لێهاتوویی لەجێبەجێ کردنی ئەرکەکان و خۆشویستنی سەرکێشی و مەترسییەکان و جێبەجێ کردنی کارەکان کە ئەمانە سیمای چەشنی سەرکردایەتین کە لای ڕەگەزی مێ دەرکەوت بە پێچەوانەی ڕاوبۆچوونی هەندێ لە کۆمەڵگاکان کە پێویستە ئەم خەسڵەتانە لە ڕەگەزی نێردا بێت، لەوانەیە ببنە هۆی زیادبوونی کۆشش کردن و توانا و پابەندبوون بە ئەرکە ئەکادیمییەکان و دواتر زیادبوونی پاڵنەری دەستکەوتی خوێندن لایان، لەوانەیە ئەم ئاکامە بۆ بڵاوبوونەوەی گیانی یەکسانی لەکۆمەڵگای کوردەواری و بوواردان بە ئافرەت بگەڕێتەوە بۆ پێگەیشتن و بەرەو پێشبردنی توانا جیاجیاکانیان. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئاکامانەدا پێویستە بایەخ بەم قوناغەی تەمەن (هەرزەکاری) بدەین و بەرەو پێشی ببەین بەرەو چالاکی و بایەخ کۆمەڵایەتی و ئاگایی هزری و بەرەو پێشبردنی بیری ڕەخنەگر تەندروستی دەروونی پتر، هەروەها کارکردن بۆ بەرەوپێشبردنی لایەنەکانی کەسایەتی (شیتاڵکاری، سەرکردایەتی، سۆزی، دەربڕ) بۆ هەردوو ڕەگەز بە یەکسانی ئەویش بەهۆی پرۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی کە یەکەمجار خێزان ئەنجامی دەدات بەوەی یەکەم شانەی کۆمەڵە. دواتر دەزگاکانی پەروەردەیی و فێرکردن و ڕاگەیاندن و دەزگە پیشەییەکانی کۆمەڵ، هەروەها کارکردن بۆ زیادکردن و بەرەو پێشبردنی پاڵنەر لای قوتابیان بەهۆی ئەو ئیستراتیژیانەوە کە مامۆستا بۆ زیاد کردنی پاڵنەری قوتابی بۆ خوێندن و دەستکەوتی چاکتر بەکاریان دەهێنێت.

**سەرچاوەکان:**


**١- ابراهيم، ريژان علي (١٩٩٤) اتجاهات الطلبة الجامعيين نحو العمل الحر والعمل الوظيفي/ دراسة مقارنة رسالة ماجستير (غير منشورة) كلية التربية (ابن رشد) جامعة بغداد.**

**٢- أبو زيد، ابراهيم أحمد (١٩٨٧)، سيكولوجية الذات و التوافق، دارالمعرفة الجامعية الاسكندرية.**

**٣- بيبى، هدى الحسينى (٢٠٠٠)، المرجع في الأرشاد التربوي، بيروت.**

٤- دافيدوف، ليندال (١٩٨٣)، مدخل علم النفس، ترجمة سيد الطواب و آخرون، ط٣، دار ماكجروهيل/ القاهرة.
٥- الدفاعي، ماجد حمزة طعمة (١٩٨٣)، دراسة مقارنة لبعض سمات الشخصية بين الطلبة المتفوقين والمتأخرين في التحصيل الدراسي بالمدارس الأعدادية (اطروحة دكتوراه) كلية التربية، جامعة بغداد.
٦- رضوان، سامر جميل (٢٠٠٢)، الصحة النفسية، دارالمسيرة للنشر و التوزيع.
٧- الريماوى، محمد عودة (٢٠٠٤)، علم النفس العام، ط١، دارالمسيرة للنشر و التوزيع، عمان، الأردن.
٨- الساعاتي، سامية حسن (١٩٨٤) الثقافة و الشخصية، ط٢، دارالنهضة العربية.
٩- شلتز، دوان (١٩٨٣) نظريات الشخصية، ترجمة حمد دلي الكربولي و آخرون، مطبعة جامعة بغداد.
١٠- صالح، قاسم حسين (١٩٩٧) الشخصية بين التنظير والقياس، ط١، مكتب الجيل الجديد، صنعاء اليمن.
١١- الطويل، هاني عبدالرحمن (٢٠٠١)، علم النفس العام، دارالحكمة للطباعة و النشر.
١٢- لازاروس، ريتشارد. س (١٩٨٩) الشخصية، ترجمة، محمد غنيم، ط٣، دارالشروق.
١٣- مصطفى يوسف حمه صالح وقرچتانى، كريم شريف، (٢٠٠٣) دليل الأرشاد النفسي وبناء روح التسامح وتربية السلم، جامعة صلاح الدين- أربيل.
١٤- الكناني، ابراهيم عبدالحسن (١٩٧٩)، بناء مقياس لدافع الانجاز الدراسى لدى طلبة المدارس الأعدادية، اطروحة دكتوراه غير منشورة كلية التربية، جامعة بغداد.

15- Anastasi, A, (1979) psychological testing, 4 Thed Macmillan.

16- Ferguson, G.A. (1966). Statitical analysis in psychology Education. Second edition. New York. mcm Graw Hill.

17- Lahey, Benjamin. B (2001). psychology an introduction, Boston. mcm Gaw Hill: Company.

# کولتووری پیاوچاک و گۆڕستانەکان

عەباس سلێمان سمایل

پیاوچاک و گۆڕستانەکان بەشێکی گەورەی فەرهەنگ و کولتووری کوردن، پێویستە بپارێزرێن و لە رووی کۆمەلایەتی و مێژوو و شوێنەوار و زمانەوە لێکۆلینەوەی بەردەوامیان لەسەر بکرێت.

چونکە هەر چاکێک کەسێک بووە پایەیەکی دیاری هەبووە و کەسایەتییەکی بەرزی کۆمەڵ بووە.

جا ئەوکەسە زەردەشتی، یان جوولەکە، یان دیان، یان موسلمان بێت، زۆر (چاک)یش، چاکی هەموو ئایینزاکانە لەوانە چاکی (ناستری و سورەحمانە و ئەستر و ستی مام)ە.

ئیدی کوردستان تەژوە لەم چاکانە، گوندی وا هەیە لەچاکێکی پتری تێدایە، جاران خەڵک نەخۆش بکەوتایە لەجیاتی بۆ چاک بوونەوەیان بچنە لای جاڤان (نۆژدار) دەچوونە سەر ئەم چاکانە (خاسانە)، هەر چاکێکیش تایبەت بوو بە نەخۆشییەک، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەک لەم چاکانە دەبوونە مرازگە و خەڵک، بەتایبەتی ئافرەتان، بۆ مرازگرتن دەچوونە سەریان و دوای ڕاوەستانیان بەرانبەر چاکەکان و دەربڕینی ئێش و ئازار و هیوا و ئاواتەکانیان، پارچە پەڕۆیەکی سەرچاکەکەیان لێدەکردەوە وەک متفەڕک، یان بەردیان بە کێلەکانەوە دەنووساند، یان حەوت بەردیان دەخستە شوێنی مەبەست، یان خۆیان غلۆر دەکردەوە، یان ئەو بەردانەی کە لەسەر گۆڕەکە دانراون جارێک تاک تاک جیادەکرانەوە و دواتر جووت جووت جیادەکرانەوە. ژمارەیەکی زۆریش لەو چاکانە ئەو عەرەبانەن کە لە ئەنجامی داگیرکردنی

کوردستانەوە کوژراون و بەشێوەی تاک تاک و کۆمەڵ کۆمەڵ دەبیندرێن، لەوانە دۆڵی ئەسحابات، ئەسحابەکانی سەکری سەکران، گۆڕستانی ئەسحابەکانی پەرکانەی، گۆڕستانی ئەسحابەی نزیک پردێ و چەندینی دیکە. ئیدی هەر چاکێکیش ڕۆڵی هەبووە لەناولێنانی گوند و گۆڕستانەکەی، بە تایبەتی ئەو گوندەی کە لەنزیکەوە دروست کراوە، وەک گوندی کلاوڕەش کە بەناوی چاکی کلاوڕەش ناولێندراوە، زورگی (شێخ سمایل)یش بەناوی چاکی شێخ سمایل ناولێندراوە.

زۆرچاک هەیە بەناوی شێرەسوار و وەیس دەناسرێت، ئەمانەش پێوەندییان بە ئایینی زەردەشت و ئایینە کۆنەکانی دیکەوە هەیە، بەڵام دواتر گۆڕاون بۆ چاکی موسڵمانان، لەوانە دوو گۆڕ لە بەڕانەتی بەناوی شێرەسوار هەیە و شێرەسوارێکیش لەنزیک کۆڕێ هەیە، گۆڕی بەناوی وەیس لەماردین و هەولێر و سلێمانی و کرماشان دەبینرێت، هەروەها زۆر لەو ئێزدی و دیانانەی کە دەبنە ئیسلام، دواتر بەشێخ دەناسرێن و گۆڕەکانیان زیارەت و سەردان دەکرێت، وەک گۆڕی (مام دەرمان کوڕی مام دەرمان) کە لە گۆڕستانی (شێخ سمایل)ی کەندێناوە بەخاک سپێردراوە، خەڵکان بۆ چارەسەری نەخۆشی باداری و نەخۆشی دیکە دەچنە سەری.

گۆڕی (ئاودەل)یش لەبەرەکەی شەقڵاوە بە هەمان شێوە ئاودەل دیان بووە و بووەتە موسڵمان گۆڕی ناستری لەچیای زەرتکان بە گۆڕی زەردەشتیان دەچێت و ئەمڕۆکە لەلایەن هەموو ئایینێکی ناوچەکەوە پیرۆزە، بەپێویست زانرا بەکورتی ئەم چاکانە بخەینەڕوو؛ چاکی ناستری:

چاکی ناستری لە بنار چیای زەرتکانە بەرانبەر گوندی گەرەوانە لەخۆشناوەتی، چاکێکە بەدرێژایی مێژوو کەسانی لەسەر هەموو ئایینێک چوونەتە سەری: موسڵمان، جوو، دیان دوور نییە ئێزدیش چووبنە سەری، بە تایبەتی ئەو ژنانەی منداڵیان نەبێت بۆ منداڵ بوون دەچینە سەری.

ناوەکەش ناوێکی پەهلەوییە و لەستر هاتووە کە بەزمانی پەهلەوی واتای منداڵ دەبەخشێت.

ستر لە فارسی بووەتە پسەر و لە کوردی ئەمڕۆ بووەتە پس (پس مام)، ئاستر لە زمانی پەهلەوی واتای ئەو ئافرەتە دەگەیەنێت کە منداڵی نابێت، ئەم ناویش لەناوی هێسترەوە نزیکە، هەڵبەت هێستریش نازێت هەروەها (ستروت)یش واتای نەزۆک دەگەیەنێت کەوایە ناستری واتای منداڵ نەبوون، یان ئەو ئافرەتەی کە منداڵی نابێت، دەگەیەنێت.

## گۆڕەشێر و شێرەسوار

شێر لەنێو گەلانی سوبارتوو نیشانەی ئازایەتی بووە، دواتر دەخزێتە نێو سۆمەری و ئەکەدی (ئاشووری-بابلی)، جا گەلانی ناوبراو لەکۆنەوە گۆڕی پاشا و سوارچاکەکانیان بەوێنەی شێر دەنەخشاند شێریش جەڤەنگ و نیشانەی پاڵەوانانە، بۆ نموونە لە پەرستگەیەکی ئۆرارتوو لە کەلا ئێربیوونی کوردستانی ئەرمەنستان وێنەی خوداوەندێک لەسەر پشتی شێر هەڵکەندراوە.

ئەمڕۆکەش گۆڕی پیاو چاکێکی زۆر بەناوی شێر هەیە، جا ئەگەر گواستنەوەی بیروباوەڕی کۆن نەبێت بەتایبەتی ئۆرارتووان بۆ نێو ئایینی ئیسلام، ئەوا بێگومان ئەم گۆڕانە گۆڕی بەر لە ئایینی ئیسلام، یان بەر لە ئایینی دیان و ڕووی کێلەکانیان بەرەو ڕووگە (قیبلە) وەرگێڕاوە، لەوانە شێرەسواری نزیک کۆڕێ، شێرەسواری بەڕانەتی، بنەماڵەی شێر لە شەقڵاوە، هۆزی گەورەی شێروانی و ناوێکی جوگرافی زۆریش بەناوی شێر هەیە، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەک ناوی مرۆڤ، ناوی شێری تێدا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەها لە پەرستگەی لالش وێنەی شێر لەسەر دیوار هەڵکەندراوە، هەروەها لەگۆڕستانی مەمۆشڤانی ئێزدیان کە نزیک سێمل هەڵکەوتووە لەسەر شوورەی گومەزی شێخ سن و شێخ حەسەن و شێخ مەندو شێخ شەمس وێنەی شێر هەڵکەندراون.

## چاکی دەرمان کوڕی دەرمان

دەرمان کوڕی دەرمان ئێزدییەکی مەڕدار بووە لە کەندێناوە، دوای ئەوەی دەبێتە موسڵمان زۆر ڕێزی لێ دەگیرێت و دوای کۆچکردنی لە گۆڕستانی شێخ سمایل دەینێژن لەکەندێناوە و گومەزێک لەسەر گۆڕەکەی دروست دەکەن و بەردەوامیش خەڵک بۆ چارەسەری چەند نەخۆشییەک دەچنە سەری، لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە (مام دەرمان ابن مام دەرمان) متوفی سنە (١٣ھ). بنەماڵەکەشی دواتر تێکەڵ بەهۆزانی ناوچەکە دەبێ.

## شێخ ئاودەل

شێخ ئاودەل چاکێکە لەگوندی بەرەکەی خۆشناوەتی دەوروبەری ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئایینی دیان دەبێتە موسڵمان و بەنەوەکەی دەڵێن بن دیان کەلە شەقڵاوە نیشتەجێن. ئاودەل ناوی یەلدەبووە و دوای بوونی بە ئیسلام دەبێتە ئاودەل.

گۆڕی شێخ ئاودەل لەناوچەکە زۆر پیرۆزە، هەمیشە دانیشتوانی ناوچەکە بۆ چەندین جۆرە نەخۆشی دەچنە سەری. هەروەها (چاکی کوگێسک)-یش لەناوچەکە خەڵک بۆ چەندین نەخۆشی هانای بۆ دەبەن، ئەمەشیان دوور نییە دیان، یان ئێزدی، یان زەردەشتی بوو بێت، چونکە پێڕەوی هەموو ئایینێک بۆ نەخۆشیەکانیان هانایان بۆ دەبرد.

## گۆڕستانە سەیرو پڕ کولتوورەکان

چەندین گۆڕستانی پڕ کولتوور لە کوردستان دەبینرێت بەتایبەتی گۆڕستانی بایەزید و گۆڕستانێکی دێرین لەماردین و گۆڕستانێک لە قەندیل و چەند گۆڕستانێک لەموکریان، لەکوردستان ژمارەیەک لەم گۆڕستانانە دەبینرێت لەوانە:

## گۆڕستانی سەکری سەکران

سەکری سەکران گوندێکە لە بنار چیای سەکران و نزیک بەقەزای چۆمان هەڵکەوتووە یەک لە گۆڕستانە دێرینەکانی ئەم گوندە تێکەڵاوە لە سێ جۆر گۆڕ، گۆڕی ئیسلامان ڕوو لە ڕووگە (قیبلە)یە و گۆڕی جوولەکان ڕوو لە قودسە و جۆرە گۆڕێکی دیکەش لەناو (کوپە)یە. وا دیارە ئەوکاتە ناوچەکە لەوپەڕی ئارامی و دیموکراتیدا بووە.

## گۆڕستانی حەزە

گۆڕستانی حەزە لەنێوان گوندی حەزە و دوستەپە هەڵکەوتووە، ژمارەیەک لە کێلی گۆڕەکان بەردی تراشراو و نەخشداری کۆشکی پاشای وڵاتی حدیاب و پەرستگەی ئەوکاتەن. یەک لەمانە شێوەی سەروملی کەسێک بوو تەنیا دەموچاوەکەی ڕنرابوو، پرچی بەگروازە بووە، دوور نییە پەیکەری سەری پاشا، یان خوداوەندێک بووبێت، یەکێکیشیان لەشێوەی مەنجەڵ بوو، ئەمەیان، یان زەیتی تێکراوە بۆ ڕووناک کردنەوە، یان گۆڕی پاشای زەردەشتییەکان بووە، چونکە لەسەردەمێک دوای ئەوەی قەڵ و داڵاش گۆشتی پاشای کۆچکردوویان دەخوارد هێسکەکەیان لەناو بەردێکی هەڵکۆڵدراوی لەم جۆرە دادەنا و دواتر سەریان دەگرت.

## گۆڕستانی کوشاف

گۆڕستانی کوشاف لەسەر بەرزاییەک لەباشووری گوندی کوشافی گوێڕ هەڵکەوتووە، بەسەدان کێلی سەیر و سەمەرە و نەخشداری تێدایە زۆربەی نەخشەکان بریتین لە هەڵکەندنی ڕمێکی سێ لک و دەوروبەرەکەی نەخشێندراوە، وا پێ دەچێت ئەمانە بەم جۆرە ڕمە کوژرابن هەندێک لە کێلەکان زۆر گەورەن و بە ٣-٤ کەس هەڵناگیرێت، هەموویان بە بەردی خانووبەرەی پاشاو پەرستگە دەچن، تەنیا کێلێک کونێکی بازنەیی لێ هەڵکەندراوە، وا پێدەچێت شوێنی ئەم گۆڕستانە شاربووبێت و دوای کاول بوونی و بڵاوبوونەوەی ئیسلام بەردی ئەم خانووانەیان کردبێتە کێل.

تاکو ئەمڕۆ بەردەوام شوێنەواری خانووبەرە و کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراوە دەدۆزنەوە، دانیشتوانەکە دەڵێن ئەم گۆڕستانە زۆر کۆنە و نە هی عەرەبانە و نە هی کوردانی ئەمڕۆی ناوچەکەیە.

## گۆڕستانی فلوون

گۆڕستانی فلوون بریتییە لە سێ گۆڕستانی گچکە لەنزیک گوندی فلوونی دەشتی هەریر نزیک بە بێخمە هەڵکەوتووە، زۆربەی گۆڕەکانی لەبەردە زوورگن، هەندێکیان وەکو ئاژەڵ دوو گوێی درێژیان هەیە، زۆربەیان شێر و تیر و ڕمیان لەسەر هەڵکەندوون، تەنیا کێلێک وێنەی شتێکی وەک خاکەنازی لەسەر هەڵکەندراوە، دوور نییە چەکێکی کۆن بێت، تەنیا کێلێک لەمانە لەسەر شێوەی سەروملی پیاوێکی پیری ڕیش درێژە، زۆر لە شێوەی پیاوێکی خواپەرست دەچێت.

## گۆڕستانی مام سۆفی سەر بەپەڕ

ئەم گۆڕستانە نزیک بە گوندی (بابە گیسک)ی خەیلانیان هەڵکەوتووە، ژمارەیەک لە کێلەکانی وێنەی

چەکی کۆنیان لەسەر هەڵکەندراوە. هەندێک لەکێلەکانی دینگەی خانـووانین، خەیلانییەکان دەڵێن ئێمە بەدرێژایی ژیانمان مـــەڕدار بووینە مـــەڕداریش هونەری کـــێل نەخـشـانـدنیـان نیـیـە، دوور نـیـیـە ئەم کـێـلانە کـێلی گۆڕستانی ئێزدییان بێت، کەکاتی خۆی لێرە نیشتەجێ بووینە.

### گۆڕستانی کەلاتی

گـۆڕسـتـانی کـەلاتی لەسـەر بەرزاییـەک هەڵکەوتووە، بەناوی (گرک و کەل) نزیک شارەدێی بجیل، کێلەکانی نەخـشی جـۆراوجـۆریان لەسـەرە و هەندێک لەکـێلەکـان بازنەیین.

### گۆڕستانی دوین

گۆڕستانی سێ چینە گۆڕستانە، بەشێکیان زۆر کۆنە و هیچ نەخشێک لەسەر کێلەکانی نییە، یەکێکیشی هی ئەو سـەردەمـەیە، ئەوی دیکەش ئی سـەردەمی مـیـرانی سۆرانە، ئەمـەیان هەمـووی نەخشـێندراون، پـتـر نەخشی چەکی کۆن و نیشانەی ئایینیان لەسەر هەڵکەندراوە.

### کۆنە گۆڕستانی شامیران

لەگوندی شامیرانی ئێزدی نشینی کوردستانی کۆماری ئەرمـینیـا کـۆنە گـۆڕسـتـانێکی ئێـزدییـان دەبینـدرێت کـە ژمـارەیەک لە گـۆڕەکـانی پەیکەری لە بەرد داتاشـراوی بەران، هەسپ، شـێـر و ئاژەڵی دیکە لەجـیـاتی کـێل دانـدراون، ئەوانەش ڕەنگدانەوەی ســـوارچاکی و بەران واتای بەهێزی و شێر واتای ڕەمزی ئایینی گەیاندووە، لە لوڕستـانیش ژمارەیەک گۆڕسـتـانی لەم جۆرە دەبیندرێت، هەروەها لە گۆڕستانی ئەمیری کە لە دووری ٤٥کم شاری ورمێ-دایە گـۆڕسـتـانێکی لەم جـۆرە دەبیندرێت، بەڵام ئەمـــەیان لەســـەر پەیکەری ئاژەڵەکـــان وێنەی چەک بەتایـبەتی شـمـشـێـر هەڵکەندراوە، بەڵام بەداخـەوە بەم دواییـە ژمـارەیەکـیـان لەمـانە شکاندووە بەهۆی ئەوەی گۆڕستانێکی زەردەشتییانە.

### چەند گۆڕستانێکی ناوچەی موکریان

### گۆڕستانی پیر تەنوور

پیر تەنوور شوێنەوارێکی مانناکانە لە نزیک شارۆێران لەســـەر بەرزاییـــەک بەناوی پیـــر تەنوور هەڵکەوتووە، گـۆڕێک کـە بە گـۆڕی پیـر تەنوور دەناسـرێت لەسـەر ئەم بەرزاییە هەڵکەوتووە.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان گۆڕی مدیومانگە کە یەکەم کەس بووە باوەڕی بە پێغەمبەرایەتی زەردەشتی هێناوە، لەخـوار بەرزاییـەکـەوە گـۆڕسـتـانێکی زۆر گـەورە هەیە، دانیـشـتـوانی ناوچەکە پێی دەڵێن قـەبرە فەلە، بە واتای غـەیرە مـوسـڵـمـان، کـێلەکـانیـان زۆر گـەورە و سـەیر و سەمەرەن، کەلوپەلێکی زۆری لە قوڕ دروستکراویان لەم شوێنە دۆزیوەتەوە.

### تورگەن

لەسەرووی شوێنەواری فەقرەقا گۆڕستانێکی کۆن هەیە بەناوی تورگـەن، پیـرێک بەناوی پیـرتورگـەن لەم شـوێنە نێژراوە، پێدەچێت ئەم گۆڕە گۆڕی زەردەشتییەک بێت و پێناچێت گۆڕەکانی دیکەش گۆڕی موسڵمانان بن.

### بەردەکونتی

بەردەکـونـتی گۆڕسـتـانێکە لە باکووری مەهاباد لەسەر ڕێگەی ورمێ هەڵکەوتووە، ئەم گـۆڕسـتـانە بریتـیـیـە لە کـــۆمـــەڵە گـــۆڕێکی لەبەرد هەڵکەندراو و ژوورێکی لەبەردهەڵکەندراو، قاڵدرمـەیەکی لە بەرد هەڵکەندراوە، پێـدەچێت ئەم گـۆڕانە، گـۆڕی زەردەشـتـییـان، یان کـۆنتـر بێت و ئەم ژوورەش پەرستگە، یان قوربانگە بووبێت.

**تێبینی**: چاکێکی زۆر لە کـوردسـتـان بەناوی پیر هەنە کـە هەمـوویان کـوردن، هەندێکـیش لەمـانە لە ئاییـنی زەدەشـتی گـۆڕاون بۆ ئیـسـلام وەک: پیـرمـام، پیـری قەرەچێوان، پیرەکانی گوندی ڕوستێ پیرەباو، پیربیـان، پیـر یمەن، پیـرشـالیـار، و پیـرانی هەورامـان، بەڵام چاکـە عەرەبەکان بەناوی ئەسحابە ناویان هاتووە وەک ئەسحابە سپی.

ئەوانەی لە ئاییـنی دییـان و جـوولەکـە بوونەتە ئیـسـلام بەشێخ دەناسرێن وەک شێخ ئاودەل..

* گۆڕستانێک بەناوی کۆزێ دارا نزیک گوندی گوندک نزیک ئاکـرێ هەیە کێلەکـانی وێنەی سەیر و سەمـەرەیان لەسەرە وەک کلیل، چەکی کۆن، هەندێکیشیـان دوو گۆی لەسەر هەڵکەندراوە کە نیشانەی گۆڕی ئافرەتانە.

* له گوندی سێرکێی بارزان تا ساڵی ١٩٤٨ جوولەکەشی تێدابووە و یەک لە مەڵبەندەکانی جوولەکان بووە بۆ کۆبوونەوە و خوداپەرستن، لە گۆڕستانەکەی وێنەی شێرێک لە شاخ هەڵکەندراوە.

* لە گوندی ساردawی گەلی گۆمەسپان و گوندی گوسکێ نزیک گەلی زەنتە گۆڕستانی دێرین هەیە، کە هەموو گۆڕەکانی لە کووپەن، گۆڕستانەکەی گوسکێ دەوروبەری (٣٠٠) گۆڕی لە کووپەی تێدایە.

* زۆر لە گۆڕستانە کۆنەکان کێلێکی کونکراو و بەردێکی کۆڵراو وەک مەنجەڵ، یان جۆنی دەبیندرێت، دەڵێن گیان لە شوێنێکی سەخت وەک بەرد دایە جا بۆ ئەوەی گیان لەم شوێنە سەختە ڕزگاری بێت بەردەکە کون دەکرێت، ئەمەش کار لەسەر گیانی هەموو مردووەکانی گۆڕستانەکە دەکا، بەڵام بەردە کۆڵراوەکە زیاتر لەسەر گۆڕی پیاو چاکان دادەنرێت، ئەمەش بۆ ڕووناک کردنەوەی گۆڕی پیاو چاکەکە و بەتایبەتی و گۆڕستان بەگشتییە، بەڵام بەداخەوە خەریکە ئەم بەردە کۆڵراوانە لەناودەچن، بۆ نموونە گۆڕستانی مام شڤان بەردێکی وای لەسەر بوو، بەڵام بەداخەوە بەم دواییە نەماوە، لەسەر گۆڕستانی کوشاف بەردێکی وا بەشکاوی دەبیندرێت و هەر پارچەیەکی لەلایەکی گۆڕستانەکە کەوتووە، هەروەها بەردێکی لەم جۆرە لەبەردەم چاکی کەلاشوشی ئاکرێ دەبیندرێت، بەڵام ئەمەیان دەوروبەری ١/٥مەتر بەرزە.

* (گۆڕستانەکانی موکریان)م لە تێبینی مهاباد و کورتە مێژوویەک وەرگرتووە، لەنووسینی عومەر بالەکی و لە سلێمانی ساڵی ٢٠٠٤ چاپ کراوە.

* دێر: پەرستگەی مەسیحیان و زەردەشتیانە بۆ نموونە دێرێکی زەردەشتیان لە ئازربایجان بەناوی (دێرموغان) دەبیندرێت، واتای زمانەوانی (دێر) واتای دەر، خانەی خوداپەرستان دەگەیەنێت، دێری قرە کلیسای چاڵدێران، بەر لەوەی ببێتە کلیسا ئاتەشگەدە بووە، لەبەر ئەوەی ئاگری زەردەشتیانی تێدا کراوەتەوە، ڕەش بووە، دواتر کە دەبێتە کلیسا بەهۆی ڕەشیەکەیەوە دەبێتە قرەکلیسا واتە کلیسای ڕەش، جا زۆربەی ئەو پەرستگەیانەی بە دێر ناویان هاتووە، ئەوە پەرستگەی زەردەشتیانە، بەڵام ئەوانەی بەکلیسا ناویان هاتووە پەرستگەی دیانانە، یان پەرستگەی جوانە.

# قوتابخانه ڕۆژهەڵاتناسییەکان

**قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵاندی**

قــوتابخــانەی ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵاندی بەیەکـێک لە قـوتابخـانە گـرنگەکـان دادەنرێت، بەشـێـوەیەک ڕۆڵ و پێگەی تایبـــەتی خـــۆی هەیە لە بـواری تـوێژینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکاندا. لەم نێوەندەدا کتێبەکەی د. قاسم ســامــەڕائی بەناونیــشــانی (ڕۆژهەڵاتناسی لەنێــوان بابەتیبــوون و هەڵچـووندا) بەمــەرجــەعــێکی گـرنگ دادەنرێت لـە تـوێـژینـەوەی ڕۆژهـەڵاتنـاسـی هـۆڵانـدیـدا، بەجۆرێک باسی لەوە کردووە کە ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵاندی لەگـەڵ ڕۆژهەڵاتناسی ئەورووپی جیـاواز نیـیـە، چونکە هۆڵاندا لە خولگەی پاپایەتی کاسۆلیکیدا سووڕاوەتەوەو بایەخی گرنگی بەتوێژینەوەی ڕۆژهەڵات داوە.

ڕۆژهەڵاتناسە هۆڵاندییەکان بایەخیان بە زمانی عەرەبی و فــەرهەنگەکــانیــان داوە، هەروەک بایەخـیــشـیــان بەلێــوردبوونەوە و شــرۆڤــەکــردنی دەق و تێکســتــە عـەرەبیـیـەکـانیش داوە. ئەو تایبـەتمەندێتـیـیـەی کـە ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵاندی پێ جیـا دەکرێتـەوە لەوانی تر، بریتـیـیـە لە بوونی دامـەزراوەی (برل) کـە چاپکردنی فـەرهەنگی ئیـسـلامی و بڵاوکردنەوەی گـرتە ئەسـتـۆ لە هەردوو چاپی یەکـــەم و دووەمــــیـــدا. هەروەک ئەو دامـەزراوەیە چاپکردنی زۆر کـتـێب دەربارەی ئیـسـلام و مـسـوڵمـانان دەگـرێتـە ئەسـتـۆ دیارترین ڕۆژهەڵاتناسـە هۆڵاندیـیـەکـان بریتین لە (سنوک هور گـرونیـە)، کـە بانگەشەی مسوڵمانبوونی خۆی کردووەو ناوی خۆی ناوە (حاجی عـەبدولغـەفار)، بەجۆرێک ڕۆیشـتـووە بۆ شاری مەککە و گەشتێکی بۆ ئەو شارە ئەنجام داوەو بۆ ماوەی

---

**لە عەرەبییەوە: سەلام عەبدولکەریم**
**(سلێمانی)**

شەش مانگ تێیدا ماوەتەوە، تاوەکو دەسەڵاتدارانی سعوودیە لەو وڵاتە دەریان کردووە. پاشان گەشتی کردووە بۆ وڵاتی ئیندۆنیسیا بۆ کارکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هۆڵاندا بۆ هاوکاری کردنی داگیرکاری هۆڵاندی لەو وڵاتەدا.

هەروەها لە ناودارانی تری ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵاندی (دی خویە)مان هەیە (ساڵی ١٩٠٩ز مردووە)، دیسان (فنسنک) یەکێکی ترە لە ڕۆژهەڵاتناسە ناودارەکانی هۆڵاندا کە خاوەنی دانراوی (معجم المفهرس للالفاظ الحديث النبوي)، هاوکات کتێبێکیشی لە بواری بیروباوەڕی ئیسلامیدا هەیە. جگە لەمانە ڕۆژهەڵاتناسانی تری وەکو (منسنک و دوزی)ش ڕۆڵی خۆیان لەنێو قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵاندیدا هەبووە.

د. قاسم سامەڕائی لە کتێبەکەیدا باسی لەوە کردووە کە ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵاندی لەساڵانی ڕابردوودا دەرکەوتنی ڕەوت و گرووپێکی لە ڕۆژهەڵاتناسە لاوەکان بەخۆوە بینیوە، بەتایبەت ئەوانەیان کە ئارەزوویان بەلای تێڕوانینی بابەتیانەدا هەبووە بۆ ئایینی ئیسلام و کێشەکانی، دەرکەوتنی ئەو ڕەوتە ڕۆژهەڵاتناسە لاوانە، تووڕەی ڕۆژهەڵاتناسە بە تەمەنەکانی وروژاند.

بەهەرحاڵ هۆڵاندا مەڵبەندێکی بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە عەرەبی و ئیسلامییەکان لە وڵاتی میسردا هەیە. زانکۆی لیدن ڕێکخستنی کۆنگرەیەکی جیهانی دەربارەی ئیسلام لەسەدەی بیست و یەکدا کە لە ڕۆژی (١٩٩٦/٧/٣ز) بەڕێوەچوون بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کاروباری ئیندۆنیسی گرتە ئەستۆ. لە کۆنگرەکەدا سەدو بیست لێکۆڵەرو توێژەر لە سەرانسەری جیهاندا ئامادەبوون، ئەندامانی کۆنگرەکە توێژینەوەیان دەربارەی ڕەوشی جیهانی ئیسلامی لەسەدەی داهاتوودا (کە مەبەست لێی سەدەی بیست و یەکە- وەرگێڕ)، لە میانەی سێ تەوەردا پێشکەشکەش کرد کە بریتی بوون لە:

ا/ ئیسلام و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی.

ب/ ئیسلام و گەشەپێدان.

ج/ ئیسلام و خوێندن.

کۆنگرەی دووەم لە وڵاتی میسر گرێ درا کە شەقڵێکی فەرمییانەی هەبوو، هەروەک دیارە زۆریش لە کۆنگرەی یەکەم زانستیتر بوو تا ئێستاش (دیارە مەبەست تاکاتی نووسینی ئەم بابەتەیە- وەرگێڕ-) کۆنگرەی سێیەم نەبەستراوە.

## گرنگترین ناودارانی ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵاندی

### ١- ڕانیهارت دۆزی (١٨٢٠- ١٨٨٣ز)

لە ڕۆژی (١٩٢٠/٢/٢١ز) لە شاری لیدن لە دایک بووە، لە قۆناغی ناوەندیدا دەستی بە خوێندنی زمانی عەرەبی کردووەو درێژەی بەو خوێندنە داوە لە زانکۆدا. ساڵی (١٨٨١ز) دەربارەی توێژینەوەکەی بەناونیشانی (اخبار بني عياد عن الكتاب العرب) بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوە. هەروەها ئەم ڕۆژهەڵاتناسە بایەخی بەدەستنووسە عەرەبییەکان داوە، بەتایبەت کتێبی (الذخيرة)ی ئیبن بەسام و جگە لەویش بایەخی بەکتێبەکانی تر داوە. هاوکات بایەخی بە مێژووی مسوڵمانان لە ئەندەلووس داوە و دیارترین کتێبی بریتییە لە کتێبی (مێژووی مسوڵمانان لە ئیسپانیا) کە پێک هاتووە لە چەند بەرگێک.

### ٢- مایکڵ دی خویە (١٨٣٦- ١٩٠٩)

لە ڕۆژی (١٨٣٦/٨/٩ز) لە دایک بووە. لە زانکۆی لیدن خۆی بۆ توێژینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان تەرخان کردووە، مامۆستاکانی بریتی بوون لە ڕۆژهەڵاتناس (دۆزی) و نامەی دکتۆراکەی بەناونیشانی نموونەیەک لە نووسراوە ڕۆژهەڵاتییەکان لە شرۆڤەی مەغریبدا (نموذج من الكتابات الشرقية في وصف المغرب) کە لە کتێبی (معجم البلدان)ی یەعقوبییەوە وەرگیراوە. ئەم ڕۆژهەڵاتناسە لە بواری وانەوتنەوەدا لە زانکۆی لیدن کاری کردووە، گرنگترین و دیارترین بایەخدانەکانی لە بواری جوگرافیاو مێژووی ئیسلامیدا بووە. لە بەرهەمەکانیشی لێوردبوونەوە و تەحقیق کردنی کتێبی (فتوح البلدان)ی بلازەری-یە. هەروەک بەشداری و سەرپەرشتیاریتی کردووە لە لێوردبوونەوە و تەحقیق کردنی کتێبی (تاريخ الطبري)دا. هەروەها بەرهەمی زۆری دیکەی هەبووە.

### ٣- سنوک هورگرونیە (١٨٥٧- ١٩٣٦ز)

لە ڕۆژی (١٨٥٧/٢/٨ز) لە دایک بووە، لاهووتی خوێندووە، پاشان دەستی کردووە بەخوێندن و توێژینەوەی زمانی عەرەبی و ئیسلامی لەسەر دەستی ڕۆژهەڵاتناس (دی خویە)، هەروەها لەسەر دەستی ڕۆژهەڵاتناسانی دیکە وەک ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (نۆلدکە)وانەی

خوێندووه. نامەی دکتۆراکەی دەربارەی حەج بووه لە شاری مەککە ساڵی (١٨٨٠ز). وەک مامۆستایەک لە پەیمانگەی پێکهێنان و دروست کردنی فەرمانبەران لە هیندی ڕۆژهەڵات (ئیندۆنیسیا) کاری کردووه. ئەم ڕۆژهەڵاتناسە مسوڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاندووه و ناوی خۆی ناوه عەبدولغەفار و گەشتی کردووه بۆ شاری مەککە و ماوەی شەش مانگ و نیو تێیدا ماوەتەوه، لەوماوەیەدا ناسراوی و زانیاری لەسەر ژمارەیەک کەسایەتی لەشاری مەککە پەیداکردووه، بەتایبەت ئەو کەسانەیان کە بنەچە و ڕەچەڵەکیان بۆ دوورگەکانی ئیندۆنیسیا دەگەڕایەوه. بابەت و کەرەستەی کتێبەکەی زانیاری و مەعریفەیە دەربارەی شاری مەککە. دواتر گواستوویەتییەوه بۆکارکردن لە ئیندۆنیسیا و چووەتە ئەو وڵاتە بۆ خزمەتکردنی کۆڵۆنیالیزمی هۆڵاندی، بەشێوەیەک وەکو ڕاوێژکاری کارگێڕی کۆڵۆنیالەکان لە ساڵی (١٨٩١ز) کاری کردووه، ڕۆژهەڵاتناس سنوک هور گرونیە بە نموونەی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە دەژمێردرێت کە خزمەتی گەورەی کۆڵۆنیالیزمی کردووەو بەشێکی زۆری زانست و مەعریفەکەی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوه و خستبوویەتیە خزمەتیەوه.

**٤- ئەرنست فنسنک (١٨٨٢- ١٩٣٩ز)**

لەسەر دەستی ڕۆژهەڵاتناس هۆتسمان و دی خویەو سنوک هورگرونیەو سخاو قوتابی بووه. لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی (محەمەدو جوولەکە لە مەدینە)دا ساڵی (١٩٠٨ز) بڕوانامەی دکتۆرای بەدەست هێناوه. دەستی کردووه بەکارکردن لە کتێبی (معجم المفهرس للالفاظ الحدیث الشریف)دا بە پشت بەستن بە ژمارەیەکی گەورە لە توێژەران و کۆمەک کردن لەلایەن ئەکادیمیای زانستەکان لەشاری ئەمستردام و دامەزراوه هۆڵاندی و ئەورووپییەکانی ترەوه. کتێبێکی دەرکردووه لە بواری پەراوێز نووسینی فەرموودەدا (فهرسة الحدیث) کە فوئاد عەبدولباقی وەریگێڕاوه بەناونیشانی (مفتاح کنوز السنة). ئەم ڕۆژهەڵاتناسە سەرپەرشتی چاپکردنی کتێبەکانی ڕۆژهەڵاتناس سنوک هور گرونیەی کردووه لەشەش بەرگدا، هەروەها خۆبشی چەند دانراوێکی هەیە لەوانە کتێبێک لە بواری بیروباوەڕی ئیسلامی، گەشەکردن و پەرەسەندنی مێژوویی.

**٥- جاک واردنبێرگ (١٩٣٠- ١٩٩٥ز)**

لە ڕۆژی (١٥/٣/١٩٣٠ز) لە دایک بووه. لە زانکۆی ئەمستردامدا یاسای خوێندووەو دیسان زانستی لاهووتی لەهەمان زانکۆ خوێندووه، زمانی عەرەبی لە ماوەی نێوان (١٩٥٣- ١٩٥٦ز) لە زانکۆی ئەمستردام و لە زانکۆی لیدن و لە قوتابخانەی زمانە زیندووه ڕۆژهەڵاتییەکان لە پاریس خوێندووه. واردنبێرگ یارمەتیەکی ڕێکخراوی یۆنسکۆی بەدەست هێنا بۆ سەردانی هەندێ دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامی، بۆیە سەردانی هەریەکە لە ئێران و لبنان و میسر و ئەردەنی کردووه. نامەی دکتۆراکەی بەناونیشانی (ئیسلام لە ئاوێنەی ڕۆژئاوادا)یە، کە لە زانکۆی ئەمستردام پێشکەشی کردووه.

هاوکات لە پەیمانگەی توێژینەوه ئیسلامییەکان لە زانکۆیەک لە کەنەدا لە ماوەی نێوان (١٩٦٢- ١٩٦٣ز). هەروەها هەستاوه بەسەردانیکردنی زانستی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوه دەربارەی زانکۆکان لە جیهانی عەرەبیدا، لە هەریەکە لە وڵاتانی تونس و لبنان و سوریاو عێراق و ئەردەن. لەلایەکی ترەوه وەکو توێژەرێکی گەشتیار لە زانکۆی کالیفۆرنیا- لۆس ئەنجلۆس کاری کردووەو لە بواری وانەوتنەوەشدا لە زانکۆی ئۆتریخت لە هۆڵاندا لەنێوان ساڵانی (١٩٨٧- ١٩٨٨ز) کاری کردووه، پاشان گواستوویەتیەوه بۆ زانکۆی لۆزان لە سویسرا و تێیدا ماوەتەوه تاوەکو خانەنشین بووه لەساڵی (١٩٩٥ز). ئەم ڕۆژهەڵاتناسە بەرهەمی زۆری لەبواری توێژینەوه ئیسلامییەکاندا هەیە لەوانەش کتێبی (ئیسلام لە ئاوێنەی ڕۆژئاوادا) و (واقیعی زانکۆ عەرەبییەکان) کە دوو بەرگە. هەروەها کتێبی (ڕێگە کلاسیکییەکان بۆ توێژینەوەی ئایین)، سەرەڕای ئەمانەش لە نووسینەوەی ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامیدا (دائرة المعارف الاسلامیة) بەشداری کردووه و مادەی ڕۆژهەڵاتناسانی لەو ئەنسکلۆپیدیایەدا نووسیوه.

**سەرچاوه:**

*** سایتی مەدینەی منەوەرە بۆ توێژینەوه ڕۆژهەڵاتناسییەکان.**

# يارييە خەونێک لە ڕەباتەوە بۆ سکۆتلاند

## ئەزموونی ڕیژیسۆرێک

د. فازل جاف
(سوێد)

شانۆنامەی «خەونە يارييەک»ی نووسەری سوێدی ئاوگست ستريندبێرگ وەکو ڕيژيسيۆر يەکێک بوو لە خەونەکانم. ئەم شانۆنامەيە پانتاييەکی بەرين و فەزاييەکی فراوان بە ڕيژيسيۆر دەبەخشێت، هەروەک چۆن ناوی خەونی بەخۆوە گرتووە هەروەهاش جيهانی ئاوەڵەی خەون و ئەندێشە گەلێک نمايشی ڕەنگاوڕەنگی بەخۆوە گرتووە، بە ڕادەيەک چەند لێی قووڵ ببيتەوە و لە ڕەهەندەکانی بکۆڵيتەوە، ئەوەندە جوانتر خۆی دەنوێنێت و پتر بواری داهێنان و خوڵقاندنی تێدا دەدۆزيتەوە.

بوارە فراوانەکانی ناو شانۆنامەکە، نەک هەر دياريیەکی هونەرييە و ئێستێتيکييە بۆ ڕيژيسيۆر، بگرە بە هەمان شێوە سينۆگراف و پسپۆڕەکانی بواری ڕووناکی و مۆسيقا و سەما و جلوبەرگ دەگرێتەوە و بەشێوەيەک کە هەموو هاوکارانی ڕيژيسيۆر دەتوانن هاريکاری تێدا بکەن، ئەوانيش شان بەشانی ڕيژيسيۆر لە ڕەنگرێژی نمايشەکەدا دەستی باڵايان هەبێت. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی، شانۆنامەی خەونە يارييەکە، شانۆنامەيەکە ئيکسپرۆسيۆنيستە (ئينتيباع)ييە. بگرە ئەوەندەی من ئاگادار بم جوانترين بەرهەمی ئەم ڕێبازەيە لە شانۆدا، هەر لەبەر ئەوەشە هەميشە خەونی کەڵە ڕيژيسۆران بووە و ويستوويانە بيخەنە سەر شانۆ. لەو ڕيژيسيۆرانە، ماکس ڕينهاردت، ئەنتوانين ئارتۆ (لە پرۆژەيدا بوو و بۆی نەهاتە دی)، ئينگمار بێرگمان (چوار جار شانۆنامەکەی دەرهێنا) ڕوبێرت و لسۆن، ڕۆبێرت لێپاژ...تاد.

### گەشتێک لە ئاسمانەوە بۆ سەر ئەرز

ديارە کە ئاماژە بۆ مۆرک و شێوازی



**ئاوگست ستریندبێرگ**

ئێکسپرێسیۆنیستانەی شانۆنامەکە دەکەم، دەمەوێت جەخت لەسەر لایەنی شاعیرییەت و گەشتی شانۆنامەکە لە رووی فۆرم و ڕوخسار و زمان و مەنتیق و بینای دوور لە مەنتیقی واقیعی ڕۆژانە بکەم، کە ئەم ڕەهەندانە هەر بۆ خۆیان سیفەت و تایبەتمەندی داهێنانن لە هەموو بوارەکانی هونەر و ئەدەبدا.

کچێکی گەنج لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە سەر ئەرز، کچی ئیندرای خواوەندی فەزایە لە میتۆلۆژیای هیندۆسەکاندا، تاکو بزانێت کە بۆچی ئادەمی شادمان نین و بەرانبەر بە هەمووشتێک گلەیی و گازندە و ناڕەزایی دەردەبڕن. پاشان و لە کۆتایی شانۆنامەکەدا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئاسمان.

## جیهانێک لە خەون و ئەندێشە

پاڵەوانەکانی شانۆنامەکە بەیەکدا دێن و بەرەنگاری یەکدی دەبنەوە، دوور لە هەموو لۆژیکێکی ڕۆژانە و واقیعی دەردەکەون و بزر دەبن، جێگا و شوێن بەردەوام دەگۆڕێن و سنووریان دەترازێت و تێکەڵ بە یەکدی دەبن، بینای دیمەنەکان و پێکهاتەیان هیچ مەنتیقێک نایانگرێتە خۆوە، تەنیا مەنتیقی خەون نەبێت. هەموو شتێک ئیمکانە، هەموو شتێک دەکرێت ڕووبدات، هەموو ڕووداوێکی نەگونجاو و چاوەڕوان نەکراو دەکرێت ڕووبدات و پاساوی خۆی هەیە، پاساویش تەنیا پاساوی جیهانی بێ سنوور و ئاوەڵەی خەون و ئەندێشەیە.

## جیهانی ئێسکپرێسیۆنیزم

جیهانی ئەم شانۆنامەیە جیهانی ئێسکپرێسیۆنیستەکانە.

دیارە کاریگەرێتی ئیکسپرێسیۆنیزم بەسەر ڕەوتی هونەری مۆدێرن و گەشەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم، دەکرێت بە هەمان شێوە بگۆترێت کە ستریندبێرگ پاش نووسینی شانۆنامەی «یارییەخەونێک» و «سۆناتای تارمایی» لەبواری ئەدەبی درامادا بە شۆڕە سواری ئێکسپرێسیۆنیزم دادەنرێت.

ئاشکراشە کە ئەدەبی شانۆیی ئیسکسپرێسیۆنیزم سەرەتا لە ئەڵمانیادا سەری هەڵدا و گەشەی کرد، شانۆنامەکانی درامانووسانی وەکو جۆرج کایسەر و ئێرنێست تۆللەر پێشەوای ئەم ڕێبازە بوون و درامانووسانی ئەڵمانی پێشڕەوی ئەدەبی ئێکسپرێسیۆنیزمن.

لە ئەمریکادا یوجێن ئۆنێڵ لە دوو شانۆنامەی بەناوبانگیدا «مەیموونی تووکن» و «ئیمپراتۆر جۆنس» کارامەترین شانۆنووسی ئەم بوارەیە دیارە ئێکسپرێسیۆنیزم سەرەتا لە مەیدانی نیگارکێشیدا وەکو ناڕەزاییەک بەرانبەر بە ئیمپرێسیۆنیزم «تەعبیری» سەری هەڵدا. پاشان لەبواری مۆسیقا و هونەر و ئەدەبدا تەشەنەی کرد.

لە شانۆدا ئێکسپرێسیۆنیستەکان ئاشکراتر و زەقتر پەیامی خۆیان لە چوارچێوەی ناڕەزاییدا دەربڕی، ناڕەزایی بەرانبەر زاڵبوونی بینای کۆمەڵایەتی و بابەتی خێزان و ژیانی ناوماڵ لە شانۆی هاوچەرخدا.

## شاعیران شانۆنامە دەنووسن

زۆربەی زۆری شانۆنووسانی ئێکسپرێسیۆنیزم شاعیر



دیمەنێک لە شانۆنامەکە

بوون و شانۆیان بۆ ڕاگەیاندنی بیروبۆچوون و تەسەوری هونەرییان بەکاردەهێنا. ئەگەر بە وردی بە بەرهەمەکانی نووسەرانی شانۆی ئێکسپرۆسیۆنیزمدا بچیتەوە، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە کەرەسەی سەرەکی ئەم درامانووسانە زمانە، گۆڕانکاری بنج و بڕ و ڕادیکاڵیان لە سترۆکتۆر و ئەرکی زماندا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە بوو بەهۆی دارمانی فەزای تەقلیدی درامای خێزان و ناومال. ئەمەش خۆی لەخۆیدا گۆڕانکارییەکی دیکەی هێنایە کایەوە، کارەکتەر و کەسایەتییەکانی دراماکە ئەوانیش دەبوایە جۆرێکی دیکە بن و لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە، هەر هەمان کەسان نەبن، بۆیە مەودا و ڕەندی ڕەمزی و شاعیرانە مۆرک و خەسڵەتی کەسانی ئەو شانۆنامانەن، کەسایەتییە سەرەکییەکان، یان شاعیرن، یان خولیایەکی شاعیرانەیان هەیە.

### ئێکسپرۆسیۆنیزم و شانۆی مۆدێرن

پێشڕەوانی ئەدەبی درامی ئەڵمانی وەکو درامانووس فرانک ڤێدێکیند خاوەن سەرەتاییەکی پڕ لە ئەزموون و کاریگەرییان هەبوو بەسەر شانۆی مۆدێرن، بەرهەمەکانیان ڕێگا خۆشکەربوون بۆ گەلێک تەوژم و قوتابخانە و ستیلی نوێ، چەندین نمایشی شاکاری سەرەتای سەدەی ڕابردوو لەبەرهەمی نووسەرە ئێکسپرۆسیۆنیستەکانەوە سەرچاوە دەگرن، زۆرینەی زۆری ڕیژیسیۆرانی ڕابەرانی شانۆی مۆدێرن سەرەتای یاخی بوونیان لە شێوازی کۆن و کەشفکردنی شێوازی نوێیان لەناو جەرگەی بەرهەمی نووسەران و هونەرمەندانی ئێکسپرۆسیۆنیزمەوە دەست پێدەکات.

دیارە لەناو ڕیژیسیۆراندا ماکس ڕاینهاردت لەناساندنی شانۆی ئێکسپرۆسیۆنیزمدا دەستی باڵای هەبوو.

سەرەتای کارەکانی میرهۆڵدیش لەبواری شێوازگەری و مەجازییەت و شاعیرییەتدا، تەواو لەژێر کاریگەریەتی و ئەفسوونی شاعیرانەی ئێکسپرۆسیۆنیزم دابوو، هەر بۆیە چەند شانۆنامەیەکی نووسەرانی ئێکسپرۆسیۆنیستی وەکو فرانک ڤێدێکیند «کاتێکی کە بەهار ڕادەبێت» دەخاتە سەر شانۆ. کارەکانی ڤێدێکیند هەندێ سیمای شانۆی سیمبۆلیزمیشی بەخۆوە گرتبوو.

کاریگەرێتی ئێکسپرۆسیۆنیزم بەسەر میرهۆڵددا، بۆ سەرەتاییەکی گەلێک زوو دەگەڕێتەوە لەمێژووی هونەری ئەو ڕیژیسیۆرەدا.

## ڕێپێرتواری خەون
## یەکێک لە خەونەکانم وەکو ڕیژیسۆر

ڕێپێرتواری خەون دەبێت چ بێت! ئەمە گوزارشتێکە بۆ خۆمم داناوە. من پێم وایە هەموو ڕیژیسۆرێک، بەتایبەت ئەوانەی حەز بە ئەدەبی بەرزی شانۆ دەکەن، ئارەزووی دەرهێنانی چەند شانۆنامەیەکیان هەیە، دەکرێت چەند شانۆنامەیەک بن. من بۆ خۆم ناوی ڕێپێرتواری خەونم لەم لیستەیە ناوە، ئەو شانۆنامانەی کە خەون بە دەرهێنانیانەوە دەبینم. بێگومان زۆربەی ڕیژیسۆرانی دنیا خەونی لەم جۆرەیان هەیە، بۆ نموونە میێرهۆڵد خەونی بەوەوە دەبینی کە هاملێت دەربهێنێت، بۆیە دەیگوت ئەگەر مردم لەسەر کێلّی گۆڕەکەم بنووسن: ئەمە گۆڕی ئەو ڕیژیسۆرەیە کە مرد و هاملێتی دەرنەهێنا. شانۆنامەی یاریبە خەونێکی ستریندبێرگ لەناو ڕێپێرتواری خەونمدا جێگایەکی تایبەتی هەیە. ئارەزووی دەرهێنانی ئەم شانۆنامەیە سالأنێک بووە بە خولیام.

## ئەزموونێک لە درامای ئێکسپرۆسیۆنیزم

لێرەدا نامەوێت، ئەم باسەم بۆ ڕێبازی ئێکسپرۆسیۆنیزم تەرخان بکەم، بەلاّم بۆ ئەوەی بچمە ناو باسەکەی خۆمەوە، ئەوەندەی باس دەکەم کە بابەتەکە پێویستی پێ بێت. هەروەها دەمەوێت ڕاستییەک سەبارەت بەخودی خۆم وەکو ڕیژیسۆر دەرببڕم، ئەویش ئەوەیە کە هەر جارەی نمایشێکی ئێکسپرۆسیۆنیستانە دەبینم، یان هەر بەرهەمێکی هونەری کە کاریگەرێتی ئێکسپرۆسیۆنیزمی پێوە دیار بێت، سۆز و ئارەزوویەک دام دەگرێت، ئارەزووی ئەوەی کە دەبێت لە دەرفەتێکدا بە ئەزموونێکی ئاوهادا تێبپەڕم. لەسەرەتای بیست سالّی تەمەنمدا، کاریگەرێتی شانۆی ئەبسێوردم زۆر لەسەر بوو. لایەنێکی ئەو کاریگەریەتییە بۆ بیرکردنەوەی وجوودیانە دەگەڕێتەوە، بۆ دیدو بۆچوونم بەرانبەر بە بوون و بەژیان. کە ئەمە خۆی لەخۆیدا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئێستێتیکاو هونەرەوە هەیە. شانۆی ئەبسێورد بۆ من، هەلّبەتە هەمووی نا، پیادە کردنێکی گونجاوی دیدی وجوودیانەم بوو بۆ ژیان، لە ڕووی هونەریشەوە، دیارە کاریگەرییەکی گەورەتری هەبوو، بۆیە تەواو ئالّودەی بووم، چونکە هەر لەسەرەتاوە باوەڕم وابوو کە شانۆ دوورە لە ڕیالیزمەوە، شانۆ باس لە واقیع دەکات، بەلاّم خۆی لەخۆیدا نابێت واقیعییانە بێت، چونکە بەر لە هەموو شتێک شیعر و مەجاز و سیمبۆلّ و نیشانەیە. واتە سیمبۆلّ و گرۆتێسک و دژوار دژی و کۆنتراستە. هەر لەبەر ئەوەشە شانۆی مۆدێرن و پاشتریش شانۆی پۆست مۆدێرنیزم باس لە گرۆتیسک و تەغریب و ئەبسێورد و خەون و سیمۆتیکا و ...تاد دەکات، چەندەش لەسەر شانۆدا لاسایی واقیع و ژیان بکەیتەوە، ئەوەندە لە جەوهەری شانۆ دوور دەکەویتەوە.

## ئێکسپرۆسیۆنیزم و ئەبسێورد

بۆ یەکەم جار لەناو شانۆنامەکانی بێکێت و یۆنسکۆ و جان جینیە و ئارابال و جۆرج شەحاتەوە ئاشنای سیما و فۆرمەکانی ئێکسپرۆسیۆنیزم بووم. درۆش نییە ئەگەر بلّێم لە تەمەنی ئەو کاتەدا و بە خوێندنەوەی ئەو دەورانەدا، تەنیا لە ڕێگای ڕەخنەگرانەوە دەمزانی ئەو هەموو شاعیرییەت و جوانییەی کە لەو تەرزە شانۆیەدا هەیە، لە بنەڕەتدا سیما و ڕوالّەتی ئێکسپرۆسیۆنیزمن هاتوونەتە ناو شانۆیەکانی یۆنسکۆ و جان جینیە و شەحاتە و ئارابالەوە. لەسەردەمی خوێندنمدا لە سانت پیتەربوورگ و لەبواری ڕێبەرانی شانۆی رووسیدا، بەتایبەتی ڕیژیسۆرانی وەکو میێرهۆڵد و ڤاختانگۆڤدا، تێگەیشتنم تا ڕادەیەک فراوانتر بوو.

بەخۆمم دەگوت ئەم کەلّە ڕیژیسۆرانە بۆچ ئەوەندە ئالّودەی ئێکسپرۆسیۆنیزم بوون. لە وەلاّمدا دەگەڕامەوە سەر فەزا و پانتایی بەرین، زمانی شاعیرانە وێناکردنی دراماییانە.

## خەونەکانی ئاکیرا کۆرساڤا

پاشتریش کە فیلمی «خەونەکان»ی ڕیژیسۆری گەورەی ژاپۆنی «ئاکیرا کیرۆساڤا»م بینی، لەوە تێگەیشتم کە بۆچی ئەم ڕیژیسۆرە لە یەکێک لە چیرۆکەکانی فیلمەکەدا تابلۆیەکی ئیمپرۆسیۆنیستانەی ڤان کۆخ دەهێنێتە جوولّە، باشتر وایە بە گوزارشتێکی مەجازیانە، بلّێم دەهێنێتە زمان. هەمان تابلۆ وەکو ئەوەی ماکێت «مودیلی» دیکۆرێکی شاعیرانە و سمبۆلیستانەی ژیان بن و بە جوولّە و کردار و ژیانێکی دینامیکییانە جۆش دەدات.

من پێم وایە ڕیژیسۆران، لە هەموو کەسێک زیاتر

ئاگاداری یەکدین، مەبەستم ئەوەیە ئاگاداری ڕەوتی هونەری یەکدین، ڕەنگە نەزانین چۆن و بە چ شێوەیەک داهێنانەکانیان بەرجەستە دەکەن، بەڵام ئاگاداری ئەوەن کە ئەزموون کلیلی داهێنانی گەورەیە، من گەلێک جار دەمەویت ئەو کلیلانە بدۆزمەوە، گەلێک جاریش ئەوەم دووپات کردۆتەوە، کە ئەو جۆرە کلیلانە لەناو دەقی شاکار و بەهێزدان، دەقێک کە لەناو ئەزموونی ڕیژیسێۆرە بە تواناکاندا پێگەی سەنتراڵی هەیە. هەر بۆیە بەدەگمەن هەڵدەکەویت کە ڕیژیسێۆرێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون کار لەسەر دەقێکی لاواز و تورەهات بکات.

## یاریە خەونێکی ستریندبێرگ

کارکردن لەسەر دەقی شانۆنامەی یارییە خەونێک ساڵانێک ببوو بەخولیای هونەریم. لەلایەکی لەبەر جوانی و نایابی ئەم بەرهەمە، کە ستریندبێرگ بە جوانترین بەرهەمی خۆی دایدەنێت، ئەمە ڕای ڕەخنەگرانیشە. لەلایەکی دیکەوە وەکو ئەزموونێکی دەرهێنان، کە من هەمیشە حەز بەوە دەکەم، هەموو ڕێباز و ستایلەکانی هونەری شانۆ تاقی بکەمەوە، پێشم وایە، توانای ڕیژیسیۆر تەنیا بەو شێوەیە دەردەکەویت و ئاستی لێزانین و کارامەیی و پیشەکاری دەردەکەویت و گەشە دەکات. هەموو ئەزموونێکی جیاواز و نوێ، ڕیژیسێۆر ڕووبەرووی ئەرکێکی هونەریی نوێ دەکاتەوە، ئەرکێک کە بریتییە لە گەشتێکی نوێ و تاقیکردنەوەیەکی جیدی، ئەمەش مەرجێکە بۆ گەشەکردن، بە تایبەتی ڕووبەروونە لەگەڵ دەقێکی قورس و بەسەنگی وەکو یارییە خەونێکی ستریندبێرگ، کە شانۆگەرییەکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە و کارێکی زۆر و دیراسە و خۆ تەرخانکردنێکی زۆری دەوێت.

## ئەرکی ڕیژیسیۆر

هەندێک جار ڕیژیسیۆران پتر بە شانۆگەریەک دەوێرن کە لەسەر شانۆدا زۆر نمایش کرابێت و بینیبیان.

ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم شەش حەوت نمایشی جودای یارییە خەونێکم بینیبێت، بەڵام لە هەموویان بەهێزتر، بەرهەمی سێ ڕیژیسیۆری بەتوانای ئەم سەردەمەمان بوو، سەرەڕای ئەوەش هەر نەمدەوێرا بە ئاسانی خۆم لەم شانۆنامەیە بدەم. ئەم سێ نمایشە یەکەمیان بەرهەمی ئینگمار بێرگمان بوو، کە لە ساڵی ١٩٩٤دا بۆ چوارەمین جار خستیە سەر شانۆ، دووەمیان لە دەرهێنانی ڕیژیسیۆری کەنەدایی ڕوبێرت لێپاژ بوو، ئەم شانۆگەرییە لەسەر شانۆی گەورەی دراماتن پێشکەش کرا، لە کتێبەکەمدا دەربارەی شانۆی سوێدی کە ساڵی ١٩٩٩ بە عەرەبی لە لوبنان چاپ کرا، باسم لە جۆری دەرهێنانەکەی لێپاژ و دەرهێنانی ڕوبێرت ویلسون کردووە، کە ئەمەی دواییان شێوازێکی دیکەی گەلێ جیاوازی نمایشکردنی ئەم شانۆنامەیە، ئەم بەرهەمەی ویلسون لە ساڵی ١٩٩٧ بۆ شانۆی شار لە ستوکهۆڵم نمایش کرا.

من بەرهەمی ئەم ڕیژیسیۆرە گەورانەم بینیوە، ئەمجا هەر ساڵی پار شانۆنامەکەم بەنمایشێکی گەلێک جیاهەڵکەتوو لەسەر شانۆی دراماتن، بە ڕیژیسیۆریی، ڕیژیسیۆری سوێدی ماتس ئێک بینی. ماتس ئێک بەخۆی کیروگراف و پسپۆری بواری سەمایە، نمایشەکانی لەسەر بناغە و شێوازی دانس بنیاد دەنێت، یارییە خەونەکەی ئەو لە ڕووی تایبەتمەندی فۆرمە و لەوەکانی دیکە جیاوازە.

هەر لەسەرەتاوە خۆم بەرانبەر بە ئەرکێکی سەخت دەبینییەوە: چۆن بتوانم خۆم لەکاریگەرێتی ئەم هەموو نمایشە بەهێزانە دەرباز بکەم و کارەکەم کۆپیکردنەوە و لاسایی کاری کەسێکی دیکە نەبێت. چۆن بتوانم خۆم لە کاریگەرێتی کەسانێکی وەستا و کارامە و داهێنەر دەرباز بکەم و بەشێوازێکی تایبەت بەخۆم ڕەفتار لەگەڵ شانۆنامەکەدا بکەم.

## بەر لە هەموو شتێک دەبێت خۆت بیت

ئەگەر دەرس و وانەکانی ڕیژیسیۆری چڕ بکەمەوە، دەڵێم: بۆ ئەوەی لە کەسێکی دیکە نەچیت و فۆتۆکۆپی کەسێکی دیکە نەبێت، بەر لە هەموو شتێک دەبێت خۆت بیت. واتە بزانی تۆ خۆت چیت دەوێت. ئەگەر لەمن بپرسیت بێرگمان دەیویست بڵێت چی لەیارییە خەونێکدا، پێت دەڵێم کە دەیویست بڵێت، هەروەها لێپاژ دەویست بڵێت... بە هەمان شێوەش ویلسۆن دەویست بڵێت کە...

وەکو چۆن لە مۆسیقای کلاسیکدا لایتمۆتیڤێک هەیە دووبارە بەدرێژایی میلۆدیاکە دووبارە دەبێتەوە، لەکاری هەموو ڕیژیسێۆرێکدا لایتمۆتیڤێک هەیە دووبارە

دەبێـتـەوە، جـا بۆ ئەوەی ڕیژیسـێـۆر بەهەڵەدا نەڕوات دەبێت لێتـمـۆتیڤی نمایشەکەی دەستنیشـان بکات، دەنا خـۆی و تاقـمـەکـەی بەهەڵەدا دەڕۆن و ڕێگا بـزر دەکـەن. ئەگـەر کـاپـتـێن ڕێگا نەزانێ بێگـومـان پاپۆڕەکـە ناگـاتە کەنار و ڕەنگە نوقمیش بێت.

### مرۆڤ بەستەزمانە و شایستەی بەزەیی پێهاتنەوەیە

لایتمۆتیڤی ستریندبێرگ لەم شانۆگەرییەدا ئەوەیە کە مـرۆڤ بەسـتـەزمـانە... گـوناهە و شـایانی بەزەیـیـە و پێـویسـتی بەدڵنەوازی و خـۆشـەویسـتـیـیـە، دیارە شانۆنامەکە گەلێ نەغمەی دیکەی تێدایە، بەڵام بەڕای من ئەمیان لە هەموویان زوڵاڵترە، مرۆڤ دەبێت بەرانبەر بە مرۆڤ خاوەن بەزەیی بێت، دەنا ژیان دۆزەخە.

باوەڕ ناکەم هیچ شانۆنامەیەکی ستریندبێرگ بە قەدەر ئەم شانۆنامەیە وجوودیانە بێت، هەر بۆیەش کاریگەری بەسەر شانۆی ئەبسێوردا گەلێک زۆرە، سەدای هەموو شانۆگەرییەکانی بێکێت و یۆنسکۆ و ئارابال و جینیە لەم شانۆنامەیەدا دەبیستیتەوە، هەرچەندە نزیکەی پەنجا ساڵێک بەرلەوان نووسراوە.

ئەمـجـاش دەکـرێت بڵـێین کـە کـەم شـانۆنامـە هەیە، بەقـەدەر ئەم شـانۆنامـەیە ڕەنگدانەوەی فـەلسـەفـەی ڕۆژهەڵاتی و ئاییـنە ئاسـمـانیـیـەکـانی بێت و بەقـووڵی گوزارشتیان لێوە بکات. نازانم ستریندبێرگ بۆچی لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا وەکو لەم شانۆنامەیەدا دەردەکەوێت، ئەوەندە ئاڵودەی ئەفسـانەکـانی هیندسـتـان و ئاییـنی هیندۆسی و بوودایی بووە.

بەڵام مـەرج نیـیـە لایتـمـۆتیـڤی ڕیژیسـێـۆر هەمـان لایتـمـۆتیـڤی نووسەر بێت، دەنا شانۆنامـەیەک سـەدان لێکدانەوەی بۆ ناکرێت و چەندین لێکدانەوە هەڵناگرێت. هەندێک جار ڕیژیسیۆر یەکێک لە بۆچوون و هزرەکانی نووسـەر دەکـاتە لایتـمـۆتیڤ و بەدرێژایی داهێنان و خـوڵقـاندن، جـەختی لەسـەر دەکـات و بەردەوام خـەتی سووری بەژێردا دەکێشێت.

### خەونی من... ئێستا و لێرە

ئەگەر خەون یاری بێت، دەسا ئەو یارییە لە دەرەوەی خودی خۆتدا نییە، یارییەکە لەناو ناخ و ئەندێشەی و فـەنتـازیای خۆتە، واتە ئەو خـەونە دەبێت لە ئێـرە و لە ئێستا دەرکەوێت. ئەمە لایتمۆتیڤی من بوو لەکارکردنما لەگەڵ قوتابیانی شانۆدا لە ڕەبات.

یارییـە خـەونێک لە سـاڵی ١٩٠١ نووسـراوە، بەڵام لەسەرەتادا بە شانۆنامەیەکی سەرکەوتوو لە قەڵەم نەدرا و پێنج ساڵی ڕەبەق وەکو خۆی مایەوە و نەخرایە سەر شانۆ، تاکو لە ١٩٠٧ بۆ یەکەم جار بە سوێدی پێشکەش کرا.

### ڤیکتۆریا... ڤیکتۆریا

کـەسـایەتی ئەفـسـەر، یەکـێکە لە کـەسـایەتیـیـە سـەرەکـیـیـەکـانی شـانۆنامـەکـە، ئەویندارە، چاوەڕێی خۆشەویستـەکەی دەکات، لە چەند دیمەنێکدا بەچەپکە گـوڵێکەوە دەردەکـەوێت و بانگی دڵدارەکـەی دەکـات: ڤـیکتـۆریا.. ڤـیکتـۆریا.. بەڵام ڤـیکتـۆریا هەرگـیـز دەرناکەوێت.. ئەم دیمەنە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە، تاوەکـو پیر و کـەنفت دەبێت و چەپکە گـوڵەکەی دەسـتی سیس و ژاکاو دەبێت، هەمـوو ڕۆژێک لە پێش دەرگـای شـانۆیەک دەوەسـتێت و دەپرسێت و ڕادەمـێنێت: چی لە پشـتی ئەم دەرگـایەوە هەیە؟ تۆ بڵـێـیـت ڤـیکتـۆریا لە ژوورەوە بێت؟ شـانۆگـەرییـەکـە کـۆتایی پێ دێت و ڤـیکتـۆریاش هەر نایەت، لەکـۆتاییـدا دەرگـاکـەش دەکرێتەوە هیچ لە دیوەوە نییە.

لە ڕاستیدا هیچ دەرگایەک نییە، یان هیچ شتێک لەو دیوی دەرگاوە نییە، ئەوەی هەیە هەر ئەوەیە کە ئێستا و لێـرەدا هەیە. خـەون ئەوەیە کـە لێـرەدا و لە ئێسـتـادا بهێنرێتە دی، ئەمەش کـرۆک و جەوهەری وجوودییەتە، هەروەها جەوهەری فەلسەفەی بوداییشە ئەمە لایتمۆتیڤی نمایشەکەی کۆلێژی هونەری شانۆی ڕەبات بوو.

### پرۆلۆگ

بەر لە دەستپێکی شانۆگەرییەکە، دیکۆری شانۆنامەکە بەپێی تێبینیەکانی ستریندبێرگ بریتییە لە چەند پەڵە هەورێک، لەسەر یەکێک لە پەڵە هەورەکان، کچی ئیندرا (ئیندرا خـواوەندی ئاسـمـان و فـەزایە لە مـیـتـۆلۆژیای هیندیدا، بەڵام کچی نییە، کچی ئیندرا لەشانۆنامەکەدا داهێنانی ستریندبێرگە) دەردەکەوێت، لەودیوی شانۆوە دەنگی ئیندرا دێت بێ ئەوەی دەربکەوێت. هێدی هێدی کـچی ئیندرا شـۆڕدەبێـتـەوە تاکو دادەبەزێتە سـەر ئەرز و خۆی دەگەیەنێتە ئەم جیهانە. چی دەبینێت؟ دارستانی سەوز، دەریای شین. ئیندرا ئاگاداری دەکاتەوە کە مرۆڤ

پیشەی گلەیی و گازەند و نارەزاییە، داوا لە کچەکەی دەکات کە بڕوات بۆ ئەویٚ و بزانێت ئادەمیزاد بۆ ئەوەندە دەم بەگلەییە و بەردەوام شکایەت دەکات و بەهیچ شتێک ڕازی نییە، پاشان کە وەڵامی چنگ کەوت، جیهانی سەر ئەرز بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ ئاسمان. ئیندرا وەکو خۆی دەڵێت ناتوانێت لەسەر ئەرز هەناسە بدات و تەنانەت دەشخنکێت. کە کچی ئیندرا دەگاتە سەر ئەرز، ئەویش سەرەتا تەنگە نەفەس دەبێت و پێی وایە ناتوانێت هەناسە بدات و دەخنکێت.

### لە دەرەوەی قەڵادا

لە بنی شانۆکەدا قەڵایەک دیارە، پەڵە هەوریش بە ئاسمانەوەیە. وەستای شووشە و کچی ئیندرا دەردەکەون. کچی ئیندرا ئاماژە بەوە دەدات کە قەڵاکە لە چاو پاردا گەورەتر بووە، بەڵام وەستای شووشە دەڵێت کە هەرگیز ئەم قەڵایەی پێشتر نەدیوە، کەچی هەر تۆزێک پاشتر دەڵێت: بەڵێ، چەند هەنگاوێک گەورەتر بووە، چونکە زبڵ و پەینیان بۆ ڕۆکردووە. ئیندرا پێی وایە گوێی لە دەنگی کەسێکە زیندانییە، کەسێک کە چاوەڕێی ئەو دەکات کە ڕزگاری بکات. هەردوو دەچنە ناو قەڵاکەوە.

لە ژوورێکی ناو قەڵاکەدا، ئەفسەرێک لەسەر کورسییەکی جۆڵلانە ئامێز دانیشتووە و بە شمشێر دەکێشێت بە مێزەکەی بەردەمیدا. کچی ئیندرا لێی دەچێتە پێشێ و شمشێرەکەی لەدەست دەردەهێنێت. وەستای شووشە، شمشێرەکە دەبات و ئیدی ناگەڕێتەوە. کچی ئیندرا پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەم بۆ ئەوە هاتووە ڕزگاری بکات، بەڵام ئەفسەرەکە نازانێت کە بەڕاستی دەیەوێت ڕزگاری ببێت، یان نا. ئەو ئەوەندەی بەسە کە چاوی بەکچەکە بکەوێت و تەماشای بکات، ئەو بە «ئەگنێس» بانگی کچی ئیندرا دەکات.

### ماڵی دایک و باوک

هەر لەکۆتایی ئەم دیمەنەدا گوێمان لەچەند دەنگێکە کە لەو دیوەوە دەبیسترێت، پەردە لادەدرێت، کچ و ئەفسەر تێکەڵ بەدیمەنی ناو ماڵ دەبن. دایک لای مێزێک دانیشتووە کە مۆمێکی لەسەرە. باوک دێتە ژووریٚ و شاڵێک بەدایک دەبەخشێت، بەڵام نایەوێت، چونکە دەزانێت ئەوەندەی نەماوە و چاوەڕێی مەرگ دەکات. دایک داوا لە مێردەکەی دەکات کە پاش مردنی چاوی لە منداڵەکان بێت و هەفتەی دووجار چەرچەفی جلەکانیان بۆ بگۆڕێت، هەروەها داوای لیٚ دەکات ئەلفرێدی بۆ بانگ بکات. باوک ئاماژە بۆ ئەلفرێد دەکات و دەڵێت «ئەوەتا لێرە وەستاوە» پاشان دەڕوات.

دایک دەپرسێت: ئەو کچە کێیە؟ پاشان تێدەگات کە ئەو کچە ئەگنێسە، کچی ئیندرای خواوەندە. هەر خۆیشی دەڵێت کە کچی ئیندرا بۆ ئەوە هاتووە تاکو بزانێت ئادەمی چۆن دەژین. دایک داوا لە ئەفسەر دەکات کەس خۆی لەژیاندا بە ستەمدیدە نەزانێت، «بەڵام کە ژیان بە نارەوا ڕەفتاری لەگەڵدا کردبێتم»، دایک داوای لیٚ دەکات کە بەرەو دۆڵابەکە بڕوات، کاتی خۆی بە منداڵی کتێبێکی حیکایەتی لەوێدا شاردۆتەوە. کە ئەم کاتی خۆی دراندوویەتی و براکەی لە بری ئەم سزا دراوە. ئەفسەر ئەمەی زۆر پیٚ سەیرە، پاش بیست ساڵ ئەو دۆڵابە هەر لە جێگای خۆیدا ماوە! باشە ئێمە تاکو ئێستا چەند جارێک بارمان کردووە، دایکیشم دە ساڵ بەر لە ئێستا مردووە.

لەو قسانەدا لینا دێتە ژووریٚ و ڕایدەگەیەنێت کە ناتوانیٚ بڕوات بۆ تەعمیدکردن لە کلێسادا، چونکە جلوبەرگی شیاوی نییە لەبەری بکات. دایک دڵی دەداتەوە و جلوبەرگی خۆی دەخاتە خزمەتی، ئەفسەر ئەمەی پیٚ سەیرە و دەڵێت: دەبێت باوکم چی بڵێت؟ هەر لەم کاتەدا و لەناکاو باوک سەر دەردەپەڕێنێت و دەڵێت: چۆن دیاری من دەدەی بەکارەکەرێک؟ دایک ئەم قسەیەی زۆر پیٚ ناخۆشە و دەڵێت منیش کاتی خۆی کارەکەر بووم، کە مرۆڤ چاکەیەک بۆ یەکێک دەکات، بەو کارە خراپە بەرانبەر یەکێکی دیکە دەکات. ئەمە دەڵێت و فوو لە مۆمەکە دەکات و دەیکوژێنێتەوە، بەمەش سیمبۆلێکی مردنی دایک دووپات دەبێتەوە. ئەم دیمەنە دەروازەی ڕاستەقینەی شانۆنامەکەیە بۆ دیمەنەکانی دیکە.


# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

**وریا ئەحمەد**

## حەمەغەریب حەمەد حەمە (حەمە بگرەز)

حەمەغەریب حەمەد حەمە کە بە (حەمە بگرەز واتە: حەمە بێ کراس) ناسراوە، ساڵی (١٩٢٧) لە کۆیە لە گەڕەکی (بەفری قەندی) هاتووەتە دنیاوە. پرسیم سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵی خۆت دەربارەی گۆرانی و موزیک لە کۆیە چیت وەبیرە؟ گوتی: بە حسابی کۆیە لە پیرەکان: سێوە، حەمەدەمینی عەباسی و مەلا ئەسعەد و باقی سەرتاش، ئەوانەش وەکو لە مەولوودەکان دەکەوتینە لای یەک، ئەودەمای لە مەولوودان (تەنزیلە) و (گۆرانی) و (غەزەل) هەبوو وەک ئەو پێنج خشتەکییانەی (عەونی) شاعیر هەر بۆ نموونە: (بەقەد شمشادی بوستانە)، (وەکو قومری لە باخ و جۆیی باران)، (هات فەسڵی گوڵان بلبلی دێوانە لە کوێیە)، (وا چرای کولمەی بە عەزمی سووتنی دڵ شوعلەدا)(١)، (ئەی گوڵ لەسەر چڵانت)، ئەمە هەر بۆ خۆمان حەزمان دەکرد ئەو جۆرە شیعرە قورسانە بڵێین کە زووتر دانرابوون و ئێمە لە (تایەر تۆفیق)ەوە بیستبوومانن، بۆ نموونە (قەلبی من)ی (سامی عەوداڵ) و (لە دنیادا نییە وەک من بە عەشقی ئەو گرفتارێ)، بەڵام بۆ نموونە گۆرانی (ئارێ گورێ)ی (سێوە)، پێنج خشتەکی و شتی لەو بابەتە نییە، دەتوانیین بڵێین (فۆلکلۆر)ە، کاتێ (مەولوودمان) دەکرد و مەلا ئەسعەد (بە هۆنراوەی قورس) دەستی پێ دەکرد، کەسمان لێی تێ نەدەگەیشتین، شیعرەکانی مەلا ئەسعەد دەیگۆتن، وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی و هی تریشی تێدابوون و تێگەیشتنیان بۆ ئێمە قورس بوو.

حەمە بگرەز گوتی: باوکم بە ئەسڵ خەڵکی



حەمە بگرەز

(سلێمانی) بووە و دایکیشم کۆییە، لە کۆیە کە بووک دەگواسترایەوە (کاتێک کابرایەک ژنی بۆ کوڕی دەخواست) دەنگخۆشەکانی ئێرەی دەعوەت دەکردن، کاتێکیش نانی ئێوارێمان دەخوارد لە ئێوارەوە تا نیوەی شەوێ گۆرانیمان دەگۆت، ئەویش بە نۆبە مەبەستم هەر جارەی یەکێک گۆرانی دەگوت و ئەوانی تر بۆمان دەگێڕایەوە و هەمووشمان گۆرانی یەکترمیان دەزانی، لەو جۆرە دانیشتنانەدا بەشی زۆری (باقی سەرتاش و حەمەدەمینی عەباسی و تایەر تۆفیق و من) بەشدار دەبووین و ئینجا شایی دەکرا بەشی زۆری (حەمە ساڵحی مەلایان) گۆرانی لە ناو شاییدا دەگوت، کاتێکیش ئەو ماندوو دەبوو یەکی دی هەڵدەستاو دەیگوت، چونکە ئەو زەمان ئاغاو دەوڵەمەندەکانی لێ دەرچێت، خەڵکی دی توانایان نەبوو (دەهۆڵ و زوڕنا) بێنن، بۆیە ناچار بوون بە ئامادەکردنی ژەمە خواردنێک بۆ دەنگخۆشان کارەکە ئەنجام بدەن، کە گۆرانی دەستی پێدەکرد و چەپڵە لێدەدرا، دەسماڵێکیان لەسەر سەری کەسێک دادەناو ئەویش دەبوایە گۆرانی بڵێ و سەما بکات دواتر ئەویش دەسرۆکەکەی دەدایە یەکی دی و تا کاتەکە بەسەر دەبرا(٢)، ڕۆژانی بەهارانیش بە تایبەتی کاتێ جەژنی (نەورۆز) دەستی پێدەکرد، خەڵکەکە لە سەیرانگەکانی (ئاشی ساغە و لای حەمامۆک و ئۆمەر خوچان و چنارۆک) کۆمەڵ کۆمەڵ دادەنیشتن و تا درەنگ دادەهات، هەر خەریکی شایی و گۆرانی دەبوون و ئینجا بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە، لە وەرزی بەهاردا زۆرتر ڕۆژانی هەینی ئەو شتە بەرێوە دەچوو، چونکە ئەو ڕۆژە کەس ئیشی نەدەکرد، خەڵکی شار هەرچی لەو هەفتەیەدا پەیدایان دەکرد دەهاتن لەو سەیرانانەدا سەرفیان دەکرد!

بۆنەیەکی دی هەبوو ئەویش هەموو ساڵێک خەڵکی (سەمەنی)یان دەکرد، ئەویش لە پایزاندا (گەنمیان لە ناو تلیانەدا دەچاند و ئاویان دەداو تا شین دەبوو، دواتر لە جۆنیدا کە لە بەرد دروست کرابوو، ئەو گیایانەی ڕوا بوون دەیانکردە ناو جۆنی و دەیانکوتا، ئینجا دوای ئەوە دەخرایە ناو مەنجەڵ و ئاگری دەخرایە بن، لێرەدا ژن و پیاو ڕەشبەڵەکیان دادەبەست و هەتا دەوری نیوەی شەو، دوای ئەوە کەمێک ئاردیان تێ دەکرد تا ئەو گیایە وەک بنێشتی لێ دەهات، تامیان دەکرد و دەیانگوت: بوویتێ، ئینجا بەسەر دراوسێکان دابەشیان دەکرد و بە نانەوە دەیانخوارد، کاتێک سەمەنییەکە پێ دەگەیی وەک کاستەرێکی ڕەنگ قاوەیی وابوو، بە دۆشاوی خورما دەچوو، جا ئەو شایبە بە شایی سەمەنی ناوداربوو، ئەگەر کەسێک سەمەنی لێنابایە، دراوسێکانی داوەت دەکرد، یانیش دراوسێکان هەر بە بۆنەکەی دەیانزانی، کەسێک بانگێشیش نەکرابایە، دەیتوانی بچێت.

پرسیاری دیکەم بۆ زانینی دەوری جوولەکە و دیانەکانی کۆیە بوو؟ لەو بارەیەوە گوتی: ئەگەر یەکێک نەخۆش بووایە لامان، دەیانگوت: کفتەی جوولەکانی بۆ بدزن نەخۆشەکە چاک دەبێتەوە (ئەو کاتە بە ئاشکرا کفتەیان دەفراند)! ئەوانیش لە کۆڵاندا کاتێک بۆ نموونە کچێکی جوولەکە کفتەی دەبەشییەوە، لێمان دەفڕاند، کچە جوێنی دەدا و هاواری دەکرد، بەڵام فایدەی نەبوو.

دەربارەی بۆنەیەکی دی پرسیارم لێکرد، لە وەڵامدا گوتی: (سوار سوارانێ - جلیتانێ) هەبوو، وەک پێشبڕکێ وابوو (لە گەروسۆرکێ)وە، کە دەکەوێتە نێوان مەحکەمەی ئەمرۆ و ماڵی مام سمایل عارەبی، هەتا (گردی مام جەردیسی) ئەو سوارەی لە پێشبڕکێیەکەدا یەکەم بووایە، ئەو دوو سێ سەر مەڕەی بۆ ئەو مەبەستە دایاننابوو دەدرا بەو.

پرسیاری دیکەم دەربارەی ژنانی کۆیە کە (مەولوود)یان خوێندووەتەوە و لە سەیرانی بەهارانیشدا گۆرانییان گوتووە و لە شین و تازیەدا لاواندنەوەیان کردووە؟ گوتی: خوشکی سەید کاکەی (ئامە شەل) و (سەبیحە کۆیی) ئەوانە ناوداری گۆرانی شین و هەم گۆرانی سەیرانگەی بەهارانی وەک: (شیرنێ لەیلانێ) و (بووکانە بووکانە بووکێ) بوونە.

کاتێک لێم پرسی هیچ ڕووداوێکی دیکەت نایەتەوە یاد؟ پێوەندی بە گۆرانی و موزیکەوە هەبێت؟ حەمە بگرەز گوتی: دێتەوە بیرم چەند پیاوێکی ناودار و وەزیر و ئەوانە بوون (هی سەردەمی کۆماری مەهاباد بوون) لە کۆیە لە خانووی (سەعیدی گارفێنی) دادەنیشتن، ئەو کاتە لە کۆیە لە چایخانەکان (گرامەفۆن) هەبوو، (ئەبو کەلب)یان پێ دەگۆتن، خەڵکەکە لە (قاوەخانەکەی)

مەیدانی خوارێ، ئەو خانەی ئێستاکەش پاشماوەی ماوە (خانی قادری یاسینی) لەوێ قاوەیان لە جیاتی چای دابەش دەکرد قاوەکە یەک قوم بوو، بە (ئانەکی بوو) لە کۆیە من و کاک (خالید سەعید) و (کەریمی سەلیم) و (مەحموود ئاغای کاکەزیادی) و (عەزیزی ساڵحاغای) و (عومەرئاغای شەوگێڕی) و (مامەند ئاغا)، ئەو کاتە من کتێبخانەی (خەبات)م هەبوو، کە چووینە دەرێ (مەبەستی ئەوەیە: کاتێک پێوەندییان بە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە)، گوتمان: بەناو خەڵکەکەدا بگەڕێین و باسی شۆڕش بکەین بۆ ئەوەی ئەگەر قەوما، خەڵکەکە بتوانێت بەرگری لە خاک و نیشتمان بکات، برادەران گوتیان دەبێ (سەیتەرە)ی کۆیە بگرین، مەبەست لە دووریانی (تۆبزاوە)یە، مەلای سبەینێ بانگی دابوو ئێمە گەیشتینە (تۆبزاوە) کە چووین معاونێکی پۆلیس هەبوو، بە (هەرمۆتە)دا دەربازیان کردبوو، بەڵام (قایمقام) کە ناوی (درع مشحین حەردان) بوو، کاتێ ئەو هات گوتی: بە ئەمری (زەعیم کەریم قاسم) داواکراوم و دەچمە (کەرکووک)! منیش گوتم: بە ئەمری پێشەوا (بارزانی) نابێ ئەتو لێرەوە بڕۆی، بۆ بەیانی سەعات (٦)ی بەرە بەیان فڕۆکەی دوژمن لێی داین، ئەوەبوو من پێکرام، پاشی من فڕۆکەکە چوو بوو، لە لای (دێگەڵە)و ئەوانە، خەڵکی تری بۆمباباران کردبوو، من هەستام بە بریندارى چوومە (سوێرەرەی). شایانی باسە کاتێک سەربازەکان هاتن بۆ سەرمان، ئێمە نەمانتوانی بۆ دواوە بیانگێڕینەوە، ئەوان لەناو (٦٣) ئوتومبیلی سەربازی دابوون، ئەمە جگە لە (زرێ پۆش و تۆپ و چەکی دیکەی قورس، ئەو ڕۆژە ئەوان بە سەرکردەی (عەقید کافی) بوون، ئێمە کە تفەنگی ڕاو و تفەنگی (ئینگلیزی) کۆن و ئەوانەمان بەدەستەوە بوو، نەمانتوانی بەرەنگاری ئەو هێزە ببینەوە برادەرانم بڵاوەیان کرد و هەر کەس چوونەوە ماڵی خۆیان و منیش بە بریندارى چوومە گوندی (ئیلەڵلایێ) (دکتۆر خالید) تیماری دەکردم. دواتر کەوتمە لای سلێمانی تا هاتمەوە سەرەخۆ و جارێکی دی چوومەوە ڕیزی پێشمەرگە.

**پەراوێز:**

**(١) ئەم شیعرەی سەرەوە پێنج خشتەکییەکی (عەونی) شاعیرە و لەسەر شیعرێکی (مەیلی) شاعیر، کاتی خۆی کاک عەونی یادی بەخێر، بۆی باس کردم وگوتی: باوکت (ئەحمەدی حەمە مەلا) ئەم شێوە گوتنەی بۆ ئەو شیعرەی من داناوە.**

**(٢) مەبەستی لە گەڕەلاوژەیە.**

*** ئەم چاوپێکەوتنە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/٦/٢) لە کۆیە لە ماڵی خۆیان ئەنجام دراوە.**

## عەبدول نەبی بابە زۆرە

ماوەی ڕابردوو (عەبدول نەبی) لەگەڵ سێ پیاوی دیکەی جوولەکەی بە ئەسڵ کۆیی لە ئیسرائیلەوە بە گەشت بۆ شوێنی یەکەم جار چاوهەڵهێنانیان، واتە بۆ کۆیە هاتبوون، شایانی باسە ئەو ڕۆژە (عەبدول نەبی) لە تەلەفۆنەکەیدا پێی گوتم: زۆر مەبەستیەتی بمبینێت، چونکە باوکی، کە دەبێتە کوڕی برای (ناحۆم جوو). لە قسەکانی عەبدول نەبی بۆم دەرکەوت، کەوا ئەو خێزانە زۆر لە گەڵ باوکی من (ئەحمەدی حەمە مەلا) یادی بەخێر، پێوەندییان بە تین بووە (مامە ڕووتەش لە چاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەو مەسەلەیە کردووە)(*) مخابن خۆم نەمتوانی ئەو کارە بکەم، چونکە ئەو ڕۆژە پرکار بووم، بۆیە داوام لە کاک ڕزگاری ئامۆزام کرد و ئەو لە جیاتی من ئەوکارە بکات(**)، ئەوەی خوارەوە پوختەی ئەو چاوپێکەوتنەیە:

ناوی سیانی ئەو جوولەکە کۆییە (عەبدول نەبی ساڵح بابە زۆرە)یە و ساڵی (١٩٣٤) لە کۆیە لە گەڕەکی (جوولەکان) هاتۆتە دنیاوە، دەربارەی (ئەحمەدی حەمە مەلا) وە گوتبووی: لە بیرمە لە چلەکاندا لە کۆیە لەسەر (تەمتەمان) ئێواران کاک ئەحمەد لەگەڵ کۆمەڵێک برادەری تر دادەنیشتن، لەوانە (عومەر عەبدوڵلا)م بەبیر ماوە، کاک ئەحمەد گۆرانی (وەیلێ زاڵم)ی دەگۆت، گوێم لێ دەبووجەماعەتەکە دەیانگۆت: کاک ئەحمەد خۆی ئەو ئاوازەی بۆ داناوە، هەروەها هەر لە کاک ئەحمەدەوە گوێم لە گۆرانییەکی دی دەبوو بە ناوی:

**ڕەنگی زەردم دەوای دەردم بۆ تۆ مردم کوڵەجەکەی خامەکە**
**دەستم لە بۆ مەمکۆڵەی برد گوتی: هەتیو وامەکە**

کاک ئەحمەد ئەو گۆرانییە و هی تری لەسەر ڕەزان دەگوت، ئەو کاتە من تەمەنم (١٣) ساڵ دەبوو، لەو دانیشتنانەدا ئیشم بۆ دەکردن، لە سەر (مەقەڵە) گۆشتم بۆ دەبرژاندن.

**پەراوێز:**

*** بڕوانە گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١١٩).**

**** ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (٢٠٠٧/٥/١٧)، (ڕزگاری ئامۆزام) لە کۆیە بە سوپاسەوە بە کاری ئەم چاوپێکەوتنەی ئەنجام داوە، دوای ئەوەی هەر لە ڕێگەی (ڕزگاری ئامۆزام)ەوە بە تەلەفۆن قسەیان لە گەڵ کردم و خۆشحاڵی خۆم دەربڕی بیانبینم، بەڵام مخابن ئەو ڕۆژە من و دایکی (دڵدار) دەبوایە بۆ سلێمانی بچین، چونکە داوەت بووین و بەداخەوە (عەبدول نەبی) و ئەوانیش دەبوایە ئەو ڕۆژە سەفەر بکەن.**

# سیناریۆی ئەمریکی ئاوها دەنووسرێت (*)

**ئەمیر حەمید شەممەری**
**ئا: جەلال زەنگابادی**

**شێوەی عەرەبی نووسینی سیناریۆ**

هێمان هەڵەیە بە پێی سیناریۆکانی پیشەڤانان و خولیاڤانان کە لە ئینتەرنێت دەیانبینین. فیلمی عەرەبی بە دوو شێوە دەنووسرێت، یەکەم: شێوەی ئاراستەکردنێن کامێرا و دووەم:شێوەی سیناریۆی تەلەفزیۆنی کە لاپەڕە دابەشی گۆشەی وێنە و گۆشەی دەنگ دەکات (دیالۆگ، مۆسیقا و باندۆرئامێزەکان)، کەچی سیناریۆی سینەمایی بە دەنگ، یان باندۆرەئامێزە تایبەتیبەکان نانووسرێت و لاپەڕەکانیشی ناکرێنە دوو بەشەوە.ئاری سیناریۆی سینەمایی گێڕانەوەی چیرۆکە بە وێنەگەل و هەڤپەیڤین تێدا کورت و پوختەیە.بۆشایی سپی لە لاپەڕەدا گەورەیە. دەبێ شێوەی سیناریۆ کۆنترۆڵکراو بێت. مۆنۆلۆگ ناپەسەندە، هەروەها یادهێنانەوە و گەڕانەوەکان. گێڕانەوەی درێژدادڕ و دیالۆگێن نامەفهووم و پچڕاندنی توندوتیژ و بلەز لە دیمەنەکاندا نیشانەی کێماسی شارەزایی و نەزانینی بنەماکانی نووسینی سیناریۆیە. سا بۆ نووسینی دروست دەبێ دەربارەی پێکهاتەی سیناریۆ و ئەو سیناریۆیانە کە بە زمانی ئینگلیزین لە ئینتەرنێتن بخوێنیتەوە.. ڤێجا بە بەراوردکرنێکی سانا لە نێوان فیلمە عەرەبی و فیلمە ئەمریکییەکان، هۆی پێشکەفتنی ئەم پیشەسازییە لە ئەمریکا و پاشکەفتنی لای ئێمەمان بۆت دەردەکەفێت.هەمەرەش دەزانی کە یاساوڕێسا ڕاستەکان نووسەر دەکەنە سیناریێست کە جەخت لەسەر باردۆخی کارەکتەرەکانی بکات، نەک لەسەر شێوەی جموجووڵیان لە بەرانبەر کامیرەدا. بەڵێ سیناریێست

کامێرە لەناو سەریەتی کە دەنووسێت، وەلێ گرتە و دیمەنەکانی ناڤی مێشک و زەینی دەکاتە وێنەییێن خوێندراو. هەرئەچنەو هەمرە سیناریۆیەکی پاکژ و پوختە و تژی هەستئامێزی وێنە دێتە ئاراوە.

## سیناریۆی سەرەتایی

بریتییە لەو دانە نووسراوەی چیرۆک و کارەکتەرەکانی بەشێوازی گێڕانەوە و پێشاندانی بینایی.

چۆن سیناریۆ بە شێوەیەکی پیشەڤانی دیسپلینکراو دەنووسرێت کە شایستەی پەسەندکردنی کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان و خوێنەرەکانیان بێت؟

هەڵبەتە تەنیا شێوەیەک نییە، کە بتوانین بڵێین ئا ئەمەیە شێوەی تەواو، یان ئەفسووناوی نووسینی سیناریۆ، بەڵام شێوەیەک یان ڕێبازێکی نایاب هەیە کە نووسەران و سینەماڤانانی ئەمریکا لەسەری یەکڕاو قایلن. جا دەبێ هەر نووسەرێک ڕەچاوی ئەو ڕێبازە بکات، چونکە یەکەم: ڕەنگدانەوەی شارەزایی دانەرەکانیەتی و دووەم کە گرنگترە: هیچ سیناریۆیەک وەرناگیرێت، ئەگەر ڕەچاوی یاساوڕێساکانی ئەو ڕێبازەی نەکردبێت، واتە ناخوێنرێت و ناپشکێندرێت و بگرە فرێ دەدرێتە سەبەتەی زبڵەوە!

## سیناریۆی ڕاپەڕێندراو

هەر کە سیناریۆیەک فرۆشرا، دەچێتە چەند قۆناغێکی زنجیرەئاسایی نووسینەوە، پێش ئەوەی بدرێتە بەرهەمهێنان، ئینجا دەبێتە سیناریۆی ڕاپەڕێندراو. دیمەنەکانی ڕەنووس دەکرێن و هەر گرتەگەو دیمەنێکی دابەشی پرۆسەی بەرهەمهێنان دەکرێت، تاکو یاوەرانی بەرهەمهێن و دەرهێنەر بتوانن دەستنیشانی دیمەنێن و شوێنەکانی وێنەگرتن بکەن.ئەوەش لە پاش تەرخانکردنی بودجە و خشتەی وێنەگرتندا.

## شێوە

دەبێ سیناریۆ بە شێوەیەکی دروست بنووسرێت، دەنا لایەنی پێوەندیدار پەسەندی ناکات. ئەگەر لە پێکهاتەی سیناریۆدا ڕێسا ئاسانەکان پاشگوێ بخەیت، سیناریۆکەت کەموکوڕی تێدەکەوێت و نوشستی دەهێنێت. بازاڕی فیلمگەل ئەو نووسینانە هاوێرو جودادەکاتەوە کە بۆ سینەما و تەلەفزیۆنن.

## درێژی

هەر لاپەڕەیەکی سیناریۆ خولەکێک لە کاتی فیلم لە سەر شاشەدا دەخایەنێت. تێکڕایی درێژیی سیناریۆ ١٢٠ لاپەڕەیە (دوو گاڤژمێر) و هەر فیلمێک (٤٠ تا ٦٠ دیمەن) دەگرێتە خوە. درێژیی فیلم لە هۆلیووددا لە (١١٨ لاپەڕە) پتر نییە. سیناریۆی کۆمیدی کەمترەو درامی زیاترە. ئەو وەسفەی کە دەینووسی، لەوەیە بە کاتی خوێندنەوەکەی بپێورێت. ١٠ چرکە وەسفی دیمەنێک ٤٥ چرکەیەک لەسەر شاشەدا دەخایەنێت.

**نموونەیەک:** زەید شتومەکەکانی دەپێچێتەوە و چەکەکەی هەڵدەگرێت و لەم دەرگە بۆ ئەو دەرگە غاردەدا.. لە گوللەی دژمن خۆی دەپارێزێت و لە هەمان کاتدا بەرپەچیان دەداتەوە تاکو دەگەیەتە کلێسەیەک و زەنگەکان لێدەدەن.

درێژیی فیلم لە سیناریۆدا، تەنانەت بەلای کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانیشەوە لایەنێکی گرنگە، بۆیە کاتێ فیلمەکەت دەدەیتە دەستی کەسێک لە هۆلیووددا بۆ تێڕوانین، یەکسەر تەماشای دوامین لاپەڕە دەکات، تا بزانێت سیناریۆکەت چەند لاپەڕەیە. هەڵبەتە دەتوانی لاپەڕەییێن سیناریۆکەت کەم بکەیتەوە. دەبێ هەر دیمەنێک ببێتە پێنگاڤێک بەرەو پێشەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە و هەروسا ببێتە بەشێکی ئەو ڕێگایە بەرەو ترۆپک.

## هەڤپەیڤین

هەڤپەیڤین لەلای چەپەوە نانووسرێت وەک ئەوەی کە لە هەندێک سناریۆگەلێکی عەرەبی باوە. هیچ کامێرا، یان مایکریفۆن، یان ئامێرێن مۆسیقا، یان ئامێرێن کەرتکردنی فیلم نییە، هەر تەنیا چیرۆکەکەیە و بەس.. کە بە سیستەمێکی بینایی ڕەوان دەگێڕدرێتەوە. بۆشایی لە لاپەڕەدا گەورەیە، بگرە هیچ وشەیەکی زیادە نییە، کە لابردنی بێ باندۆر (تەئسیر) بێت. هەڤپەیڤینەکان زۆر ساناو ئاسانن. چیرۆکەکە بەرەو پێشەوە دەچێت و بینایانە دەگێڕدرێتەوە، بێ وەسفی ڕۆمانئامێز کەوا جەماوەر نایخوێنێتەوە و نایبینێت. بەسانایی و ڕوونی و قوڵی بیناییانە بنووسە.

هەڤپەیڤین لە سینەمادا کورت و کەمە، بە پێچەوانەی شانۆ و ڕۆمان. هەندێک لە نووسەران هەڤپەیڤین بەلایانەوە شێوەیەکی دیکەی کاروکردەوەیە، کارەکتەرەکان دەخاتە ململانێوە و هێڵی گرێچن دەڕانێت. جارنەجاریش نووسەر پێویستی بەوەیە کە دوو هێڵی وتوویژ دابنێت، یان دوو هەڤپەیڤین لە هەمان کاتدا.

عەمار: لە ژیانم دەرچۆ، لەمە زیاتر تەحەممولت ناکەم.

ئەمەل: مەشریقێنە بە ڕووما! دەڕۆم هەرکە ئامادەبم و پێم بکرێ.

هەندێ جار کە پێویستتە ژاوەژاو و جەنجاڵی شەقام و ئاپۆرەی خەڵک بخەیتەڕوو، دوو ڕێگات هەیە: یەکەمیان: وشەکە بخەرە دێری کردارەکە، وەک: لە ئاپۆرەی دانیشتوانی مەقسوورەکە دەبیسین: " گەمژەڵ لێی دە، مەهێڵە بباتەوە".

یان لە ڕێگای هەڤپەیڤینەوە، ئاپۆرە:

- " لێی دە گەمژەڵ لێی دە، مەهێڵە بباتەوە".

## ڕێنماییێن کامیرا بەکار مەهێنە

بەکارهێنانی ڕێنماییەکانی کامیرا، خوێندنەوەی سیناریۆ ئاستەنگ دەکات، چونکە ڕەوانی وێنەکان پچڕ پچڕدەکات.

## هێماکانی کورتکردنەوە

ب. د: بێ دەنگ/

بە شێوەیەکی گشتی بۆ پیشاندانی شۆک (سەدمە) لە وێنەدا کە دەنگ نەبێت بەکاردەهێنرێت.

نموونەیەک:

ب.د: ئەسپەکە دادەکەوێتە عەرد و پیاوەکەش لەگەڵیا.

ک.ت: کارتێکەرێن تایبەت.

گ.ن: گۆشەنیگا.

**سەرچاوە:**

*** ئینتەرنێت/ لە گۆڤاری (السیناریو)ەوە ئامادە کراوە.**

# ڕێکخستنی ستیل لایف

فارس سەعدی

باکگراوندی هەندێ گرتە گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێ، لەبەر ئەوەی بەشێکی سەرەکی نییە لە وێنەکەدا، بەڵام لەوێنەی (ستیل لایف)دا گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێ، هەروەک چۆن بابەتەکەت ڕێک دەخەی هەمان شت دەبێ باکگراوەندەکەشی لەبەر چاوت بێت، کارێکی وا بکەی کە تەواوکەری کۆمپۆزیشنی (ستیل لایف)ەکەت بێت.

لە بازاڕدا زۆر جۆر میوە و سەوزەی جۆراوجۆر هەیە بۆ نموونە: کۆمەڵێک کوولەکەی زەرد بکڕە، لە ماڵەوە لەسەر سەبەتەیەک، یان تریانێک ڕێکیان بخە، لەم وێنەیەدا لەپاڵ دەرگایەکی کۆن دانراون، ژێریشیان کۆنە کورسییەک بەکارهاتووە، ڕەنگەکان زەرد و سەوز بەرەو خۆڵەمێشی. باکگراوند قاوەیی بەرەو سەوز، ئەو ڕەنگانە هارمۆنییە و کۆمپۆزیشنێکی چاکی داوە بە دەستەوە بۆ ڕووناککردنەوەیان وێنەگر هانای بردووەتە بەر ڕووناکی دەرەوە، ڕووناکییەکەش سوفتە؛ یان نیمچە سوفتە، چونکە سێبەرێکی زۆر کەمی دروست کردووە.

مەتبەخ شوێنێکی دەوڵەمەندە بۆ وێنەی (ستیل لایف) دەتوانێ خواردەمەنی کە دروست دەکرێ، لەناو قاپێک دادەنرێ و دەخرێتە سەر جێی دانیشتن لە کۆنە کورسی خەیزەران (حەیزەران)، هەمان شت دەتوانی بەهۆی ڕووناکی دەرەوە لەناو باخچەی ماڵەوە وێنەکە بگری، تا گوڵ و گوڵزارەکە لەگەڵ بابەتەکەت بە هەمان جوانی دەرنەچن، هاوێنەی تەلی فۆتۆ بەکاربهێنە لە دوورەوە وێنەکە بگرە تا قووڵی مەیدانەکە کەم بێت کونی



هاوێنەش گەورەترین کونی هاوێنەکە بەکاربێنە تا (زاڵ بوون) بۆ خواردەمەنییەکە (چێشت)ەکە بێت، بەڵام وابکە ڕەنگەکان هارمۆنی بن و لێک بووەشێنەوە. دەتوانێ بابەتی یەکەمجار بەشێوازێکی جیاوازتر بگریتەوە سەبەتەکە لەسەر کورسییەکی کۆنی حەیزەران دابنێی بۆ ڕووناککردنەوەش فلاش و سەرچاوەیەکی ڕووناکی تر زیادەکی بەکاربێنی، بەڵام سەرچاوە ڕووناکییەکە ڕاستەوخۆ لە بابەتەکە نەدات، بەڵکو لە ڕفلێکتەرێکی سپی بدات تا ڕووناکییەکی سوفت بگەڕێتەوە بۆ بابەتەکە و سێبەرەکان کەم بکاتەوە. ئەمە ئەگەر ڕووناکییەکە لەلای ڕاست بوو، دەبێ ڕفلێکتەرێکی گەورەش لەلای چەپ دابنێی، کامیراش لەناوەڕاست بێت،

## ڕەنگ لەوێنەی (ستیل لایف)دا

ڕەنگ لەزۆربەی بابەتە جۆراوجۆرەکاندا لەخودی بابەتەکەدان و بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەت دەکەی بۆیە لەسەر وێنەگر ئەوەیە گۆشە نیگایەک هەڵبژێرێ لەگەڵ شێوەکەدا بگونجێ، بەڵام لەوێنەگرتنی (ستیل لایف)دا دەبێ وێنەگر ڕەچاوی ڕەنگەکانی بابەتەکە و باکگراوندەکە بکات، بەشێوەیەک بێت کە لە یەکتری بووەشێنەوە و لەژێر کۆنترۆڵی وێنەگردا بن. بۆیە هەلێکی گەورە لەپێش وێنەگر دەڕەخسێ بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ڕەنگەکانیشدا بکات. بۆ نموونە: بەردەڵانی نێو ڕووبارەکان لەبەر ڕۆشنایی خۆر جۆرە ڕەنگێکیان هەیە، بەڵام کاتێک کە دەکەونەبەر سێبەر ڕەنگەکانیان لەوێنەدا شین هەڵدەگەڕێن. بۆ وێنەی (ستیل لایف) بەشێکی بچووک لەبەردەڵانەکان دەگرێ.

## تەکنیکی (ستیل لایف)


بە تایبەتی ئەگەر بابەتەکەت وێنەی خواردەمەنی بوو، ئەوە بەشێوەیەکی جوان و کاریگەر خواردنەکە دەڕازێنیتەوە، ئینجا بیر لە ڕووناککردنەوەی دەکەیت، دەبێ کامێراکەشت لەسەر ستاند (سێ پا) چەسپ بکەی، لەملاو ئەولاوە هەندێ جێ گۆڕکێی پێ بکەی، لە چ گۆشەنیگایەک کۆمپۆزشنی گرتەکە کاریگەرترە، ئەوە لەوێ ڕاگیری دەکەیت، بەڵام ڕووناکی دەبێ ڕووناککردنەوەیەکی سوفت، یان نیمچە سوفت بەکاربێنی لەگەڵ چەند ڕفلێکتەرێکی گەورەی سپی، وا بکەی تێکچەری بابەتەکەت لەدەست نەدەی، هاوسەنگییەک لەنێوان ڕەنگەکان و فۆرم و تێکچەری بابەتەکەت بکەیت. وەک سەرەتا بابەتەکەت بە چەند بار دایان بنێ تا دەست لێ ڕادێ و دەتوانی باکگراوەندەکانیش بگۆڕی.

**سەرچاوەکان:**

**1- Michael Busselle, Still life & close up photograpy 1999.**

# کتێبی دیاربەکرییە

**حەسەن مەحموود حەمەکەریم**
**(سلێمانی)**




گرنگترین کتێب بەلای منەوە کە باس لە چەند زنجیرەیەکی ونی مێژووی کورد بکات، کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی و سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی و ئەم کتێبی دیاربەکرییەی ئەبوبەکری تارانی ئیسفەهانییە، کە لەم ماوەیەدا وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی، چونکە ئەم کتێبانە ئەوە نییە کە ئێمە لەخۆمانەوە مێژوویەک لە شتێکی تر بە لەبری دەربهێنین و وا بزانین تەواوە و ڕاستە، ئەوەی کە بە لەبری نووسیومانە و لە شتێک، یان چەند شتێکی تر دەرمانهێناوە، ڕەنگە واش دەرنەچووبێت، بەڵام ئەم سێ کتێبە هی سێ پیاوان کە خۆیان باسی سەردەمی خۆیان کردووە کە تێدا ژیاون و بەدڵ و بەماندووبوون نووسیویانە و سەد لە سەد گومانی تێدا نییە ڕاستە..!!

کتێبی دیاربەکرییە ئەگەرچی کەسێکی خەڵکی دێی تاران نزیک ئیسفەهان بەتایبەت بۆ سوڵتانێکی تورکی قەرەقۆینلووی نووسیوە و ژیاننامەی ئەو پاشایەیە، بەڵام باسی زۆری کوردی تێدایە، زۆری هەرە زۆری ڕووداوەکانی ناو ئەم کتێبە لە خاکی کورددا بووە، دەیان میر و فەرماندەی قەرەقۆینلوو و ئاققۆینلوو لەخاکی کورددا، لەدەیان شەڕدا بەهەزاران سەربازەوە کوژراون، قەرەقۆینلوو لە کوردستان دەفەوتێ و ئاققۆینلوو لە کوردستان بەهێز دەبێت و شارێکی کوردستان دەکاتە پایتەخت و لەوێوە بڵاوە دەکات، دەیان جار شارە کوردییەکان بەدەست ئەم و ئەوەوە کاول و تاڵان و خەڵکەکەی قڕ دەکرێت، هەر شاری ماردین شەش حەوت جار تووشی تاڵان و کاول و ڕەشەکوژی دەبێت، ئیتر نازانی میر و میرنشینە کوردییەکان لەو کاتەدا لەخەوی غەفڵەتدا چیان کردووە..!! لەم کتێبەدا تەراتێنی میر و سوپای ئەو دوو دەوڵەتە لە هاتوچۆو لەشکرکێشیدان، بێ ئەوەی میرێکی کورد ڕاست بێتەوە و بڵێ ئەوە چی دەکەن لەماڵی ئێمەدا و بۆ گرتان لەماڵی ئێمە ئاڵاندووە..؟ هەر میرێکی تورکیش کە هەڵهاتووەتە کوردستان، کوردەکان ئاسان شاردوویانەتەوە و بوونەتە پیاوی و بەسەر خۆیانەوە کردوویانەتە کەڵەگاو خۆیانیان بۆ بە کوشت داوە، ئیتر نازانی ئەم ساکاری و کەم زەینی و کەم ئەزموونییە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە، حەسەن ئۆزۆن زۆر

سووکایەتی بەمیرە کوردەکان و خەڵکە ڕەش ورووت و شار و دێهاتە کوردەکان کردووە، دوو میرنشین لەدژی یەک داگرن و ڕاست نابنەوە دەری کەن، کتێبەکە باسی ماردین و حەسەنکیف و دیاربەکر و ئامەد و دهۆک و شنگاڵە و دەیان دێ و شار و شاخ و ڕووبار و چەم و دۆڵ و زاناو مزگەوت و باری ئابووری و زانستی و سەربازی و کۆمەڵایەتی کوردستانی کردووە و باس و خواس و ناویان هاتووە، لە کۆندا دیاربەکر چەند جارێک پایتەختی ناوچەکە بووە، لەبەر ئەوە لەڕۆشنایی ئەو ڕووداوانەوە ئێمە دەتوانین بۆ مێژووی کورد سوود لەم کتێبە ببینین، تێهەڵکێشی مێژووی کوردی بکەین.

کتێبی (دیار بەکرییە) کە لەقەبارەیەکی گەورەی ٦٠٤ لاپەڕەییدایە، (ئەبوبەکر تارانی ئیسفەهانی) نووسیویەتی و (سەلاحەدین ئاشتی) لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ژمارە سپاردنی ٥٠٦ ساڵی ٢٠٠٧ی پێدراوە، لەسەر ئەرکی بنکەی ژین ساڵی ٢٠٠٧ لە چاپخانەی شڤان لەسلێمانی چاپ کراوە.

وەرگێڕی کوردی لەسەر دەقی کتێبەکە لە لاپەڕە ١١دا دەنووسێ (ڕاستە ئەم کتێبە ڕاستەوخۆ سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی مەزن و میرانی کورد و گەل و خاکی کوردستان نەنووسراوە، بەڵام بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکان لەنیشتمانی کوردان قەوماون، گەلێک حاکم و بەگلەری کورد دەوریان گێڕاوە و کەوتوونە مەیدانی شەڕەوە). ئەم کتێبە باسی ئەو غەیرە کوردانە دەکات کە زۆریان بۆ هاتووە و پەنایان بردووەتە بەر زێدی کوردان، کوردیش بەبیری ساکاری خۆی بەرگرییان لێکردوون و خۆیان بۆ بە کوشت داون، پاشانیش بەسەر خۆیاندا کردوویانن بە ئاغا و دەمڕاست و خزمەتکارییەکە بۆ کوردە ساکارەکە ماوەتەوە، ساغ کردنەوەی دەقە مێژووییە دەستنووسە کۆنەکان کارێکە یەکجار گرنگە، ئەم کتێبە خۆی تورکی بووە، فارووق سۆمەر ساغی کردووەتەوە و عەبدولڕەحمان ناجی تۆقمان کردوویەتی بەفارسی، ئەبوبەکر تارانی ئەم کتێبەی بەتایبەت بۆ ژیان و کارو چالاکی حەسەن ئۆزۆن (حەسەنە درێژ)ی ئاققۆیۆنلوو نووسیوە، ئەبوبەکر سەرەتا لەئۆردووی شارۆخ شادا ژیاوە، شارۆخ لە ١٣ی مارسی ١٤٤٧ز دا مردووە، ئۆزۆن حەسەن کە زانی ئەبوبەکر زۆر زرنگ و زانا و ڕۆشنبیرە، بۆ لای خۆی بانگی کرد، ئەویش لە شەشەکانی ساڵی (٨٧٣ک ١٤٦٩ز) چووە تەورێز، لەوێ مەولانا جامیان لەگەڵ چەند کەس لەهاوڕێکانی کە دەچووە زیارەتی حەج دەعوەت کردووە، بردوویانە بۆ خزمەت ئۆزۆن حەسەن، هەتا ئەوکاتەی ئۆزۆن حەسەن لە ساڵی (٨٨٦ک ١٤٨٢ز) ئەمری خوای کرد، ئەبوبەکر تارانی لەخزمەتیدا بووە، ئەبوبەکر تارانی لە سەردەمی قەرەقۆینلوو و ئاققۆینلوودا کاتب باشی و میرقەڵەم و نووسەری فەرمانەکانی پاشا و میرەکان بووە، تەنانەت ئەو ڕێکەوتنە ئاشتییە مێژووییە گرنگەی نێوان جیهان شاو ئەبو سەعیدی تەیمووری و ئۆزۆن حەسەن کە بەپێی ئەو بڕیارە حکوومەتی خوراسان درا بە یادگار محەمەد میرزا، ئەوە لەلایەن ئەبوبەکری تارانییەوە نووسراوە، نامەی عەرەبی بۆ ئۆزۆن حەسەن نووسیوە ناردوویەتی بۆ قایتەبای سوڵتانی میسر و بۆ زۆر پاشا و میری تری جیهان، قەڵەمێکی بە بڕشتی چاکی هەبووە، جگە لە کاری نووسەری فەرمان، یەکێک بووە لەکاربەدەست و نیزیکە بڕواپێکراوەکانی ئۆزۆن حەسەن، کەسێکی نیاز پاک و ئاکار جوان بووە، تارانی سەبارەت بەناوی کتێبەکەی دەڵێ، چونکە وشەی بەکر هەم لەنازناوی نووسەردا بەشی دووەمە، لەناوی وڵاتێکدا کە زێد و جێی ڕسکان و شوێنی دەسەڵاتی خاوەن شکۆ حەسەن بەگی ئاققۆینلوو دەکەوێتە کوتی دواوە، ناوم نا کتێبی (دیاربەکرییە)، بەپێی حسێبی ئەبجەدییە دەبێتە ٨٧٥ کە زیاتر بابەتەکانی ئەم کتێبە لەو ساڵەدا نووسراون، ئەبوبەکری تارانی دەڵێ پێش هاتنە سەر دەسەڵاتی ئۆزۆن حەسەن بەگ، پێی خۆش بووە کتێبێکی وا بنووسێت کە هەڵکەوت و بەسەرهاتەکانی زەمانە لەخۆ بگرێ و بەدڵی هەموو کەسەوە بنووسێ وەک لەلاپەڕە ٣٨دا دەڵێ (جا بۆیە لەمێژبوو بەبیری بەدیهێنەرمدا دەهات کە هەروا بڕشتێک سەبارەت بە هەڵکەوتوانی دەوران بەهەودای نووسین جەللەکەم و چۆنی دەشێ بیان هۆنمەوە، بەڵام لەبەر پۆنگاری ژاراوی پەژاران و تێکبەزینی کەند و

کۆسـپـان خـۆم دەبوارد، چاوەڕوانی هەڵێک بـووم تا لە باخـچـۆڵەی بە بەرز و سێبەری کۆشکی پاشایەتی ڕا کـــــە دار و باری دەوڵـەتـی بە جـۆباری خـودانـاسی و سـرشـتـی پاک...تاد) خـــۆزگـــە ئەمــــەیانی بکردایە، چونکە ئەوکـاتە کـتێبـەکـە گشتی دەبوو و باسی هەمـوو لایەکی تێدا دەبوو، وەک شـەرەفنامـە پوخت و باسـەکـانی درێژ دەبوو، ئاوا دوای یـەک کــەس نـەدەکـــەوت، هـەمـــوو ئەفـسـانـە و خـەیالات لـەبەر خـاتری ئۆزۆن حـەسـەن کـۆکـاتەوە، هەر بۆ ڕازیبوونی کەسێک ئەفسانە دروست بکات و ببێتە دەرباری، گەر بۆ خۆی شـتی بنووسـیـایە ئازاد دەبوو، هەر شـــتـی ڕاســـتـی دەنـووسـی وەک شـەرەفنامـە، بەڵام ئەم ئاواتەی بۆ نەهاتەدی، پاشان لای ئۆزۆن حەسەن گیرسایەوە، ئەمەیە خراپەی نووسەر ئەگەر لچکا بەکەسێک، یان حزب و لایەنێک و شتێکی تایبەتەوە، ئیتر هەم شاکارەکانی دەمرێ و شتی نوێ و داهێـنـانـی بۆ نـایـەت، هەم دەبێ لەڕاستی لابدات و بەدوای خـەیاڵ و شــــتـی لار و چەوێڵـــدا بگەڕێ و ئـاغـــــاکــــــەی پێ ڕازی بـکـات، شـەرەفنامـە زۆر دوای ئەبوبەکـریـیـە نووسـراوە، بەڵام شـەرەفنامـە بـووەتە شاکارێک، جگە لەوەی مێژوویەکی پـــــاک و ڕاســـــــت و ڕەوان و دڵسـۆزانەیە، دەنگیـشی لەهەمـوو جیهاندا داوەتەوە، هەر لە ڕووسیا و ئەڵمانیا و ئەورووپا ناوی شکۆدارە، لەسەدەکانی پێشیشەوە ناو و باسی بووە، بەڵام چونکە دیاربەکــرییـــە تایبەتە بەکەسێک، کە تا ئاستێک ســـتــــەمکار و خـــوێنڕێژ بووە، نووسـەرێکی وا بەتوانا و شـارەزای لای خـۆی داناوە هەتا ڕووداوەکـانی ترش و خـــۆی بکات، بۆی تۆمـــار بکات، هەر بۆیە ئەم باســـــە زۆر ئەفسانە و خەیاڵ و شتی نەگونجاو و هەڵبــەســراوی تێــدایە، ئەم بۆی دروست کـــردووە و شـــەجـــەرەیەکی نەســـەبی درۆینی بۆ چنیـــوە، تا سەردەمی پێغەمبەران نەوەستاوە و هەتا بە ئادەم دەگــات بردوویەتی و دەڵێ ئۆزۆن حەسەن هەر لە بنەڕەتەوە لە بنەچەی پێغەمبەران و پاشایان بـووە، دەڵێ لـە ســـــــــەرەتـای دروســـــــتکردنی زەویــــــــەوە لەبنەمـاڵـەیەکی شکۆدار و ناودار و کـاربەدەست بوون، مـێـژوو لەپێش زایینەوە ونە و نیـــیـــە، بەتایبـەت مـێـــژووی ئەم ناوچەیە، ئیـــتـر ئەم خـەیالانەی ئەبوبەکـر چۆن ئەو ونەی دۆزیــــوەو و لەتاریکاییــەکـــانی مـێژووشـەوە کە نووسین نەبووە، ئەم هەر زانیـــــاری وتووە، ئەی ئۆزۆن حـەســەن چۆن ڕازی بـووە ئاوا بۆی بپێـوێ و درێژەیەکی نەبوو بۆ ژیانی بچنێت؟ لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەدا ئەم نووســینە بۆ مـێــژووی کـورد زۆر گـــرنگە، لەدوای شـــەرەفنامـــە ســەرچاوەیەکی بەهێـــزە و دەتوانرێ سـوودی زۆری هەبێت، ئێـــمـە کـە گلەیی دەکـــەین گلـەییـــەکــــە لەنووسەرەکە ئەبوبەکر دەکەین، هەتا ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆش وانەکەن و ئەو تووله ڕێیـــانە نەگـــرن، ئازادانە بۆ نووسین و گـــەلەکـــەیان و ڕاست و دروســـت بـــنـــووســـن، هـــەتـــا نووسینەکانیان داهێنانی تێدا نەمرێ و زیندووبێت، پاشان کە لای ئۆزۆن حەسەن گیرسایەوە، ئەو فەرمانی پێ دا کە ئەبوبەکر تارانی مـێژووی وی بـنـووسـێ، ئـەویـش دەست لـەوانـە وتنەوەی حـوجـرە هەڵدەگـرێ و شـان دەداتە بەر ئەم نووسینە، وەک خۆی لـەلاپـەڕە ٤١دا دەڵـێ (دەســــــــتم هەڵگرت لە کاروباری قاڵمە قاڵمی حـوجـران کــە ســەرنجی فــەقێ و پیــتـــۆڵانی خـۆش ڕاوێژ لەهەمـــوو بارێکدا باڵێ بەسـەردا کـێـشـابوو، ئەوســـــــا ڕووم کـــــردە ڕێبــــازی سەروەبەرهێنانی فەرمانی مسۆگەری خۆم دایە کۆکردنەوە و نووسینەوەی سـەیر و سـەمـەرەکـانی کـۆن و نوێ) هەربۆیە ئەم کـتـێبـە لەڕاسـتـیـدا سـەبارەت بەمێـژووی حکومـەتی ئاق قـۆینلووان نووسـراوە، بنە و بنەچەی ئۆزۆن حەسەنی یەک بەیەک بژاردووە و هەتا سـەر پێـغـەمـبـەران و ئادەم بردوویەتییـەوە، ئەفـسـانەی زۆری لەژیـانی بـاو و باپیــــــرانـی ئۆزۆن حەسەن-دا دروست کردووە، کە هیچ ســەرچاوەیەکی دی باسی ناکــات، ڕەنگە سـەرچاوەی زۆر لەسـەردەمی ئەبوبەکردا هەبووبێت و بەهۆی شەڕ و هەرای نـاوچەکـە کـە هەمـیــشـە لە بڵێسەدا بووە فەوتابن، کتێبەکە دوو بەشـە بەشی یەکـەم ٢٧٩ لاپەڕەیە، بــەشـــی دووەم لـــە ٢٨٣-٥٧١ لاپەڕەیە، بەشی یەکەمی ئەم کـتێبە بەهێنانە گـۆڕی دیمەنی شـەڕی ئۆزۆن حەسەن لەگەڵ ڕۆستـەمی تورخان، یەکێک لەسەرکردەکانی جیهانشای قـــەرەقـــۆینلوو لە ســـاڵـی ٨٦١ک ١٤٥٧زدا کــــــۆتایی هاتووە، لە دەستپێکی بەشی دووەمدا باسێکی گـرینگ سـەبارەت بە جیـهـانیـشـای قـەرەقـۆینلوو خـراوەتە ڕوو، هەروەها ڕووداوەکــانی پاش ســاڵی ٨٥٠ک

١٤٤٦ز لەعێراق و فارس و خۆراسان و ئەوبەر ڕووبار (ماوەرای نەهر) بەڕوونی باسیان کراوە و نووسەر دیسان دەربارەی هەل و هەڵکەوتەکانی ڕۆژگاری حەسەن بەگ بەدرێژی دواوە، باسی میرانی جوغتای و قەرەقۆینلوو کراوە، پاشان باسی درێژی شارۆخ میرزا و دوای ئەوەشی باس کردووە، ئەم کتێبە لەساڵی ٨٧٦ک دا هەبووە، بەدەستنووسی دوو نووسەری ئەوکاتە مونەجیم باشی و حەسەن ڕوملو کەڵکیان لەم کتێبە وەرگرتووە، ئەم کتێبە لەبواری مێژووی ئاققۆینلوودا زۆر بەنرخە، جگە لەمە هیچ سەرچاوەیەکی تایبەتی دیکە بەدەستەوە نییە کە باسی ئەو قۆناغەی حکومەتی ئاققۆینلوو بکات، هەروەها زانیاری چاکی تێدایە لەسەر ڕووداوەکانی کە لەسەردەمی نووسەردا ڕووی دابێ و بەشی هەرەزۆری بەچاوی خۆی دیتوونی، گرنگترین سەرچاوەی مێژووی ڕوونی ڕۆژگارانی تەیموورییەکانی تێدایە و باسی سەدەی نۆیەمی عوسمانییەکانی تێدایە، هەروەها کتێبی دیاربەکرییە کە باسی ئەو ناوچانە دەکات، زۆری ڕووداوەکان لە خاکی کورددا ڕووی داوە، ناوی سەردەم و میران و بەگ و شەڕ و هەرای زۆری ناو کوردستان کراوە، غەفاری ساڵی ٩٧٥ک مردووە، لەکتێبی (جهان ئارا)دا بەزۆری کتێبی دیاربەکرییەی بەسەرچاوە هێناوە، حەسەن ڕۆملوو لەکتێبی (احسن التواریخ)دا کەڵکی زۆری لەکتێبی دیاربەکرییە وەرگرتووە، مونەجیم باشی ئەحمەد ئەفەندییە ساڵی ١١١٣ک ١٧٠٢ز لەکتێبەکەیدا کە باسی مێژووی دەوڵەتان دەکات لەباسی ئاققۆینلوودا سوودی لەم کتێبە وەرگرتووە یەکەم دەقی نوسخەی دەستنووسی دیاربەکرییە لە کتێبخانەی وەکیل محەمەد ئەمین لەشاری بەسرەی عێراق دەسکەوتووە. وەرگێڕ بۆ کوردی لە کۆتایی کتێبەکەدا لیستێکی بۆ ناوی کەسان. لیزگەی ناوی شوێنەکان و لیزگەی ناوی هۆز و خێڵ و خانەدانان بۆ ناوەڕۆکی کتێبەکە کردووە کە کارێکی چاکە و کلیلی دۆزینەوەیە و بەسوودە، خۆزگە چەند نەخشەیەکی سنووری سەردەمی قەرەقۆینلوو و ئاققۆینلوو و ئێران و ئاسیای بچووک و میرنشینە کوردەکانی کە لەو سەردەمەدا هەبوون دادەنا، هەتا خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا بگەڕایەتەوە بۆیان، بیزانیبایە ئەو ڕووداوانە لە چ سنوورێکدان و لەکوێدا ڕوودەدەن، چونکە خەڵکی ئەمڕۆ کە کەم زانیارییە و ناوی شار و ناوچەکانی لەناو کتێبەکەدا کە باسیان هاتووە پێی ئاشنا نییە.

شێوازی وەرگێڕانی کتێبی (دیاربەکرییە) بۆ کوردی بەهێزە، خەریکە شان لەوەرگێڕانەکەی شەرەفنامە بۆ کوردی بدات، کە مامۆستا هەژار کردوویەتی، بریا مامۆستا سەلاحەدین ئاشتی لەم تەرزە وەرگێڕانەی لەفارسییەوە بۆ کوردی زۆر دەبوو، شاکاری لەم جۆرە کە باس لەمێژووی ونی کورد دەکات و لەکتێبخانەی کوردیدا نییە و مێژوونووسان لێی بێ ئاگان دەدۆزییەوە و وەریدەگێڕایە سەر زمانی کوردی، وەک سەلاحەدین ئاشتی خۆزگەیەتی دەڵێ (ئاواتەخوازم کە پێشینەی دوور و تەماویمان بەدەستی مێژوونووسی لێزانی خۆماڵی لە کەلێن و قوژبنی دیرۆکی دراوسێیان دەرکێشرێ و بەشێوەیەکی ورد پێداچوونەوەی لەسەر بکرێ)ل١٢. کتێبخانەی فارسی دەوڵەمەندە، هێندەی تەمەنی شارستانییەکەیان، کە گومانی نییە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ دەبێت ئەگەر لە کۆرشەوە بیژمێرین، ئەم مێژووە لەسەرەتایانەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات، لەگەڵ مێژووی کورددا لەسەد خاڵەوە یەک دەگرێتەوە، هەر لە ئاری بوون و دراوسێیەتی کە هەمیشە لەخۆشی و ناخۆشییەکاندا چارەنووسمان لێک ئالاوبووە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە فارسەکان زینی مێژوو تۆمارکردنیان زۆر بەهێزتر بووە لەکورد، کە دەیان مێژوونووسیان هەر لە سەدە کۆنەکانەوە بەو لایەنەوە خەریکبوون، کاتێک کە کورد نەیزانیوە چی دەکات و درەوی کێ دەڕنێت، لەلای سێهەمەوە ئەمڕۆ لە ئێران دەزگای مەزن هەیە کە مێژووی خۆیان کۆ دەکەنەوە و لەکتێبخانە جیهانییەکاندا بۆی دەگەڕێن و وەریدەگێڕنە سەر زمانی فارسی، لەوێوە بۆ ئێمە زۆر بەسوودە، چونکە حەتمەن هەموو نووسینەوەیەکی مێژووی فارسی، ئۆتۆماتیکی بەشێکی مێژووی کوردیشی پێوە لچکاوە، لەلای چوارەمەوە دەوڵەتی ئێران یارمەتی و ئاسانکاری زۆری بۆ نووسەران و دەزگا زانستییەکان

بەتایبەت مێژوو کردووە، کە لای ئێمە نە ئەو زەینەیان هەیە و نە یەک فلسیش بۆ ئەو مەبەستە خەرج دەکەن، لەبەر ئەوە کەسانی وەک مامۆستایان وریا قانیع و سەلاحەدین ئاشتی و حەسەن زادە و خەڵکی تر کە فارسییەکەیان بەهێزە و قەڵەمیان بەبڕشتە و کتێبخانەی فارسی زۆر دەوڵەمەندە، بریا لەو جۆرە کارانەیان بۆ بکردینایە، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی کولتووری ئەنجامیان بدایە.

دەکرا کاک سەلاحەدین پەراوێزێکی دەوڵەمەندی بۆ وەرگێڕانە کوردییەکە دابنایە، هەندێ ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر ناوەکان و شار و وڵات و ساڵ و مێژووی پاشاکان و دەسەڵاتەکانیان و میرە کورد و میرنشینەکانی کە لەو کاتەدا هەبوون بدایە، ساڵەکانی بە مێژووی زاینی و کۆچی بۆ ڕووداو و میر و پاشاکان لە پەراوێزدا بنووسیایە، بۆ خوێنەر ئاسان کارییەکی چاک دەبوو و بۆ کتێبەکەش گرنگییەکی بەنرخ دەبوو، هەروەها میرە کوردەکانی لەمیرە تورکەکان جوێ بکردایەتەوە، شەڕ و ڕووداوەکانی ناو کوردستانی دیاری بکردایە و زانیاری زیاتری لەپەراوێزدا لەسەر بهێنایە، ئەوسا مەڵۆیەکی بەنرخی دەخستە سەر خەرووارەکەی، کتێبەکەش بۆ مێژووی کورد لەو قۆناغە سەختەی ژیانیدا دەچووە چوارچێوەی دوو بەرگی گەورەوە و وەک فەرهەنگۆکەیەکیشی لێدەهات، چونکە ئەم کتێبە بەم حاڵەیەوە قورس و گران لێی تێدەگەی، من کە شارەزاییەکم لە قۆناغەکەدا هەیە و دوو کتێبم لەسەر نووسیوە، لەکاتی خوێندنەوەیدا گران سەردەم و شوێن و کات و ناوی میر و سەرکردەکانم بۆ جوێ دەبوویەوە، ئەی بۆ کەسی خوێنەری ئاسایی وەک ئەفسانەیەکی لێڵی دێتە بەرچاو، کە باسی کۆمەڵێک دەسەڵات و ڕووداو دەکات لەوانەی خوێنەری کورد لێیان بێ ئاگایە، لەبەر ئەوە ڕوونکردنەوەی زیاتری گەرەکە، ئەم پەراوێزانەی کتێبەکە دیارە بەزۆری هی تەرجەمە تورکی و فارسییەکەیە، شتێکی وای کوردییەکە دیار نییە، پێکهێنانی پەراوێزێکی لەو جۆرە زۆر قورس نەبوو بەتایبەت بۆ کاک سەلاحەدین کە خۆی شارەزای مێژووی کورد و ناوچەکەیە، هەروەها دەکرا چەند نەخشەیەکی سنووری قەرەقۆینلوو و ئاققۆینلوو و ئەنادۆڵ و ئاسیای بچووک و کوردستان و ئێرانی بهێنایە هەتا خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا بۆی بگەڕایەتەوە، وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ کوردی هەڵبژاردنی بابەتێکی شایستە و ناوازەیە، لە هەمان کاتدا کارێکی گرانە، بەڵام بۆ وەرگێڕ بە ئاسانی دەرهاتووە، دوای شەرەفنامە بەجوانترین وەرگێڕانی کوردی دادەنێم.

# دەنگ.. فۆنەتیک.. فۆنیم.. فۆنۆلۆژی

هاشم سەڕاج

پرۆفیسۆر «وریا عومەر ئەمین» لەبەرگی یەکەمی کتێبی «چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی»دا، ڕستێک زانیاریگەلی دەگمەن ودانسقەی زمانی دەربارەی «زانستی زمان» دەخاتەڕوو و هاوکات لە ئەلف و بێی زمانی کوردی و جیهانی جووتۆکەکان- minimal pair دەکۆڵێتەوە.

مەبەست لە جووتۆکە «ئەو وشانەی هەموو دەنگەکانیان وەک یەکن تەنیا لەتاکە دەنگێ نەبێ و ئەم جیاییە لەم تاکە دەنگەدا مانای جیای بە وشەکان بەخشیبێ (جووتۆکە)ن، بە بەراوردکردنی ئەم جووتۆکانە فۆنیمەکانی زمان دەسنیشان دەکرێت». دکتۆر وریا لەم لێکۆڵینەوە زمانییەدا کۆمەڵێک جووتۆکە پۆلێن دەکات لەوانە جووتۆکەی وەک:

بیر- پیر- سیر- شیر- تیر- ژیر- میر- لیر

کەر- کەڕ- کەو- کەم- کەس- کەی- کەل- کەف

پار- بار- شار- کار- زار- دار- هار- مار- غار

شەو- خەو- کەو- چەو-

بەش- گەش- ڕەش- لەش- شەش- کەش.....تاد

دوای دەسنیشانکردنی ژمارەی فۆنیمەکانی کۆمەڵەی جووتۆکەکان و دیاریکردنی فۆنیمە نوێکانی هەر جووتۆکەیەک لە خشتەیەکی ئامارکاریدا.. لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی «هەر چەندی کۆمەڵی تر زیاد بکەین هیچی تری نوێمان بۆ نادۆزرێتەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٥)ن». هەروەها دکتۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە [گەلێ وشەی عەرەبییش کە دەنگی «ع»ی تیایە لە زمانی کوردی



ئیــمــرۆمــان بەکــاردەهێنرێن وەک «عیسا» و «لەعنەت» و «عومەر»، تاد. دەشێ «ع»نیش بە فـۆنیـمێکی زمانی کوردی بژمێردرێ، بەم جۆرە و بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە زمــانـی کــوردی «شـێـوەی خــواروو» سی و شەش فۆنیمی هەیە و چونکە ئەلف و بێی هەر زمـانێ لەسـەر بناغـەی فــۆنیــمــەکــانی دامــەزرێت و هەر فــۆنیــمــەی بۆ مــەبەسـتی نووسین نیــشــانەیەکی بۆ دادەنرێت پێی دەوترێ پیت Letter].. هاوکـات ئـەم لـێـکـۆڵـیـنـەوەیـە بـەدوای ئـەو سیستـمـە تایبـەتیـەدا دەگـەڕێ کـە لەخودی زمـاندا «دەنگ و مـانا» لە یەک دەبەستێ «لە هەر زمانێکا ڕیزە دەنگێکی تایبـــەتی مـــانایەکی تایبەتی دەبەخشێت، گۆڕانێ بەسەر ئـەو ڕیـزە دەنـگـەبـێ مـــــــانـاش دەگـۆڕدرێ.. یا نامـێنێ». دکـتـۆر وریا بەم جـۆرە پێناسـەی «فـۆنیم» دەکـات «فـۆنیم شـتـێکی مـوجـەرەدە abstruct. تـەمــــــــیـلـی چەند دەنگێکی جـیـا دەکـا لە زمـانێکی تایبەتیدا، ئەم دەنگانە شێوەی جیا دەگــرنـە خـــۆ بەپێی ئەو بیـــئـــە جیاوازانەی تیایانا دەردەکەون».

پاشـــان لە نرخ و بەهای دەنگی پیت و شێوەی گۆکردنی دەکۆڵێتەوە، بۆ نموونە. دەنگی «س» لە وشــەی «سەر» و «باس»دا جیـان لە دەنگی «س» کـــە لە وشــەی «ســاڵ» و «سەد»دا دەردەکـەوێ، لەم وشانەی دواییدا دەنگەکە وەک بلێی شێوەی «ص»ی وەرگــرتبێ ســەرەڕای ئەم جیــاوازییـەش هەردووکـیـان سـەر بەیەک فـۆنیـمن و لە سیـسـتـمی فــۆنۆلۆژی زمــانی کــوردیدا یەک نرخــیـــــان هەیە، بەڵام «ر» «ڕ» لەزمانی کوردیدا دوو فۆنیمی جیان، چونکە لەم زمانەدا جووتە وشەی وا هەیە کـە ئەم دوو دەنگە جیـاوازەیان تێدا لەهەمـان کـەشدا دەردەکـەوێ و مانای جیایان پێ دەبەخشن وەک لە «کـــەر- کـــەڕ»، «برین- بڕین»، «تێر- تێڕ»..تاد. پێوەندی نێوان دەنـگ و فــۆنیم لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە.

فۆنیم = [دەنگ]   [س]

[دەنگ] وەکو /س/=   [ص]

دواتر دکـــتـــۆر وریا بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێناسـەی هەریەک لە فۆنێتیک- Phonetics و فۆنۆلۆژی Phonology بەم شێوەیەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

فـۆنێـتـیک= واتا «ئەو بەشـەی زانسـتی زمـان کـە لە چۆنیـەتی دروسـتکردنی دەنگەکـانی زمـان و سـروشـتـیـان دەکـۆڵێـتـەوە و هۆی جیاوازی نێوان دەنگە جیاوازەکانی زمـان دەردەخـا»، بەڵام «فـۆنۆلۆژی» ئەو بەشـەی زانسـتی زمـانەکـە لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە کە بەهۆیانەوە دەنگەکـانی زمـانێکی تایبـەتی لە یەک دەدرێن بۆ دروسـتکردنی بڕگـە، یەک نرخ دەدا بە کـۆمـەڵە دەنگێکی جـیـاواز کـە هەمـان کـۆمـەڵە دەنگ لەوانەیە لەزمانێکی تردا دەرکەون و تێـیـدا نرخێکی جیا پیـشـان بدەن، واتا فۆنێتیک شتێکی گشتییە و فۆنۆلۆژی تایبەتییە.

دکـــتـــۆر لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ڕوانگەیەکی دیالیـکـتـیـکـیـیــەوە لەخودی زمـان و گـۆڕانکارییـەکـانی دەڕوانێت، واتا زمـــــان وەکــــو بوونـەوەرێکە هەمـیـشـە و بەردەوام لەگــۆڕان و گــۆڕانکاریدایە.. [لەم سـروشـتــەدا هەمــوو شــتــێک لە گۆڕاندایە، باری ئێستای هەر شتێ جـیـایە لە هی سـەردەمـێکی تری، زمانیش وەکو لایەنێکی ئەم سروشتە لەم یاسـا گـشـتـیـیـە بەدەر نیـیـە، بەتێـپـەڕبوونی کـات دەگـۆڕێ] بۆ نموونە بە بەراوردکــردنی زمـــانی ئینگلیـزی کـۆن کـە لە دەوروبەری سـەدەی یازدەیەم قـسـەی پێ دەکـرا لەگـەڵ ئینگلیـزی ئیـمـڕۆ وەک دوو زمـانی جـیـا خـۆیان دەنوێنن.. ئەو گۆڕانکارییـانەی بەسەر زمـاندا دێ هەمــوو لێـڤـڵــەکـانی دەگــرێتــەوە «مـەبەست لە لێـڤـڵـەکـانی لایەنی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکی و سیمانتیکییە»

بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی کۆندا دەنگی «ژ» نەبوو، بەڵام لە ئەنجامی کـارتێکردنی زمـانی فـەرەنسی گـەلێ وشــەی وەک azure و measure و rough.. تـاد کـــە دەنگـی (ژ)یـان تێدایە کـەوتنە ناو زمانی ئینگلیزی و بوون بە بەشێکی بنجی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی... هەروەها «ع» و «ق» و «ح» بۆ زمانی کوردی هەمان شتن، لە نژاددا کوردی بووبن، یان لە ئەنجـامی کـارتێکردنی زمـانێکی تر کەوتبنە نێو زمانی کوردییەوە گرنگ ئەوەیە ئێـســتــە بەشـێکی بنجی سیستمی فۆنۆلۆژی زمانی کوردین..

لێـرە لەگـەڵ کـارلێکی زمـانی و بۆچوونە زمـانیـیـەکـەی دکـتـۆر وریا هاوڕاین، بەڵام بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە زمان دەسەڵاتە، چونکە [من ناچار دەکات کلێشەگەلێک کە پێشتر فۆرمەڵە بووە، لەوانە «خـــودی وشـــەکـــان»

بەکاربهێنم.. چونکە دەسەڵات لە هەر کارێکی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا ئامادەیە و بەشێنەیی خۆی دەسەپێنێت، یان وەک میشیل فوکو جەختی لەسەر دەکات کە «شوێنێک کە بە تەواوی لەدەرەوەی دەسەڵات بێت، بوونی نییە» هاوکات ڕەنگە ئەو بۆچوونە زانستییەی دکتۆر وریا کە بە زەینییەتێکی جیهانی لە گۆڕانکارییە زمانییەکان دەڕوانێت لەگەڵ خاوێنکەرە فەندمەنتالیستەکانی زمان یەک نەگرێتەوە، وەک لەکتێبی «سۆفیستەکان»ی «ڕێبوار سیوەیلی»دا هاتووە کە [خاوێنکەرەوەی زمان وەک دزێک وایە، کە کەوچکی قاوە و کەوچکی چا و کەوچکی مەحللەبی و کەوچکی چێشت و کەوچکی مرەبامان لێدەدزێت و لەجیاتی ئەوە کەوگیرێکمان دەداتێ کە لەسەری نووسراوە «دەتوانرێت بۆ تیکەڵهەڵدانی قازان و بۆ شلەمەنی بەدەمەوە کردن بەکار بهێنرێت] لێرە بەرلەوەی درێژە بەم نووسینە بدەم و بابەتە گرنگەکانی ئەم کتێبە دەگمەن و زانستییە بخەمە بەر زەین و دیدەی خوێنەران، حەزدەکەم بەرانبەر ئەم دوو گوتەیەی دکتۆر وریا هەڵوەستەیەک بکەم کە لەمەڕ «نووسین» دەیڵێ، چونکە ئەم ڕایەی دکتۆر دوو بۆچوونی جیاوازم بیردەخاتەوە.. لە لاپەڕە «١٧»ی ئەم کتێبەدا هاتووە کە [نووسین شتێکی دەسکردە پێکهاتنە لەسەر، یان لەلایەن کۆمەڵەوە هیچ کار ناکاتە سەر جەوهەری زمانەکە، هەموو میللەتی ئینگلیز کە دەنووسێ «night» ئەو «gh»ەی دەخاتە ناو بێ ئەوەی هیچ دەنگێ لە قسەکردنا بنوێنێ» ڕاستە ئەم بۆچوونە زیاتر باس لە ڤاوڵەکان و گۆکردنی وشە دەکات، بەڵام هاوکات ئاماژەیەکی خێرایە بۆ کردەی نووسین و جۆرێک لە بەراوردکردنی لەگەڵ ئاخافتن، یان قسە کردن، هەروەها لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا هاتووە کە [نووسین شتێکی جامیدە و نەگۆڕاوە بە گۆڕینی شێوەی قسەکردن].. هەڵبەتە سەرووەریدان بە ئاخافتن، یان نووسین، ئەمە کێشەیەکە و لە تێکستە فەلسەفییە دێرینەکانی گریکەوە سەرچاوەی گرتووە وەک دەزانین کە «ئەفلاتوون».. کردەی نووسین بە «بیژوو» لە قەڵەم دەدات، یان وەک ئەو فەرزەندەیەی کە لە سیستمی باوکایەتی دابڕابێت، وێڕای ئایرۆنییەتی زمان، نووسین لە [میتافیزیکای ئەفلاتوون]دا بە «فارماکۆن- Pharmakon ناوزەد دەکرێت واتا بوونی نووسین «بە ژەهر و دەرمان لەیەک کاتدا»... بەڵام دواجار «جاک دریدا» لەزۆربەی نووسینەکانیدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی ئەو دەنگ پەروەرییە دەدات و دەیەوێ لۆگۆسێنترالیزم و فۆنۆسێنترالیزم تێک بشکێنێت و سەرووەری بەزانستی نووسین بدات، بەڵام «فردیناند دی سۆسێر» زمان بەلایەنی کۆمەڵایەتی و ئاخافتن بە تاکەکەسی، یان فەردانی دادەنێت، [بە بۆچوونی ئەو ئاخافتن تەنیا ڕوویەکە لەڕووەکانی چالاکی مرۆڤایەتی، بەڵام زمان دەفری ئەو چالاکییە و کەرەستەیەتی، واتا زمان بریتییە لە سیستمیک لەهێماکان کە ڕووداوی ئاخافتنی «کردەیی» پراکتیکی پێویستیەتی»

هەڵبەتە ئاخافتن هەمیشە و بەردەوام ئامادەیی دەنگی تیا زاڵ و بەرجەستەیە، مەبەست «گوتن و پەیڤین و بیستن و گفتوگۆیە»، یان ئەو پێوەندییە دەنگییەی لەنێوان قسەکەر و گوێگردا دروست دەبێت.. هەمدیس دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکەی دکتۆر وریا، با بزانین چۆن لە ڕوانگەی زانستی زمان و دەنگناسییەوە لایەنگەلێکی تری گرنگ و بەهاداری «فۆنەتیک» دیاری دەکات و چالاکییەکانی دەخاتە ڕوو، دکتۆر دەڵێ: [فۆنەتیک هەر لەو دەنگانە ناکۆڵێتەوە کە لە نووسینا بەپیت دەردەبڕێن، بەڵکو کەرەسەی «دەنگی» تر هەن کە زۆر گرنگن لەزمانا، بەڵام لەنووسینی ئاساییدا هیچ نیشانەیێکیان بۆ نییە». وەک:

١- هێز stress وزەیەکی زیاترە (بە گوێرەی بەشەکانی تر» دەخرێتە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە، یان دەستەواژە لە وشەی [نووستن]دا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم گەر مەبەست «ئەوان نووستن» بوو، دەکەوێتە سەر بڕگەی دووەم گەر مەبەست بابڵێین «نووستن خۆشە» بوو.

٢- ئاوازە intonation گۆڕینی ئاوازی ڕستەیە بۆ گەیاندنی مەبەستی جیاواز، هەر ڕستەیەک دەیان مانا دەگەیەنێ بەپێی ئاوازەکەی.

٣- تۆن ton ئاوازی بڕگە، یان وشە. لە هەندێ زمانا بەگۆڕینی

ئاوازی برگە، یان وشە مانای وشەکە دەگۆڕێ، وەک زمانی بۆرمی و تایلاندی.. بابەتێکی تری ئەم کتێبە لە لقەکانی زانستی زمان دەدوێت- «زانستی زمانی وەسفی و مێژوویی و بەراوردی» «زانستی زمان بریتییە لە کۆمەڵێک بابەتی بەیەک بەستراو بەکاردەهێنرێت بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زمان».. پاشان دکتۆر «وریا عومەر ئەمین» لە لێقڵەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و دەڵێ: وەک زانرا بچووکترین کەرەستەی زمان تاکە دەنگەکانییەتی، لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان و دەستنیشانکردنی چۆنیەتی دروستبوون و گواستنەوە و وەرگرتنیان لەلایەن گوێگرەوە فۆنێتیکە Phonetics ئەمەیان لێقڵێ.. هەروەها بەیەک، یان زیاتر لە یەک فۆنیم، مۆرفیم Mor-pheme دروست دەبێ، مۆرفیم بچووکترین کەرەستەی ماناداری زمانە کە لە ڕێزماندا دەورێکی هەیە، بەیەک مۆرفیم، یان زیاتر وشە word دروست دەبێ، بەیەک وشە، یان زیاتر فرێز Phrase دروست دەبێ و چەند فرێزێک ڕستە Sentence دروست دەکەن.

ئەم نەخشەیەی خوارەوە لێقڵەکانی زمان و پێوەندی نێوانیان ڕوون دەکاتەوە.

<table>
<tr><td>دەنگ</td><td>فۆنەتیک</td><td rowspan="3">بێ مانا</td></tr>
<tr><td>فۆنیم</td><td rowspan="2">فۆنۆلۆژی</td></tr>
<tr><td>برگە</td></tr>
<tr><td>مۆرفیم</td><td rowspan="2">مۆرفۆلۆژی</td><td rowspan="4">مانا</td></tr>
<tr><td>وشە</td></tr>
<tr><td>فرێز</td><td rowspan="2">سینتاکس</td></tr>
<tr><td>ڕستە</td></tr>
</table>

کەواتە «فۆنەتیک ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە کەرەستە هەرە خاوەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و شیبیان دەکاتەوە».. بەڵام فۆنۆلۆژی.

١- فۆنیمەکانی [لە دەنگەکانییەوە] دەستنیشان دەکات.

٢- لەناو قاڵبی برگەی فۆنەتیک ئەم فۆنیمانە لێک دەدات برگەی فۆنۆلۆژی پێک دەهێنێ.

٣- لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکان. دەنگ هەیە دەگۆڕێ. هەیە دەتوێتەوە. هی تازە پەیا دەبێ..].. دکتۆر وریا لە بابەتی [مردنی وشە]دا گفتوگۆی بنج و بنەمای ئەو پێناسانە دەکات کە ڕێزمانی تەقلیدی بۆ پێناسەکردنی وشە و ڕستە پەیڕەوی کردوون وەک [ڕستە لەکۆمەڵە وشەیەک پێک دێت]، [بەشەکانی ئاخاوتن بریتین لە چەند کۆمەڵە وشەیەک] [وشە بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێکی بەزار دروستکراو مانایەک دەبەخشێ].. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چەمکی پێناسەکان دەدوێ و چەندین سەرنجی زانتسییانەی زمانی تۆمار دەکات.. وەک:

- مرۆڤ دەتوانێ بەخوێندنەوە و نووسینەوە هەزاران وشە بخاتە ناو مێشک و لێیەوە دەربهێنێ بێ ئەوەی زاری بکاتەوە و نقەی لێوەبێ، ئەمە ئەوە دەردەخا کە مەرج نییە وشە بریتی بێ لە دەنگ هەروەها گریان و پێکەنین کۆمەڵە دەنگن بەزار دروست دەکرێن و ماناش دەبەخش «ئازار، خەم، شادی، گاڵتە» چۆن بە وشە لە قەڵەم دەدرێن.

- گوڵ، گەنم، ڕەش... تاد هەریەکە و وشەیەکە و بە کۆمەڵە دەنگێکی زار دروست دەکرێ و مانایەک دەبەخشێ، هەروەها «گوڵەگەنم، ڕەشەبا، دەستکورت، هەیە کە چەند وشەن و چەند مانا دەبەخشن.

- وشە هەیە ڕستەیەکی تەواوە وەک «بمانخواردنایە»، یان وشە هەیە زیاتر لە مانایەک دەبەخشێ وەک «بار»- بارێکی ناڵەبار، بارەدارێک

- یان «موڵ و مەزان» لە گوڵ و موڵ و نەزان و مەزان»دا وشەن، یان نا؟ گەر وشە نەبن چین؟ دەنگن و بەزار دروست دەکرێن و لەزمانا بەکاردەهێنرێن- هەڵبەتە مول، یان موڵ لە شیعری کلاسیکی کوردیدا واتای «شەراب» دەگەیەنێ.. مەجلیسێکی گوڵ و مول... ئەم لێکۆڵینەوەیە لەڕووی دەسنیشانکردنی «مانا»وە بۆ پێناسەکردنی «وشە» لەگەڵ پەیڕەو و پێوانەکانی ڕێزمانی تەقلیدیدا کۆک نییە، چونکە «مانا» مۆرک و خەسڵەتێکی جیوەیی هەیە و دەستەمۆ ناکرێ و زۆر جاریش دوادەخرێ، [جگە لەمانە چەمکی «مانا» خۆی شتێکی شاراوەیە. «مانای مانا» خۆی ساغ نەکراوەتەوە] دکتۆر وریا دواجار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە [هەج هەوڵدانێک بۆ پێناسینی وشە بەپێی مانا هیچ ئەنجامێ بەدەستەوە نادات» دوای خستنە ڕووی چەندین هۆکاری تر دەگاتە ئەو ئەنجامە کە «هیچ پێوانەیەکی سیمانتیکی، یان فۆنۆلۆژی نییە بۆ پێناسینی وشە بشێ و بکرێ بە بنج بۆ شیکردنەوەی زمان بۆیە زانایانی زمان ڕوویان لە

وشە وەرگێڕاو لە جێگیری «بدیل»ی تر گەڕان. یەکێ لەم جێگیرانە چەمکی (مۆرفیم) بوو»

«مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە لە فۆنیمێ، یان زیاتر پێک دێت و دەورێکی لەڕێزماندا هەیە، بەگۆڕین و لابردنی هەر فۆنیمێکی، یان بەلەتلەتکردنی مانا و دەورە ئەسڵییەکەی تیا دەچێ» ئیتر دکتۆر وریا دەڵێ: لە ئەنجامدا مۆرفیمیش وەک وشە سەری نەگرت و نەشیا ببێ بە پێوانە بۆشیکردنەوەی زمان.. هەڵبەتە چەندین هۆی گرنگ گرنگ دیاری دەکات، لە شوێنێکی تری ئەم بابەتەدا بەم شێوەیەی خوارەوە جیاوازی نێوان مۆرفیم و بڕگە دیاری دەکات:

مۆرفیم و بڕگە دوو شتی جیان. مۆرفیم سەر بەلایەنی «مانادار- سیمانتیک»ی زمانە. بڕگە قاڵب و دارشتنە و سەر بە لایەنی بێ مانای زمانە «فۆنۆلۆژی». لەناو قاڵبی بڕگەکاندا فۆنیمەکان لەیەک دەدرێن بۆ دروستکردنی مۆرفیمەکان، پێوەندی بڕگە و مۆرفیم لەزمانی کوردیدا بەم جۆرەیە:

١- دوو مۆرفیم لە بڕگەیەکدا (خۆ-ت / لا-م).

٢- یەک مۆرفیم لە بڕگەیەکدا (مانگ/ سەوز).

٣- یەک مۆرفیم لە دوو بڕگەدا (بەهار/ ئاسۆ).

٤- یەک مۆرفیم لە سێ بڕگەدا (گەلاوێژ/ ئارەزوو/ ئەستێرە)

چونکە وشە لەزمانی کوردیدا لە مۆرفیمێ، یان زیاتر پێک دێت کەم وشەی تێدا لە پێنج مۆرفیم زیاترە.

١- وشەی یەک مۆرفیمی (دڵ/ گەلاوێژ/ ئارەزوو)

٢- وشەی دوو مۆرفیمی (باڵ-دار/ ئازاد-ی)

٣- وشەی سێ مرۆفیمی (ئە-خۆ-م/ نا- چ- ین)

٤- وشەی چوار مۆرفیمی (ئە-ی- ناس-م/ زام-ەکە- ان- م)

٥- وشەی پێنج مۆرفیمی (هەڵ-ی - ئە- گر-م/ ڕا- یان- ئە-سپێر-م)

دواتر ئەم لێکۆڵینەوە، بەم شێوەیە پێناسەی زانستی زمان دەکات «زانستی زمان ئەو بەشەی زانستە کە هەوڵ دەدا بزانێ زمان چییە، لێرە کە دەڵێین زمان مەبەستمان زمانە بەگشتی وەک دیاردەیەکی ئینسانی، نەک زمانێکی تایبەتی، چونکە هیچ کۆمەڵە ئادەمیزادێ نییە لەجیهاندا زمانی نەبێ، هەمووش هەمان ئەرک بەهەمان ڕێگە بەجێ دەهێنن، ئەویش گواستنەوەی ئەو بیرو خەیالانەی لە مێشکا هەیە بەهۆی کۆمەڵە دەنگێکی بەزار دروستکراو بۆ بەرانبەر، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە هەموو زمانانی جیهانی لەهەمان پلەی پەرەسەندندان و هەموو بە قەد یەک ئاڵۆزن و ئەو زمانانەی گوایا پێیان دەوترێ بیدائی بوونیان نییە، واتا یەک بناغەی بنجی هەیە هەموو زمانانی جیهان لەسەری دامەزراوە، یان کۆمەڵە یاسایەکی بنجی هەن هەموو زمانانی جیهان تێیاندا بەشدارن و بەهۆیانەوە کاردەکەن، ئەرکی زانستی زمان تێگەیشتنی سرووشتی ئەم بناغە گشتییەیە و دۆزینەوەی ئەو یاسا بنجییانەیە کە هەموو زمانانی جیهان تێیدا بەشدارن و بەهۆیانەوە کار دەکەن»

ئەوەی جێگەی سەرنجە، هەر بابەتێکی ئەم کتێبەی پرۆفیسۆر (وریا عومەر ئەمین) شایانی چەندین توێژینەوە و لێ خوردبوونەوەیەی زمانییە بۆ نموونە لەبابەتێکدا دەربارەی چەمکی «نەرێ».. بەهۆی چەند ڕێسایەکی زمانەوانی لە پێناسەی ئامرازی «نەرێ» دەکۆڵێتەوە کە بەم شێوەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو.

«نەرێ چەمکێکی سیمانتیکییە وەک کەرەسەیەکی سیناکسی لەڕستەدا دەردەکەوێ، بەجێ نەهێنانی ئەرکی کاری ڕستەکە دەگەیەنێ،».. ئەنجا ڕستەگەلێک دەخاتەڕوو کە تێیاندا ئامرازی نەرێ ڕۆڵێکی گرنگتر دەگێڕێت و هاوکات دژە ماناکان دیاری دەکات، یان بەپێی میتۆدی «klima» کە سەر بەڕێبازی چۆمسکییە، پێی وایە «ڕستەی سادە تەنیا یەک ئامرازی نەرێ قبوڵ دەکات، واتا ڕستەی سادە لە یەک ئامرازی نەرێ زیاتر وەرناگرێ، کەچی دکتۆر وریا چەند نموونەیەک لەزمانی کوردی وەردەگرێت کە زیاتر لە ئامرازێکی «نەرێ»ی تێدا بەرچاو دەکەوێت: وەک «من ناتوانم نەچم».. ئەم ڕستەیە مانای زۆر جیایە و پێچەوانەی ئەمە ناگەیەنێ «من دەتوانم بچم».. یان بە بەکارهێنانی یەک ئامرازی «نەرێ» جیاوازی تر لە واتاکان دەردەکەوێ «من دەتوانم نەچم» «من ناتوانم بچم».. بەرەچاوکردنی ڕێبازی گوێزانەوەی چۆمسکی دەبێ ئەم جۆرە ڕستانە لە بنجدا بەلێکدراو و ئاڵۆز لەقەڵەم

بدرێن، واتا ڕستەی «من دەتوانم بچم» لەبنجدا دەبێ لەم دوو ڕستەیە پێک هاتبێ:

١- من دەتوانم

٢- من دەچم..

یان لە بابەتێکی تردا بەناوی «زمان و ماتماتیک» دەڵێ: «یەکێ لە سیما هەرە سەرسوڕمێنەکانی زمان ئەوە ئینسان دەتوانێ هەمیشە مانا و بیری تازەی پێشتر نەبیستراو، نەزانراو دەربڕێ و تێ بگات.

چونکە ماتماتیک سیستمێکە و بریتییە لە ژمارەیەکی کەم و سنووردار لە «نیشانە» و «یاسا» کە بەهۆیانەوە ژمارەیەکی بێ کۆتا «نرخ» دەردەبڕدرێ. بۆ نموونە:

١- نیشانە (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩، سفر).

٢- یاسا- خانەی تاکانە و دەیانە و سەدانە و هەزارانە..

تەنیا بەم دوو لایەنە زۆر سنووردارە ژمارەیەکی بێ پایان «نرخ» دروست دەکرێت، کە بەهۆی تیۆری شیمانەکاری نرخی هەر «نیشانەیەک»یش لەناو چوارچێوەی ئەم یاسایەدا بەهۆی شوێنەکەی و جۆری پێوەندی لەگەڵ نیشانەکانی تردا دەسنیشان دەکرێ». واتا پێوەندی نێوان زمان و ماتماتیک لە لێقڵەکانی سینتاکس و فۆنۆلۆژیدا دیاری دەکرێت، هەروەها بەپێی قوتابخانەی «بونیادگەری» لە سەرلەبەری لێقڵەکانی زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە. وەک لێقڵی فۆنۆلۆژی و دیاری کردنی ژمارەی بزوێنەکان و کپەکان، یان لە لێقڵی مۆرفۆلۆژیدا.. کە «مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە لە فۆنیمێ، یان زیاتر پێک دێت» دەڵێ: ژمارەی مۆرفیمەکانی هەر زمانێ هەرچەند زۆر بێ سنووردارە، بەڵام بەپێی چەمکی «شیمانە» دەرگە کراوەتەوە تا ژمارەیەکی بێ دوایی لێی دارێژرێ» یان لە لێقڵی سینتاکسیدا، لەگەمەی ناوکۆییەکان دەدوێ، چونکە هەر زمانێ هەزاران و دەیان هەزار وشەی تێدایە، ژمارەی ڕستەکانی هەر زمانێ بێ دواییە، هەر چەمک و مانایەکیش بێتە خەیاڵی مرۆڤ دەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەم ژمارە بێ دواییە... یان لە بابەتێکدا لەژێر ناوی «لێڵی لە زمانی کوردیدا» بەم شێوەیە پێناسەی «لێڵی» دەکات «لێڵی لەزمانا ئەوەیە دەربڕینێک زیاتر لە مانایەک ببەخشێ، دوو جۆری لێ دەسنیشان کراوە.

١- لێڵی مۆرفۆلۆژی.

٢- لێڵی سینتاکسی.

لێڵی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ئەوەیە وشەیەک، یان مۆرفیمێک بەتەنیا ببیسترێ، یان بخوێنرێتەوە گوێگر، یان خوێنەر بەزیاتر لەمانایەک تێی بگات وەک «ڕواندن، بار، لایدا، خوێن...تاد».. وشە هەیە لە نووسیندا لێڵە..بە بیستن لێڵییەکەی دەرەوێتەوە. وەک (سەوزە) لەوتندا ئەگەر هێز خرایە سەر برگەی یەکەم دەبێتە سیفەتێک دەخرێتە پاڵ شتێک وەک «گیاسەوزە» ئەگەر هێز خرایە سەر برگەی دووەم واتای «خواردەمەنی سەوزە دەگەیەنێ.. یان لێڵی لە ڕستەکاریدا.. ڕستە لێڵە ئەگەر زیاتر لەمانایەکی بوو وەک «ئازاد ئازار لە دڵ دەڕوێنێ».. کە ئەم دوو واتا دژ بەیەکدی هەیە..

١- ئازاد ئازار دەخاتە دڵ.

٢- ئازاد ئازار لەدڵ لادەبا

لەم بابەتەدا ڕستێک هۆکاری لێڵی دەخاتە ڕوو و دەڵێ: لەناو چوارچێوەی زمانێکدا ئەگەر یەک ڕستە زیاتر لە مانایەک ببەخشێ ئەوە ئەم ڕستەیە زیاتر لە بنجێکی هەیە، لەکۆتاییدا دەڵێم «ئاسۆیەکی تری زمانەوانی» کتێبێکە و لەڕێگەی میتۆد و یاساو ڕێسای زانستی و بەنوێترین شێوازی ماتماتیکی لە لێقڵەکانی زمان و کێش و شەپۆلەکانی شیعری کوردی و چەندین بابەتی جیاجیای بوارەکانی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی و سیناکس و سیمانتیکی دەکۆڵێتەوە و تارادەیەکیش چارەسەری زۆرترین کێشە و گرفتە ڕێزمانیەکان دەکات.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی**

**نووسەر: پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین**

**بڵاوکراوەی ئاراس، ژمارە«٢٣٩»**

**چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٤.**

# شیعری لاواندنەوە – ELEGIE

د. موحسین ئەحمەد عومەر
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان)

شیعری لاواندنەوە (الرثاء) لە ئەدەبیاتی کۆن و نوێی کوردی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، ئێمە گەلێک تێکستی شیعری ناسراومان هەیە، هەڵبەت، ئەم لایەنەش ئەدەبیاتی نووسراو و میللی و فۆلکلۆریش دەگرێتەوە، شیعری لاواندنەوە بەوە ناسراوە: قەسیدەیەکە سەر شارە، یان پڕە لە عاتیفە و هەستی ڕۆمانتیکی و جۆرێک لە خەمباری کە وەک سیمایەکە بۆ هەستە ڕۆمانتیکییەکە. زیاتریش شاعیر باس لە ژیانی تایبەتی خۆی دەکا (Personnelle)، واتە ناوەڕۆکی قەسیدەکە پێوەندی بەخۆیەوە هەیە و شاعیر کەسێک دەلاوێنێتەوە، ئەوکەسە دەشێ دەزگیران، یان کوڕ، یان کچ، یان کەسێکی زۆر نزیکی بێ، پیشاندانی هەستی لە دەستچوون، لێرەوە لاواندنەوە وەک دیاردەیەکی دەروونی هەڵکەوتێکی تایبەتی وەردەگرێ، ئەویش بریتییە لە ژیاندنەوە و هێنانەوە دنیا، ئەمەش لە ئەدەبیاتدا بە وێنەی شیعری و چنینێکی نایاب دەکرێ، ئەم چنینە توانا و بەهرە و خەیاڵێک، یان چڕبوونەوەیەکی عاتیفی و هونەری دەوێ کەم لە شاعیران توانیویانە لەم بوارە قەسیدەی جوان بنووسن، بەلام ئێمە کۆمەڵێک نموونەی نایابمان هەیە لە ئەدەبیاتی نووسراو و میللی و فۆلکلۆری. هەرە ناسراوترین قەسیدە لە شیعری کۆنی کوردی، قەسیدەی (گلکۆی تازەی لەیل)ی ئەحمەد بەگی کۆماسی-یە «کە هەندێک بەهی ئەحمەد بەگی دەربەند فەقەرە-ی لە قەڵەم دەدەن»

قەسیدەکە بەم بەیتە دەست پێ دەکا:

**گلکۆی تازەی لەیل**
**گلکۆی تازەی لەیل**

**ئاڕۆشیم وەسەر**
**گلکۆی تازەی لەیل**

بێ گومان لە ئەدەبیاتی میللی و فۆلکلۆریش نمونەی لەم جــۆرە هەیە و لەلای (وەلی دێوانە) و داســتــان و بەیتـەکانی خۆشەویستی و قـارەمانی-یش ئەم تێمـە دەدۆزرێتەوە.

لە ئەدەبییـاتی هاوچەرخ دەتوانین دیوانی (شیــوەن و فرمێسک)ی گۆران بەهەمـوو قەسیدەکانی بە نمونەی شیعری لاواندنەوەی نوێ و نایاب لەقەڵەم بدەین، بەڵام لەناو ئەم کۆمەڵە شیعرەی گۆران هەردوو قـەسیـدەی (شیـوەنی گوڵاڵە) و (گـوڵی کەمخـایەن) لەم ڕووەوە بە پلەی یەکـەم بێن، چونکە ئەم هەســتــەی سـەرەوە بە شێـوازێکی بڵندی هۆنینەوەی هونەری تەعـبـیـری لێ کراوە، شاعیر جیهانێکی ناوێزەی دروست کردووە کە سنوورەکانی لەدەست چوونی تاکەکەسێک دەبڕێ و وەک کێشـەیەکی وجوودی و زەمـەنی مرۆڤ پیشـانی دەدا، خـوێنەر لەگـەڵ خـوێندنەوەی هەست دەکـا ئەو کـەسەی لەدەست چووە زۆر لە خۆی نزیکە. ئەم دیاردەیە لە هەموو ئەم نموونە شـیـعـریانەی لێـرە ناویان هاتووە بەدەست دەکەوێ.

لە ئەدەبی جیـهانی ناسراوترین قـەسیدە، قـەسیـدەی (دەریاچە)ی (لامـارتین)ە، کـە لە کـۆمـەڵە شـیـعـری (ڕامـانەکـان- Meditationes) بڵاوبووەتەوە، بێجگە لەمە ئەم کۆمەڵە شیعرە قەسیدەی لەم جۆرەی زۆر تێدایە کـە لە ساڵی ١٨٢٠ بڵاوبووەتەوە، بەڵام ناسـراوترینیـان ئەم قـەسیـدەی سـەرەوەیە. (لامـارتین) لەم قـەسیـدە بەناوبانگە، لەکاتێکی دیاریکراو ژوانی لەگەڵ دەزگیرانە تازەکـەی هەیە، شـوێنی بەیەک گـەیشــتنیــان بەپێی ڕێککەوتنی پێـشـوو، بریتـیـیـە لە لێـواری دەریاچەی بورژێ، لە کـاتی دیاریکراو (لامـارتین) لە لێـواری دەریاچە ئامادەیە، بەڵام (لامارتین) وێڕای خەم و پەژارە و سۆزێکی زۆر بۆ کچە نەخۆشەکەی (ژولی) کە لەسەرە مەرگە لەم شوێنە ئامادە دەبێ، سەرەنجام دەزگیرانەکەی بەهیچ شێوەیەک ناگا، دواجار ئەم هەستە کـە وەک لە دەستچوون وایە، لەگەڵ لە دەستچوونی کچە نەخۆشەکەی تێکەڵی یەکتر دەبن و شاعیر دەردی دڵی خۆی لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمەڵێک مێتـافۆری تایبـەت بەسروشت، وەک دەریاچە و ئاو و بەرد و باو بەلەم و شـەپۆلەکـانی دەریاچە و زەمـەن دەردەبڕێ. لەم قـەسیـدەیە مـەسـەلەی زەمـەن بـایەخـێکی زۆر سـەرنج ڕاکـێش وەردەگـرێ، بەو مـانـایەی هەمـوو شـتـێک تێـدەپەڕێ، ئەم قـەسیـدەیەی (لامـارتین)، هەروەکـو دیوانی (شیـوەن و فرمـێسک)ی (گـۆران) بریتین لە شـیـعـری نوێی لاواندنەوە، چونکە لە ڕووی کـێش و سـەروا و هۆنینەوە زۆر جیـاوازن لە چاو ئەوانەی پێش خۆیان.

لە ڕووی مێژووییەوە شیعری لاواندنەوە- Elegie، لە ئەدەبی ڕۆژئاوا بریتییـە لە قەسیدەیەکی کورت، ئەوسا «درێژییـەکـەی بە قـەد شـیـعـری غـەزەلە بەو شـێـوەیەی لە ئەدەبی کۆنی کوردی هەیە» کێشـێکی تایبەتی هەیە کە بەکـــێـــشـی لاواندنـەوە (Le distique elegiaque) ناسراوە، بەڵام لە شیعری لاتینی وەک جۆرە شیعرێکی لیـریکی ناسـراو بوو کـە پڕ بوو لە عـاتیـفـەی هەڵچـووی شاعـیـر. لە ئەدەبی سـەردەمی کـلاسـیک بریتی بووە لە جـۆرە شـیـعـرێکی پڕ لە سـۆز و هەسـتی خـەمـبـاری، بەتـایبــەتی شـادی و ئازاری خـۆشـەویســتی، بەڵام لە ئەدەبیـاتی کـۆنی یۆنانی هەڵکەوتێکی دیکەی هەبوو، بەجـۆرە کـێشـێکی دیکە دەنووسـرا (...) زیاتر دەبوایە سیفـەتێکی هاندان و ڕێبەدیی و حیکمەت و فێرکردنی هەبێ. هەتا سەدەی سێـیـەمی زایینی بەم شێـوەیە درێژە بەخـۆی دەدا کـە لەلایەن (کـالیـمـاک) و (فـیلێـتـاس) بەکـارهاتووە، چونکە بۆ یەکـەمین جـار لەلای ئەمـانە بۆ هەستی خۆشەویسـتی شاعیـر خۆی بەکارهاتووە. دواتر لەسـەردەمی ڕۆمـانی، ناسـراوترین شـیـعـری لاواندنەوە، لەلایەن (ئۆڤـیـــد)ەوە نووســراوە کــە لە (Triste) و (Pontique)، شاعیر بە عاتیفەیەکی ناوێزە و سەرشار لەلاواندنەوە باس لە مـەنفـاو دوورە وڵاتی خـۆی دەکـا. لێرەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کە (ئۆڤـیـد)، بە یەکەم شـاعـیــری پەناهەندە لە قـەڵەم دەدرێ. (ئۆڤـیــد لە ســـاڵی٤٣پ.ز لەدایک بووە لە ١٧ز کـــۆچی دوایی کـردووە.) ئۆڤـیـد لەلایەن دەسـەڵاتی ڕۆمـانی بۆ دەرەوەی وڵات دوور دەخرێتەوە، دوای سی ساڵ دەگەڕێتەوە زێدی خـۆی، بەڵام بە عـەشق و سـۆزێکی لە ڕادەبەدەر باس لە زێدی خۆی دەکا. شاعیر باس لە غـەریبی خۆی دەکا کە لە وڵاتی خۆی غـەریبە و لە هەمان کاتدا وڵاتی مەنفاش بۆ ئەو نابێ و هەستێکی ناجێگیرە. ڕەخنەگری فەرەنسی

سەدەی حەڤدەیەم، (نیکۆلا بوالوو)، کە لەسەردەمی ئەم شــــیـــــعـــــری لاواندنەوە- Elegie زۆر باو بووە، بۆ پیشاندانی مەرجێکی باشی نووسینی ئەم جۆرە شیعرە دەڵێ: (دەبێ تەنیا دڵ لە شیعری لاواندنەوە قسە بکا.)
لە ئەدەبی تورکی ســـــەردەمی ڕۆمـــــانسی، دەتوانین قەسیدەی (مەقبەر)ی شاعیری تورکی و عوسمانی (عەبدولحەق حامد) بەیەکێ لە نموونە جوانەکان دابنێین، ئەم قەسیدەیە لەلایەن (شێخ نووری شێخ سالح) کراوەتە کوردی و سەرەتاکەی بەم جۆرەیە.

**هاوار من چیبکەم، نە جێ ما نە یار**
**هەر دڵ مایەوە، پڕ دەرد و ئازار**
**ئێستا لێرە بوو، لە دەستم بەربوو**
**لە ئەزەلەوە، هات بۆ ئەبەد چوو.**

گۆران لە قەسیدەی (شیوەنی گوڵاڵە) بەم جۆرە دەڵێ:

**کچم، مایەی ژیانم، یادگاری**
**شەبابم، نۆبەرەی شیرینی داری**
**غەرامی کەم دەوامی عومری لاویم**
**دڵۆپی خوێنی گەرمی ئاگراویم!**

هەروەها لە قەسیدەی (گوڵی کەمخایەن) دەڵێ:

**لە بەرەبەیانی شەباب و جوانییا ئەی گوڵ**
**گوڵی گەشی پەمەیی وەک ستارە پرشنگدار!**
**لە خەندەتا ئەگەڕا جیلوەیی تولووعی بەهار**
**لەنەغمەتا مەلی خوێندن ئەهاتە سۆزش و کوڵ!**




# قەیرانی وەرگێڕان

ئازاد حەمە شەریف



شتێکی لە کەس شاراوە نییە کە هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە کتێب و نامیلکە و بابەت بە لێشاو لە زمانانی ترەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی و دانە دانەش کتێب و بابەت لە زمانی کوردییەوە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی. ئەم دیاردەیە لەلای هەندێ کەسی ساویلکە بە پێشکەوتن دادەنرێت و ڕەنگیشە کەسانی وا هەبن دەستخۆشی لەوانە بکەن کە قۆڵی خۆیان هەڵماڵیوە و بە ڕاست و چەپ شەنەبای وەرگێڕان دەکەن.

بەڵام ئەگەر بەوردی لەو مەسەلەیە بڕوانین و بەدواداچوونێکی زانستیانە بۆ ئەو هەموو لێشاوەی وەرگێڕان بکەین، ئەوە ئەو دیاردەیە بەهیچ شێوەیەک مایەی دڵخۆشی نییە، چونکە زۆربەی ئەو کتێب و نامیلکانەی دەکرێنە کوردی هەر شتێک بن وەرگێڕان نین، بەڵکو بریتین لە شێواندنی ئەو دەقانەی کە وەرگێڕدراون. جا ئەگەر سەرلەنوێ وەریانبگێڕینەوە سەر ئەو زمانەی کە بابەتەکەی پێ نووسراوە، ئەوە نووسەری بابەتەکان بەرهەمەکانی خۆیان هەرناشناسنەوە.

هەڵبەتە ئەم شێواندنەش بەئەنقەست نییە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەوەوە ڕوودەدات کە زۆربەی وەرگێڕانەکان لە زمانی دووەم، یان سێیەمەوە، جاریش وایە چوارەم و پێنجەمەوە کراون. ئەمەش بێ گومان دەقەکان زۆر لە مەبەست و ستایلی نووسەرەکان دوور دەخاتەوە و وا دەکات ئەو دەقانە تەنیا بەوەی ناوی نووسەرەکانیان لەسەرە بزانرێن هی کێن، ئەگینا هیچیان لەو دەقانە ناچن کە نووسەرەکان نووسیویانن.

بەم دواییانە لێشاوی وەرگێڕان لە فارسی و عەرەبییەوە دەستی پێکردووە و برادەرانی وا هەن کە تەنیا سەرەواوێک لەم دوو زمانە دەزانن خەریکە دەبنە پاڵەوانی ئەو مەیدانە. خاوەن کتێبخانەی واش هەن کتێب بەڕادان دەدەن و داوا لە برادەرێکی فارسی، یان عەرەبی زان دەکەن کتێبێکیان بە پارە بۆ وەربگێڕێت و دواتر بەناوی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە. ئەم پەتایە هەر مەپرسە چەند ترسناکە و چۆن پەڕیوەتەوە ناو بواری فەرهەنگدانانیش. هەندێک بەناو فەرهەنگدانەریش هەن هەر لە عەرەبییەوە وەردەگێڕن و دەشڵێن گوایە ئینگلیزی دەزانن و لە ئینگلیزییەوە وەردەگێڕن.

هەر بۆ پێکەنین دەڵێم یەکێک لەوانەی کە خۆی بە سەرچاوەی زانین و زانیاری زمانەوانی و مێژوو دەزانێت و هەمیشە شانازی بە نازناوە زانکۆییەکەوە دەکات و گوایە ٢٥ کتێبی هەیە و دەیان هەزار دانە لە فەرهەنگەکەی چاپکراوە، ڕووەکی (قرة العين) کە بە کوردی (تەڕەتوولە)یە بە (خوڕەی ئاو) وەرگێڕاوە و (برج السرطان) کە بە کوردی (کەلووی قرژاڵ)ە بە (بورجی شێرپەنجە) وەرگێڕاوە و (الشحرور) کە جۆرە باڵندەیەکی ڕەشە لەلای ئەو بۆتە (مێشوولە) و (السرة) واتە (ناوک) لەلای ئەو بۆتە (چاڵێکی بچووک لە ناوەڕاستی گەدە)!!! بەناو فەرهەنگدانەرێکی تر (بيت الشعر) واتە (ڕەشماڵ)ی بە (بەیتی هۆنراوە) وەرگێڕاوە و (الثرى) واتە (خۆڵەپۆت، خۆڵەپۆک)ی بە (زەنگین و دەوڵەمەند) وەرگێڕاوە!! یەکێکی تریان کە تائێستا خۆی بە سەردەستەی وەرگێڕە پڕ بەرهەمەکان دادەنێت (غلاطة سراي) کە ناوی شوێنێکە لە ئەستەمبۆڵ و ناوی تیپێکی تۆپی پێی ئەوێیە بە (هەڵەی سەرای) وەرگێڕاوە!! یەکێکی تریان (يحلق في السماء) واتە (لە ئاسمان دەخولێتەوە)ی کردووە بە (لە ئاسمان تراش دەکات)!! بەم دواییەش برادەرێک لە وەرگێڕانی کتێبێکی دێل کارنیگی ناوی ڕۆمانی (انا كارنينا)ی تۆلستۆی کردووە بە (منم كارنينا) و نەیزانیوە (انا) ناوی کەسێکە و ڕۆمانەکە بەناوی ئەو کەسەیە و بەهیچ جۆرێک ئەو ناوونیشانە نابێتە (منم)!! ساڵانی زووش برادەرێک لەو هەولێرە (حمام) واتە (گەرماو)ی بە ئینگلیزییەکەی کردبووە (Dove) واتە (کۆتر) منیش هەر بۆ گاڵتە بە وەرگێڕەکەم گوت برام ئەرێ لەو گەرماوەدا تەنیا کۆتر سەری دەشوات؟! بەم دواییەش برادەرێکی گەنج کە هەمووی دوو سێ ساڵە کۆلیژی تەواو کردووە و چوار کتێبی قەبارە گەورەی وەرگێڕاوە، دەستەواژەی (What art thou?)ی لە شانۆییەکی شێکسپیردا بە (تۆ چ هونەرێکی؟) وەرگێڕابوو کە لە کوردیدا دەبێتە (تۆ چیت؟)!!

بە ڕاستی ئەم جۆرە هەڵانە مایەی پێکەنین و خۆشین و ئاستی نزمی تێگەیشتنی ئەو بەناو وەرگێڕ و فەرهەنگدانەرانە پیشان دەدەن، بەڵام من بە هیچ جۆرێک گلەیی لەم جۆرە کەسانە ناکەم ، بەڵکو گلەیی لەو دامودەزگایانە دەکەم کە ڕێگا دەدەن کتێب و فەرهەنگی وا بەرباد بەبێ پێداچوونەوە لەلایەن کەسانی شارەزاوە چاپ بکرێن. هەڵبەتە کاری پێداچوونەوە بە هیچ جۆرێک لە بەهای هیچ بەرهەمێک کەم ناکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر لە بەهای وەرگێڕانەکە زیاد دەکات.

جا وەکو ئەرکێکی بە پەلە و گرینگ پێویستە دەزگای وەرگێڕان و خانەی وەرگێڕان و دەزگای سەردەم و دەزگای ئاراس و وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێگا نەدەن هیچ کتێبێک، یان نامیلکەیەک لە چاپ بدرێت بەبێ ئەوەی کەسێکی شارەزا و زمانزان هەڵیان بسەنگێنێت و ئەگەر پێویستیشی بە پێداچوونەوە هەبوو با پێداچۆرەوەشی بۆ دابنرێت. ئەگینا وا کار بڕوات ئێمە بە لێشاو کتێب و فەرهەنگی سەقەت بەچاپ دەگەیەنین و ئەمەش زیانێکی یەکجار مەزن بە ئاستی باوەڕپێکراوی دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانمان و نەوەی دواڕۆژ و خوێنەرانیشمان دەگەیەنێت.